9Marks



# بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز گرنگە

## قەشەیەکی خواپەرست چۆنە

ئارۆن مەنیکۆف

*Originally published in English as:*
**Character Matters**
Aaron Menikoff

# بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز گرنگە

## قەشەیەکی خواپەرست چۆنە

ئارۆن مەنیکۆف

Originally published in the United States by Moody Publishers, 820 N. LaSalle Blvd., Chicago, IL 60610, with the title *Character Matters,* Copyright © 2020 by Aaron Menikoff. Translated by permission.

All rights reserved.

ناوی کتێب: بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز گرنگە
ناوی نووسەر: اارۆن مەنیکۆفف
جۆری کتێب: ئایینی
ژمارەی چاپ: یەکەم دانە
تیراژ: ٥٠٠
چاپخانە: هەولێر- فەراج
ژمارەی سپاردن: ٣٢١٢

*info@dlsozi.com*
*www.dlsozi.com*

DiLSOZI
Equipping for Faithfulness

# تەرخانکردن

بۆ برایان پیڵسبێری و براد تایەر و داستین باتس

خزمەتکردن لەگەڵت لە خزمەتکردنی پاستورالدا خۆشییەکی ڕاستەقینە.
ئێوەش وەک تیخیکۆس برای خۆشەویست و خزمەتکاری دڵسۆز و هاو خزمەتکاری یەزدان.

# خشتەی ناوەڕۆک


پێشەکی ............................................ 5
ئایا من وەک دەهۆڵی بە گرمەگرمم؟ ...................... 17
واز لە گەڕان بهێنە بۆی .............................. 32
ژیان لەگەڵ "سەرەڕای ئەمەش" ....................... 47
با ماندوو نەبین.................................... 63
لەوە زیاتر نا کاکی بەڕێز.............................. 82
چاکە تەنها کردنی کاری چاکە نییە ...................... 98
ئەی تۆ چیت دەوێت؟ ..................................113
دڵنەرمی لاوازی نییە .................................126
سروشتی مرۆڤ لاوازە ..................................142
کۆکردنەوەی پارچەکان...................................155
کۆتایی ...............................................169
سەرچاوەکان ..........................................173

# پێشەکی

لە ساڵی ٢٠٠٨ بوومە قەشەی سەرەکی کڵێسا و بە تەواو کاتەکەم تەرخان کرد بۆ کڵێسا. ئەندامانی کڵێسا نوێیەکەم، پێگەیشتوو بوون سەبارەت بە نووسراوە پیرۆزەکان و خواستێکی زۆریان هەبوو بۆ گوێگرتن لە مزگێنییەکەی مەسیح. بەڵام کڵێساکە لە ململانێدابوو، بۆیە کەمتر خەڵک دەهاتە کڵێسا. خێزانە گەنجەکان چیتر نەدەهاتنە کڵێساکەمان. سەڵتەکان بەزۆری دەیانوویست بچنە کڵێسا گەورەکان کە سەڵتی زیاتریان هەبوو. زۆربەی خێزانەکان کە منداڵی تازەپێگەیشتوویان هەبوو لە کڵێساکەمان ڕۆیشتن بۆ ئەو کڵێسایانەی کە خزمەتی زیاتریان هەبوو بۆ تازەپێگەیشتوانی گەورەتر. دەمزانی کارەکەم قورسە بەڵام بەوە خۆم هێور دەکردەوە کە خودا کار دەکات بۆ بنیاتنانەوەی کڵێساکەی. لە یەکەم ڕۆژەوە کە وەک قەشە دەستم پێکرد، دەمزانی کە دەبێت کڵێساکە لە چ ڕوویێک گەشە بکات. ئامانجەکەم ئەمە بوو، هەبوونی خزمەتێکی دڵسۆزانە لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز کە ببێتە هۆی بەرزراگرتنی شکۆی مەسیح. پێم وابوو دەزانم چۆن ئەوە بکەم. پازدە ساڵی پێشووم بە بەشداریکردن لە بوژاندنەوەی دوو کڵێسای جیاواز بەسەر بردبوو. کاتێکی زۆری خایاندبوو، بەڵام ئەم دوو کڵێسایە گەشەیان کرد و بوونە کڵێسای تەندروست. بە ڕوونی کاری خودام تێیاندا دەبینی. ئێستا ئامادەم دووبارە ئەوە بکەمەوە لە کڵێسایەکی دی. بەڵام بۆ ئەمجارەیان، قەشەی سەرەکی دەبم.

هیچ شتێک ناتوانێت پیاوێک ئامادە بکات بۆ باری قورسی خزمەتی قەشایەتی. سەرەتای ساڵەکانم ئاڵنگاری خۆی هەبوو. دوای دوو ساڵ، بیرێکی بێهیواکەرانە هاتە مێشکم "دەزانم پێویستە چۆن کڵێسا بگۆڕێت و گەشە بکات، بەڵام دڵنیا نیم ئەگەر من ئەو کەسە شیاوە بم بۆ ئەوە یان نا."

دەستم کرد بە گومانکردن لە کاریگەری وشەی خودا. لە مێشکمدا دەمزانی چاکسازیخواز مارتن لۆسەر ڕاستبوو کە ڕەتیکردەوە شانازی چاکسازی بەو بدرێت. ئەو گوتی:

> "بەسادەیی خەڵکم فێر دەکرد، وتارم دەدا، لەسەر وشەی خودا دەمنووسی، و هیچی ترم نەدەکرد. لە کاتێکدا کە من دەخەوتم یان بیرەم دەخواردەوە لەگەڵ هاوڕێکانم، وشەی خودا (کتێبی پیرۆز) بە جۆرێک پاپایەتی لاواز دەکرد کە هیچ شازادە و ئیمپراتۆرێک هەرگیز زیانێکی لەو شێوەیەی بەسەر نەهاتبێ. هیچم نەدەکرد، تەنها وشەی خودا بوو کە هەموو شتێکی دەکرد." [1]

وەک مارتن لۆسەر، ئیشی من ئەوەیە کە لەسەر وشەی خودا وتار بدەم، تۆوی مزگێنییەکە بچێنم و ئاوی بدەم. ئەوە ئیشی خودایە کە گەشەی پێبدات (یەکەم کۆرنسۆس ٣:٦). وەک قەشەیەکی گەنج، دڵنەواییم لەو ڕاستیەدا دۆزیەوە کە تەنها وشەی خودا پێویستە بۆ بنیاتنانی کڵێسای خودا. ئەوەم زۆر بە ڕوونی دەزانی. بەس هێشتا، لە دڵمدا پرسیارم لەسەری دەکرد. هەرگیز بە دەنگی بەرز و بە قسە نەمدەگوت. بەڵام دواتر ئەندامانی کڵێساکە بەو خێراییە گەشەیان نەدەکرد کە پێشبینیم دەکرد. ئەو کەسانەی چاوەڕێم دەکرد بمێننەوە، کڵێساکەیان بەجێدەهێشت، و خزمەتەکەشم بەو جۆرە گەشەی نەدەکرد کە دەمویست. لەو کاتانەدا بە شێوەیەکی شاراوە گومانم هەبوو کە وشەی خودا کارەکە ئەنجام بدات. هەندێکجار، توندی و ڕەشبینی و تەنانەت ساردیش بەسەرمدا دەهات. بە تێپەڕبوونی کات، تێگەیشتم کە بتێکم لە قەشایەتی سەرکەوتوو دروستکردووە. هەرچەندە ناوەڕۆکی خزمەتەکەم بە دڵسۆزی دەمایەوە، بەڵام کەسایەتی من کەموکووڕی تێکەوتبوو.

ئەگەر تۆ قەشە بیت، پیر بیت، یان هەر بەرپرسیارێتییەکی ڕابەرایەتیت لە کڵێسایەک یان خزمەتێکدا هەبێت، ڕەنگە دڵت هەست بە هۆشدارییەک بکات کاتێک یاقوب ٣:١ دەخوێنیتەوە، "خوشکان و برایانم، زۆرتان مەبنە فێرکار، بزانن لێپرسینەوەی قورسترمان لەگەڵ دەکرێت." خودا قورسایی لێپرسینەوەیەکی تایبەت دەخاتە سەر شانی شوانەکانی. دەبێت نەک هەر بە تەواوی وشەی خودا بناسن، بەڵکو بە دڵسۆزترین شێوەش جێبەجێی بکەن.

نابێت تەنها ڕاستی ڕابگەیەنین، بەڵکو دەبێت بە گوێرەی ئەو ڕاستیەش بژین کە باوەڕمان پێیەتی و بانگەشەی بۆ دەکەین.

بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز گرنگە، ئەوەی کە ئەم کتێبە باسی دەکات. خوداپەرستی لە ژیانی قەشە و ڕابەران بەتەواوی پێویستە. بەدڵنیاییەوە، عەقیدەش گرنگە. مێژوو پڕە لەو قەشە پێنەگەیشتووانەی کە مزگێنییەکی هەڵەیان ڕاگەیاندووە، کە مێشکی باوەڕدارانیان ژەهراوی دەکرد و ئەندامانی کڵێسایان لە مەسیح دووردەخستەوە. بەڵام کە مزگێنییە ڕاستەکە وەردەگریت، ژیانت دەگۆڕێت. ئەو ژیانە گۆڕاوە بۆ کڵێسایەکی تەندروست زۆر گرنگە. پێویستە بەئەندازەی وزەی و هەوڵی ڕاکەرێک کە نزیکە بگاتە هێڵی کۆتایی، تۆش هەوڵبدەیت بۆ پیرۆزی. ئەگەر ئەوە نەکەیت، خودا دڵخۆش نابێت و خزمەتەکەت لاواز و بێکاریگەر دەبێت.

کاتێک باس لە بەروبووم دەکرێت، من لەم کتێبەدا بەشێکی زۆر لە شکستەکانی خۆم باس دەکەم، هەرچەندە ئەمە جێگەی شەرمەزارییە. ئەم کتێبە ڕێبەرێکی تەواو نییە بۆ بەسەردا زاڵبوونی دڵێکی ڕەق.[2] بە هاندانێکی پتەو و دڵنەرمانەی بزانە بۆ بیرکردنەوە لە پێویستی خۆت بۆ شوانایەتی کردن لە ژێر ڕۆشنایی گەلاتیا ٥: ٢٢-٢٣. خزمەتی قەشەیەک کە بەتاڵە لە بەروبوومە ڕۆحییەکانی وەک خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون، ئەوا خزمەتەکەی وەک بۆمبێک وایە کە کە دەکرێ لە هەر ئان و ساتێکدا بتەقێتەوە و لەناوبچێت. لە هەر بەشێکی ئەم کتێبە سەرنج دەخەمە سەر یەکێک لە بەروبوومەکانی ڕۆحی پیرۆز. ڕوونیان دەکەمەوە کە مانایان چییە و بە تایبەتی دەیبەستمەوە بە ژیانی قەشە و ڕابەرانی کڵێسا. بەگشتی، دڵشادم بەو ڕاستیەی کە خودا بەڵێن دەدات بەروبوومی ڕۆحی لە هەر کەسێکدا گەشە پێبدات کە هی مەسیحە. زۆر نموونەی ئەو ڕۆژانەی ژیانم باس دەکەم کە بێ بەروبووم بووم. زۆر کات هەیە، لە جیاتی ئەوەی خۆشەویستی پیشان بدەم لووتبەرزیم پیشانداوە. لەجیاتی ئەوەی دڵنەرم بم، بێبەزەیی بوومە. لەجیاتی ئەوەی ئاشتیم هەبێت نیگەرانیم هەبووە. بە نیعمەتی خودا، من لە هەموو ئەم بوارانەدا گەشە دەکەم، بەڵام دەبینم کە شکستەکانم دەکرێت وانەیەک بن بۆ تۆ. لە هەموو ئەمانەدا، ئامانجم ئەوەیە کە شوێنی نموونەی پۆڵس لە دووەم کۆرنسۆس ١١:٦ بکەوم و دڵم بە

فراوانی بکەمەوە بۆ ئەوەی وردەکارییەکانتان بۆ باس بکەم لە شەڕی خۆم لەگەڵ گوناه.

بە گەڕانەوە بۆ ساڵانی سەرەتای خزمەتکردنم وەک قەشە، کۆمەڵێک هۆکار هەبوون کە قورسی بۆ دروستدەکردم لە خوداپەرستیمدا: قورسییەکانی خزمەت، برسیبوون بۆ زیادبوونی ژمارەی ئەندامان و نەبوونی نوێژ بە دڵگەرمی و چەندین شتی دیکەش. گوناهەکانم بە ئاشکرا و ناوزڕێن نەبوون، بەڵام ڕاستەقینە بوون. پێویستم بەوە بوو کە بە قوڵی باوەڕم بەو ڕاستییە رەگداکوتاو بێت کە کڵێسا کاری خودایە، ئەو بەرپرسیارە، ئەو گەشەی پێ دەدات و شکۆمەندییەکە وەردەگرێت نەک من. هێشتا پێویستم بەوە بوو فێر بم کە خودا لە خزمەتەکەم گرنگترە. هەموویم لە مێشکم دەزانی، بەڵام ناچارانە دەمویست لە دڵم ئەزموونی بکەم. ئەی تۆش دەتەوێت ئەزموونی بکەیت؟

چەند ساڵێک پێش ئێستا، من لەگەڵ هەندێک قەشە وەڵامی پرسیارێکمان دایەوە لەسەر، "چۆن گەشەتکردووە لە ساڵی پارەوە؟" کاتێک سەرەی من هات بۆئەوەی وەڵامبدەمەوە، دەمزانی چی دەڵێم. خودا لەم دواییانەدا ئاماژەی بە خاڵێکی لاوازی خزمەتەکەم کردبوو کە ئەویش توندی بوو. هەمیشە پێم وابوو لەگەڵ کەسانی تردا نەرمم، بەڵام دیاربوو هەندێک کەس لە دەوروبەرم هاوڕا نەبوون. گەیشتمە ئەوەی تێبگەم کە پێویستە لە دڵنەرمی گەشە بکەم. چەند مانگی داهاتووم بە تێڕامان بەسەربرد لەسەر بەروبوومەکانی ڕۆحی پیرۆز لە گەلاتیا ٥: ٢٢-٢٣: "بەڵام بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز ئەمەیە: خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون." کارێکی بە ئازار بوو بەڵام قازانج بەخشیش بوو. ئەم کارەش لە لاپەڕەکانی داهاتووی ئەم کتێبە دەبینیت.

بەدڵنیاییەوە هێشتا تەواو نەبووم. بەڵام لە ڕێگەی هەریەکێک لەم وشە پڕ لە نیعمەتانەوە، پەروەردگار بیرم دەخاتەوە کە چەندە گرنگە نەک تەنها چاودێری فێرکردنەکانم بکەم، بەڵکو چاودێری ژیانیشم بکەم (یەکەم تیمۆساوس ٤: ١٦). بەڵێ، بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز گرنگە. بە تێڕامان لە هەر بەروبوومێکی ڕۆحی، پەروەردگار پابەندبوونێک لە مندا نوێ

دەکاتەوە کە زیاتر بم لە مامۆستایەکی وشەی خودا. من دەبێ قەشەی گەلەکەی بم. ناتوانم بە باشی قەشایەتی بکەم ئەگەر بەروبوومی ڕۆحیم نەبێت. خزمەتەکەت هەرچییەک بێت، ناتوانیت بە باشی کار بکەیت، ئەگەر بەروبوومی ڕۆحی لە تۆدا گەشە نەکات.

## فێربوونێک لەسەر پرۆسەی پیرۆزبوون

بەزۆری ئەم کتێبە دەربارەی پرۆسەی پیرۆزبوونە. ئەمە پرۆسەیەکە کە وەهامان لێدەکات کە شێوازی ژیانمان زیاتر لە عیسا بچێت. وەکو قەشە و ڕابەر، لەوانەیە شارەزایانە گوناهی کەسەکانی تر ببینین، لە کاتێکدا گوناهەکانی دڵی خۆمان پشتگوێ بخەین (لۆقا ٦:٤٢). یۆحەنا ١٥: ٥-٨ یەکێکە لە گرنگترین ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز لەسەر پرۆسەی پیرۆزبوون:

> *"منم مێوەکە و ئێوەش لقەکانن. ئەوەی بە منەوە پەیوەست بێت و منیش بەوەوە، ئەوا بەرهەمی زۆر دەگرێت، چونکە بەبێ من ناتوانن هیچ شتێک بکەن. ئەوەی بە منەوە پەیوەست نەبێت وەک لق فڕێدەدرێتە دەرەوە، وشک دەبێت و کۆدەکرێتەوە، فڕێدەدرێتە ناو ئاگر و دەسووتێت. ئەگەر بە منەوە پەیوەست بن و وتەکانم لە ناختان بچەسپێت، هەرچییەکتان دەوێ داوای بکەن بۆتان دەبێت. باوکم شکۆدار دەبێت ئەگەر ئێوە بەرهەمی زۆر بگرن؛ بەوە دەردەکەوێ کە ئێوە قوتابی منن."*

ئایەتێکی جوانە بەڵام وریاکەرەوەشە. باوەڕدارانی ڕاستەقینە پەیوەست دەبن بە مەسیحەوە. ئەوان لە ئەودا پشوو دەدەن، کە مێوەکەیە. پاشان، وەک چۆن لەلایەن پەروەردگارەوە بە باشی خۆراکیان پێدەدرێت، بەرهەم دەدەن. بە شێوەیەکی تر، باوەڕداران ژیانی پیرۆزیان بە بەروبوومەوە دەردەکەوێت. ئەوانەی بەرهەم نادەن بەشێک نین لە مێوەکە، ئەوان لە مەسیحدا نین و مەسیحیش لەواندا نییە. لقە وشک و وشککراوەکان تەنها بۆ ئاگر باشە.

باوەڕداربیت بە مەسیح، دەبێت پەیوەست بیت بە مەسیحەوە. دەبێت پشت بە کاری تەواوی ئەودا لەسەر خاچ ببەستیت. بەپێی عیسا، دەبێت "تۆبە بکەن و باوەڕبهێنن" (مەرقۆس ١:١٥). بەڵام پەیوەستبوون بە مەسیح تەنها بوون

بە مەسیحی نییە، بەڵکو گەشەکردنە وەک باوەڕدارێک. بەروبوومی ڕۆحی پڕۆسەی پیرۆزکردنی باوەڕدارە. لق دەدات کاتێک خودا گوناهبارێک بە ڕاستودروست لە قەڵەم دەدات. ئەمە ساتی بێتاوانکردنمانە، ڕووداوێکی دووبارە نەبووەوەیە، واتە تەنها یەکجار ڕوودەدات (ڕۆما ٥:١)، ئەمەش دەستپێکی ژیانێکی نوێی باوەڕدارانەیە. لەدوای ساتی بێتاوانکردن، پڕۆسەی پیرۆزبوون دەستپێدەکات. لە پیرۆزی گەشە دەکەین، ئەمە واتای ئەوەیە بەرهەمی بەروبوومی ڕۆحی دەدەین. ئەمە پڕۆسەیە. نووسەری عیبرانییەکان ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئێمە "پیرۆزدەکرێین" (عیبرانییەکان ١٠:١٤). پۆڵس نوێژی کرد کە ئەندامانی کڵێسای سالۆنیکی "بە تەواوی" پیرۆزبن (یەکەم سالۆنیکی ٥:٢٣). پیرۆزبوون کارێکی گرنگ و بەردەوامە. قەشەکان پێویستە ببنە نموونەی پڕۆسەی پیرۆزبوون بۆ ئەو کڵێسایانەی خزمەتی تێدا دەکەن. ئەمە چۆن دەبێت؟

کاتێک ئێمە پەیوەست دەبین بە مەسیحەوە، متمانە بەوە دەکەین ئەو کێیە و چی کردووە بۆ ئێمە. ئێمە ڕۆژانە بە دڵنیاییەوە دەچینە لای کە لەسەر خاچ گوناهی ئێمەی خستۆتە سەر خۆی و باجی سزای ئێمەی بە خوێنی خۆی داوە و تووڕەیی خودای لە ئێمە هەڵگرتووە کە شایەنی بووین. ئەو بۆتە هەموو شتێکی ئێمە. کە ئێمە پەیوەیست دەبین بە خوداوە، خودا ئێشمان لەسەر دەکات و لەگەڵیدا دەحەسێینەوە. لەبەر ئەوەیە ئەتوانین بە ڕاستی بڵێین، بناغەی پیرۆزبوونمان کارکردنی خودایە لە ئێمەدا. وەک پۆڵس نووسیویەتی: "ئەو خودایەی بانگتان دەکات، دڵسۆزە و بەڵێنی خۆی دەباتە سەر" (یەکەم سالۆنیکی ٥:٢٤). ئەمەش واتە من ناتوانم بە تەنیا بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز بەرهەم بهێنم. کاتێک ئۆتۆمبێل لێدەخوڕم لەسەر شەقام، بە سوکانەکە ڕێڕەوی ئۆتۆمبێلەکە دەگۆڕم. بەڵام دەزانم کە ئەو ئۆتۆمبێلەی من تێیدام، من بەرەو پێشەوە دەبات. پڕۆسەی پیرۆزبوونیش بەم شێوەیە، واتە ڕوودانی مەحاڵ نییە لەبەر ئەوەی من یەکم لەگەڵ مەسیح.

زۆرجار قەشەکان ناسراون بەو ئیشەی کە دەیکەن، وەک وتاردانی دڵسۆزانە، ڕابەرایەتیکردنی کڵێسا، ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەندامە دڵشکاوەکان. لە هەموو ئەو ڕێگایانەدا، ئێمە نموونەین بۆ ئەوانی تر کە چۆن دەستبگرن بە وشەی خوداوە. چ شانازییەکە ئەوە! بەڵام ئایە ئێمە نموونەی ئەوەشین کە پەیوەستبوون لە مەسیحدا چۆنە؟ کڵێسا پێویستی بەو

قەشانەیە کە دەزانن چۆن پشت بە ئیشی تەواوی مەسیح لەسەر خاچ ببەستن. ئەمە واتای ئەوەیە کە پێویست ناکات هیچ بکەین لە پرۆسەی پیرۆزبوون؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر. پرۆسەی پیرۆزبوون شەڕە. ئێمە هەوڵی پیرۆزی دەدەین. خودا فەرمانی پێکردووین کە بەرهەممان هەبێت (مەتا ٣:٨ ؛ ئەفەسۆس ٥:٩). ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە گوێڕایەڵبین. هەموو باوەڕدارێک شەڕ لە دژی گوناە دەکات. ئێمە پشت بە کاری مەسیح دەبەستین، نەک کاری خۆمان، لەهەمان کاتیشدا شەڕ دەکەین بۆ پیرۆزی. هەردووکیان گرێدراوی یەکترن. بەدڵنیاییەوە، کەسمان، بە پیاو و ئافرەتانەوە ئەوەندە بەرهەم نادەین کە پێویستە بیدەین. هەمووومان ڕۆژانە گوناە دەکەین. بەڵام هیچ باشتربوونێک هەیە لە ژیانمان؟ ئایە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز گەشەمان زیاد دەکات؟ ئەمە ئەوەیە کە پیرۆزکردن داوای دەکات. هیچ کام لە ئێمە نەگەیشتووینەتە شوێنی کۆتایی خۆمان. هەموو باوەڕدارێک دەکەوێتە ناو تاقیکردنەوەی گوناە و بەداخەوە زۆرجار خۆمان بەدەستەوە دەدەین. شەڕێک لە نێوان "ئارەزووەکانی جەستە" و ڕۆحی پیرۆز هەیە (گەلاتیا ٥: ١٦). نابێت ئەم ڕاستییە پشتگوێ بخەین و نکۆڵی هەبوونی ئەم شەڕە بکەین.

بەداخەوە، قەشەکان دەتوانن ڕابەرایەتی کڵێساکانیان بکەن بەو شێوەیەی کە وەها بیربکەنەوە شەڕیان لە دژی گوناە کۆتایی هاتووە. ئەمەش ئەوکاتە ڕوودەدات کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی مەسیح نابین و لەگەڵیدا گەشە ناکەین. ئایە دەکرێت کە زۆر ئاگادار و بە سەرنج بین لە شەڕی دڵی کەسەکانی تر و ئەو شەڕەی دڵی خۆشمان پشتگوێبخەین کە هەڵدەگیرسێت؟ بەدواداچوون بۆ پیرۆزی زۆر قورسە. بەڵام ئەنجامەکەی شکۆمەندبوونمانە لەگەڵ مەسیح. کاتێک کە سەرنجمان بۆ هەتاهەتایە لەسەر مەسیح جێگیر دەکەین، بە هێزێکی زیاترەوە کار دەکەین بۆ ئەوەی بەروبوومی ڕۆحی بۆ مەسیح بەرهەم بهێنین. نووسەر جان بونیان، نووسەری *کتێبی گەشتی زیارەتکەر* بانگهێشتی باوەڕدارانی کردووە کە چێژ لە شکۆمەندی پاشایەتی ئاسمان وەربگرن و بە هەموو هێزێکەوە هەوڵبدەن بۆ ئەوەی بگەنە ئەوێ. داوای لە باوەڕداران کرد " شتەکانی جیهانێکی تر ببینن و چێژیان لێ ببینین؛ مەسیح، پاشایەتی ئاسمان، شکۆمەندی هەمیشەیی." بەم وێناکردن و باوەڕەوە، بونیان جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە بۆ گەیشتن بەم کۆتاییە دەبێت "بە تاڵی و ئازاردا رەت

بین و چێژی لێ ببینین."[3] گرنگ نییە بارودۆخەکە هەر چۆنێک بێت، دەبێت بەردەوام بین. ئایا ئامادەی خۆڕاگر بیت و چێژ لە ئامادەبوونی مەسیح وەربگریت بۆ هەمیشە؟ نوێژت بۆ دەکەم، چێژ وەربگریت. ئەمە ماراسۆنێکە کە شایەنی ئەوەیە بۆی ڕابکەیت. ئەوە دەیسەلمێنێت کە تۆ هی مەسیحیت. تۆ شکۆمەندی بۆ ئەو پەروەردگارە دەهێنێت کە ڕزگاری کردیت و بە بەخشندەییەوە بانگی کردیت بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی گەلەکەی بکەیت.

## خۆتاقیکردنەوە، نەک خۆپەرستی

ئەم کتێبە بانگکردنێکە بۆ خۆتاقیکردنەوە. هەریەک لە بەروبوومەکانی ڕۆحی پیرۆز لە گەلاتیا ٥:٢٢-٢٣ وەربگرە و پرسیار لە خۆت بکە، "ئایە ئەم بەروبوومە لە خۆمدا دەبینم؟ چۆن دەیبینم؟ لەکوێدا پێویستە گەشە بکەم؟" ئەوە خزمەتی تۆ، خێزانەکەت و کڵێساکەشت دەکات.

ڕۆحی پیرۆز پێمان دەڵێت کە خۆمان تاقیبکەینەوە (دووەم کۆرنسۆس ٥:١٣؛ دووەم پەترۆس ١:١٠). مەسیحیبوون ئەوەیە کە بەردەوام دڵت بپشکنیت و دڵنیا بیت کە پەروەردگار خۆشەویستی یەکەمتە، شکۆمەندی ئەو ئامانجی یەکەمتە و بەروبوومی ڕۆحی ئەو لە ژیانتدا زیاد دەکات. بەڵام تکایە ئاگاداربە. نەکەویتە ناو خۆپەرستی. دەکرێت ئەوە ڕوودات کاتێک کە زۆر سەرنج بخەیتە سەر خۆت و لە خزمەتکردنی ئەوانەی دەورووبەرتدا شکست بهێنیت. قەشە تیمۆسی کێلەر بە دانایی ئاماژەی بەوەدا کە چۆن خۆتاقیکردنەوە، کە بە خراپی ئەنجامدەدرێ، تەنها جۆرێکی دیکەی لووتبەرزییە. کێلەر دەنووسێت: "بێفیزی بەگوێرەی مزگێنی مەسیح پەیوەندی بە بۆچوونی نزم و بەرزی منەوە نییە لەسەر خۆم. بەڵکو بێفیزی واتە کەمتر کات بەسەر دەبەم بۆ بیرکردنەوە لە خۆم."[4] خۆتاقیکردنەوەیەک کە دەتباتە خۆپەرستی باش نییە بۆ هیچ کەسێک.

هەرچۆنێک بێت، خۆتاقیکردنەوە کە بە شێوەیەکی دروست ئەنجام بدرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر کەسانی ترت خۆشبوێت. یارمەتیت دەدات ببیتە ڕابەرێکی باشتر. سەرنجی من لە لاپەڕەکانی داهاتوو لەسەر پرۆسەی پیرۆزبوونی کەسیتە. بەڵام گرنگە لەبیرمان بێت کە پرۆسەی پیرۆزکردنی

باوەڕدارێک لە پرۆسەی پیرۆزکردنی هەموو جەستەی مەسیح جیا نەکراوەتەوە. خودا ڕزگاری نەکردوویت بۆ ئەوەی ڕووەکێکی گۆشەگیر بیت لە بیابان. بەڵکو لە باخچەی فراوانی کۆمەڵگەیەکی مەسیحیدا دەتچێنێت. لەدوای هەموو ئەمانە، مەسیح لە پێناوی کڵێسا خۆی بەختکرد و پیرۆزی کرد (ئەفەسۆس ٥:٢٥). مەسیح ئێمەی ڕزگار کرد بۆ ئەوەی "گەلێکی تایبەت بۆ خۆی پاک بکاتەوە" (تیتۆس ٢: ١٤). قەشەکان ئەو شانازییە سەرسوڕهێنەرەیان پێدراوە کە لە دڵی ئەم باخچەدا چێنراوە. با پێگەی خۆمان بە شتێکی ئاسایی وەرنەگرین. خۆتاقیکردنەوە بۆ خۆت چاکە، بەڵام زۆر گرنگیشە بۆ ئەو کڵێسایەی خزمەتی تێدا دەکەیت.

## پارچەیەک لە بەروبووم

لەم کتێبە زۆر بە دووبارەیی قسە دەربارەی بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز دەکەم. پیرۆزی بەروبوومێکە لە چەندین پارچەی جیاواز پێکهاتووە. لە گەلاتیا ٥:٢٢، وشەی "بەروبووم" وشەیەکی تاکە. *یەک* بەروبووم هەیە، ئەویش خودا پەرستییە، کە هەموو بەروبوومەکانی پیاوێک یان ئافرەتێکی پیرۆز بەیەکەوە دەبەستێتەوە.[5] ئەم جیاکارییە گرنگە چونکە دەمانپارێزێت لەوەی بتوانین بیر لەوە بکەینەوە کام تایبەتمەندییەمان دەوێت و کامیانمان ناوێت تاکو هەڵیبژێرین. بۆ نموونە، لەوانەیە بیر لەوە بکەیتەوە و لە مێشکتدا بڵێیت: "دەزانم زۆر دڵنەرم نیم، بەڵام بەڕاستی ئارامگر و دڵسۆزم، بۆیە سەرنجم لەسەر دڵنەرمی نییە." ئەوە بیرکردنەوەیەکی خراپە! ئەو جۆرە بیرکردنەوانە مەبەستی باسەکانی پۆڵس بەتەواوی دەشێوێنێت. کاتێک ڕۆحی پیرۆز لە تۆدا کار دەکات، ئەو لە هەموو تۆدا کار دەکات، دەتکاتە ئەو کەسە خوداپەرستەی کە دەیەوێت ببیت. هیچ لاوازییەک بێ چارەسەر نابێت. هیچ گوناهێکی باو بۆ ڕۆحی پیرۆز سنووردار نییە تاکو بەسەریاندا زاڵ نەبێت.

هەروەها تێگەیشتن لە "بەروبووم" لەوەی کە تاکە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەو چەندین تایبەتمەندییەی کە لە پەیمانی نوێدا دەبینرێن. نووسەرانی ئینجیل مەبەستیان ئەوە نەبووە کە هەموو بەروبوومێکی ڕۆحی پیرۆز بنووسن. خوداپەرستی هەمیشە ئامانجی کۆتاییە. گرنگیدان بە تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکان ئەوەیە کە چۆن دەگەینە ئەو ئامانجە. پارچەکانی

بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز زۆرن، بەقەد سیفەتەکانی خودا هەمەچەشنن. بۆ نموونە، لە دووەم کۆرنسۆس ٦: ٦-٧، پۆڵس ئاماژە بە پاکی و زانیاری و ئارامگرتن و نیانی، خۆشەویستی و قسەی ڕاست دەکات. لە ئەفەسۆس ٤: ١-٣، ئاماژە بە بێفیزی، دڵنەرمی و ئارامگرتن دەکات. لە کۆلۆسی ٣: ١١-١٥ میهرەبانی و نیانی و بێفیزی و دڵنەرمی و ئارامگرتن باس دەکات. پەترۆس ڕیزبەندی خۆی هەیە لە یەکەم پەترۆس ٣:٨. ئاماژە بە یەکگرتوویی، هاوسۆزی، خۆشویستنی یەکتری، بێفیزی دەدات. هەموو ئەم ڕیزبەندییانە پارچەکانی بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز پێکەوە دەبەستێتەوە. ڕەنگە گەلاتیا ٥ ناسراوترین ڕیزبەندی تایبەتمەندێتییەکانی تێدابێت، بەڵام هەموویان گرنگن. تەنها بیر لە ٩ بەروبوومەکەی ڕۆحی پیرۆز مەکەوە لە گەلاتیا ٥: ٢٢-٢٣ و وەها بیربکەیتەوە کە ئەوەندە بەسە. ئەم ٩ وشەیە وەکو ڕێگایەکی سەرەکین کە دەتبەنە ئاراستەیەکی ڕاست. خوداپەرستی ئامانجەکەیە. دەمانەوێت لە هەموو جۆرە خراپەیەک دوور بکەوینەوە. وەک ڕۆحی پیرۆز لە پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ دەفەرمووێت: "پیرۆز بن، چونکە من پیرۆزم" (لێڤییەکان ١١:٤٤؛ یەکەم پەترۆس ١:١٦).

## "پیاوی تێگەیشتووی ڕۆحی"

با چیرۆکی لاورا'ت بۆ بگێڕمەوە. یەکەمجار کە بینیم تۆرابوو لە کڵێسا. بەڵام چووە ناو پەیوەندییەک لەگەڵ پیاوێک کە عیسای خۆشدەویست و لاورا لەبەر ئەو بڕیاریدا دووبارە بچێتەوە کڵێسا. واتە هاتن بۆ خوێندنی کتێبی پیرۆز کە ئەوکاتە لەسەر مزگێنی مەرقۆس دەمانخوێند. ئەوەم بینی کە خودا چۆن دڵی دەگۆڕێت. لە کۆتاییدا، نیوەڕۆیەکی یەکشەممە، کتێبی پیرۆزی بەدەستەوە بوو، لە دڵەوە وتی: "ئەمە سەرسوڕهێنەرترین و جوانترین کتێبە کە تا ئێستا خوێندومەتەوە!" دوای چەند مانگێک لاورامان لەئاوهەڵکێشا. لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ساڵێک لاورا زیاتر گەشەی دەکرد. هاوسەرەکەی، منداڵەکانی و کڵێساکەی خۆشدەویست. لە کاتی تاقیکردنەوەکانی ژیانیدا ئاشتی هەبوو و بە دڵشادییەکەی دەناسرا. لاورا کامڵ و تەواو نەبوو، بەڵام هیچ کەسێک نکۆڵی لەوە ناکات کە لە بەروبوومی ڕۆحی گەشە دەکات لە ژیانیدا. ئایە دەگونجێت هەمان شتیش دەربارەی تۆ وەک لاورا بنووسرێت؟ ئایا بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز لەژیانتدا گەشە دەکات؟

ئەم کتێبەم وەک قەشەیەک نووسیوە. من زۆر ئاگاداری ئەو ئاڵنگارییانەم کە ڕووبەڕووی قەشەکان و ڕابەرەکانی کڵێسا دەبێتەوە. تۆ بە پەرۆشییەوە گرنگی بە ئەندامانی کڵێساکەت یان خزمەتەکەت دەدەیت. ئایا بەو شێوەیە ئاگاداری لایەنی ڕۆحیت هەیت؟ با ئەوەندەی گرنگی بە بەروبوومی ڕۆحی خۆمان دەدەین، ئەوەندەش گرنگی بە بانگکردنەکەمان بدەین. با هاندانەکانمان تاقیبکەینەوە هەتا کاتێک بیر لە پلانەکانمان دەکەینەوە. ڕەنگدانەوە لەسەر بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەک تەنها بیر لەوە بکەیتەوە کە چی دەکەیت، بەڵکو بیر لەوە بکەیتەوە کە تۆ کێیت. ئەم کتێبە ئامرازێکە بۆ یارمەتیدانی پیرۆزیت. نیگەران مەبە، وەک چۆن تۆ گەشە دەکەیت لە پرۆسەی پیرۆزکردن، ئەندامانی کڵێساکەشت گەشە دەکەن. لەدوای هەموو ئەمانە، ئەندامانی کڵێساکەت سەیرت دەکەن و شوێنی نموونەی تۆ دەکەون. ئەگەر تۆ ئەوە ببینیت یان نا، ئەوانیش زیاتر وەک تۆیان لێدێت (لۆقا ٦:٤٠). کە کتێبە پیرۆزەکەت دەکەیتەوە لە ڕێگەی وتاردان و فێرکردنەوە، ئەندامانی کڵێساکەت گوێ بۆ وشەکانت دەگرن و لەهەمان کاتیشدا لەژیانی باوەڕداریت دەکۆڵنەوە. خزمەت زیاترە لە وتاردان و فێرکردن. ڕەنگە قسەکانی قەشەی ئەمریکی لیموێل هاینز لەم سەردەمەدا بۆ خوێنەران قورس بن، بەڵام گرنگە لە نزیکەوە گرنگی پێبدرێت. هاینز باسی تایبەتمەندی قەشەی کردووە:

> "قەشە پیاوێکی تێگەیشتووی ڕۆحییە و ڕۆحی بە تیشکی کوڕی ڕاستودروستی ڕووناک دەکرێتەوە. دڵنەوایی لە خودای پیرۆزدا وەرگرتووە، بە وشە و ڕۆح فێر دەکرێت و لە ڕووناکی ڕووخساری خودادا ڕێ دەکات. هەڵخەڵەتاندنی دڵی خۆی بینیوە، پیلانەکانی دوژمن دەزانێت و ئەو تەڵە زۆرانە دەبینێت کە ڕۆحی مرۆڤەکان پێوەی بوون. بەهۆی ئەوەی لە فێڵەکانی شەیتان بێ ئاگا نییە، زۆر کار دەکات بۆ ئەوەی بە وردبینی و وریاییەوە کارە ڕۆحییەکانی بەردەوام بێت. دەزانێت کە دوژمنێکی فێڵبازی هەیە کە دەبێت دژایەتی بکات و سروشتی مرۆڤیش دژی مزگێنییەکەیە. کەواتە، هەوڵدەدات لە هەموو شتێکدا، بەو دانایی و چاودێریکردنە هەڵسوکەوت بکات کە زۆرترین ئەگەری هەیە سەرکەوتوو بێت."[6]

دەمەوێت ببەمە ئەو جۆرە قەشەیە. دەمەوێت هەڵخەڵەتاندنی دڵم ببینم، جا دەەتوانم تێکیبشکێنم. دەمەوێت ئاگاداری پیلانەکانی دوژمن بم، تا لێیان هەڵبێم. دەمەوێت بیناسمەوە کە شەڕەکە ڕۆحییە، جا پشت بە ڕۆحی خودا دەبەستم. دەمەوێت گرنگی بە دڵم بدەم چونکە دەزانم خزمەتێکی سەرکەوتوو بە ژمارەی ئەو باوەڕدارانە نییە کە لەئاو هەڵکێشراون، یان ڕابەرە ڕاهێنراوەکان، یان مژدەبەرە نێردراوەکان و کڵێسا چێندراوەکان. ئەم ئەنجامانە لەدەستی خودای پیرۆزدان. خزمەتێکی سەرکەوتوو، هەرچەندە گەورە بێت یان بچووک، بە بەروبوومی بەنرخ و شیرین و خۆراکی ڕۆحی پڕ دەبێت.

گرنگە لاوازی و گوناه لە مرۆڤەکاندا ببینیت. کڵێساکان پێویستیان بە ڕاوێژکاری ژن و پیاوی دڵسۆز هەیە، کە پەنجە ڕادەکێشن لە دژی فێرکردنی هەڵە و شێوازی نادڵسۆزانە و خزمەتی نائینجیلی. سوپاسگوزارم بۆ ئەو باوەڕدارە دانایانەی لە کڵێساکاندان، کە دەتوانن بە وردی وشەی ڕاستی بپشکنن و بە دانایی و هێزەوە لە ژیانی ئەوانی دیکەدا جێبەجێی بکەن. بەڵام لە بەشەکانی دواتری ئەم کتێبەدا، سەرنجی تایبەتی من بۆ دڵی تۆیە. ئایا ئاگاداری تەندروستی ڕۆحی خۆت بوویت؟ هەمووومان شێوازی ڕەفتاری گوناهبارانەمان هەیە کە یان ئاگاداری نین یانیش دەمانەوێ پشتگوێی بخەین. نوێژ دەکەم ئەم کتێبە یارمەتیت بدات ئەو خاڵە لاوازانە چارەسەر بکەیت، نەک تەنها لە پێناو ئەو کڵێسایەی کە خزمەتی تێدا دەکەیت، بەڵکو لە پێناو ڕۆحی خۆشتدا (یۆحەنا ١٥: ٨).

# ١
# ئایا من وەک دەهۆڵی بە گرمەگرمم؟

**خۆشەویستی**، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی، بەسەرخۆدا زاڵبوون.

"خزمەتکردن باش دەبوو ئەگەر بۆ هەموو خەڵک نەبووایە." زۆربەی جار ئەو قسەیە خەندە دەبەخشێت. ئێمە کە قەشەین، دەزانین کە خزمەتکردن ئامانج دەکاتە سەر خەڵک، بەڵام دەبێتە هۆی تێکشکاندنیش. خەڵکی پلانی ئێمە تێکدەدەن. پلانی چاک. پلان بۆ چاندنی خزمەتی قوتابیان و گەنجان، ڕێکخستنی تەوەری مزگێنیدان، گەیشتن بە خەڵکی مزگێنی پێنەگەیشتوو، یان تەنها قەشایەتیکردنی کڵێسایەک. وەک چۆن ئەندازیارێک هەنگاوەکانی پرۆژەیەک دەکێشێت، ئێمەش بە هەمان شێوە پێویستە ئامانجەکان دابنێین، کاتەکان ڕێکدەخەین، و خۆبەخشەکان هاندەدەین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان. ئاسانە کە خەڵک وەکو بەربەستێک ببینین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان. زۆرجار لەبیری دەکەین کە خەڵکەکە ئامانجەکەمانن.

ڕابەرە باوەڕدارەکان لەو تاقیکردنەوە ئارەزووییەدان کە خەڵک وەک پارچەی ڕۆبۆت دەبینن؛ پارچەکانی دەپارێزن بۆ دڵنیابوونی بارودۆخی ڕۆبۆتەکە. ڕۆبۆتەکە دەتوانێت هاوڕێیەک، خێزانێک، هاوسەرێک، خزمەتێک، یان هەتا کڵێسایە بێت. ئەگەر ئەمە بیرکردنەوەی ئێمە بێت، هاوڕێکان، منداڵان، هاوسەرەکان، خۆبەخشەکان و ئەندامانی کڵێسا دەبنە

پارچەکان بۆ بەدەستهێنانی ئارەزووە کەسییەکانمان. ئێمە کینە لە دڵ دەگرین کاتێک پارچەکان بە شێوەیەکی دروست کار ناکەن، ئەوەش پلانی ئێمە تێک دەدات. لە شوێنی خۆشویستنی ئەو کەسانەی کە خودا بە سەروەری و دانایی لە ژیانمان دایناوە، ئێمە بەکاریان دەهێنین و ئەوە دەسەلمێنین کە خۆمان لەسەرووی هەموو کەسەوە زیاتر خۆشدەوێت.

## فێربوونی زۆر لەسەر خۆشەویستی

کاتێك بۆ یەکەم جار دەستم بە وتاردان کرد، زۆر بەقووڵی بیرم نەکردەوە دەربارەی ئەندامانی کڵێسا. لە شوێنی ئەوە، سەرنجم کردە سەر شارەزایی خۆم. پێشەکییەکەم چۆنە؟ ئایە زمانێکی جەستەی باشم هەیە؟ ئایە خاڵەکانم لە ئایەتەکانەوە دێن؟ مزگێنییەکە ڕوونە؟ ئایە بە کۆتاییەکی سەرنجڕاکێشەوە کۆتاییم پێ هێنا؟ ئەم پرسیارانە گرنگن. بەڵام پێویست بوو پرسیاری دیکە لەبارەی وتاردانەوە بکەم، ئەو پرسیارانەی کە زۆربەی کاتەکان لە وانەکانی خواناسی یان وتاردان ناکرێت. ئایە من گرنگی بە گوێگرەکانم دەدەم؟ ئایە من دەیانناسم؟ ئایە من ئاگادارم لە تاقیکردنەوەکانی ژیانیان؟ ئایا من خۆشمدەوێن؟ ئایە من ئەو خودایەم خۆشدەوێت کە ئەوانی بەدیهێناوە؟ ئەم پرسیارانەش بەهەمان شێوەی پرسیارەکانی سەرەوە گرنگن، بەڵام زۆرجار پشتگوێ دەخرێن.
دوای یەکێک لە یەکەمین وتارەکانم لە ئێوارەی یەکشەممە، یەکێک لە هاوڕێ باوەڕدارەکانم بینی بۆ وەرگرتنی بۆچوونی لەسەر وتارەکەم. لە ماڵی ئەو پێکەوە گفتوگۆمان دەکرد لەگەڵ قاوە و شیرینی خواردن. پێش ئەوەی کە ئەو وشەیەک بڵێت، بە شێوەیەکی بەرگریکارانە دڵنیایی ئەوەم پێدا کە وتارەکەم بەو شێوەیە دەرنەچوو کە ویستوومە.

کاتێک کە شینم دەکرد ئەویش گوێی بۆ دەگرتم. بێگومان، هیوای شاراوەی من ئەوە بوو کە هاوڕێکەم قسەی من ببڕێت و بە پێچەوانەوە تەنانەت ستایشم بکات. هەموو هەڵێکم پێی دا بۆ ڕاستکردنەوەم. "هارون"، دەبوو بڵێت، "پەیامەکەت بەراستی زۆر باش بوو؛ وورەت بەرز بێت." ئەموویست ئەوەم پێ بڵێت کە چەندە وتارە پێگەیشتووانەکەم ژیانی ئەوی گۆڕیوە. لە شوێنی ئەوە، سوپاسی منی کرد بۆ وتارەکەم و بابەتەکەی

گۆڕی. دوای چەند ڕۆژێک، نامەیەکی دەستنووسی لە سندوقی پۆستەکەم دانا بوو. دەستیپێکرد بە یەکەم کۆڕنسۆس ۱:۱۳ "ئەگەر بە زمانەکانی خەڵک و فریشتە بدوێم، بەڵام خۆشەویستیم نەبێت، ئەوا بوومەتە دەهۆڵی بە گرمەگرم و زوڕنای بە زیڕەزیڕ." مەبەستەکەی پۆڵس ڕوونە: لە نرخی ئەو بەهرانە کەم دەکەینەوە، کاتێک بە دوای بەهرە ڕۆحییەکان دەگەڕێین بۆئەوەی خۆمان ڕۆحی دەربخەین. هاوڕێکەم ئەوەی بینی کە زیاتر سەرنجم لە سەر خۆم بوو لە شوێنی ئەو کەسانەی کە هیوام دەخواست خزمەتیان بکەم. ئەو ئایەتەی کە بۆ منی نووسی، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. بە جۆرێک، لە هەموو ئامادەکارییەکانمدا شکستم هێنابوو لە خۆشویستنی ئەو کەسانەی کە خودا بانگی کردبووم بۆ ئەوەی فێریان بکەم. بەڵێ، پێویست بوو بە دانایی مامەڵە لەگەڵ ئایەتەکاندا بکەم. بێگومان، پێویست بوو بە ووردی مزگێنی ڕوون بکەمەوە و جێبەجێی بکەم. بێگومان، پێویست بوو بەدوای بۆچووندا بگەڕێم بۆ ئەوەی وەک وتاردەرێک گەشە بکەم. بەڵام گرنگی چییە ئەگەر خۆشەویستیم نەبێت؟ من وەکو پارچەی ڕۆبۆت مامەڵەم لەگەڵ گەلی خودادا کردبوو لە خزمەتەکەم. من بووبووم بە دەهۆلی بە گرمەگرم. زۆر شتم هەبوو دەربارەی خۆشەویستی فێرببم. پرۆسەی پیرۆزکردن بەبێ خۆشەویستی بێمانایە. بۆ ئەوەی بزانین بۆچی گرنگە، پێویستە بیر لە ڕووداوێکی پێشووتر بکەینەوە لە ژیانی مەسیحی، کە ئەویش ساتی بێتاوان کردنە.

## لە بێتاوان کردندا خۆشەویستی لە پێش هەمووشتێکەوە دێت

هەرچەندە خۆشەویستی ناوەندی پیرۆزکردنە، هەروەها دڵی بێتاوان کردنیشە. پۆڵس لەگەڵ کڵێساکانی گەلاتیا دەمەقاڵەی هەبوو. مزگێنی نیعمەتی خودا کەمتر بۆیان ڕوون بوو، وە کەمتریش بەنرخ بووبوو. ئەوان پەیامی پۆڵسیان کەمتر کردە ناوەند دەربارەی ڕزگاربوون تەنیا بە نیعمەت و یاسایان زیاتر کردە ناوەند. ئەفسانەیەک هەیە دەربارەی سەربازە یۆنانیەکان کە ئەسپێکی زەبەلاحی داریان بەکارهێناوە بۆ فێڵکردن و شکستپێهێنانی خەڵکی شاری ترۆی. بە شێوەیەکی هاوشێوە، مامۆستا درۆزنەکانی گەلاتیا هەوڵیان دەدا بە دزییەوە پەیامی ڕزگاربوون لە ڕێگەی کارە باشەکانەوە بخەنە ناو تێگەیشتنی ئەندامەکانی کڵێسا لە

ڕزگاربوونیان. بەداخەوە کڵێسا نوێکانی گەلاتیا پێشوازییان لەم شتە کرد، وەک ئەوەی خەڵکی ترۆیا دەروازەکانیان بە فراوانی کردەوە.

پۆڵس هەموو هەوڵێکی دا بۆ داخستنی دەروازەکانیان لە فێربوونی هەڵە. نامەکەی بۆیان بە هاوارێک دەست پێدەکات: "ئەگەر کەسێک مزگێنییەکی پێدان جگە لەوەی پەسەندتان کردووە، با نەفرەتی لێ بێت." (گەلاتیا ١:٩). پۆڵس ڕێگەی بە هیچ سەرلێشێواوییەک نەدا. ڕزگاربوون هەمووی نیعمەتە، یان ئەوەتا خەیاڵییە. کارەکانی شەریعەت هێزی تاوانبار کردنیان هەیە بەڵام ناتوانن لە چاوی خودایەکی پیرۆزدا بە ڕاستودروستمان دابنێن. پۆڵس ڕایگەیاند: "مرۆڤ بە کارکردن بە شەریعەت بێتاوان ناکرێ" (گەلاتیا ٢:١٦).

باوەڕدارانی مەسیح هیچ شتێک بۆ بێتاوان کردنیان ناکەن. سەرەتای ژیانی مەسیحی بە مردن دیاری دەکرێت نەک کارە باشەکان. پێت سەیرە؟ سەیری پۆڵس بکە. دەیزانی کە ناتوانێت خۆی بەرەو ژیانێکی مەسیحیانەی پیرۆز و خۆش ببات. پۆڵس پێش ئەوەی بتوانێت لەگەڵ مەسیح بژی، دەبوو لەگەڵ ئەو بمرێت. ئەمەش هاوارێکی خۆشی پۆڵس ڕوون دەکاتەوە کاتێک وتی: "من لەگەڵ مەسیح لە خاچ درام. ئیترئەوە من نیم کە دەژییێت، بەڵکو مەسیحە لە مندا دەژییێت. ئێستاش کەوا بە جەستە دەژیم، بە باوەڕبوون بە کوڕی خودا دەژیم، ئەوەی منی خۆشویست و خۆی کردە قوربانی بۆ من" (گەلاتیا ٢: ٢٠). سەیر بکە، پۆڵس دەڵێت عیسا چی کرد. عیسا "خۆشیویست" و "خۆی کردە قوربانی" بۆ ئەو. خۆشەویستی یەکەمجار هات. خۆشەویستی هەمیشە یەکەمە. زوو بێ یان درەنگ زۆربەی مەسیحییەکان دەپرسن: بۆچی خودا ئەوانی ڕزگار کردووە بەڵام دایک و برا و هاوڕێ و دراوسێ بێباوەڕەکانیانی ڕزگار نەکردووە. ئەوان لەوانەیە سەرنج بخەنە سەر وەڵامی هەڵە. بۆ نموونە، "خودا زانی من ئەو هەڵدەبژێرم. یان خودا پێی وابوو ڕەنگە من یارمەتیدەر بم بۆ کارەکانی لەسەر زەوی. یان خودا پێی وایە من تایبەتم." بەڵام ئەگەر هەر یەک لەو وەڵامانە راست بێت، ئەوا ڕزگاریمان دەکەوێتە سەر خۆمان. ئەمە مەحاڵە. بۆچی خودا تۆی رزگار کرد؟ تاکە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە

خۆشیویستی. پێدانی ڕزگاری موڵکی خودایە. کەوتوەتەوە سەر خودا. هەموو کاتیش بەو شێوەیە بووە.

کاتێک خودا ئیسرائیلی لە کۆیلایەتی میسرییەکان ڕزگار کرد و خاکێکی پێدان کە خاوەندارێتی بکەن، دەیزانی ڕۆژێک پرسیار دەکەن بۆچی ئەوانی هەڵبژارد؟ موسا وەڵامی ئەم پرسیارەیانی دایەوە بە ئاماژەدان بە خۆشەویستی خودا.

*" یەزدان دڵی پێتانەوە بەند بوو و هەڵیبژاردن، نەک لەبەر ئەوەی لە هەموو گەلان زۆرترن، چونکە لە ڕاستیدا ئێوە لە هەموو گەلان کەمترن. بەڵام لە خۆشەویستی یەزدان بوو بۆتان و پاراستنی ئەو سوێندەی بۆ باوباپیرانی ئێوەی خوارد، یەزدان بە دەستێکی بەهێز دەریهێنان و ئێوەی لە خاکی کۆیلایەتی کڕییەوە، لە دەستی فیرعەونی پاشای میسر" (دواوتار ٧: ٧-٨).*

ڕزگارکردنی خودا بۆ گەلەکەی هەمیشە لەسەر خۆشەویستی ئەو بۆیان بنیاد نراوە. خودا پابەند بوو بەوانەوە. خودا سۆز و خۆشەویستی خۆی لەسەریان دانا. باشترین شتی بۆیان دابین کرد. ئەمە خۆشەویستییە. لە بێتاوان کردن، خۆشەویستی لە پێشەوە دێت و ئەمە قۆناغی ئامادەکردنی پیرۆزبوونمانە.

## لە پیرۆزبووندا، خۆشەویستی لە پێشەوە دێت

نابێت جێگەی سەرسوڕمان بێت کە دەبینین پۆڵس خۆشەویستی لە پێش هەموو شتێکەوە داناوە کاتێک بەروبوومەکانی ڕۆحی پیرۆز دەخاتە ڕوو. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خۆشەویستی سەرچاوەی هەموو شتێکە لە ژیانی مەسیحیدا. دڵی بێتاوان کردن ئەمەیە کە مەسیح خۆشیویستین، بۆیە خۆی کردە قوربانی بۆمان. چونکە مەسیح خۆی کردە قوربانی بۆمان، ئێمەش ئەوانیترمان خۆشدەوێت. ئەمەش دڵی پیرۆزبوونە. ژیانێکی بێ خۆشەویستی، ژیانێکی بێ مەسیحە. یۆحەنای نێردراوی مەسیح بەباشی ڕوونیکردەوە کە پیرۆزبوونمان لە بێتاوان کردنمانەوە سەرچاوەی گرتووە. بە شێوەیەکی تر، خۆشەویستیمان بۆ ئەوانیتر، لە

خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە سەرچاوەی گرتووە.

*"خۆشەویستی لەمەدایە: نەک ئێمە خودامان خۆشویست، بەڵکو ئەو خۆشیویستین و کوڕەکەی بۆ کەفارەتی گوناهەکانمان نارد. خۆشەویستان، ئەگەر خودا بەم شێوەیە خۆشیویستین، پێویستە لەسەرمان یەکتریمان خۆشبوێ. هەرگیز کەس خودای نەبینیوە. ئەگەر یەکتریمان خۆشبوێ، ئەوا بە یەکگرتوویی لەگەڵ خودا دەژین و خۆشەویستییەکەی لە ناخماندا تەواوە" (یەکەم یۆحەنا ٤: ١٠-١٢).*

یۆحەنا لەم ئایەتانەدا قسەیەکی کرد کە لە یەکەم خوێندنەوەدا پێناچێت بە تەواوی لەگەڵیدا بگونجێت. نووسی "هەرگیز کەس خودای نەبینیوە." بۆچی ئەم خاڵە لێرە دا دەهروژێنێت؟ بەهۆی ئەو ڕاستییەوەی کە ناتوانین خودا ببینین، زۆر قورسە بزانین پەیوەندیمان لەگەڵ خودا هەیە. زۆر ئاسانترە بیسەلمێنیت کە پەیوەندیت هەیە لەگەڵ کەسێک کە دەتوانیت ببینیت. بێگومان، من و هاوسەرەکەم پەیوەندیمان هەیە. دەتوانم هاوسەرەکەم ببینم، وە ئەویش دەتوانێت بمبینێت. ئێمە کاتێکی زۆر لەگەڵ یەکتری بەسەر دەبەین. ئێمە بۆ هەمان کڵێسا دەچین. هەمان ئۆتۆمبێل لێدەخوڕین. ئێمە لە هەمان خانوو دەژین. لەسەرەتای هاوسەرگیرییەکەمان، سەرسام بووم بەوەی کە چەند زۆر دەمبینی. ئەو ڕاستییەی کە بەردەوام دەیبینم، پارچەیەکی بچووکی بەڵگەیە کە خۆشمدەوێت. خودا دەتوانێت بمانبینێت، بەڵام ئێمە ناتوانین بیبینین. کەواتە چۆن پەیوەندیمان بە خوداوە دەبینرێت؟ لە خۆشەویستییەکەمان بۆ یەکتر: "ئەگەر یەکتریمان خۆشبوێ، ئەوا بە یەکگرتوویی لەگەڵ خودا دەژین و خۆشەویستییەکەی لە ناخماندا تەواوە." (یەکەم یۆحەنا ٤:١٢). چەند ئایەتێکی تر دواتر، یۆحەنا زۆر بەڕوونتر دەفەرموویێت: "ئەگەر یەکێک گوتی: «خودام خۆشدەوێت» و ڕقی لە خوشکی یان براکەی بێتەوە، ئەوە درۆزنە، چونکە ئەوەی خوشک و برای خۆی خۆشنەوێت کە بینیویەتی، ناتوانێت خودای خۆشبوێ کە نەیبینیوە" (یەکەم یۆحەنا ٤:٢٠).

کاتێک بیر لە هەفتەی ڕابردوو دەکەمەوە، زۆر نموونەی باوەڕدارانی کڵێساکەم دێنە خەیاڵم کە یەکتریان خۆشدەوێت. پیاوێک داوای یارمەتی

کرد بۆ چوون و هاتنەوە لە نەخۆشخانە، وە یەکێک لە ئەندامانی کڵێسا بەخێرایی یارمەتی پێشکەشکرد. ژن و مێردێکی گەنج کە تازە منداڵی دووەمیان بوو، هەندێک لە خوشک و برایانی کڵێساش ژەمی خواردنیان بۆ بردن بۆ ئەوەی گۆڕانی ژیانیان ئاسانتر بێت. پیرانی کڵێسا لە ئێستادا کار دەکەن بۆ یارمەتیدانی پەیوەندی نێوان ژن و مێردێک کە کێشەیەکی جدیی هەیە لە هاوسەرگیرییەکەیان. هەموو ئەمە لە خۆشەویستیەوە دێت.

ئەمە بناغەی مەسیحیەتە. خۆشەویستی، یەکەم و باشترین بەڵگەی ئەوەیە کە ئێمە باوەڕدارین. نەک ماڵپەڕە سەرنجڕاکێشەکان یان کڵێسا فراوانکراوەکان. یان گەشەکردنی بودجەی کڵێسا، ئامادەبوونی بەرفراوان لە سۆشیال میدیا و تەنانەت وتاری باشیش. خۆشەویستی بناغەی بەروبوومی ڕۆحییە، چونکە باشترین بەڵگەی ئەوەیە کە خودا ئێمەی لە گوناە ڕزگار کردووە.

## زانین دەربارەی خۆشەویستی بەرامبەر بە خۆشویستن

هەر کەسێک کە ئینجیل بخوێنێتەوە، بێگومان شتێک دەربارەی خۆشەویستی فێر دەبێت. بە نزیکەی لە هەموو لاپەڕەکانی کتێبی پیرۆزدا دەیدۆزینەوە. خۆشەویستی بنەمای خواناسی ئینجیلییە. بۆ نموونە، ئێمە دەزانین خودا خۆشەویستییە (یەکەم یۆحەنا ٤:٨). چی تر دەتوانێت بەدواداچوونی بێ وەستانی خودا بۆ خەڵکی شەرمەزار ڕوون بکاتەوە؟ ئەو خودایە کە بە خەڵکی خۆی وت خۆشەویستیتان هەبێت (دواوتار ٦:٥) هەمان خودایە کە یەکەمجار خۆشیویستن (یەکەم یۆحەنا ٤:١٩). هەڵبژاردنی خودا بۆ کڵێساکەی ڕەگ و ڕیشەی لەوەدا نییە کە سەیری داهاتوو بکات و شتێکی دروست لە ئێمەدا ببینێت. نەخێر، خودا مرۆڤی بەدکاری هەڵبژارد تاکو ڕزگاریان بکات، بە ئەو خۆشەویستییە خودایيە فراوانەی. (دواوتار ٧: ٧-٨؛ ئەفەسۆس ٢:٤). تەنانەت باوەڕدارێکی مەسیحی گەنج دەزانێت کە خۆشویستنی خودا و نزیکەکەی بەشێکە لە بنەماکانی ژیانی باوەڕداری مەسیحی (مەرقۆس ١٢:٣١). ڕاسپاردەی خۆشەویستی ڕاسپاردەیەکی زۆر ئاشکرا و بەرزە.

یەکێک لە نووسەرە ناسراوەکان بەناوی جەی ئای پاکەر ڕوونیکردەوە دەربارەی جیاوازیی نێوان زانیاری دەربارەی خودا و ناسینی خودا. ئەوەی بەوە وێنا کرد کە کەسێک لە بالکۆنەکەی دادەنیشێت و سەیری گەشتیارەکان دەکات کە بە ڕێگاکەدا دەڕۆن. ئەوە یەک لایەنەیە کە لەسەرەوە سەیری ڕێگاکە بکەیت. بەڵام بەتەواوی شتێکی ترە ئەگەر خۆت پێت لەسەر زەوییەکە بێت. ناسینی خوداش بەم شێوەیە. ناتوانین لە دوورەوە ئەنجام بدەین. نابێت بیکەینە تاقیکردنەوەیەکی ئەکادیمی؛ شتێک نییە بە ناوی مەسیحییەک کە تەنها مێشکی بەکاربهێنێت و دڵی بەکارنەهێنێت.[7] هەروەها، جیهانێک لە جیاوازی هەیە لە نێوان زانیاری دەربارەی خۆشەویستی و خۆشەویستی ڕاستەقینە. هاوڕێیەکی نزیکم هەیە کە ئەو کاتەی نوێ بووە لە باوەڕەکەی چووەتە وڵاتێکی دیکە بۆ مزگێنیدان. ڕۆژەکانی بە مزگێنیدان بەسەر برد بەڵام هیچ ئەنجامی ڕوحی نەبینرا لە هەوڵەکانی خۆی. خودا هاوڕێکانی بەکارهێنا بۆ ڕێنیشاندانی ڕزگاری بۆ چەند کەسێک. هاوڕێکەم زانی کە دەبووایە دڵشاد بێت بەڵام لە جیاتی ئەوە، کینەی بە سەرکەووتنیان برد. گرنگی بە ناوبانگی خۆیدا زیاتر لە ڕزگاربوونی کەسانی دی. ئەمە خۆشەویستی نییە. چاک نییە کینەت لە سەرکەوتنی هاوپەیمانە نزیکەکەت لە خزمەت هەبێت. هەموو باوەڕدارێکی مەسیحی و بە دڵنیاییەوە هەموو ڕابەرێکی مەسیحی دەبێت خۆشەویستی بخاتە دڵی خزمەتەکەیەوە. قەشەیەک کە لەبارەی خۆشەویستییەوە دەزانێت، بەڵام لە ڕاستیدا کەسانی دیکەی خۆشناوێت، گاڵتە بە بانگکردنەکەی دەکات لەلایەن خوداوە بۆ شوانایەتی مەڕەکانی خودا.

## دوژمنەکانی خۆشەویستی

ئەو ڕۆژەی کە نامەکەی هاوڕێکەمم کردەوە کە ئاماژەی بە یەکەمی کۆرنسۆس ١٣ کرد، وەک ئەو پیاوە بووم کە لە باڵکۆنەکەدا دانیشتبوو. زانیاریم هەبوو لەبارەی خۆشەویستی. دەمتوانی باسی گرنگییەکەی بکەم. دەمتوانی وەسفی شێوازەکەی بکەم. بەڵام خۆشەویستیم پاڵدا بۆ لایەک تا شوێن بۆ دوو دوژمنە خراپەکارەکەی بکەمەوە، لووتبەرزی و خۆپەرستی.

لووتبەرزی دەپرسێت چۆن دەردەکەوین، لەبری ئەوەی هەستی ئەوانی تر چۆنە. لووتبەرزی گەشە دەکات کاتێک کە وتاردەرەکە ئارەزووی ئەوە دەکات کە لەلایەن جەماوەرێکی زۆرترەوە گوێی لێبگیرێت یان کاتێک هاوڕێیەکی لە ڕێگای بەدەستهێنانی سەرنجەوە، دەیەوێت خۆشبوویسترێت. لە شوێنی ئەوەی کەسانی دیکە هان بدات، لووتبەرزی تینووی بەدەستهێنانی سەرنجە. کاتێک ڕابەرێک دەیەوێت قسە قسەی خۆی بێت یان کاتێک باوکێک خێزانەکەی دەترسێنێت و بێدەنگیان دەکات، لووتبەرزی گەشە دەکات. لووتبەرزی زیاتر گرنگی بە ناوبانگی ڕابەرەکە دەدات نەک پیرۆزبوونی ئەندامانی کڵێسا. لووتبەرزی زۆرتر گرنگی بە زۆربوونی ژمارەی خەڵک دەدات لە کڵێسای خۆت لەوەی گرنگی بە کڵێسایەکی دیکە بدات.

خۆپەرستی ئامۆزای لووتبەرزییە. خۆپەرستی بە خۆپەرستانە هەموو هەوڵێکی دەدات تاکو ژیان ئاسوودە بکات. خۆپەرستی وەک پیاوێکە بەیانیان لە جێگای خەوتنەکەی هەڵناستێت. لەژێر بەتانییەکەی دەخەوێت کە گەرمە و پێیە ڕووتەکانی لەسەر زەوییە سارد و ڕەقەکە دانانێت. ئەو ڕۆژەی لەپێش چاوە کە پڕە لە هەزار دەرفەتی خۆشویستن و خزمەتکردنی ئەوانی تر، بەڵام خۆپەرستی دەڵێت، "خۆت بە گەرمی بهێڵەوە." خۆپەرستی پێمان دەڵێت خزمەتکردن زۆر ناخۆشە و لەوانەیە تەنانەت ئازارمان بدات. لووتبەرزی گەشە دەکات کاتێک کە ئێمە ناتوانین ئەو شتانەی سەختە بیڵێین یان بیکەین. من کارمەندی سەرنجەکانم. حەز دەکەم شتەکانم لە لیستی کارەکانم بسڕمەوە. کاتێک خۆم بە تەنهام، بە جددی هەوڵدەدەم بۆ ئەوەی زۆرترین پرۆژە تەواو بکەم. خۆشەویستی لەسەر کۆمپیتەرەکە هەڵمدەستێنێت و لە ئۆتۆمبیلەکە دامدەنیشێنێت و قایشی سەلامەتی دەبەستم بۆ ئەوەی سەردانی ماڵی ئەندامێک بکەم.

چۆن ڕابەرەکان شکست دەهێنن؟ چۆن قەشەکان لە خۆشەویستیدا شکست دەهێنن؟ بە خزمەتکردن لە دڵێکی لووتبەرز و خۆپەرست. هەرچەندە من زیاتر بەردەوام دەبم لە قەشایەتی، زۆرتر تێدەگەم کە لووتبەرزی و خۆپەرستی بەبێ ململانێ ناڕۆن. وەک زۆرانبازێک، هەر بەردەوامن لە

بۆکس لێدان. ئەوانەی دەیانەوێت شەڕی لووتبەرزی بکەن، دەبێت بە خۆشەویستی شەڕ بکەن ئەگینا هیچ نین. (یەکەم کۆرنسۆس.۲:۱۳).

## وشەیەک بۆ ئاگاداری

گرنگە لێکۆڵینەوە لەوە بکەین کە چۆن دەتوانین باشتر خۆشەویستی ببەخشین. بەڵام یەکەم جار، بزانین چۆن خۆمان لە هەڵەیەکی تر بپارێزین. ڕابەرانێکی زۆر مەبەستیان باشبوو بەڵام ڕاستی مزگێنییەکە ئاڵووگۆڕ دەکەن بۆ خۆشەویستی. ئەمەش دەبێتە هەڵەیەکی گەورە. خۆشەویستی هەرگیز نابێت دژی ڕاستی بوەستێت. ئەوانە دوو هاوڕێی شیرینن. قەشەیەک کە بە خۆشەویستی ناسراوە بەڵام وازی لە باوەڕی ڕاستی هێناوە، لەڕاستیدا خۆشەویستی نییە. وەک پزیشکێکە کە بە خەندەیەکی دڵسۆزانە سڵاو لە نەخۆشەکەی دەکات کە بەرەو مردن دەچێت کەچی دەرمانی چارەسەرەکەی پێیە و پێی نادات تاکو ژیانی ڕزگار بکات. ڕاستی و بە تایبەتی ڕاستی مزگێنییەکە، تەنها هیوامانە بۆ ژیانی هەتاهەتایی. کتێبی پیرۆز هەرگیز خۆشەویستی نەکردووەتە دوژمنی ڕاستی. لە شوێنی ئەوە، خۆشەویستی و ڕاستی هاوڕێ و هاوپەیمانن. بۆ نان پێدانی مەڕەکانی مەسیح پێویستە فێربوونی ڕاست بدەیتە باوەڕداران لە کڵێسای مەسیح. ئەم جۆرە فێرکردنە لە خۆشەویستی بۆ مەسیح دایە، خۆشەویستی و ڕاستی نابێت جیا بکرێنەوە. شوانەکان ڕاستی وشەی خودا فێردەکەن، لەو دڵەیانەوە کە بە خۆشەویستی خودا دەورە دراوە (لۆقا ٦:٤٥).

چۆن لە ڕێی ئارەزووەکانت تاقیدەکرێیتەوە؟ ئەگەر دەتەوێت دانا بیت بیر لە خواستەکانت بکەرەوە، پێش ئەوەی بەردەوامبیت لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە. ئایە لەبەر هەستی کەسێکی تر وەسوەسەت بۆ دروست دەبێت کە ڕاستی عەقیدەکە بشاریتەوە؟ یان ئەگەری ئەوە زیاترە ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز ڕوون بکەیتەوە لەکاتێکدا ڕۆحی مەڕەکانی مەسیح پشتگوێ دەخەیت؟ هیچ کام لەم دووانە باش نین. دڵێک کە بەڕاستی لەلایەن خوداوە بجوڵێت، بەدوای ڕاستی و خۆشەویستیدا دەگەڕێت.

## مۆدێلێکی نموونەیی

ئەو شتەی کە کڵێساکانمان یان خزمەتەکانمان پێویستیان پێی نییە ئەوەیە کە ڕابەرەکان هەوڵی بەدەست هێنانی ناوبانگ بدەن. بۆ نموونە، قەشەکان بانگ دەکرێن کە کڵێسای ناوخۆییان خۆشبوێت. ئەو کەسانەی کە خزمەتیان دەکەم پێویستیان بە پیرانی کڵێسایە کە زۆر خۆشیان دەوێن. جەنجاڵی بینینی ئەوەی کە چەندە "لایک"ت لە سۆشیال میدیادا بۆدێت لەکاتێکدا ئەمە هیچ نییە بە بەراورد بەو خۆشییەی کە دەبینیت ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە خزمەتیان دەکەیت لە نیعمەت و خوداپەرستیدا گەشە دەکەن. نموونەیەکی نایاب دەبینین لە پۆڵسی نێردراوی خودا. ئەگەر یەکەم کۆرنسۆس ٣:١٣ ("دەهۆڵی بە گرمەگرم") لە گوناە تاوانبارم بکات، یەکەم سالۆنیکی ٢:٨ بانگم دەکات بۆ کردار. پۆڵس و سیلا بە دڵسۆزیەوە مزگێنییەکەیان لە سالۆنیکی چاند. زۆربەی جولەکەکان و نەتەوەکان باوەڕیان هێنا (کردار ١٧: ١-٤)، تەنانەت لە کاتێکدا ئەم باوەڕدارە نوێیانە بەربەرەکانێیان دەکرد. کۆمەڵەیەکی بێباوەڕان هێرشیان کردە سەر کڵێسا تازە پێگەیشتوەکە (کردار ١٧: ٥-٩). پۆڵس هەڵهات و کڵێساکە لە نەبوونی ئەودا گەشەی کرد و کاتێک پۆڵس نامەی نووسی سوپاسی خودای کرد بۆ باوەڕ و خۆشەویستی و هیوایان (یەکەم سالۆنیکی ١: ٣). پۆڵسی دڵخۆش کرد چونکە کڵێسای سالۆنیکی بوو بە ناوەندێک بۆ خزمەتکردنی مزگێنی (یەکەم سالۆنیکی ١:٨). لە زۆر ڕوودا، ئەم کڵێسای خۆجێییە هەموو شتێکی هەبوو کە هیوام هەبوو لەو کڵێسایەی ئێستا خزمەت دەکەم بیبینم ئەوانیش ئەمانەن: پیرۆزی، خۆشی، جێگیری، حەزی مزگێنیدان. بەڕوونی پۆڵس سوپاسگوزار بوو بۆ بەرهەمی خزمەتەکەیان. بەڵام وا دیار بوو پۆڵس زیاتر سوپاسگوزار بوو بۆ خودی خۆشیان. لە دڵی سڵاوەکەی پۆڵسدا بیرخستنەوەیەکی سادە هەیە کە چەندە ئەم کڵێسایەی خۆشدەویست.

*"بەڵام نەرمونیان بووین لەگەڵتاندا، وەک دایکێک شیر بداتە منداڵەکانی. بە ڕادەیەک ئێوەمان خۆشویست کە ئامادەبووین نەک تەنها مزگێنیی خودا بەڵکو خۆشمان لەگەڵتاندا بەش بکەین، چونکە ئێوە لەلای ئێمە زۆر ئازیز بوون" (یەکەم سالۆنیکی ٢: ٧-٨).*

ئەگەر پۆڵس بتوانێت خۆی وەک دایکێکی شیردەر وەسف بکات، پێویستە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی وەک پەروەردەکارێکی نەرمونیان بین. ئێمە زۆر جار پۆڵس وەک پارێزەرێکی بەهێز دادەنێین. کەوایە بۆچی ئەو نموونەی دایکێکی شیردەری بەکارهێنا؟ چونکە ویستی کڵێسا لەوە تێبگەن کە چەند خۆشەویستی بۆیان هەیە. ئەوەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی وێنایەک دروست بکات کە دڵنییان پێ بدات تەنها نەیویستووە ڕاستییان فێر بکات، بەڵکو خواستی قووڵی بۆیان هەبوو بۆ کردنەوەی ژیانی بۆیان. پۆڵس سالۆنیکییەکانی نەبینی وەک پارچەکانی ڕۆبۆتێک بۆ بەرزکردنەوەی خۆی. ئەو بە بەنرخ سەیری دەکردن، نەک تەنها بەهۆی تواناکانیان بۆ چاندنی کڵێسا، گەیشتن بەو گەلانەی مزگێنیان پێ نەگەیشتووە، کارکردن بۆ ناوبانگی، یان دووپاتکردنەوەی بەهرەی فێرکردنەکەی. پۆڵس بە قووڵی خۆشیدەویستن. بە گرنگییەکی زۆر بەرزەوە بۆ کڵێسا مزگێنییەکە و ژیانی خۆشی هاوبەشی پێکرد.

پیرانی کڵێسا بە شێوەیەکی دروست شوێنی ئەو نموونەیەی نێردراوانی خودا دەکەون کە لە کردار ٦:٤ وەریان گرتووە و خۆیان بۆ "نوێژ و خزمەتکردنی کتێبی پیرۆز" تەرخان دەکەن. بەهۆی ئەم ئەولەوییەتەوە، خزمەتکردن وەک قەشە دەکرێت هەستی تەنیایت پێ بدات. ڕابەرێکی باش چۆک دادەدات و لەسەر ئەژنۆی کات بە نوێژکردن بە گەلی مەسیح دەبەخشێت. ڕابەرێکی چاک بەنرخەوە سەیری کاتەکانی دەکات بۆ سەعیکردن کاتێک فێربوون بە عەقیدەیەکی دروست بە کڵێساکەی دەدات. ئەم جۆرە کاتانە بۆ نوێژی بێدەنگ و ئامادەکاری دەتوانێت سەرچاوە بگرێت بۆ خۆشەویستی ڕاستەقینەی گەلی خودا.

بەداخەوە، هەروەها ئەوەش ئاسانە بۆ قەشەکان کە کاتی بێدەنگ بەکاربهێنن بۆ دووربوون لە گەلی خودا. ڕەنگە، بەبێ ئەوەی بیزانین کە چی دەکەین، دەرفەتی کردنەوەی ژیانمان لەگەڵ ئەو کەسانە کەمبکەینەوە کە خودا بانگی کردووین تاکو خۆشمان بووێن. ساڵانێک لەمەوبەر هاوڕێیەکم بۆی ڕێکخستم کە گەشتێک بۆ کڵێسایەکی گەورە لە شارەکەماندا بکەم. پێدەچێت هەر بۆ ئاسانکاری کات بۆ نوێژ و خوێندن، قەشەکە ئۆفیسێکی لەناو کڵێساکە دروستکردبوو. وە هاتوچۆیەکی "نهێنی" بوو کە ڕێگەی بۆ خۆش دەکرد بۆ چوونە ژوورەوە و دەرچوون لە سەکۆیەکە بەبێ بینینی خەڵک.

سەرسام بووم بەو ڕاستییەی کە دەتوانێت وتار بۆ کڵێساکە بدات بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەندامەکانی تێکەڵ ببێت. ئایا تۆ هەوڵ دەدەیت بۆ ناسین و ناسراو بوون لەلای ئەو خەڵکەی کە خزمەتیان دەکەیت؟ ئایا خۆشەویستی تۆ بۆ گەلی مەسیح پیشاندراوە بە بەسەربردنی کاتی خۆش لەگەڵیان؟ کردنەوەی ژیانت لەگەڵ ئەو خەڵکەی خزمەت دەکەیت نیشانەی خۆشەویستیەکی کارایە.

## چۆن گەشە بکەین لە خۆشەویستی؟

من نامەوێت دەهۆڵی بەگرمەگرم بم. هیچ ڕابەرێکی دڵسۆزیش نایەوێت وەها بێت. کەواتە چۆن دەتوانین گەشە بکەین لە خۆشەویستی؟

<u>نوێژبکە بۆ ئەوەی مزگێنی دڵت بگۆڕێت</u>. هەتا خۆشەوستی نایابی خودا بۆ گوناهباران دڵت نەگۆڕێت، کەسانی دیکەت خۆشناوێت. هێزی خۆت ناتوانێت پاڵت بنێت بۆ خۆشەویستی. پێویستە ڕۆحی خودا کار بکات پێش ئەوەی سەرسامبیت بە خودا کە*"خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستین، بەوەی مەسیح لە پێناوی ئێمەدا مرد، کاتێک هێشتا گوناهبار بووین" (ڕۆما ٥:٨)*. ئەو خۆشەویستییەی کە پیشانی کەسانی دیکەی دەدەین، زۆر کەمترە لەو خۆشەویستییەی کە خودا پیشانی داین. نوێژ بکە کە مزگێنی پاک بە شێوەیەکی بەهێز ژیانی تۆ بگۆڕێت.

<u>دڵت بیشکنە بۆ نیشانەکانی لووتبەرزی و خۆپەرستی</u>. هەرچەندە هێندەی ددان هەڵکێشانێک ناخۆشە، بەڵام زۆر گرنگە. ئایە دڵت دەشکێت کاتێک گرنگیت پێ نادرێت؟ ئایە توورە دەبیت کاتێک ڕازی نابیت بە ئەنجامی دەنگدانی کڵێسا؟ ئایە دەترسیت کە ئاگاداری کەسانی دیکە بکەیتەوە لە گوناهەکانی ژیانیان؟ وەڵامی تۆ بۆ ئەم پرسیارانە نیشانی دەدات ئایە ڕێگری لە خۆشەویستی دەکەیت یان. خراپتر لەوە، نیشانی دەدات کە خۆشەویستیت نییە. کاتێک بەراستی ئەوانی دیکەت خۆشدەوێت، پێویست نییە لەگەڵت هاوڕابن یان ستایشت بکەن. خۆشەویستیت بۆیان لەسەر مەرجی پەسەندکردنی تۆ نییە.

<u>ژیانت بۆ کەسانی دیکە بکەرەوە</u>. نموونەکان زۆرن: گفتوگۆ دوای خزمەت، یەکتر بینینێک بە چا خواردنەوە بۆ باسکردنی تەندروستی ڕۆحیت، میوانداریکردن لە ماڵەوە بۆ ژەمەکان، نامەیەک بۆ هاندانی ئەندامێکی ئازارچەشتوو، بەشداریکردن لە گرووپی بچووکی دراسەی کتێبی پیرۆز کە تۆ ڕابەرایەتی ناکەیت. زۆر ڕێگا هەن کە دەتوانین شوێنی نموونەی پۆڵسی لێوە بکەوین و هاوبەشی بکەین *"نەک تەنها مزگێنی خودا، بەڵکو خۆشمان."*

<u>لە ڕێگەی ململانێوە خۆڕاگر بن</u>. ئەگەر خزمەت بەراورد بکەین بە چیرۆکی یونس، وەک ئەوە وایە کە جارێک کەسێک پێی وتم کە ئاسانترە بۆ ئێمە سواری کەشتی ببین بۆ چوونمان بەرەو تەرشیش لەوەی بە ڕێگادا بچین بەرەو نەینەوا. ئەوە ڕاستە. خۆشەویستی وامان لێدەکات ڕێگا قورسەکە بگرین. ئەمە واتای ئەوەیە کە لە هاوسەرگیرییەکەمان و هاوڕێکانمان ڕا نەکەین و تێناپەڕین بۆ کارێک یان کڵێسایەکی ئاسانتر. ئەگەر خەڵک تەنها وەک پارچەکانی ڕۆبۆتبن بۆ ئێمە، کاتێک کە ژەنگ دەکەن وازیان لێدەهێنین. بەڵام ئەگەر خۆشمان بوێن، گرنگییان پێدەدەین تەنانەت دوای تێکچوونی بەشەکانی ڕۆبۆتەکە.

## "دەستی لە بەختەوەری خۆی بەردا"

"ڕابەرەکان، ڕابەری دەکەن. شوێنکەتووان، شوێندەکەوون ." ئەمە هەستێکی گشتییە و بێگومان هەندێک ڕاستی تێدایە. بۆ سەرکەوتووبوونی پیران و ڕابەرانی مەسیحی، پێویستە ڕێگایەک دیاری بکەن. بەڵام ئەگەر هەموو کەس ڕێگای خۆی دیاری بکات، ئەوا بێسەروبەری ڕوودەدات. بۆیە پێویستە شوێنکەتووان، شوێنبکەوون. شتێکی چاکە.

جارێک گوێم لە قەشەیەک بوو کە هەواڵی دەدا لەسەر کڵێساکەیان کە چۆن دەڕوات لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی لەوێ ڕابەرایەتی دەکات. لەبەر چەند هۆکارێک، خزمەتکردن بۆی قورس بوو. وەک زۆرێک لە قەشە گەنجەکان، باوەڕێکی بەهێزی هەبوو کە پێویستە کڵێساکە چۆن بێت. زانیارییەکی زۆری لەسەر ئینجیل و هەموو خاڵە ڕاستییەکانی هەبوو: وتاردانی ڕوونکردنەوەی، خواناسی ڕاستەقینە، ئەندامێتی کڵێسا بە

وریایی، هەموو ئەوەی کە وایدەزانی گرنگترینە. زۆر قەشە وەک ئەو بە بەرچاو ڕوونی خزمەت دەکەن بۆ ئەوەی کڵێساکەیان چۆن بێت و زۆرجار ڕاستن. ئەوان وشەی "ڕابەرەکان، ڕابەرایەتی دەکەن" قبوڵ دەکەن.

کاتێك هاوڕێکەم ڕاپۆرتەکەی لەسەر کڵێساکە باس دەکرد، بە چاوی پڕ لە فرمێسک ووتی، "من هاتم بۆ گۆڕینی کڵێسا، بەڵام کڵێسا منی گۆڕی." ئەو هێزی خواناسی ڕاستەقینەی لەدەست نەدا. ئەو نەخشەی خۆی بۆ داهاتووی کڵێساکە پاراست. بەڵام لە پڕۆسەی قەشایەتیکردنی باوەڕدارەکان، کاتێک ژیانی بە تاقیکردنەوە تێپەڕی، تێگەیشت کە ئەو پێویستی بە ئەوانە و ئەوانیش پێویستیان بەوە. لەو فرمێسکانەدا، خۆشەویستی ئەوم دەبینی بۆ ئەندامانی کڵێساکەی کە خودا بانگی کردووە خزمەتیان بکات. ئەو وانەیەکی بەنرخ فێربوو کە ڕابەرەکان تەنها ڕابەرایەتی ناکەن، بەڵکو خەڵکیان خۆشدەوێت. وە لە خۆشەویستیدا، ئێمە زیاتر لە عیسا دەچین. قەشە جۆناتان ئێدواردز چاکی ووتووە:

*"خۆشەویستی مەسیح بۆ ئێمە ئەوندە زۆر بوو، کە خۆی لە پێناو ئێمەدا بەختکرد. خۆشەویستی مەسیح، لەسەرووی هەستەوە بوو، نەک لە هەوڵی ئاسان و قوربانیدانی بچووکدا، بەڵام هەرچەندە ئێمە دوژمن بووین، کەچی ئەوەندە خۆشی دەویستین، کە دڵی هەبوو نکوڵی لە خۆی بکات و گەورەترین هەوڵەکان بگرێتە ئەستۆ و گەورەترین ئازارەکان تێپەڕێنێت، لە پێناو ئێمەدا. دەستی لە بەختەوەری، ئاسوودەی، بەرژەوەندی، وە شانازی و سامانی خۆی بەردا. بەڵام بووە هەژار، ڕەتکراوە، ڕق لێبووەوە، وە شوێنی نەبوو سەری خۆی لێدابنێت، ئەمانەش هەمووی لە پێناوی ئێمە".*[8]

"خزمەتکردن باش دەبوو ئەگەر بۆ هەموو خەڵک نەبووایە". ئەمە بەتەواوی هەڵەیە. قەشایەتیکردن لە بەرهەمی ڕۆحی پیرۆزدا بە خۆشویستنی خودا و ئەو مەڕانەی کە بە بەخشندەیی لە ژێر چاودێری تۆدا دایناوە دەست پێدەکات.

# ٢

# واز لە گەڕان بهێنە بۆی

## خۆشەویستی، **خۆشی**، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی، بەسەرخۆدا زاڵبوون

دەزانم پێویستە دڵشاد بم بە خودا. زۆر گوێم لەوە بووە کە ئامانجی سەرەکی مرۆڤ ئەوەیە کە خودا شکۆدار بکات و بۆ هەمیشە خۆشی لەوە وەربگرێت[9]. بە دڵنیاییەوە پۆڵس گاڵتەی نەدەکرد کاتێک ڕایسپارد بوون، "هەمیشە بە عیسای خاوەن شکۆ دڵشاد بن. دیسان دەیڵێمەوە، دڵشاد بن!" (فیلیپی ٤:٤). جەختی لە قسەی خۆی کردەوە. دڵشادی وەکو گۆڕینی بەرگی کوشنی سەیارەکەت ئەختیاری نییە. خۆشی ئیجبارییە و زۆریش گرنگە. دڵێک کە بە مەسیح خۆش نەبێت ئەوا مەسیح ناناسێت. کتێبی پیرۆز ڕوونە: پێویستە دڵشاد بم. ئەمە تێدەگەم. وە زیاتر لەوەی تێدەگەم، دەمەوێت دڵشاد بم. بەڕاستی دەمەوێت دڵشادبم. بەڵام بۆچی ئەمە ئەوندە قورسە؟ زۆرجار خەمبارم، هەندێکجاریش بەبێ هۆکارێکی دیار. هەندێک جار وشەکانی خودا وەک باران لەسەر سەقفێکی جەمەلۆنی لە دڵم دەدەن بەڵام دەپەڕن. دەزانم تەنیا نیم. جارێکیان وتارم لەسەر زەبوورەکان ٢٨ دا. ناوم لێنا "ژیری بۆ خەڵکی خەمۆک". پاشا داود بە چەند وەرزێکی خەمۆکی ترسناکەوە گیرۆدە بووە، کاتێک وا دیار بوو کە خودا لێی دوور بوو. دوای ئەو وتارە لەسەر زەبووری ٢٨ چەند گوێگرێک سەبارەت بە ململانێکانیان لەگەڵ

خەمۆکیدا خۆیان بۆ کردمەوە. دەیانوویست خۆشی زیاتریان هەبێت، بەڵام زەحمەت بوو بۆ دۆزینەوەی. ئەمە تێدەگەم.

شەڕ بۆ دۆزینەوەی خۆشی زۆر ماندووت دەکات. خۆشی جیاوازە لە بەروبوومە ڕۆحییەکانی دیکە. با بۆتان ڕوون بکەمەوە بۆچی جیاوازە. کاتێک هەست بە خۆشەویستی بۆ هاوسەرەکەم ناکەم، دەزانم کرداری خۆشەویستی هەن کە پێویستە بیانکەم. دەتوانم نامەیەکی هاندانی بۆ بنێرم، یان گوڵی بۆ بهێنمەوە، یان زیاتر لە پێویستی ماڵەوە یارمەتی بدەم. لەمانەدا هیچ دووڕوویییەک نییە. خۆشەویستی کەمتر نییە لە کردار بەڵام زیاتریشە لەوە. دەزانم هاوسەرەکەمم خۆشدەوێت، بۆیە کردارە خۆشەویستییەکان ئەکەم و چاوەڕوان دەبم هەستەکانم بگەڕێنەوە. هەروەها، کات هەن کە هەست ناکەم ئاشتیم لەگەڵ هاوڕێ یان ئەندامێکی کڵێسادا هەیە. هەرچەندە هەست بە ئاشتی ناکەم، هێشتا دەتوانم زمانم کۆنترۆڵ بکەم و وشە بەکاربێنم بۆ بەرەکەتدارکردن لە شوێنی نەفرەتکردن. دەتوانم لەو کەسانە خۆشببم کە گوناهەم بەرامبەر دەکەن (پەندەکان ١١:١٩) یان لە پێناوی هیوای ئاشبوونەوە گفتوگۆی قورس بکەم. بە شێوازێکی تر، هەرچەندە کاتێک هەست بە ئاشتی ناکەم، دەزانم کرداری ئاشتییانە هەن کە دەتوانم بیانکەم. شەڕ بۆ خۆشەویستی و ئاشتی دەتوانرێت بە کردارە تایبەتییەکان بکرێت. بەڵام شەڕ بۆ دڵشادی جیاوازە. هەموو کاتێک ڕوون نییە جێبەجێکردنی کردارە دڵشادانەکان چۆن دەردەکەوێت. زیاتر لەوە، کردارەکانی خۆشی هەستی خۆش دروست ناکەن. پزیشکی دەروونناسی هارڤەرد، ئەیمی کودی، خۆی بەناوبانگ کرد بە ئەم فێرکردنە "ساختەی بکە تا پێی دەگەیت." دەڵێت ئەگەر چەند خولەکێک بەسەر بەریت بە زمانی جەستەی متمانە بەخۆبوون، دەتوانیت دانووستان لەسەر مووچەیەکی زیاتر بکەیت و بەدەستی بهێنیت.[10] لەوانەیە ئەمە ڕاست بێت و لەوانەشە ڕاست نەبێت. بەڵام ناتوانیت خۆشی لە ناو دڵت درووست بکەیت. ناتوانیت ساختەی بکەیت. خۆشی فریودانی هەستی ڕەتدەکاتەوە.

## خۆشی لە خزمەتکردنی کڵێسا

زۆربەی قەشەکان بە شەخسی وەریدەگرن کاتێک ئەندامانی کڵێساکەیان ململانێ دەکەن. وەک چۆن مێرووەکان دار هەنجیر دەجوون تا دەبێتە تۆز، کێشەکان هێرش دەکەنە سەر خۆشی خزمەتی کڵێسا. بە پێی توانای بیرکردنەوە، هەموو ڕابەرێکی باوەڕدار بە مەسیح دەزانێت ئەمە نابێت بەو شێوازە بێت. پۆڵس ڕێگایەکی دۆزیەوە بۆ دڵشاد بوون لە تاقیکردنەوەکانیدا. "ئەگەر پێویست بە شانازیکردن بکات، ئەوا بەو شتانەوە شانازی دەکەم کە لاوازیم دەردەخەن" (دووەم کۆرنسۆس. ١١:٣٠). ئەگەر پۆڵس توانی ئەوە بکات، ئێمەش دەتوانین. بەڵام زانینی لاوازییەکانمان زۆر ئاسانترە لەوەی کە شانازی بە لاوازییەکانمانەوە بکەین.

لاوازییەکانی قەشە هەموو ڕۆژێک لە هەفتەدا دەردەکەون. هەندێک دەڵێن زۆر کار دەکات (کاتی خێزانی گرنگی پێ نادات). هەندێک دەڵێن کەم کار دەکات (ڕێگای کورت دەگرێتە بەر بۆ ئامادەکردنی وتار). هەندێک دەڵێن زۆر دەچێتە میوانی (ئیهمالکردنی نوێژ کردن و خزمەتی ڕاگەیاندنی پەیامی خودا). هەندێک دەڵێن کەم سەردانی دەکات (شکست دەهێنێت لە زانینی ژیانی ئەندامەکانی). هەندێک دەڵێن وتارەکانی زۆر درێژە ("ئایە نازانێت ناتوانم هەمیشە دابنیشم؟"). هەندێک دەڵێن وتارەکانی زۆر کورتە ("ئایە لە ڕای خەڵک دەترسێت؟"). بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت، ڕەخنەکان کۆدەبنەوە و قەشەکە خۆشی تێدا دەڕووخێت.

قەشەیەکی گەنج کە زۆر نارەحەت بوو ئیمێڵێکی بۆ ناردم. ئەو لە کڵێساکەیدا لە نیو ئینگلاند، ڕووبەڕووی بەربەستی زیاتر لەوەی کە چاوەڕوانی کردبوو بوو بۆوە. وەک یاقوب لە کتێبی پیرۆز حەوت ساڵ کاریکرد، ئەویش بە ماندووی کاریکرد. لە پێناوی باشبوونی کڵێساکە و شکۆدارکردنی ناوی مەسیح، زۆر هێز و کاتی خۆی بە کڵێساکە بەخشی. شتەکان بەو شێوەیە نەڕۆشت کە ئەو هیوای خواستبوو بۆیان. قورس نەبوو ئازارەکەی ببینرێت. ئەو وتی: "زۆر لە ماندووبوون زیاتر ماندووم و بێ هیوام و ماندووم لە شەڕکردن".

لەبەر ئەوەی سەدەها میل دوور بوو، نەمتوانی بە شێوەیەکی تەواو کێشەکانی ئەم برایە چارەسەر بکەم. بەڵام هەوڵم دا بە باشترین شێواز وەڵامی بدەمەوە. "لایەنی ڕۆحیت چۆنە؟" پرسیارم کرد. "هێشتا کات لەگەڵ خودا بەسەر دەبەیت، نوێژ دەکەیت و متمانە بە نیعمەتەکەی دەکەیت؟ ئایە سەرسامیت بە نیانی خودا لە ڕزگارییەکەت؟ یان ڕزگاریت، بە هەر هۆیەک، وەک هەواڵێکی بێزارە؟"

وەڵامی دا، "لایەنی ڕۆحیم باش نییە. بەڕاستی ئەتوانم بڵێم، خواردنی ڕۆحیم بۆ کەسانی دیکە ئامادە دەکرد، کەچی خۆشم خەریک بوو لەبرسا دەمردم. کاتی نوێژکردنم کەم بوو، وە دڵیشم سارد ببۆوە بۆ شتەکانی پەروەردگار." ئەمەوێت بزانم چەند قەشە بەهەمان شێوە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە. تۆ چۆن وەڵام دەدەیتەوە؟ ئەگەر خەمۆکیت، ئەوە بزانە تەنیا نیت. هیوایەک هەیە بۆ تۆ، بەڵام پێش ئەوەی کە ئاسوودەت بکات لەوانەیە کەمێک ئازارت بدات. ئاسانترە لەوەی کە پێت وایە خۆشی لە ڕێژەی خزمەتکردنت لە کڵێسادا بدۆزیەوە. ئەمە هەڵەیە چونکە ئەوانەی کە کڵێساکەیان یان کارەکانیان دەکەنە بت، خۆیان بە ئازاردراوی دەبیننەوە کاتێک کە ئەنجامەکەیان پێ پەسەند نییە. خۆشی خزمەتکردنی مەسیح ناتوانرێت لە خزمەتکردنەوە بدۆزرێتەوە بەڵکو خۆشی ڕاستەقینە دیارییەک و بەروبوومێکی ڕۆحی پیرۆزە.

خۆشی شتێکە کە پێویستە هەمانبێت. هەرچەندە خۆشی مەسیحییەت سەرنجڕاکێش دەکات، بەڵام ئەوە هۆکار نییە کە دەبێت خۆشیمان هەبێت. هەروەها لەبەر ئەوەش نییە کە ڕابەرە چاکەکان دڵشادن، هەرچەندە زۆربەشیان وەهان. نەخێر، لەبەر ئەوانە نا بەڵکو پێویستمان بە خۆشییە چونکە بوونی بە شێوەیەکی بەهێز نیشانەی ئەوەیە کە خودا بۆمان گرنگترە لە هەر شتێکی تر. خۆشی بەشێکی بەنرخی بەروبوومی ڕۆحی پیرۆزە. کەواتە خۆشی چییە؟

## نەبوونی ئازار نییە

خۆشی نەبوونی خەم نییە. گرنگە لێرە دەستپێبکەین چونکە زۆر باوەڕدار لە تەمی شەرمدا دەژین. ئەوان وەها بیر دەکەنەوە کە

خەمەکانیان تاوانە. بەڵام ئەمە هەموو جارێک ڕاست نییە، ئەگەر وا بڵێین کە خۆشی نەبوونی خەمە، ئازارەکانمان بێ بایەخ دەکات و لەوەش گرنگتر، لە کتێبی پیرۆز بە هەڵە تێدەگەین. خۆشی و خەم زۆرجار تێکەڵ دەبن. نووسەرانی زەبوورەکان هەرگیز خەمەکانیان ناشارنەوە:

*"ئەی یەزدان، من بۆ تۆ هاوار دەکەم، ئەی تاشەبەردەکەم، گوێی خۆتم لێ کەڕ مەکە"*
*(زەبوورەکان ٢٨:١).*

*"ئەی یەزدان، لەگەڵم میهرەبان بە، چونکە لە تەنگانەدام. چاوەکانم کزبوون لە خەفەتان، ژیانم بە خەم و خەفەت فەوتاوە، ساڵانی تەمەنم بە ئاخ هەڵکێشان، لەبەر دەرد و بەڵا هێزم لێ براوە، ئێسقانەکانم پووکاونەتەوە"*
*(زەبوورەکان ٣١:٩–١٠).*

*"بە شەو و ڕۆژ فرمێسکەکانم بوون بە خۆراکم، لە کاتێکدا بە درێژایی ڕۆژ پێم دەڵێن: «کوا خوداکەت؟»"*
*(زەبوورەکان. ٤٢:٣)*

ئەم نووسەرانە هەوڵیان نەدا کە شتێک ساختە بکەن تا ببێتە ڕاستی لە ژیانیان. لە ڕابەرێک بپرسە چۆنیت و زۆرجار دەڵێت، "باشم." بە کەمی گوێت لە ڕوونی تەواو دەبێت لەسەر ژیان وەکو دەیبینیت لە کتێبی زەبوورەکان. کراوەبوونی ژیانت لەسەر ڕاستی تاقیکردنەوەکانت گرنگە. هەمووومان ڕووبەڕووی ماوەی خەمباری دەبینەوە. بەڵام، گرنگە کە بیر لەوە بکەینەوە کە نووسەرانی زەبوورەکان دڵنیا بوون لەسەر دڵسۆزی خودا هەرچەندە لەکاتی خەمباریشدا بوون. لە زەبووری ٢٨، داود بارگرانبوو بەوەی کە وەها دیاربوو یەزدان خۆی کەڕ کردووە لە ئەو، بەڵام هێشتا داود بانگی یەزدان دەکات وەک تاشەبەرد (٢٨:١). کاتێک کە بارودۆخی داود لە شکان نزیک بوو، داود بانگی خەڵکی دەکات بۆ ئەوەی پشت بە خودای دڵسۆز ببەستن: "ئازابن و دڵتان بەهێز بکەن، ئەی هەموو ئەوانەی هیواتان بە یەزدان هەیە." (٣١:٢٤). باوەڕی داود بە خودا قووڵتر بوو لە هەستی نائومێدی و خەمۆکی: "ئومێدت بە خودا هەبێت، چونکە من هەر ستایشی ئەو

دەکەم، ئەو ڕزگارکەر و خودامە." (١١:٤٢). لە گۆرانییە ڕۆحییەکانی گەلی خودا دا، دەبینین خەم و خۆشی زۆربەی کات پێکەوەیە. بۆ زیاتر سەلماندن، پێویست نییە لەلای عیسای مەسیح زیاتر بۆ هیچ لایەک بچین، کە لەسەر گۆڕی هاوڕێکەی لەعازر گریا. (یۆحەنا ١١:٣٥). عیسا دڵشادی ساختە نەکرد. گۆرانییەکی دڵخۆشانەی نەگووت. نەخێر، لەجیاتی ئەوە عیسا گریا. وە هۆکاری گریانەکەی سروشتی یان بەهۆی کۆمەڵگاوە نەبوو. گریا چونکە کاردانەوەکەی لەخوا ترسانە بوو. ئەوەی هەموو کاتێک دڵشادی لە باوکییەوە بوو، فرمێسکەکانی ڕژا بۆ هاوڕێیەکەی. دڵشادی نەبوونی خەمباری نییە.

## نەک بە بوونی خەندەیەک

خۆشی تەنها بوونی زەردەخەنە نییە، یان نمایشێکی ماندووانە و گەشبینی قووڵ نییە. ئاسانە سەیری کەسێک بکەیت کە پێکەنینێکی زۆری لەسەر دەموچاوە و وا داینێین کە پڕە لە دڵشادی. بەڵام پێکەنین هەمووکاتێک نیشانەی دڵشادی نییە.

سەرۆکی پێشووی ئەمریکا فرانکلین دی ڕووسڤێلت لە ڕێگەی بەهێزی کەسایەتییەکەیەوە ئەمریکای لە زەمەنی گرانییە گەورەکەدا بەڕێوەبرد. کەسایەتییە دۆستانەکەی دڵی هەمووانی ڕازیکرد و قسەکانی پڕ بوون لە خۆشی. بەڵام ڕوونە کە لە دڵەوە هەستی پێ نەکردووە. مێژووناسان پێمان دەڵێن کە دڵخۆشی ڕووخساری وەهمێک بوو. هەموو ژیانی ڕۆژانەی پڕ بوو لە ناخۆشی. بۆچی بەو شێوەیە ماسکێکی لەبەر کردبوو؟ ڕۆزڤێلت باوەڕی وەها بوو کە نیشتمان پێویستی بە سەرۆکێکی گەشبین هەیە. هەرچەندە، هەست و دەروونی لە ناخییەوە بێ ئومێد بوو بەڵام بەردەوام بوو لە لەبەرکردنی ماسکی گەشبینی. لە ژیانی ڕۆزڤێلت دەبینین کە گەشبینی و دڵخۆشی بە تەواوی دوو تایبەتمەندی جیاوازن. گەشبینی دەکرێت ساختە بکرێت، بەڵام ناتوانرێت خۆشی ساختە بکرێت.

بێگومان، باوەڕدارانی مەسیح هۆکارێکی قووڵیان هەیە بۆ گەشبین بوون. ئێمە دەزانین کە لە کۆتایی دا، خودا سەردەکەوێت. بەڵام ڕۆژ

هەیە وەک ڕۆزڤێلت، دەمەوێت خۆم وا پیشان بدەم کە خۆشحاڵم. ئەو کاتەیەی ناخۆشی دڵم پڕ دەکات، خەندە دەکەمە سەر ڕووخسارم. ئەو زەردەخەنەیە دەکرێت وەک دڵشادی بێت، بەڵام هەندێک جار دڵشادی نییە. کڵێسا بەهێزتر دەبێت ئەگەر قەشەی زیاتر لەسەر ئازارەکانیان قسە بکەن و ڕاستگۆبن وەک ئەوەی کە ڕاستگۆن دەربارەی سەروەری خودا. دەمەوێت لەو بابەتەدا گەشە بکەم. ئەگەر تۆ قەشەبیت یان نا، هەر قورسە بڵێیت: تەندروستی ڕۆحیم باش نییە. زۆربەی خەڵک چاوەڕوانن تۆ بەخۆشی خزمەت بکەیت لە کڵێسا، وە گەشبین بیت دەربارەی داهاتووت و لایەنی ڕۆحیت. بەردەوام بە تاقیکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەدا تێدەپەڕین کە کەسێک بتوانێت ڕووخساری گەشبین پیشانبدات و دڵی نەکاتەوە.

گەشبینی دەکرێت کەم بێت، بەڵام خۆشی ڕەگی لەدڵدا بە قوڵی چەقاندبێت. کاتێک کۆدەبیتەوە لەگەڵ خەڵکی کڵێساکە، گریمانەی ئەوە مەکە هەموویان دڵخۆشبن. بەڵێ، گۆرەکە بەتاڵە و باوەڕدارانی مەسیح کۆبوونەتەوە بۆ دڵخۆشی. بێگوومان ئەم ڕاستییە دڵی زۆر کەس هاندەدات و ڕووخساری زۆر کەس دەدرەوشێنێتەوە. بەڵام لەوانەیە لە پشت ئەو خەندەیانەوە دڵانێک هەبن کە بەهۆی گوناە و خەمەکانی جیهانەوە شکاون. بەتەنها بوونی زەردەخەنەیەک هیچ گەرەنتییەکی خۆشی ڕاستەقینەی نییە.

## ڕێژەیەکی گونجاوی ڕاستگۆی؟

گرنگە خزمەتی کڵێسا بە ڕاستگۆیی و ڕوونی بناسرێت. ئەوە ڕاستگۆیی نییە ئەگەر نەهێڵین خەڵک بزانێت کە بەڕاستی چۆنین. ڕابەری باش دەزانێت کە چۆن دڵی دەکاتەوە بەبێ ئەوەی کە ئەوانی دیکە بەرەو نائومێدی بچن. من خۆم ئەمەم هەمووکاتێک بەباشی نەکردووە. چەند ساڵێک لەمەوبەر هەستم بە نائومێدی کرد کاتێک کە کڵێساکەمان بە شێوەیەکی جدی بە گۆڕانکارییەکی توند دا تێپەڕبوو. دەرچوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی کڵێسا کاریگەری لێکردم. لە خراپترین ڕۆژەکانمدا، نەمدەزانی چەندێک زیاتر دەتوانم بەرگە بگرم. لەو ماوەیەدا، ژن و مێردێکی دڵسۆز هاتنە ماڵمان بۆ گفتوگۆ کردن.

هاتن بۆ ماڵمان چونکە ئەو شتانەیان خۆشویست کە لە کڵێسا بینیبوویان و ویستیان ببنە بەشێک لەو گۆڕانە. دەیانزانی هەمووشتێک وەکو گوڵەباخ جوان نییە، بەڵام دڕکیشیان لێ نەبینی. کاتێک قسەمان دەکرد لەسەر داهاتووی کڵێسا، خەریک بوو دڵم لە دەممەوە دەردەچووە دەرەوە و بە گاڵتەیەکی ڕەقەوە ووتم: "بە دڵنیاییەوە، بەس ئەگەر کڵێساکە مایەوە." دەمووچاوی ژنەکە سەرسامی پێوە دیار بوو. ژنەکە لە دڵی خۆیدا ووتی: "ئایە بارودۆخەکە ئەوندە خراپ بووە؟"

نەمدەزانی چۆن بە ڕاستگۆی لەسەر ململانێکانم بەبێ بێئومێد کردنی ئەوانی دیکە قسە بکەم. بەڵام وتاردەری بەناوبانگ چارلز سپێرجن زانی چۆن ئەمە بکات. زاک ئەسکواین وەسفی تواناى سپێرجنی کرد لە باسکردنی خەمۆکییەکەی، لە کاتێکدا کە ئەندامانی کڵێساکەشی سەرنجیان کردبووە سەر مەسیح. لە یەکێک لە خزمەتەکانی کڵێسا، سپێرجن بە ڕاستگۆیانە بە کڵێساکەی ووت: "ئەم بەیانییە خەریکبوو پەشیمان ببمەوە کە بێمە سەر ستەیجەکە، چونکە هەست دەکەم بە تەواوی بۆ قازانجتان ناتوانم وتار بدەم." سپێرجن بەهۆی کارەساتێک کە چەند هەفتەیەک پێشتر ڕوویدا لە کڵێساکەی زۆر ڕووخا بوو. کەسێک بە درۆوە هاواری کرد "ئاگر!" لەبەر ئەوە خەڵکەکە ڕایانکردە دەرەوە و کەسانێک بریندابوون و هەندێکیش مردن. لەو کاتە خەمبارەیدا، بە کڵێساکەیی ووت بە زەحمەتێکی زۆرەوە وتار دەدات.

بەڵام باوەڕی سپێرجن بە پەروردگار زۆرتر بوو لە بێ هیوایدا و بۆیە لە سەرەتای پەیامەکەی نوێژی کرد و گووتی **"ئەی ڕۆحی خودا، هێزی خۆتم پێ ببەخشە لە لاوازی خزمەتکارەکەتدا و توانای پەرستنی خۆتم پێ بدە، هەتا ئەگەر دەروونیشم نائومێدە."**[11] هەرچەندە سپێرجن نا ئومێد بوو بەڵام هیوایەکی هەبوو کە خودا کاری چاکی خۆی دەکات. وەک ئەوەی بە زووی دەبینین، سپێرجن زانی چۆن سەرنجی لەسەر پەروەردگار دابنێت.

هەتا لە خراپترین ڕۆژەکانت، گرنگە بۆ ڕابەرەکانی خزمەت کە متمانە بە مەسیح بکەن. لەدوای هەموو ئەمانە، کاتێک کە هەمووشتێک تەواو بوو، مەسیح لەسەر تەختەکەیەتی و سەرکەوتووە و دەروازەکانی

دۆزەخ هەرگیز بەسەر کڵێسادا زاڵ نابن (مەتا ١٦:١٨). ئەمە هەواڵێکی زۆر خۆشە. لە قووڵترین قۆناغدا، هەموو باوەڕدارێکی مەسیح دەتوانێت بە تەواوی گەشبین بێت، چونکە کارەکانی خودا لە مێژوودا بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەی دانراوە و هەرگیز ناتوانرێت بلەقێندرێت، نە ئەمڕۆ، نە سبەی، نە هەفتەی داهاتوو. لەوانەیە خزمەتی ئێمە لە کێشەدا بێت، بەڵام پلانی خودا هێشتا بەردەوامە. خۆشی نەبوونی خەم نییە. هەرچەندە، ڕابەرێکی زۆر ململانێی خەمۆکی دەکەن بەڵام لەهەمان کاتدا ئەزموونی خۆشیش دەکەن. خۆشی تەنها بوونی خەندە نییە. تەنها لەبەر ئەوەی کە قەشەکە گەشبینە مانای ئەوە نییە کە دڵخۆشە، چونکە گەشبینی دەکرێت ساختە بکرێت.کەواتە خۆشی چییە؟

## خۆشی ئەمەیە

خۆشی باوەڕێکی دڵشادانەیە لە خودای سیانە (باوک، کوڕ، ڕۆحی پیرۆز) کە پلانی ڕزگاری دانا، ئەنجامیدا، وە جێبەجێی کرد.[12] گەلی خودا بە دڵخۆشییەوە وەڵامی کەسایەتی خودا و کردارەکانی دەدەنەوە. خۆشی هەستکردنێکی ناوەکییە کە خۆی دەردەبڕێت لە ڕێگەی ستایش و گۆرانییەوە. ئەو خودایەی کە لەگەڵ گەلی خۆی نیشتەجێیە ئیلهامی دایە نووسەری زەبوورێک تاکو بڵێت "هەلهەلە لێدەدەن" (زەبوورەکان ٨٤:٢). ئەو خودایەی کاری مەزنی کرد خودایەکە کە دەتوانین لەوەوە "شاد و دڵخۆش بین" (یۆئێل ٢:٢١). وە کاتێک کە وەزیرە حەبەشییەکە ڕزگاری وەرگرت بە مزگێنییەکەی کە فلیپی پێی دا، "بە خۆشییەوە بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت" (کردار ٨:٣٩).

ڕاندی ئەڵکۆرن، بەپێی قسەی مزگێنیدەر ئیمی کارمایکڵ وەسفی خۆشی دەکات بە "بەختەوەری جێگیر." ئەوە دیارییەکی خودایە کە "ئەمڕۆ هی ئێمەیە چونکە مەسیح لێرەیە، سبەینێش هی ئێمەیە چونکە مەسیحمان لەگەڵە، وە بۆ هەتاهەتایەک هی ئێمەیە چونکە هەرگیز وازمان لێ ناهێنێت."[13] هاوڕام لەگەڵ کارمایکڵ و ئەڵکۆرن کە خۆشی "بەختەوەری جێگیرە" وە جێگیرە چونکە ڕەگی داکووتاوە بە گۆڕینی ژیان بە باوەڕ کە دەزانێت خودا ناوازەیە. گەشبینی کەم دەبێت کاتێک داهاتوو تاریک دیارە، بەڵام هیچ شتێک ناتوانێت ڕەگی خۆشیمان

بلەرزێنێت، چونکە ڕەگی خۆشیمان خوایەکی پیرۆز، خۆشەویست، دڵسۆز، و نەگۆڕە. دووەم پوختەی مێژوو ٢٠ یەکێکە لە باشترین شوێنەکان بۆ بینینی ئەمە. پاشا یەهۆشافات لە لێواری جەنگێکی پاڵەوانانەدایە. لە دژی هاوپەیمانییەکی گەلان کە هێزی سەربازیی زۆریان هەبووە و خۆیان بۆ داگیرکردنی یەهودیا ئامادە کردووە. (٢٠: ١-٣). لە ناوەڕاستی ئەم بارودۆخە خراپەدا، یەهۆشافات هەموو گەلەکەی کۆکردەوە و تاکە کرداری دروستی کرد و هاواری بۆ یەزدان کرد. یەهۆشافات لەکاتی لاوازیدا بە ڕاستگۆیی نوێژی کرد: "ئێمە توانامان نییە بەرامبەر ئەو سوپا زۆر گەورەیەی پەلامارمان دەدەن. ئێمە نازانین چی بکەین" (١٢:٢٠).

ئەمە نوێژێکە پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە. کاتێک داهاتووی کڵێساکە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. کاتێک تەندروستی منداڵێک جێگیر نییە. کاتێک متمانەت بە تواناکانی خۆت بۆ ڕابەریکردن کەمترە لە هەر کاتێک لە پێشتر، چی تر هەیە کە بیکەیت بێجگە لەوەی کە بڵێیت، "خودایە، نازانم چی بکەم؟" وەک یەهۆشافات، ئەوانەی خەمۆکیان هەیە، هەست بە لاوازی دەکەن. عیسا هەرگیز شکستی نەهێنا لە متمانە کردن بە باوکی ئاسمانی، بەڵام زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە لەم جیهانە ئازاری چەشت. کاتێک ڕووبەڕووی گوناه و مردن بۆوە، عیسا لە لاوازیدا پاڕایەوە، "باوکە، ئەگەر دەتەوێت، ئەم جامەم لەسەر لاببە" (لۆقا ٤٢:٢٢). عیسا ڕێگایەکی کەم ئازارتری دەویست لە شوێنی لەخاچدان. ئەمە شتێکی نامۆ و گوناه نییە کە ئەزموونی دڵتەنگی و خەم بکەین لەکاتی تەنگانەدا. لەوانەیە دوژمنەکە لە دەوورمان بێت وەکو شێرپەنجە، ئێش لەدەستدان، یان منداڵی بێ باوەڕ. یان دوژمنەکە دەکرێت لە ناو خۆمان بێت وەک: هەستی تەنهایی، کەموکورتی، یان شیوەن. داناییە کە ببینین و دانبنێین بە لاوازییەکانمان.

یەهۆشافات تەنانەت لەوە زیاتریشی کرد؛ کۆتایی بە نوێژەکەی هێنا بە وشەی دڵنیایانەی دڵخۆشی لە خودای سەروەر. بە باوەڕ نوێژی کرد "بەڵام چاومان لە تۆیە" (دووەم پوختەی مێژوو ١٢:٢٠). ئەم وشە سادانە هیوا بۆ خودا پیشاندەدات. بەو قورسییەدا تێدەپەڕی کە سەرنجی بکاتە سەر "سوپایەکی زۆر گەورە" بەڵام یەهۆشافات ئەوەی هەڵبژارد

سەرنجی بکاتە سەر یەزدانی مەزن. لە شوێنی ملکەچبوونی بە ترس و دڵەڕاوکێ، بە ستایشەوە سەیری یەزدانی دڵسۆز و بەهێزی کرد. لەکاتی قورسییەکی قووڵدا یەهۆشافات بە دڵشادییەوە هەڵیبژارد کە متمانە بە خودا بکات. ئەمە خۆشییە. پەروەردگار سوپای داگیرکەری شکست پێهێنا. یەهۆشافات تەنانەت پێویستی بە بەرزکردنەوەی شمشێرەکەی نەبوو (١٧:٢٠). بەڵام هەتا ئەگەر سوپایەکەی تێکبشکابایە، یەهۆشافات ئەکرا دڵشاد بێت، چونکە سەرنجی لەسەر خۆی نەبوو، بەڵکو لەسەر یەزدان بوو.

چەندین ساڵ دواتر، پادشایەکی مەزنتر ڕووبەڕووی ململانێیەکی مەزنتر بووەوە. عیسا نوێژی دەکرد بە باوەڕێکی دڵشادانە. عیسا داوای ڕێگەیەکی دیکەی کرد لە شوێنی خاچەکە. عیسا زانی پلانی باوکی وەها بوو کە حوکمدانەکەی لە دژی گوناە بکەوێتە سەر شانی عیسا، بەڵام داوای ڕێگایەکی دیکەی لە باوک کرد. عیسا داوای گۆڕینی بارودۆخەکەی کرد، بەڵام سەرنجی لەسەر باوکی بوو. وە عیسا نوێژی کرد، "بەڵام نەک بە خواستی من، بەڵکو بە خواستی خۆت بێت." عیسا بەخۆشییەوە هەڵیبژارد متمانە بە باوکی بکات. ئەمە خۆشییە.

وەک کەسێکی ڕزگار کراو، تۆ دەزانی خودا متمانە پێکراوە. تۆ تێدەگەیت کە گوناهەکەت مەترسییەکی زۆر گەورەترە لەو لەشکرەی کە یەهۆشافات ڕووبەڕووی بووەوە. بەهۆی ئەو گوناهەوە، تۆ شایستەی توندی تووڕەیی زۆری خودا بووی کە دژی تۆ بجەنگێت. بەڵام کاتێک کە بەراستی بێ هیوا و شەرمەزار بووی، عیسا لە پێش ئەم تۆفانە ڕاوەستا، لە شوێنی تۆ ڕاوەستا. ئەو لە پێناوی تۆ تووڕەیی خودای خستە سەر شانی خۆی. ئەمە دانپێدانانی هەموو باوەڕدارێکی مەسیحە. ئەمە ئەو هۆکارەیە کە دەزانیت خودا دڵسۆزە. کاتێک بە خۆشی هەڵیدەبژێریت متمانەی پێ بکەیت، گرنگ نییە هەرچی ڕوو دەدات لە ژیانت، دەکرێت دڵخۆش بیت.

## بوەستە لە گەڕان بە دوای خۆشی

چی بکەین لەو کاتانەی هەست بە خۆشی ناکەین؟ چی بکەین کاتێک لە مێشکماندا دەزانین کە خودا چاکە و میهرەبانە و سەروەرە بەڵام خۆشیمان لە خودا دا دیار نەماوە؟ وەڵامەکەش ڕەنگە سوپرایزت بکات: بوەستە لە گەڕان بەدوای!
ئایە هەرگیز گوێت لە چیرۆکی ئەفسانەی یۆنانی تانتالۆس بووە؟ زیۆس تانتالۆسی بە دز و خیانەتکار ناو برد وە سزای ئازاربەخشی بەسەردا سەپاند. تانتالۆس پێویست بوو لەژێر لقی دارێک بووەستێت کە میوەکانی پێگەیشتبوون و بەتام بوون، لە کاتێکدا لە ئاوێکی سازگاردا ئەو پشووی دەدا. هەرکات تانتالۆس هەوڵی دەدا میوە لێبکاتەوە، خوداوەندەکان لقەکانیان لادەبرد بۆ لایەکی دیکە. وە کاتێک تانتالۆس دادەنەوویەوە بۆ خواردنەوەی ئاوی سازگار، کانییەکە هەمیشە ووشک دەبوو. لەم چیرۆکەوە فێری وشەی ئینگلیزی tantalize بووین کە بە کوردی واتە "تامەزرۆ کردن."

خۆشی وەک میوەکە و ئاوە سازگارەکەی تانتالۆس وایە. هەرگیز بە گەڕاندن بە دوایدا نایدۆزیتەوە. بۆ دۆزینەوەی خۆشی پێویستە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ بگریتە بەر. بەدوای دڵشادیدا مەگەڕێ. سەرنج بکە سەر مەسیح. وەک یەهۆشافات نوێژ بکە: "چاومان لەسەر تۆیە خودایە."
هەتا کاتێک پۆڵس ڕاماندەسپێرێت دڵشاد بین، بە شێوەیەکی بنەڕەتی بانگمان دەکات متمانە بەمە بکەین کە خودا کێیە و چی بۆ ئێمە کردووە. ڕاسپاردەی پۆڵس لەسەر دڵشاد بوون لە کۆتایی نامەکەیدایە بۆ فیلیپی (٤:٤). ئەم ڕاسپاردەیە لە دوای ئەوەوە دێت کە پۆڵس ئەوەی زانی کرداری خودا لە رزگاری ئەوەیە کە دەستی پێکرد و بەڵێنیدا تەواوی بکات (٦:١). لەدوای ئەوە دێت کە پۆڵس دووبارە بیریخستنەوە کە چۆن ململانێی دونیایی هیچ نییە بەراورد بە هیوای ئاسمانی (٢٣:١). ئەم ڕاسپاردەیە دێت لەدوای ئەوەی پۆڵس باسی ئەو بەها بەرزەی کرد کە مەسیح داویەتی بۆ ڕزگارکردنی گەلی ناپاک (٨:٢). ئەمەش لەدوای ئەوە دێت کە پۆڵس ئەوەی ڕاگەیاند کە ناسنامەی لەسەر سەلامەتی، ناوبانگ، یان خزمەتی کڵێسادا نییە، بەڵکو تەنها لە مەسیحدایە (١٢:٣).

وە دوای ئەوە دێت کە ئەوەی ڕوونکردەوە کە گرنگ نییە کە چی ڕوودەدات لە ژیان، هاوڵاتیبوونمان لە پاشایەتی ئاسمانە (٣:٢٠).

لە هەموو ئەم بەشانەدا، پۆڵس بە مەبەست ئاماژە بە خوێنەرانی دەکات کە سەرنج بکەنە سەر ڕزگارکەری دڵسۆزیان. یەکسەر لەدوای ئاماژەدان بەوەی کە خودا شایەنی هەموو متمانەی ئێمەیە، پۆڵس ڕاسپاردەی دا کە "هەمیشە بە عیسای خاوەنشکۆ دڵشادبن دووبارە دەیڵێمەوە دڵشادبن." (٤:٤). وەکو ئەوە وایە کە پۆڵس بڵێت، "هەر ئەبێت دڵخۆشبن، وە ئەگەر دەتەوێت بزانیت چۆن، دووبارە بیر لەوە بکەوە کە ووتم: متمانە بە مەسیح بکە."کلیلی دۆزینەوەی خۆشی ئەوەیە کە لە گەڕان بەدوایدا بوەستیت. لە جیاتی ئەوە، سەرنجت بکە سەر مەسیح. پاشان بە هیواوە چاوەڕێ بکە. خۆشی دێت.

## وشەیەک بۆ ئەوانەی لە چاڵێکی تاریکدان

من قەشە بوونم خۆشدەوێت. لە بیرمە پێش ئەوەی کە ببمە قەشە لە کڵێسایەکی ناوخۆیی، نانی نیوەڕۆم دەخوارد لەگەڵ براوای هاوڕێم. زۆر پرسیاری هەبوو لەسەر داهاتوویی. پەروەردەیەکی باشی قوتابخانەی وەرگرتبوو، ئاواتی زۆری هەبوو، وە مەسیحی زۆر خۆشدەویست. هەردووکمان قسەمان لەسەر ژیانی خۆمان کرد. لە کاتی نانی نیوەڕۆدا، یارمەتی یەکتریمان دا سەرنجمان بکەینە سەر مەسیح. تێگەیشتم ئەمە کاری قەشەیە کە هەموو ڕۆژێک دەیکەن. بێگومان، دەمویست ببمە قەشە. تا ئەمڕۆش، زۆربەی نانی نیوەڕۆکانم لەگەڵ ئەندامێکی کڵێسا دەخۆم و قسە لەسەر پەروەردگار، مزگێنییەکە، و داهاتووی ئاسمانی دەکەین. ئەمە وەکو لووتکەی شاخێک وایە لە خزمەتی قەشایەتی.

بەڵام لە هەمان کاتدا دۆڵیش هەیە. من لە دۆڵدام کاتێک دەبینم منداڵێک لە کڵێسادا گەورە بووە و ئێستا بەبێ هیچ هیوایەک بە خودا و بەبێ هیچ باوەڕێک بە مزگێنییەکە دەژیێت. من لە دۆڵدام کاتێک لەگەڵ برایەک دانیشتووم کە بەهۆی گوناهەکانییەوە ژیانی بەرەو شکستە و ناتوانێت لە دەرئەنجامە خراپەکان ڕزگاری بێت. من لە دۆڵدام کاتێک ئەندامێکی کڵێسا بڕیاری بە جێهێشتنی کڵێسای داوە و پێم دەڵێت چۆن کڵێسا داخوازییەکانی

پڕ نەکردۆتەوە. ئەمانە مێرووی خزمەتی قەشایەتین کە خۆشی دەخۆن. هیچ چارەسەرێکی ئاسایی نییە لە شەڕکردن بۆ دڵشادی، چونکە دانانی سەرنجمان لەسەر مەسیح ئاسان نییە، تەنانەت بۆ ئێمەش کە ژیانمان تەرخان کراوە بۆ خزمەتی مزگێنییەکە. بەڵام بە یارمەتی خودا، ئەمە مەحاڵ نییە. لەوانەیە ئێستا تۆ لە دۆڵی خەمۆکیدا بیت. وەک یەهۆشافات، هەست بەبێ هیوای و سەرلێشێواوی دەکەیت. دەتەوێت سەرنج بکەیتە سەر پەروەردگار، بەڵام نازانیت چۆن. هیوایەک بۆ تۆ هەیە. چۆن؟

سەرنج بکەرە سەر مەسیح. هیچ شتێکی گرنگتر لەوە نییە بۆ تۆ کە سەرنج بکەیتە سەر ئەوەی خودی عیسا کێیە و چی بۆ تۆ کردووە. هەرگیز لە قوتابخانەی مزگێنی ئاهەنگی دەرچوون ناکەین. تۆ دەزانیت مەسیح متمانە پێکراوە چونکە لە وشەکانیدا وەها دەڵێت. تۆ باوەڕت بەو وشانە هەیە چونکە عیسا ڕزگاری کردوویت. بچۆرەوە سەر جوانی، شکۆ، هێز و دڵسۆزی کوڕی خودا ئەوەی بووە قوربانی. یادی ڕاستییەکانی مزگێنی بکەوە. ئەمە پەیامێکی سادەیە کە وەک مەسبەحێک کە منداڵێکی ساوا دەتوانێت مەلەی تێدا بکات و ئەوندە قووڵیشە پیاوێکی گەورەش بە هەمانشێوە دەتوانێت. وەک زۆرێک لە باوەڕدارانی پێگەیشتوو ووتویانە: ڕۆژ بە ڕۆژ مزگێنییەکە بۆ خۆت باس بکە.

خۆت بەو کەسانە دەوور بدە کە زۆر قسە دەربارەی عیسا دەکەن. نەک کەسانی فەیسبووک، بەڵکو کەسانی ڕاستەقینە. زۆر یارمەتیدەر دەبێت ئەگەر ئەو کەسانەی لە ژیانتدان زیاتر لە باسکردنی یاری تۆپی پێ و سیاسەت باسی عیسا بکەن. ڕەنگە پێویست بێت تۆ ئەو کەسە بیت دەست بەو گفتوگۆیە بکەیت دەربارەی عیسا. هاوڕێکانت شوێنت دەکەون کە تۆ ئەوە بکەیت، بە تایبەتی ئەگەر ڕابەر بیت. کڵێساکەت هانبدە کە گفتوگۆیان پڕ بێت لە مزگێنی. ئەم جۆرە گفتوگۆیانە وەک تیر وان کە ژیانی بێ شادی دەپێکێت.

بە زەبوور و سروود و گۆرانی ڕۆحی، بە سوپاسگوزاری لە دڵتاندا گۆرانی بۆ خودا بڵێین. جاری داهاتوو کە لەگەڵ ئەندامانی کڵێسا کۆدەبیتەوە کات بدە بە بیرکردنەوە لە وشەی گۆرانییە ڕۆحییەکان. بە هەمان ڕادەی ئەوەی وشەکانی گۆرانییە ڕۆحییەکان سەرنج دەکەنە سەر مەسیح،

باوەڕدارانی مەسیحیش بەرەو دڵشادی دەبات. خودا گۆرانی ڕۆحی بەکاردەهێنێت بۆ بووژاندنەوەی دڵمان. بۆ نموونە:

> *بیری دڵشادی هی منە بۆ خواردنەوە لێی، چونکە خودا سەرکەوت بەسەر مردن. سەرکەووتنی هەمیشەیی. دووژمنی کۆنمان مرد. هەلێلوویا، مەسیح پادشایە، زیندووە و لەسەر تەختەکەیی فەرمانڕەوایی دەکات. زمانمان بە گۆرانی ستایشەوە ڕاهاتووە، شکۆ تەنها بۆ خودا.* ئەمە سروودی "کانی خۆشەویستییە"، نووسەر: مات بۆسویل.

بە قووڵی نوێژ بکە و خزمەت بکە بە ڕاگەیاندنی پەیامی خودا. سادە دەردەکەوێت، بەڵام ئەوانەی کە تەنها بەخێرایی وشە پیرۆزەکان دەخوێنن و بە خێرایی نوێژ دەکەن تەنها تێگەیشتنێکی کەم لە عیسا دەبینن. ئەم بینینە کورتانە بەس نییە بۆ دۆزینەوەی خۆشی. بۆ دۆزینەوەی زێڕ لە ژێر زەوی پێویستت بە پاچێکی تیژ و بازووێکی بەهێز هەیە. بۆ گەڕان بەدوای مەسیح، پێویستت بە کتێبێکی پیرۆزی کراوە و قاچێکی سڕ هەیە (کە بەهۆی چۆک دانان بۆ نوێژ وەهای لێ بەسەر دێت).

نوسەرانی بەیاننامەی وێستمەنیستەر ڕاستیان وتووە: "ئامانجی سەرەکی مرۆڤ ئەوەیە کە خودا شکۆدار بکات و بۆ هەتاهەتایە خۆشی لێببینێت." بە شێوازێکی دیکە، تۆ بۆ دڵشادی دروستکراویت. ئەمە ڕاستە. بەڵام دڵشادی دەدۆزرێتەوە کاتێک بەدوای عیسا دەگەڕێیت، نەک گەڕان بەدوای خودی دڵشادی خۆی.

# ٣

# ژیان لەگەڵ "سەرەڕای ئەمەش"

## خۆشەویستی، خۆشی، **ئاشتی**، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی، بەسەرخۆدا زاڵبوون

هەرگیز یەکێک لە یەکەمین وتارەکانم لەیادناچێت کە داومە. بەڕێوەبەرەکەم کە سیناتۆری ئەمریکی بوو، داوای لێکرابوو کە لە کۆبوونەوەی سەرەتایی کۆمیسیۆنێکی نیشتمانی و ڕاوێژکاری بایۆئێتیکدا وتار بدات. چونکە نەیتوانی بەژدار بێت، منی کارمەندی گەنجی لە شوێنی خۆی نارد. کۆمەڵێک کەسی زۆر گرنگ لە ژوورەکە بوون: پزیشک، پارێزەر، زانای زانستی، و کەسایەتی گرنگی سیاسی. من نوێ بووم. کە بە جلە چاکەت و پانتۆڵەکەمەوە دانیشتم لەوێ، زۆر قەلەق بووم. عارەق بە نێو چاوانمدا دەهاتە خوارەوە و هەستەکانم بەسەرمدا زاڵ بوون. بارودۆخەکە زۆر زەختی لێدەکردم. وتارەکەم دا بە هەموو ئەو خێراییەی لە توانامدا بوو. پاشان، پێش ئەوەی هەر کەسێک وەڵام بداتەوە، بە قەلەقییانە هەستام و ڕۆیشتم، هیوای ئەوەم هەبوو کە ئەگەر بە خێرایی ژوورەکە بەجێبهێڵم، هیچ کەس لە بیری نابێت کە چۆن بوو. هیچ ئاشتییەک لە دڵمدا نەبوو، کاتێک بە هێواشی گەڕامەوە ئۆفیسەکەم. ئەوەی ئەزموونم کرد لەو ڕۆژە ساردەی مانگی تشرینی یەکەم شتێکی نامۆ نییە. هەموو کەس هەستی بێئارامی، نا ئاسوودەیی، نیگەرانی، و ترس دەزانێت. لە سەربازێکەوە کە

بۆ یەکەم ئەرکی دەرەوەی وڵات نێردرابوو تا ئەو فرۆشیارەی کە هەوڵی یەکەم فرۆشتنی دەدات، هەموومان ناچار بووین ڕووبەڕووی قەڵەقییەکان ببینەوە کە ئارام نابنەوە، دڵێک کە پەلەپەل دەکات و بیرکردنەوەکان کە لە ژێر کۆنترۆڵدا نەماون. هەموو کەس ئارەزووی ئاشتی دەخوازێت بەڵام ئەوانە کەمن کە دەزانن لە کوێ بیدۆزنەوە.

ژیان پڕە لە ناڕەحەتی. گەورەترین کارەسات (وەک شەڕ و تۆفانەکان) و بچووکترین ناخۆشییەکان (وەک ئازاری پشت و ئەو ئارەزووانەی کە پێیان نەگەیشتووین) ناڕەحەتی دەکاتە ناو ژیانمانەوە. تاقیکردنەوەکان ئاشتیمان لێ دەڕفێنن. نەدەبوو ژیانمان بەم شێوەیە بێت. ئێمە دەیزانین. هەر تاقیکردنەوەیەک بێت، دڵمان پێمان دەڵێت نابێت بەو شێوەیە بشکێین بە قەڵەقی، لێمان بدرێت بە نیگەرانی و تەنیایی. گرنگتر لەوە، باوەڕداری مەسیح لە بیریاندا دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژێک کە مرۆڤایەتی ئاشتی هەبووە، چونکە تا ئەوکات گوناه نەهاتووەتە گەردوون و هەموو شتێک یەزدان بەدیهێناوە هێشتا "زۆر باش" بووە (پەیدابوون. ١:٣١). لە نێو جیهانێکدا کە هیچ ئاشتییەک ناناسێت، ئێمە تامەزرۆین بۆ پشوودان. ئەوەی چاکە بۆ باوەڕدارێکی مەسیح، چاکیشە بۆ قەشەی کڵێسای خۆجێی.

## ئاشتی و شوانەکان

چەند مانگێکی زۆر سەخت تێپەڕ بوو. هەندێک لە هاوسەرگیرییەکان لە کڵێسادا نزیک بوون لە هەڵوەشاندنەوە. زۆربەی ئەو هاوسەرانە پشتیان بە دانایی کڵێساکە بەست، بەڵام هیچ شتێک یارمەتیدەر نەبوو. کاریگەری ئەم حاڵەتە ڕاوێژکارییە بێئارامانە خەوی لەمن زڕاند. شتێکی دەگمەنە بۆ پیاوێکی وەکو من کە دەتوانێت بەخێرایی ڕووناکی خەوی لێبکەوێت و لەکاتی ڕەشەباش خەبەری نەبێتەوە. لە سێی شەو خەبەرم بۆوە و بیرم دەکردەوە لەسەر ڕێگای جیاواز بۆ یارمەتیدان بۆ ڕۆژی دواتر. تامەزرۆی پشوو بووم. خزمەتی قەشایەتی کارێکی ئاسایی نییە، وەک ئەوەی کاتژمێر ٩ی بەیانی دەستپێ بکەیت و کاتژمێر ٥ی ئێوارە تەواو بێت. گوناه گرنگی بە کاتژمێر نادات. هەموو کارەکان قورسە، بەڵام قورساییەکی نائاسایی هەیە کاتێک ئیشەکەت پەیوەندی بە لایەنی ڕۆحی ژن و پیاوەوە هەیە. بەڵام مرۆڤ پڕۆژە نییە کە بتوانیت لە سەرەتاوە تا

کۆتایی بەڕێوەی ببەیت. هەموومان لە پرۆسەی گەشەکردن داین. لەبەر ئەم هۆکارە، قەشە هەرگیز هەست بەوە ناکات کە کارەکەی تەواو بووە. هەندێک ڕۆژ هەست دەکەم کە ئاسنی سارد دەکووتم. بەتایبەتی حەزی تەواوکردنی شتەکانم دەوێت، ئەو جۆرە ڕەزامەندییەی کە لە بنیاتنانی شتێکەوە دێت. من زۆر توانای وەستایم نییە، بەڵام بە نرخەوە سەیری ئەم جۆرە ئیشانە دەکەم: بۆیاخکردنی ژوورێک، چاککردنی ئامێرێک، یان تەنها بڕینەوەی فریزی باخچەکان. هەرچۆنێک بێت، قەشە بەدەگمەن ئەنجامی ئیشەکەی دەبینێت.

لە ساڵانی ١٨٤٠دا نووسەری ئەمریکی هێنری دەیڤید تۆرۆ کابینەی تایبەتی خۆی دروستکرد و باخچەیەکی لە لای گۆمێک چاند. بۆ زیاتر لە دوو ساڵ، خۆی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی بۆخۆی دابین دەکرد لە ڕێگەی ئیشی دەستی. تۆرۆ نووسیویەتی: "هەم بە باوەڕ و هەم بە ئەزموون قەناعەتم وایە کە پاراستن و دابینکردن بۆ خودی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە سەخت نییە بەڵکو بۆ بەسەربردنی کاتە."[14] ئەو ڕەزامەندییەی دەزانی کە لە گرتنی چەکووش و خاکەنازەوە دێت. بە ئارەقی نێوچەوانی خۆی بەخێو کرد.

شوانەکانی کڵێسا بە دەگمەن ئەزموونی بە دەستهێنانی ئامانج دەکەن. کڵێسا کاری ئەوانە بەڵام هەرگیز بەرهەمی تەواو نابینن، هەر نەبێت لەم ژیانەدا نییە. وەک چۆن موسای پێغەمبەر ڕێگەی نەدرا بچێتە خاکی بەڵێن و لە ترێ و هەنجیری شیرین بخوات، قەشەی دڵسۆزیش ئەنجامی تەواوی ئیشەکانی نابینێت لەم ژیانەدا. پێویستە متمانە بەوە بکەن کە "ڕەنجیان بۆ عیسای خاوەن شکۆ بێ سوود نییە" (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥٨).

هەموو ئەمانە دەتوانن ڕابەرە مەسیحییەکان بە تایبەتی نائارام و زۆرجار بێ هیوا بکەن. وەک قەشە خۆت بە تەواوی بۆ قوتابی ساڵی یەکەمی زانکۆ دەبەخشیت بەڵام لەدوای ماوەیەک دەبینیت کە دڵی سارد دەبێتەوە لە تۆ و کتێبی پیرۆز و یەزدان. هەفتە لەدوای هەفتە دڵسۆزانە وتار دەدەیت، ئەو پرسیارەت بۆ دروست دەبێت ئایە ئەوە هیچ جیاوازییەک لە ژیانی ئەو کەسانەدا دروست دەکات کە خزمەتیان دەکەیت. ڕاوێژکاری قەشایەتی بۆ هاوسەرەکان دەکەیت، بەڵام ڕاوێژکارییەکە ناتوانێت هاوسەرگیرییەکە

بپارێزێت. بەهای خزمەتکردن لەم ژیانەدا ناپێورێت بەڵام لە ژیانی داهاتوودا دەردەکەوێت. ئەمەش ململانێیەکە بۆ ئەوەی لەم ژیانەدا ئارام بێت.

ئاشتی بەشێکی بەنرخە لە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز (گەلاتیا ٥:٢٢). بەڵام دەکرێت قورس بێت بۆ دۆزینەوە. لەم نێوەندەدا هەوڵدەدەین متمانە بە پەروەردگار بکەین و لە ویستی تەواوەتی ئەودا پشوو بدەین. ئەمە ئاسان نییە و ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە
زۆرجار ئاشتیم نییە.

## ژیان لەگەڵ "سەرەڕای ئەمە"

ئەم کەمبوونەوەی ئاشتییە کێشەیەکی باوە بەڵام تایبەتییە بۆ باوەڕدارانی مەسیح. کتێبی پیرۆز ڕوونە: یەزدان چاوەڕوانی ئەوە لە ئێمە دەکات کە لە ئاشتیدا بین. زۆربەی نامەکانی پەیمانی نوێ بە بانگکردن بۆ ئاشتی دەستپێدەکات (ڕۆما ١:٧؛ یەکەم کۆرنسۆس ١:٣؛ دووەم کۆرنسۆس ١:٢؛ گەلاتیا ١:٣؛ ئەفەسۆس ١:٢؛ فلیپی ١:٢؛ کۆلۆسی١:٢؛ یەکەم سالۆنیکی١:١؛ دووەم سالۆنیکی ١:٢؛ یەکەم تیمۆساوس ١:٢؛ دووەم تیمۆساوس ١:٢؛ تیتۆس ١:٤؛ فلیمۆن ٣؛ یەکەم پەترۆس ١:٢؛ دووەم یۆحەنا ٣؛ سێیەم یۆحەنا ١٥؛ یەهودا ٢؛ ئاشکراکردن ١:٤). بەڕوونی، ئاشتی گرنگە. ئاشتی بە ئاسانی نایەت، چونکە ئەو ڕێگەیەی بەرەو شکۆدارکردنمان دەبات لێژە و بەردەڵانە. ئەوە گەشتێکی بە ئازارە، لەگەڵ چوون و گەڕانەوە. پۆڵس و باوەڕدارانی یەکەمی مەسیح چەوساندنەوەیەکی زۆریان بەسەر هات. توندوتیژی خەڵک بەرامبەر باوەڕداران ژیانی ئەم نێردراوە سەرەتاییانەی خستە مەترسییەوە (کردار ٢١:٣٦). ئاسانتر بوو بۆ ئەو باوەڕدارانەی پێشتر جوولەکە بوون، بگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگەی کەنیشتەکانیان و ژیانی پێشوویان. بەڵام ئەوان ڕێگا قورسەکەیان هەڵبژارد و لە کرداردا بەشوێن پێی ڕزگارکەرەکەیاندا ڕۆیشتن. عیسای مەسیح زانی کە بانگکراوە بچێتە سەر خاچ. داوای ڕێگایەکی دیکەی کرد، ڕێگایەکی زیاتر "ئاشتیانە". لەشوێنی ئەوە، ڕووبەڕووی بزماری ئازاربەخشی ڕۆمانییەکان بووەوە لەسەر خاچ. عیسای مەسیح ڕێگایەکی دیکەی ویست، بەڵام خواستی خودای زیاتر ویست، بۆیە بە خۆشحاڵییەوە مردنی لە باوەش

گرت. پێش ئەوەی بزمارەکان دەست و قاچی کون بکەن، عیسا نوێژی کرد و وتی: "باوکە، ئەگەر دەتەوێت ئەم جامەم لەسەر لاببە." بەڵام [سەرەڕای ئەمەش] نەک بە خواستی من، بەڵکو بە خواستی خۆت بێت" (لۆقا ٤٢:٢٢). سەرەڕای ئەمەش. وەک عیسای مەسیح، باوەڕدارانی مەسیح پێویستە لە "سەرەڕای ئەمەش" دا بژین. پێویستە هەر شتێک قبووڵ بکەین کە خودا ڕێگای پێدەدات، لە هەر شتێک کە خودا دەینێرێت بەرەو پێش بڕۆین، وەک نووسەری گۆرانی سامویێل ڕۆدیگاست بڵێین:

*هەر شتێک کە یەزدانی من ڕێگای*
*پێدەدات ڕاستە، هەرچەندە*
*خواردنەوەی ئەم جامە تاڵ دیارە بۆ*
*دڵی لاوازم، بەبێ دوو دڵی هەڵیدەگرم*
*و دەیخۆمەوە.*

هەموو باوەڕدارێکی مەسیح و بێگومان هەموو ڕابەرێکی باوەڕدار بانگێشتکراون بۆ ژیان لە "سەرەڕای ئەمەش." بە باوەڕ بە خودا لە هەموو بارودۆخەکاندا ئەوە دەکەین. بەڵام چۆن ئەوە دەکەین؟ چۆن بۆ ئاشتی دەگەڕێین؟ وەڵامی ئەمە لە سەرەتادا بە تێگەیشتن لە ڕەگی ئاشتی دەدۆزرێتەوە.

## ڕەگی ئاشتی

کاتێک منداڵەکانم بۆ باخچەیەکی نزیکی خۆمان برد، شتێکی سەیرم بینی: سێ دراوسێی ئاسایی من وەستا بوون لە بەردەم دارە بچووکەکان، هەریەک لەوان چاوەکانی داخرا بوو و دەستەکانیان درێژ کردبوو بەرەو دارە بچووکەکان. تەماشام کرد تاکو کاتی خەڵوەتەکەیان تەواو کرد. بێگومان قایل دیار بوون. وەها دیار بوو لە ئاشتیدان لەگەڵ خۆیان و جیهانی دەورووبەریان. ئەگەر چەند ساتێک لە خەڵوەت لە بەردەم دارێک بتوانێت ئاشتیت پێ بدات، باوەڕی مەسیحییەت چی دەدات؟ کاتێک وشەی "ئاشتی" دەبیستین، پێویستە یەکسەر بیر لە ئاسوودەیی نەکەینەوە، هەرچەندە پێشمان ئاسایی بێت. ئاشتی لە کەنارێکی ئارام یان دیمەنی دارستانێکی جوان نادۆزرێتەوە. ئاشتی ڕاستەقینە زیاترە لە بیرکردنەوەی قووڵ بە بێدەنگی.

ئاشتی ڕاستەقینە زیاترە لە ئارامی لە کاتێک کە وتار دەدەیت یان قایل دەبیت لەکاتی تاقیکردنەوە. هەستی ئارامی دەکرێت ئەنجامی ئاشتی بێت، بەڵام ڕەگی نییە.

نەخێر، ئەو ئاشتییەی کە پۆڵس لە بەروبوومی ڕۆحی باسی دەکات، شتێکی زۆر بەرزترە. لە پەیدابوونەوە تا ئاشکراکردن، ڕەگی ئاشتی کاری کەفارەتکردنی خودایە. کاتێک گوێت لە وشەی ئاشتی دەبێت، بیر لەوە بکەرەوە کە خودا ڕێگەیەک بۆ گوناهباران دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا ئاشت ببنەوە.

ئاشتی لە پەیمانی کۆن، دیارییەکی خودا بوو بۆ ئەوانەی کە بەرەو ئەو چوون بە خوێن ڕشتنی ئاژەڵی قوربانی کراو. ئەمە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی هەندێک لەو قوربانییانە بە ڕاستی بە "قوربانی هاوبەش" ناونراون (لێڤییەکان ٣). نووسەری زەبوور دڵشاد بوو بەو قوربانییانە، نوێژی دەکرد بۆ یەزدان، "لە تاوانەکانی گەلەکەت خۆشبوویت، هەموو گوناهەکانیت داپۆشیوە." (زەبوورەکان ٢:٨٥). نووسەری زەبوورەکە سەیری پەرستگاکەی دەکات، کە ئەو شوێنەیە خودا کەفارەتێکی دا بە خەڵکی خۆی بۆ گوناهەکانیان وە دەبینێت "خۆشەویستی نەگۆڕ و ڕاستی بە یەک گەیشتوون، ڕاستودروستی و ئاشتی یەکتری ماچ دەکەن" (زەبوورەکان ١٠:٨٥). بە شێوازێکی دیکە، لە ڕێگەی خوێنی بەرخێکی بێ لەکە، خودا تووڕەیی بە خۆشەویستی، خیانەتی بە دڵسۆزی، گوناهەی بە ڕاستودروستی، و دوژمنایەتی بە ئاشتی گۆڕی. دۆخی ئاشتی ئەنجامی لێخۆشبوونی خودایی بوو.

لە پەیمانی نوێ، ئاشتی دیارییەکی باوکە بۆ ئەوانەی کە بەرەو ئەو دێن لە ڕێگەی خوێنی کوڕەکەی کە ڕژاوە. هەمووومان خودا تووڕە دەکەین، هەر یەکێکمان (ڕۆما ٣:٩–١٨). هەمووومان شایەنی تووڕەیی خودایین بەهۆی گوناهەکانمان. چونکە خودا خۆشەویستییە، ڕێگایەکی ڕزگارکردنی دابین کرد. عیسای مەسیحی نارد "بۆ گوناهەکانمان" و هەڵیساندەوە "بۆ بێتاوانکردنمان" (ڕۆما ٢٥:٤). ئەوانەی کە پێشتر دوژمنی خودا بوون، خودا ئێستا بە هاوڕێ بانگیان دەکات. چۆن ئەمە دەکرێت؟ لە ڕێگەی خوێنی مەسیح. وە ئەمە چی پێ دەووترێت؟ پێی دەوترێت ئاشتی. "کەواتە، لەبەر

ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان کراوین، لە ڕێگەی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمانەوە لەگەڵ خودا ئاشتیمان هەیە" (ڕۆما ٥:١). ئاشتی ڕاستەقینە ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ خودا.

زۆربەی جیهان نازانن دەربارەی ئاشتی ڕاستەقینە. ئەوان گریمانە دەکەن کە خودا پشتیوانیانە. تۆرۆ لەگەڵ سروشت لە ئاشتیدا بوو، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی نییە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ بەدیهێنەرەکەی. پێی وانەبوو کە پێویستی پێیە. لە سەرەمەرگدا، ئەندامێکی خێزانەکەی پرسیاری لەو کرد کە ئایە لەگەڵ خودا ئاشتی هەیە؟ تۆرۆ سووکایەتی بە نیگەرانیەکەی کرد و وتی: "من ئاگادار نیم کە هەرگیز تووشی شەڕ بووبین."[15] ئەو هەڵە بوو. خودا شەڕوکێشەی هەیە لەگەڵ هەریەک لە ئێمە و ئاشتی نایەت تاکو شەڕوکێشە چارەسەر نەکرێت. ئەم شەڕوکێشەیە بەهۆی گوناهەکانمانە و ئاشتی تەنها بە لێخۆشبوونی خودا دێت لە ڕێگەی خوێنی کوڕەکەی. چونکە مزگێنی نامەیەکی ئاشتییە (کردار ١٠:٣٦؛ ئەفەسۆس ٦:١٥) گەورەترین کێشە لە پشتمانەوەیە. لە ڕاستیدا، ئاشتی ئەوە نییە کە گۆرانییەکی دڵخواز لە دەوروبەری ئاگرێکدا لەگەڵ دەیان هاوڕێی نزیکت بڵێیت. ئەوە نییە کە هەموو ڕۆژێک بە باوەڕ بەخۆبوونەوە بڕۆیت بۆ کار بەشێوەیەک کە هەموو شتێک باشە. بێگومان ئاشتی ئەو هەستە ئارامە نییە کە بە چەند خولەکێکی خەڵوەتی بێدەنگ لە پێش دارێک لە باخەکەدا دروست بێت. هەموو کەسێک تێدەگات کاتێک بە وشەی "ئاشتی" باسی پیاسە کردن دەکەیت بەنێو دارستاندا، بەڵام ئاشتی ڕاستەقینە تەنها بە کەفارەتی عیسای مەسیح دێت. ئاشتی ئەو ڕاستییەیە کە خودا تۆی وەک کوڕێک یان کچێکی گرانبەها لە خێزانی خۆی هەڵگرتۆتەوە. ئاشتی ڕاستییەکی بەهێزە، وەک بەرد، کە بەهۆی خاچی عیسای مەسیح، هەموو باوەڕدارێک "پیرۆزبووە بە مەسیح"، وە "تاکو لە ڕۆژی عیسای مەسیحی گەورەماندا بێ گلەیی بن" (یەکەم کۆرنسۆس ١:٢، ٨). بەو مانایە، گەڕان بۆ ئاشتی ناکرێت جیا بکرێتەوە لە گەڕان بۆ مەسیح. وە کاتێک کە تۆ مەسیحت دۆزیەوە، کاتێک کە کوڕەکە تووڕەیی باوکی لەسەر تۆ هەڵگرت، نەک تەنها لە ئاشتیدا دەبیت، بەڵکو ڕۆحی پیرۆز ئیش دەکات لەسەر دڵت تاکو ئاشتی لە ئەوەوە بێت.

## ئاشتی لەگەڵ کەسانی دیکە

ئەگەر ئاشتی وەک ڕەگی دار بێت، لقەکانی گەورە دەبن و فراوان دەبن. چونکە ئاشتبوونەوەی تۆ لەگەڵ خودای پیرۆز ڕوویدا، باوەڕدارانیش لەگەڵ یەکتر ئاشتدەبنەوە. ئەمە ڕوویدا. ئەمە تەواوە. ئەمە ئیشی مەسیحە کە کڵێسای بووکی خۆیی خۆشدەوێت. ئاشتی لەگەڵ خودا تەنها بۆ من نییە بە شێوەیەکی کەسی، بەڵکو بۆ هەموو جەستەی مەسیحە کە گەلی خودایە. خاچ ئاشتی بە شێوەی ستوونی (لە نێوان ئێمە و خودا) دروستکردەوە. هەروەها خاچ ئاشتی بە شێوەی ئاسۆیشی (لە نێوان ئێمە و برا و خوشکەکانمان) دروستکردەوە.[16] بەڵام ئەو ئاشتییەی کە ئێستا لەگەڵ یەکتری هەمانە نابێت بە شتێکی ئاسایی وەریبگرین. ئەمە خاڵی سەرەکی پۆڵسە لە ئەفەسۆس، کە لەوەدا پێمان دەڵێت: "تێکۆشەر بن بۆ پاراستنی یەکێتی ڕۆحی پیرۆز بە پشتێنی ئاشتی." (ئەفەسۆس ٤:٣). ئەمە قورسە بۆ تێگەیشتن. ئاشتییەکە پێشکەشکراوە و پێویست ناکات بیدۆزینەوە، چونکە خودا پێی بەخشیووین. لەلایەکی دیکەوە، ئاشتییەکە کە دەبێت "تێکۆشەربین بۆ پاراستنی."

لەم چەند ڕۆژەی داهاتوو، من و هاوسەرەکەم دەچین بۆ کۆنفڕانسی هاوسەرگیری. چەند کاتژمێرێک لەگەڵ یەکتر بەسەر دەبەین، وشەی خودا فێردەکەین و بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن پەیوەندییەکەمان دەکرێت باشتر بێت. بێگومان، من و هاوسەرەکەم پێشتر یەکمانگرتووە. لەو ڕۆژەوەی لە ئاهەنگی هاوسەرگیریمان وتمان، "بەڵێ"، بووینە خێزان. خودا یەکگرتووی کردین. بەڵام، پێویستە تێبکۆشین بۆ پاراستنی ئەو یەکگرتووییە. من نەمدەتوانی مێردێکی باشبم ئەگەر ئەوە بە شتێکی ئاسایی وەربگرم.

بیهێنە بەرچاوت مێردێک کە بە درێژایی کاتی مۆندیال کاتەکانی بە سەیرکردنی تۆپی پێ لە تەلەفزیۆن بەسەر دەبات. ژنەکەی بە تووڕەییەوە هاوار دەکات: "ئەوە ناتەوێت کات لەگەڵ من بەسەر ببەیت؟" ئەو وەڵامی دەداتەوە، "بە دڵنیاییەوە دەمەوێت، بەڵام من وامزانی لەبەر ئەوەی ئێمە یەکمانگرتووە گرنگ نییە ئەگەر پشتگوێت بخەم و سەیری یارییەکان بکەم." وەڵامێکی خراپە. پێویستە تێبکۆشێت بۆ ئاشتی لە

هاوسەرگیرییەکەیدا. ئەوەی لە هاوسەرگیریدا بەو شێوەیە هەیە لە کڵێساشدا جیاوازی نییە. باوەڕدارانی مەسیح بانگکراون بۆ ژیانکردن بە ئاشتی لەگەڵ یەکتر (مەرقۆس ٩:٥٠؛ ڕۆما ١٢:١٨؛ ١٤:١٩؛ یەکەم سالۆنیکی ٥:١٣؛ عیبرانییەکان ١٢:١٤؛ یاقوب ٣:١٨؛ دووەم پەترۆس ٣:١٤). بە ڕاستی، ئاشتیمان لەگەڵ خودا و یەکتر ناتوانرێت جیا بکرێتەوە. ئەگەر ئاشتیمان هەبێت لەگەڵ خودا دەبێت ئەو ئاشتییە کاریگەری هەبێت لەسەر پەیوەندییە کەسییەکانمان. سەرنج بدە چۆن پۆڵس پەیوەندیمان لەگەڵ خودا و لەگەڵ یەکتری پێکەوە دەبەستێتەوە لە ئەفەسۆس ٢: ١٣-١٧:

*"بەڵام ئێوە ئێستا لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکن، هەرچەندە پێشتر دوور بوون، بە خوێنی مەسیح نزیک بوونەوە. لەبەر ئەوەی مەسیح ئاشتی ئێمەیە، جولەکە و ناجولەکەی کرد بە یەک، دیواری ناوبڕی دوژمنایەتی ڕووخاند، بە جەستەی خۆی شەریعەتی تەوراتی بە فەرمان و فەرزەکانییەوە بەلاوە نا، بە ئامانجی ئەوەی بە یەکبوونیان لەگەڵ خۆی لە هەردووکیان مرۆڤێکی نوێ دروستبکات و بەم شێوەیە ئاشتی بچەسپێنێت، تاکو هەردووکیان لە یەک لەشدا لەگەڵ خودا ئاشت بکاتەوە بە خاچ، بەوەش دوژمنایەتیی لەناوبرد. مەسیح هات و مژدەی ئاشتیی بە ئێوە دا کە دوورن هەروەها ئەوانەش کە نزیکن."*

بەپێی پەیمانی کۆن، "یاسای فەرمان و ڕێساکان" لە بەرژەوەندی جولەکەکاندا بوو. بەڵام لە مەسیحدا، ئەو دیوارەی نێوان جولەکە و ناجولەکە ڕووخێندرا. وەک چۆن دیواری بەرلین کە لە ڕابردوودا هەبوو بەڵام ڕوخێندرا و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەڵمانیای کردەوە یەک. بەهەمان شێوە پێشتر ئەم دیوارانە مرۆڤایەتی جیاکردەوە: قەومییەت، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئابووری. هەموو ئەو دیوارانە لەژێر قورسایی مردن و هەستانەوەی مەسیح ڕووخان. کڵێسا ئێستا یەک جەستەیە. لە مەسیحدا، ئێمە لە ئاشتیداین لەگەڵ خودا و لەگەڵ یەکتری. کاتێک نوێژ دەکەین بۆ بەروبوومی ئاشتی کە دڵمان پڕ بکات، داوای شتی زیاتر دەکەین لەو هۆشیارییە ئاسوودەییەی کە خودا ئێمەی لەگەڵ خۆیدا ئاشت کردووەتەوە. داوای بیرخستنەوەی زیاتر لەوە دەکەین کە ئێمە ئێستا یەک جەستەین. هەروەها ئێمە یارمەتی خودامان دەوێت بۆ ئەوەی بەدوای ئاشتی لەگەڵ

ئەوانی تردا بگەڕێین، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی کڵێسا. "بەپێی تواناتان هەوڵ بدەن کە لەگەڵ هەموو خەڵک بە ئاشتی بژین" (ڕۆما ١٢:١٨). ئەمە واتە باوەڕداری مەسیحی پڕ لە ئاشتی هەموو هەوڵێک دەدات بۆ بەکارهێنانی مزگێنی لە هەموو پەیوەندییەکانی ژیانی: هاوسەر، منداڵان، هاوڕێیان، دراوسێکان، کارمەندان، وخێزانی کڵێسا. [17] ئەمەت پێ چۆنە؟ چەند پرسیارێک بۆ پشکنین پێویستە:

- ئایا بە خێرایی لەو کەسانە خۆشدەبیت کە خراپەت بەرامبەر دەکەن، بە دڵنیایی ئەوەی کە "بەپێی توانای خۆت" لەگەڵ هەموو خەڵک بە ئاشتی بژیت" (ڕۆما ١٢:١٨)؟

- ئایا بە بچووکترین شت کینە لە دڵ دەگریت، یان "لە تووڕەبوون خاویت" چونکە "شانازی لێبوردنە لە یاخیبوون." (پەندەکانی سلێمان ١٩:١١)؟

- ئایا بەردەوام هەواڵی دڵی نزیکەکانت دەپرسیت بزانیت چۆنن، دەزانیت کە "پلان لە دڵی مرۆڤدا ئاوێکی قووڵە، بەڵام تێگەیشتوو دەریدەهێنێت." (پەندەکانی سلێمان ٢٠: ٥)؟ ئەگەر پڕ بوویت لە بەروبوومی ئاشتی، ئەوا لەگەڵ خێزانەکەت، هاوڕێکانت، هاوکارەکانت و ئەندامانی کڵێساکەت و تیمەکەت دەستپێشخەری دەکەیت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە هیچ کێشەیەکی چارەسەرنەکراو نییە کە پەیوەندییەکەتان تێکبدات.

- ئایا پەیوەندی لەگەڵ هەموو کەسێک دروست دەکەیت تەنانەت کە پاشخانیان جیاواز بێت (قەومییەت، ئابووری، کلتووری) چونکە تۆ دەزانیت "مزگێنییەکە لە دوو مرۆڤ مرۆڤایەتییەکی نوێی دروستکردووە" (ئەفەسۆس ٢:١٥)؟

ئەو کڵێسایەی من خزمەتی تێدا دەکەم چەند کارمەندێکی هەیە، وە یەکێک لە بەرپرسیارەتییەکانم ئەوەیە کە چاودێری هەندێکیان بکەم. پێشتر بیرم

دەکردەوە بەس دەبێت کەسانی گونجاو دابمەزرێنم بۆ کارکردن وە لێیان بگەڕێم کاری خۆیان بکەن. من گەیشتوومەتە ئەو ڕاستییەی کە ڕێگای ژیانی کڵێسا پێویستی بە جۆرێکی جیاواز لە ڕابەرایەتی هەیە. ئێمە تەنها هاوکار نین بەڵکو برا و خوشکین لە مەسیح. من تەنها بەڕێوەبەرییان نیم بەڵکو قەشە و هاوڕێشیانم. بۆیە، گرنگە کە پەیوەندیەک دەستپێبکەم کە لە لیستی کارەکانم بەرزتر بێت. ئەگەر من وەک خێزانەکەم پەیوەندیم لەگەڵیاندا نەبێت، کلتووری ستافەکەمان کلتووری دابەشبوون و نائاسوودەیی دەبێت.پەیوەندیی لەگەڵ مرۆڤی دیکە کارێکی قورسە. کلیلی پەیوەندی تەندروست لە ڕەگی ئاشتییەوە دەستپێ دەکات. خودا بە میهرەبانی خۆی تۆی هێناوەتە ناو دۆخی ئاشتی لەگەڵ خۆی. خودای مەزن بە نیعمەتی خۆی، باوەڕداران هێناوەتە ناو دۆخی ئاشتی لەگەڵ یەکتری. ئێستا بەپێی نیعمەتی خودا، بانگکراوین بۆ گەڕان بە دوای ئاشتی لەگەڵ ئەوانی دیکە.

## ئاشتی لە ناوەوە

ئەو ئاشتییەی کە لەگەڵ خودا هەمانە بناغەییە و ئاشتی لەگەڵ کەسانی تر پێویستە بەدوایدا بگەڕێین. وە لەگەڵ ئەوەشدا، جۆرێکی تری ئاشتی هەیە کە باوەڕدار گێل دەبێت کە پشتگوێی بخات. سەرنجی ئەو نوێژە بدە کە پۆڵس دەیکات لە بەشی ڕۆما: "با خودای هیوا بە هەموو خۆشی و ئاشتییەک لە باوەڕدا پڕتان بکات، تاکو بە هێزی ڕۆحی پیرۆز سەرڕێژ بن لە هیوا" (١٥:١٣). زۆر باوەڕدار بەبێ ئەم ئاشتییە دەژین کە خودا بەڵێنیداوە بۆ ئەوانەی کە خۆشیان دەوێت. لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بێت کە داوا ناکەن. لەوانەیە چاویان لەسەر ڕەگی ئاشتی لابردبێت. بە هەر هۆیەک، هێشتا فێری ئەو نهێنییە نەبوون، وەک پۆڵس فێری بوو "نهێنی ڕووبەڕوو بوونەوەی هەبوونی و نەبوونی" (فلیپی ٤:١٢).

ئەو نهێنییە ئەوەیە کە بیر لەوە بکەینەوە کە ئەوانەی لە مەسیحدان ڕزگارکراون و پارێزراون، سەلامەت و قبووڵکراون. ئەوانەی کە لەلایەن مەسیحەوە بێتاوانکراون بۆ هەمیشە ئازادن بۆ دۆزینەوەی ناسنامەیان لە مەسیحدا. گرنگ نییە کە وتارەکە چەند خراپ یان باش دەبێت، چەندە ڕەفتاری هاوڕێکەت ناشرین بووە، یان چەندە داهاتووت نەزانراوە. ڕاستی

ئەوەیە کە بێتاوانکراویت. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەو شاخانەی کە لە ژیانت مەحاڵ دیاربوو تێیان بپەڕێنیت، ئێستا وەکو بەردی بچووکیان لێهاتووە. ئەوە نییە کە بە سادەیی خودا ئازار لە ژیانتدا لاببات. زۆر لەوە دوورە. ئێمە لە وشەی خوداوە فێردەبین کە باوەڕداره دڵسۆزەکان دەچەوسێندرێنەوە و خواپەرستەکان ئازار دەچێژن ( کتێبی ئەیوب؛ دووەم تیمۆساوس ٣:١٢). بەڵام کاتێک بینینمان مەزن بێت بۆ خودا و سەرنجمان لە ڕەگی ئاشتی دەمێنێتەوە، کێشەکانمان زۆر بچووکتر دەردەکەون. بەڵام هێشتا کێشە هەیە. لەوانەیە ئازاربەخش بن. بەڵام چیتر خاڵی سەرەکی نین. بە واتایەکی تر، کاتێک دڵنیا دەبین کە خودا بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە مامەڵەی لەگەڵ گوناهەکەماندا کردووە، ئیتر تاقیکردنەوە دەرەکییەکان و لاوازییە کەسییەکانمان زاڵ نابن؛ لانی کەم مەجبوور نین. هەر لەبەر ئەمەشە کە پۆڵس بە وردی ئاگاداری لاوازی خۆی بوو بەڵام لەوەش زیاتر ئاگاداری هێزی خودا بوو: «بەڵام ئەم گەنجینەی هەمانە لەناو گۆزەی گڵیندایە، تاکو دەربکەوێت کە وزەی لە ڕادەبەدەر لە خوداوەیە نەک لە ئێمەوە. لە هەموو لایەکەوە پەستین، بەڵام تەنگەتاو نین؛ دەشێوێین، بەڵام بێ ئومێد نین؛ چەوسێنراوەین، بەڵام بەجێنەهێڵدراوین؛ بە زەویدا دەدرێین، بەڵام لەناو ناچین" (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٧-٩). ئەمانە وشەکانی کەسێکە کە ئاشتی ناوەکی خۆی دەزانی. بەڵام چۆن ئەم ئاشتییە ناوەکییە لە ژیانی شواندا سەر هەڵدەدات؟

## ئاشتی بۆ شوانەکان

گەنج بووم کاتێک کە قسەم بۆ کۆمیسیۆنی بایۆئێتیک لە واشنتۆن کرد. ئەزموونێکی کەمم هەبوو لە قسەکردن لەبەردەم خەڵکدا، من ویستم خەڵکەکە سەرسام بکەم بەڵام زۆر متمانەم بەخۆم نەبوو لە قسەکردندا. سەیر نییە کە چەندین لەو کێشانەم لەگەڵ خۆم برد بۆ ناو خزمەتی قەشایەتیم. چوونە سەر ستەیج بۆ وتاردان ئەزموونێکی تاڵ و شیرینیش بوو. لە لایەکەوە، کردنەوەی کتێبی پیرۆز و قسەکردن لەسەری بۆ گەلی خودا، بەرز دەنرخێنم. دەمزانی کە کڵێسا ئەرکێکی پیرۆزی پێ سپاردووم و منیش بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە ویستم ڕێز لە عیسای مەسیح بگرم بە وتاردانی دڵسۆزانە. ئەوە بەشە شیرینەکەیەتی. بەڵام ئەمەش بەشە تاڵەکەیەتی. من پەسەند کردنم لە خەڵکەوە دەویست. بۆچوونی ئەندامانی کڵێساکە بۆ من

گرنگ بوو. نموونەی قەشەی یەکەمی خۆمم لەبیرە. ئاماژەی بەوەشکرد، هەموو باوەڕدارێک وەکو کەمانچەژەنێک وایە لەبری ئەوەی بۆ بینەرێک مۆسیقا بژەنێت، بۆ خودای دەژەنێت. ئامین! من دەمزانی کە ئەم نموونەیە ڕاستە، بەڵام هەستم دەکرد وەک ئەوەی کە مۆسیقا بۆ جەماوەر دەژەنم. وەک کۆمپیوتەرەکەم کە دوو بەرنامە ئیش دەکات لەسەری لە یەک کاتدا، کاتێک وتارم دەدا بیرم لە نێوان دوو ئامانجدا دەهات و دەچوو. لە لایەکەوە، سەرنجم خستەسەر وتاردانی دڵسۆز، یارمەتیدەر، وە بەپێی کتێبی پیرۆز. لە لایەکی دیکەوە، پرسیارێکی زۆر لە مێشکمدا دەهات و دەچوو کە. *چۆنم؟ وتارەکەم زۆر درێژە؟ ئایا دەزانن چەند قەلەق بووم؟* دەزانم تەنیا نیم. زۆرێک لە قەشەکان ئارەزووی پەسەندکردنیان هەیە و ئەمەش ئاشتییان دەدزێت.

چونکە قەشەیت و لەخزمەتدایت، تۆ بەرپرسیت لە کۆمەڵە خەڵکێک. دەکرێت کەم بێت، وە دەشکرێت هەزاران بێت. ئەگەر خزمەتەکەت گەورە بێت یان بچووک، پێدەچێت وەسوەسەت بۆ دروست بێت کە ئاشتی خۆت لە ڕەزامەندی ئەو کەسانەدا بدۆزیتەوە کە خزمەتیان دەکەیت. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، هەموو وشەیەک لە ڕەخنە، هەموو ئەندامێک کە کڵێسا بەجێ دەهێڵێت و هەموو پێشنیارێک کە پشتگوێخراوە، وەک هەڕەشەیەک دەبیندرێت لەسەر تواناکانت وەکو فیشەکێک کە بەنێو بەهای کەسیتدا تێبپەڕێت.

شوانەکانی کڵێسا وەک هەموو باوەڕدارە مەسیحەکانی دیکەن. پێویستە بیر لەوە بکەنەوە کە گەورەترین کێشەیان کە گوناە بوو لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە دۆڕاوە. "هەڵیگرت و بە خاچەوە بزمارکوتی کرد" (کۆلۆسی٢:١٤). باشترین بەش لە هەفتەکەمدا بەزۆری پاشنیوەڕۆی هەینییە، کاتێک وتارەکەم تەواو دەکەم. ئەوە ئەو کاتەیە کە بەقووڵی بیر لە خاچی مەسیح دەکەمەوە. بە گشتی، کاتژمێر چوار یان پێنجی عەسرە. لەدەستە چەپم چایەکی شیلەتێن دانراوە و لە دەستەڕاستم دەستنووسێکی بە قەڵەم نووسراو، وە کۆمپیوتەرێکی ڕووناکیش لەبەردەممە. وتارەکەم دەنووسم و لەهەمانکاتدا ستایشی خودا دەکەم. لەو کاتەدا، مزگێنییەکە بەچەسپاوی کەوتە بیرم و چێژ لەوە وەردەگرم کە عیسا بۆ من مرد. ئەو پەروەردگاری منە. بەتەنها بە نیعمەت بێتاوان کراوم، تەنها لە ڕێگەی

باوەڕەوە بە مەسیح. لەو ساتەدا، کاتێک کە خۆم ئامادە دەکەم بۆ وتاردان بۆ گەلی خودا، بۆ خۆشم مزگێنییەکە ڕادەگەیەنم. من بۆ ڕۆحی خۆم ڕادەگەیەنم کە نرخی من لەوەدا نییە کە چەند وتاردەرێکی مەسیحی باشم، بەڵکو لەوەیە کە چەند بە بەزەییە ئەو ڕزگارکەرەی خزمەتی دەکەم. هەتا ئەگەر وتارەکەم خراپ بوو لە ڕۆژی خزمەتدا، هێشتا هەمووشتێک باش دەبێت.

ئاشتی بۆ قەشەکانیشە. ئێمە ناتوانین ئاشتی بدۆزینەوە لە کۆنفرانسەکاندا، گەشتە ڕۆحییەکاندا، یان کڵێسای تەندروست. تەنها لە ئیشی کەفارەتی مەسیح دەیدۆزینەوە. وە کاتێک ئاشتی دەدۆزینەوە، ڕێگەمان پێدەدات بە هەستکردن بەو ئاشتییەی کە لەسەر خاچی مەسیح بنیات نراوە بانگەشەی بۆ بکەین. هەروەها دەتوانین پێشەنگایەتی بکەین لە ئاشتیسازی لە کڵێسا و بوارەکانی تر وەک ئۆفیسی ڕاوێژکاری، کەمپی کۆلێژ، یان شوێنی مژدەبردن. کاریگەری ئاشتی خودا هەرگیز لەسەر یەک کەس ناوەستێت؛ بەڵکو کاریگەری نایابی هەیە لەسەر هەموو ئەندامانی ئەو کڵێسایانەی خزمەتیان دەکەین. بە شێوەیەکی دیکە، ئاشتی دەمانکاتە شوانی باشتر.

## گەشەکردن لە ئاشتیدا

قەشەکان بەرپرسیارێتییەکی تایبەتیان هەیە کە نموونەبن بۆ ژیانێک کە پڕە لە ئاشتی و ناوەند بوونی خاچەکەی مەسیح. ئەمە شانازییەکی گەورەیە. دەتوانیت چی بکەیت بۆ ئەوەی هەم چێژ لەو ئاشتییە وەربگریت و هەم پیشانی بدەیت کە خودا لە ڕێگەی خاچەوە بەدەستیهێناوە؟

ئاشتیسازبە. ئایا کەسێک هەیە لە کڵێساکەت کە پشتگوێی دەخەیت؟ ئەمە بەڵگەیە کە ئیشێک هەیە بیکەیت. خودا دیواری دابەشکەری دوژمنایەتی ڕوخاندووە. ڕابەرایەتی بکە لە هەوڵدان بۆ ئاشتی لەو کڵێسایەی کە خزمەت دەکەیت

.پێش ئەوەی وتار بە ئەندامانی کڵێسا بدەیت، وتار بۆ خۆت بدە. بەتەنها خۆت پێداچوونەوە بە پەیامەکەتدا بکە، ململانێ بکە لەگەڵ ئەو ڕاستیانەی کە خەریکە ڕایدەگەیەنیت. نوێژێکی وەک ئەمە بکە: "خودایە، با دڵم پڕ بێت لە ترس و ستایشکردن لەسەر ئەو مزگێنییەی کە خەریکە ڕایدەگەیەنم.

یارمەتیم بدە، خۆشم چێژ لەو ئاشتییە ببینم کە پێشکەشی ئەوانەی دەکەم کە بێفیز دەبن لەبەردەمت.

بزانە کە تۆ پارێزراو نیت لە قەلەقی. شتێکیان ئەوەیە کە بزانیت مەسیح ئاشتی تۆیە و شتەکەی دیکەش ئەوەیە کە حەسانەوەت لە مەسیح بدۆزیتەوە. کاتێک کە تۆ حەساوەنیت، دانیپێدا بنێ. بۆیە تۆش پێویستت بە ڕزگارکەرە. گوناهەکانی دڵت دوورتدەخاتەوە لە مەسیح، نەک نزیکتبکاتەوە بەرەو ئەو. ئەگەر دڵەڕاوکێی ناو دڵت بەهۆی گوناهەوە بوو، دانیپێدا بنێ بۆ باوەڕدارێک کە متمانەت پێیەتی.

ئاگاداری ئەو مەترسییە بە لە دۆزینەوەی "ئاشتی" لە ئەنجامی خزمەتی کڵێسا. ئەوە بەو شێوەیە نییە. ئاشتییەکی لەو شێوەیە تەنها سەرابێکە، وەسوەسەکارێکە لە بەرگێکدا. کڵێسایەکی گەورەتر، سەکۆیەکی گەورەتر یان ناوێکی گەورەتر هەرگیز ئاشتیت بۆ ناهێنن. تەنها مەسیح ئاشتی دەهێنێت. بەدوای مەسیحدا بگەڕێ.

## خاچەکەت لەبیر بێت

ستایش بۆ یەزدان، من ئیتر ناترسم لە قسەکردن لەبەردەم خەڵکدا. چەند ساڵێکی پێویست بوو بۆ گەیشتن بەو شوێنە چونکە پرۆسەی پیرۆزکردن هێواشە بەڵام من زۆر کەمتر بیر لە خۆم دەکەمەوە لەکاتی وتاردان. بێگومان ئێستاش ململانێ دەکەم لەگەڵ قەلەقی. هەموو کاتێک هەفتەکە بەتەواوی تێناپەڕێت هەتا زۆربەی لاوازییەکانم بە ڕوونی دەبینم.

بەڵام کاتێک بە ڕۆحی پیرۆز ڕێدەکەم (گەلاتیا ٥:١٦) و بەدوای بەروبوومی ئاشتیدا دەگەڕێم (گەلاتیا ٥:٢٢)، بیرم دەکەوێتەوە کە من ناسنامەکەم لە بنەڕەتدا قەشەیەک نییە. هەروەها، من ناسنامەکەم لە بنەڕەتدا هاوسەر، باوک، کوڕ، یان هاوڕێ نییە. یەکەم و سەرەتا، من باوەڕدارم بە مەسیح. کەسێکم کە گەورەترین کێشەی شکست هێنانە. من "بەخۆڕایی بە نیعمەتی ئەو بێتاوان کرام" (ڕۆما ٣:٢٤). عیسای مەسیح ئەو تووڕەییەی خودای هەڵگرت کە من شایەنی بووم. ئەو جامی پڕ لە تووڕەیی زریاناوی خودای خواردەوە کە لە دژی من بوو بە هەڵواسینی بەسەر دارەوە لەشوێنی

من. من دەتوانم لە "سەرەڕای ئەمەش"دا بژیم. کاتێک وەسوەسەم بۆ دروست دەبێت کە پێموایە وتارەکەم بەشی پێویست باش نییە یان خزمەتەکەم کەم بووە یان ژیانم بەو شێوەیە نییە کە دەبێت ببێت، خاچەکەم لەبیرە. ئیشی عیسا لەسەر خاچ ڕەگی ئاشتیمە. تەنها ئەو کاتە دەتوانم هەناسەیەکی قووڵ هەڵبمژم و بەردەوام بم. تەنها ئەوکاتە، دەتوانم بووەستم و گۆرانی ڕۆدگاست بڵێم کە دەڵێت:

ئەوەی خودای من دیاری دەکات
ڕاستە: بیرکردنەوەی پڕ لە
خۆشەویستی ئەو بۆ منە، هیچ
ژەهرێک ناتوانێت لەناو جامەکەدا
بێت کە پزیشکەکەم دەینێرێت بۆم.

# ٤

# با ماندوو نەبین

## خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، **ئارامگرتن**، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی، بەسەرخۆدا زاڵبوون

کڵێساکەی من، وەک زۆر کڵێساکانی تر، خزمەتی ئێوارەی یەکشەممانی هەیە وە خزمەتی بەیانی یەکشەممانیشی هەیە. ئێوارەی یەکشەممە بۆ ئامانجی نوێژکردن دەگەڕێینەوە، هەروەها هەواڵ لەسەر ژیانی ئەندامانی کڵێساش دەبیستین. پێش ئەوەی خزمەتەکە تەواو بێت، برایەکی باوەڕدار هەمیشە هاندانێک دەدات لە کتێبی پیرۆزەوە. ئیجباری نییە کە ئێوارەی یەکشەممە کۆببینەوە. ئیجباری نییە؛ بە هیچ شێوەیەک. ئەمە دەکەین چونکە دەتوانین. ئەمە کۆبونەوەیەکی بچووکتر و نزیکترە. دوای ئەوەی بووم بە قەشە، ڕابەرایەتی کڵێساکەم کرد بۆ دەستپێکردنی نوێژێکی ئێوارە. زۆرێک لە خەڵکەکە پێیان وابوو شتێکی سەیرە. زۆربەی ئەندامانی کڵێسا هەڵیانبژارد لە ماڵەوە بمێیننەوە. چەند کەسێک کۆببوونەوە، وە ئێمەش نەمانتوانی ژوورە گەورەکەی کۆبوونەوەکەمان پڕ بکەینەوە. دوای ئەوەی دەستمان بەم خزمەتە کرد، قەشەیەکی هاوڕێم لە کڵێسایەکی دیکەوە سەردانی کردم و بە نەرمی هانی دام لە ژوورێکی بچووکتردا کۆببمەوە بەڵام ئێمە بەردەوام بووین لە کۆبوونەوە، هەفتە لە دوای هەفتە، مانگ لە دوای مانگ، ساڵ لە دوای ساڵ.

دوای دە ساڵ، ئێوارەیەکی یەکشەممە سەیری ئەندامانی کڵێسام کرد و سەرسام بووم بەو کارەی کە پەروەردگار کردوویەتی. پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت گەڕاینەوە بۆ ئەوەی نانلەتبکەین (شێوی مەسیح). کۆبوونەوەیەکی وەک ئەمە لە چاوی جیهاندا شتێکی بچووکە بەڵام من باشتر دەمزانی. لەکاتێکدا بەرەکەتی کۆتایی خزمەتەکەم دەدا، باوەڕدارانم وەک گەنجینەی نیعمەتی خودا بینی و گوێم لە نوێژەکانیان بوو. پەروەردگار چەندین کەسی زیاد کردبوو کە بانگکراون بۆ ئەوەی پیرۆز بن. هەندێکیانی لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و مەی ڕزگار کرد. هەندێکی تریانی لە تەنیایی ڕزگار کرد. چەند کەسێکی لە گەلانی ترەوە هێناوە. هەموو ئەو کەسانەی لە ڕێگەی خوێنی کوڕەکەیەوە ڕزگاری کرد. یەک خێزانی ڕۆحیم بینی کە لە دەوری یەک مزگێنی یەکگرتوو بووین، وە خۆشحاڵ بووین بەو یەکگرتووییە. ئەو شەوە سەیری دیمەنێکم کرد کە هەموو قەشەیەک هیوادارە ببینێت؛ کڵێسایەکی ناکامڵ بەڵام خۆشحاڵ.

لەسەرەتادا بەم شێوەیە نەبوو. چی ڕوویدا لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا؟

لە هاوینی گەرمی ٢٠٠٨دا، بووم بە قەشە لە کڵێسایەکی لاواز لەو شارەی کە دەڵێن ئەوەندە سەرقاڵە کە کات بۆ ڕق و کینە نییە؛ ئەتلەنتا لە ویلایەتی جۆرجیا. ئەو کڵێسا نوێیەی من بە ناوی ماونت ڤێرنۆن باپتیست، ڕووبەڕووی کاتە سەختەکان دەبووەوە. ئەندامەکان تامی تاڵی ناسەقامگیریان دەزانی و تامەزرۆی ئەوە بوون بەشێک بن لە کڵێسایەکی چالاک بەڵام ئەو ڕۆژانە وەک خەون بوو. ڕابەرەکان هەموو ڕێگایەکیان تاقیکردەوە بۆ ڕاکێشان و ڕاگرتنی سەردانکەران- فێرکردنی بەرگدووری، ژووری وەرزشکردن، یاری و کەمپەکان. پێدەچوو هیچ شتێک سوودی نەبێت و کڵێساکە بچووکتر بووەوە.

ماندووی خەڵکەکە وەکو ڕۆژی ڕووناک دیاربوو. خەڵکەکە تامەزرۆی گۆڕانکاری بوون. ئەوان تامەزرۆی گەشەکردنی ژمارەیی بوون. هەمووان بیرۆکەیان هەبوو. بۆ نموونە ئاماژەشیان بەوەشکردووە کە "خزمەتکردنی چالاکیەکان نوێ بکەرەوە. کۆڕی منداڵان بهێننەوە، قەشەیەکی مۆدێرن بۆ گەنجەکان بهێنە ناو کڵێسا. کەمێک زۆرتر نوکتە لە وتاردانەکان بڵێ." وەک قەرزی ئاو و کارەبا لە ناو کەوانتەردا

بیرۆکەکانی وەک ئەمانە مێشکمیان پڕکردبوو. بە خێرایی فڕێمدایە زبڵدان.

کاتێک خزمەتکردنم دەستپێکرد، تەنها ڕێگایەکی بەرەوپێش چوونم دەزانی: وتاربدەم بە باشترین شێوە و تا دەمتوانی چاوەڕێ بکەم. وەک مارک دێڤەر دەڵێت: قەشەیەکی باوەڕپێکراو پێویستە ئامادە بێت بۆ فێرکردن و نوێژکردن، خۆشەویستی و مانەوە.[18] بەراستی، ئەمە هەموو شتێکم نەبوو. سەردانی ئەو ئەندامە نەخۆشانەم دەکرد کە نەیاندەتوانی ماڵەکانیان بەجێبهێڵن، یارمەتی کڵێساکەم دەدا بۆ ئەوەی بەپێی کتێبی پیرۆز ڕابەرایەتی بکرێت، فێری پیاوانی گەنجم دەکرد و هانی خزمەتێکی بەهێزی ژنانم دەدا. هەموو ئەمانەم کرد بەو متمانەیەی کە خودا دەبێت گەشەی پێ بدات. بێگومان ویستم ببینم کڵێساکە پڕ بووە لە باوەڕداران و ئەوانەی بەدوای عیسادا دەگەڕێن. لە یەک ڕووەوە، پێویست بووگەشەکردن ببینین. خەرجییە زۆرەکانی بیناکەمان لەلایەن کۆبوونەوەیەکی بچووکەوە نەتوانرا دابین بکرێت. یان ژمارەمان زیاتر بێت و گەشە بکات. یان بگوازینەوە بۆ شوێنێکی تر، یان قەشەیەکی تر بدۆزینەوە. لەو ڕۆژانەدا، کەم بوون ئەو کەسانەی کە پشتگیری گواستنەوە بۆ شوێنێکی تر بکەن.

هەفتانە وتارم دەدا و ڕۆژانە داوام لە خودا دەکرد کە کار بکات. ئەندامان وردە وردە لە کڵێسا دوور دەکەوتنەوە، وەک ئەوەک چۆن بەلوعەیەک نەگیرابێتەوە، دڵۆپە دەکات و ئاوی لێ دەچۆڕێت. بە سوپاسەوە، چەند ڕوویەکی نوێ دەرکەووت بەڵام هیچ شتێکی گرنگ یەکسەر نەگۆڕا، هیچ شتێک کە ئێمە بتوانین بیبینین. کارکردن بۆ چاکسازی لە کڵێسای خۆجێی ئاسان نییە. هەستم کرد کە یاریزانێکی بۆکسینگم لە کێشی سووک و رووبەڕووی پاڵەوانێکی جیهانی لە کێشی قورس دەبمەوە. ئایا دەمتوانی بە گوێرەی پێویست چاوەڕێ بکەم؟ ڕەنگە بتوانم. تێگەیشتم ناتوانم بە چاوتروکانێک گۆڕانکاری بکەم. پێویست بوو خوا کار بکات و منیش ئارام بگرم. لەوانەیە بە ئەگەرێکی زۆر، تۆ لەم بەشەوە دەست پێبکەیت. ئەگەر وابێت، باشە. من وا گریمانە ناکەم کە تۆ گرنگی بە خۆشەویستی و خۆشی و ئارامی نەدەیت. لەوانەیە هێندە بێهیوا بوویت لە ژیان، گەیشتبیت بەم سنوورەی کە چیتر ناتوانیت بژیت. هۆکارەکانی نائومێدی زۆرن. بۆ نموونە: "من هیچ برایەکم نییە کە باری خزمەتکردنم لەگەڵ هەڵبگرێت.

هاوسەرەکەم هەست بە تەنیایی دەکات. منداڵەکانم هیچ هاوڕێیان نییە. ئەو ڕابەرانەی کە لە پێش منەوە لە کڵێسان، دەیانەوێ کەوتنی من ببینن. من ماندووم". من ناڵێم کە پێویستە بمێنیتەوە. ئایا ئێستا کاتیەتی کە بارودۆخەکەت بگۆڕیت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، پێویستت بە راوێژکارانی ژیر و دانا هەیە، کە تۆ و خێزانەکەت باش بناسن. مەبەستی ئەم بەشە تەنها بۆ سەلەماندنی ئەمەیە کە دەتوانیت بمێنیتەوە. من ناڵێم دەبێت بمێنیتەوە، تەنها ئەوە دەخەمەڕوو کە دەتوانیت بمێنیتەوە. نەک بەهۆی ئەوەی کە دەزانم بارودۆخت دەگۆڕێت. نەک لەبەرئەوەی کە دەزانم بەهێزیت. بەڵکو لەبەرئەوەی کە دەزانم ئارامگری لەلایەن رۆحی پیرۆزەوە دراوە بە باوەڕداران و نیشانەی باوەڕداربوونیانە. هەروەها ئەگەر تۆ رابەرێکی باوەڕداریت، ئارامگری بە تۆش دراوە.

هەمووان دەزانن ئارامگرتن چەندە قورسە، بە تایبەت کاتێک هیچ گەرەنتییەک نییە سەبارەت بەوەی کە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت. بیر لەو کچە شۆخە بکەوە، کە چاوەڕێی ئەوەیە کەسێک داوای هاوسەرگیری لێبکات، داوایەک کە رەنگە هەرگیز روونەدات. یان بیر لەو نەخۆشەی شێرپەنجە بکەوە کە چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینەکەیەتی، پشکنینێک کە دەکرێ زۆر نائومێدکەر بێت. یان ئەو دایک و باوکانەی چاوەڕێی ئەوەن بزانن ئایا ئەو تۆوە ئینجیلیانەی کە لە دڵی منداڵەکانیاندا چاندوویانە، لە ژیانی نوێیاندا گەشە دەکەن یان نا. یان چاوەڕوانی ئەو قەشانەی کە زیاتر جەخت لەسەر قوتابیانی زانکۆ دەکەنەوە، بۆ بینینی تینوێتیان بۆ کتێبی پیرۆز. زۆر قەشە چاوەڕوانن کە کڵێساکانیان گەشە بکەن، بەڵام کەم کڵێسا بە خێرایی گەشە دەکەن. بەراستی، زۆرێکیان هەر گەشە ناکەن. ئێمە دەزانین سەرکەوتنی کۆتایی بە دڵنیاییەوە ڕوودەدات و چاوەڕێی هاتنەوەی دووەمی مەسیحیش دەکەین. بەڵام ئازار لە هەزاران ململانێی نێوانیانەوە دێت. ئەم ململانێیانە پێویستیان بە سەبری ئەیوب هەیە.

ئەم بەشە بۆ بیرخستنەوەی تۆیە دەربارەی ئەوەی کە خودا ئارامگری بە رۆڵەکانی خۆی دەبەخشێت. ئارامگری دیارییەکی رۆحی خودایە، دیارییەک کە شایەنی ئەوەیە بەدوایدا بگەڕێین. هەرچەندە زانیارییەکانمان زیاتر دەربارەی ئارامگرتن بێت، هەمان هێندە زیاتر دەبێت نوێژ بکەین کە خودا پڕمان بکات لەم بەروبوومە ڕۆحییە.

## خودا بە هێواشی کار دەکات

بیهێنە بەرچاوت تۆ لەوێ بوویت، کاتێک خودا گەردوونی بەدیهێنا بە وشەکەی. ئەمە مەحاڵە کە لەوێ بیت، چونکە خودا هەموو بوونی لە نەبوونەوە بەدیهێنا بە وشەکەی، ئەمە تەنها نموونەیەکە بۆ تێگەیشتن. بە وشەیەک، خودا ئەستێرەکانی لە ئاسماندا هەڵواسی و کاتی خستە جوڵە. زۆر گەلەئەستێرە هەن لە گەردووندا، تەنها گەلەئەستێرەی رێگای شیری ١٠٠ هەزار ملیۆن ئەستێرەی تێدایە، هەر هەمووشیان جوانن. ئەمە کارەکانی خودایە! داهێنەرێتییەکەی وا دەکات کە هونەرمەندانی وەک ڕێمبرانت و پیکاسۆ وەک منداڵێکی ساوا دەرکەون کە تەنها فڵچەیان لە دیوار دابێت. خوا بە خێرایی و بە تەواوی کاری کرد. کاتێک من وەکو یاریدەدەری یاسایی لە ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کارم دەکرد، زیاتر لە ساڵێکم بەسەر برد بۆ داڕشتنی پڕۆژە یاسایەک کە هەرگیز نەبووە یاسا. چەندین مانگ کارم کرد بە بێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکم هەبێت. خودا بەم شێوەیە نییە. هەمیشە بەرهەمدارە و ئەو خێراییەی کە گەردوونی پێ دروست کرد. سەرمان دەسوڕمێنێت.

بەڵام خودا هەمیشە بە خێرایی کار ناکات. بۆ نموونە پلانی ئەو بۆ رزگارکردنمان بە هێواشی جێبەجێ دەکات. بیر لە یوسف بکەوە، کە ساڵانێکی زۆری لە زیندان بەسەر برد (پەیدابوون ٤١: ١) پێش ئەوەی کە بچێتە دەسەڵات و گەلەکەی رزگار بکات. یان بیر لە ئیسرائیل بکەوە، چوار سەد ساڵ لە میسر کۆیلە بوون (کردار ٧: ٦) پێش ئەوەی کە چێژ لە شیرینی زەوییە بەڵێندراوەکە ببینن. یان بیر لە ئەلیاس بکەوە کە بەرگەی چەوساندنەوەی گرت لەسەر دەستی حەحاڤ و ئیزابێل پێش ئەوەی گوێی لە چرپەی نەرمی یەزدان بێت (یەکەم پاشایان ١٩: ١-٨، ١٢). خودا هەندێک جار بێدەنگە، هەتا کاتێک منداڵەکانی لە ئازارچێشتن دایە (زەبوورەکان ١:٢٨؛ ئیشایا ١٤:٤٢). لە ڕاستیدا، عیبرانییەکان بەشی

یازدەهەم ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە شێوازی کارکردنی خودا جیاوازە لەوەی کە خۆمان ئارەزووی دەکەین. لەم ژیانەدا، زۆربەی ئارەزووەکانمان نایەتە دی. هەرچەندە ئەم باوەڕدارانە پڕ بوون لە باوەڕ، بەڵام نەیانتوانی "ئەوەی بەڵێنیان پێدرابوو وەریبگرن" (عیبرانییەکان ١١: ٣٩). هێشتا پاداشتەکەیان وەرنەگرتبوو.

بیرکردنەوەیەکی فریودەرانەیە ئەگەر وابیر بکەینەوە لەبەر ئەوەی خودا هەموو شتەکانی بەو خێراییە درووست کردووە، دەبێت وابکات ئێمەش بە خێرایی لە ئازارەکانمان تێبپەڕێنێت. بەڵام ئەو بەم شێوەیە کار ناکات. خودا زۆرجار لە رابردوو و لە ئێستاشدا بە هێواشی کاری کردووە و کار دەکات. بۆ نموونە دەکرێ ژنێک تووشی ئازارێکی درێژخایەن بووبێت و هەرگیز رۆژێکی بەبێ ئازار تێنەپەڕاندبێت. یان دەکرێ لە شوێنی کارەکەت بەڵێنی پلە بەرزکردنەوەت پێبدەن و هەرگیزیش روونەدات. یان منداڵێک هەمیشە گرێدراوی کورسی کەم ئەندامێتییەکەیەتی. یان بینینی کڵێسایەک کە هەرگیز گەشە ناکات. خودا بەڵێنی سەرکەوتنی دونیاییانە نادات. زیاتر لەوە، تەنانەت کاتێکیش سەرکەوتن دێت، زۆربەی ئەو کاتانەیە کە ماوەیەکی درێژ بە ئاستەنگیدا تێپەڕیوین. یاریزانێکی ناسراوی تۆپی پێ ناتوانێت بەشداری مۆندیال بکات بەبێ ساڵانێکی زۆر لە راهێنان کردن. مامۆستایەکی زانکۆ بەبێ بەسەربردنی ساڵانێکی زۆر لە خوێندنەوە و کتێبخانە ناتوانێت وانە بڵێتەوە. قەشەیەک گەشەی تەندرووستی کڵێساکەی نابینێت بەبێ ئەوەی ساڵانێکی زۆر لە نوێژدا بەسەر ببات. ئەمە بەگشتی شێوازی کارکردنی خودایە، ئارامگری دەوێت.

## قەت بیرت لەوە کردۆتەوە کۆڵ بدەیت؟

کاتێک چوومە ویلایەتی ئەتلانتا، هەستم کرد کە ئامادەم ببمە قەشەی ئەم کڵێسایە. تا ئەو کاتە، دوازدە ساڵی ڕابردووی خۆم بە راهێنان بۆ کاری خزمەت بەسەر بردبوو. من پێشتر بەشداری بوژاندنەوەی دوو کڵێسای ناتەندرووستم کردبوو. چووبوومە زانکۆی ئینجیلی و لەسەر دەستی مامۆستای بەتوانا وانەم وەرگرتبوو. بیرۆکەکانم سەبارەت بەوەی کە چۆن کڵێسایەکی ناتەدرووست گەشە بکات لە کتێبی پیرۆز و قووڵبوونەوەکانی خۆمەوە سەرچاوەی گرتبوو. بەڵام یەک دوو ساڵ لە خزمەتکردنم لێرە،

دڵنیا نەبووم لە داهاتووم. هەستم دەکرد وەک وەرزشوانێک وام کە ستراتیژی درووست بۆ یارییەکە دەزانێت، بەڵام دڵنیا نییە کە لێهاتوویی پێویستی هەیە بۆ ئەوەی یارمەتی تیپەکەی بدات بۆ بردنەوە.

لەوانەیە تۆش چیرۆکێکی هاوشێوەت هەبێت. بە تێپەڕبوونی کات، ئەندامان وردە وردە کڵێسایان بەجێدەهێشت. هەرگیز ڕووبەڕووی دۆخێکی وا نەبووبووینەوە کە زۆر کەس بە یەکجار کڵێسا بەجێبهێڵن، تەنها ئەوەمان بینیبوو کە چەند کەسێکی کەم لە یەک کاتدا واز لە کڵێسا بهێنن. ڕەخنەکان کەڵەکە بوون. "وتارەکانت زۆر درێژن. خزمەتەکانی کڵێسا خۆشییان تێدا نییە. پێویستمان بە خزمەتی زیاتری گەنجانە. تۆ زۆر سەرنجت لەسەر ئەندامێتییە. زیاد لە پێویست باسی خاچ دەکەیت." سەرەڕای ئەوە، هانیش دەدرام. بە ڕوونی بیرمە پیاوێکی بەتەمەن بە خۆشەویستییەوە پێی گوتم کە بەردەوام بم و کۆڵ نەدەم. بەڵام زۆرجار دەنگی ڕەخنە بەرزترە لە دەنگی هاندان، بە تایبەت لە گوێی ئەو کەسانەی کە ئارامگر نین. بەهۆی ئەزموونی زۆرم لە خزمەتکردن زانیم کە ڕابەرێکی باش ناتوانێت هەمووان لە خۆی ڕازی بکات. سەرەڕای ئەوەش، دەستم کرد بە پرسیارکردن لە خۆم، ئایا بە گوێرەی پێویست لێهاتوویی‌م هەیە بۆ ئەوەی کڵێساکە بە ئاراستەیەکی تەندرووست ببەم؟ ئایا تواناکانم بەس بوون بۆ گۆڕانکاری لەم کڵێسایەدا، لە ناو ئەم کڵێسایە چەقبەستووەدا کە نەیاندەویست هیچ شتێک بگۆڕێت. بەڵێ، خودا کڵێسای خۆی بنیات دەنێت. بەڵێ، خودا پێویستی بە "دانایی و قسەی زیرەکانە"ی من نییە (یەکەم کۆرنسۆس ١: ١٧). بەڵێ، خودا "گەشەی پێدەکات" (یەکەم کۆرنسۆس ٣: ٧). هەموو ئەمانەم لە ڕووی هزرییەوە دەزانی، بەڵام دڵم شتێکی تری دەگوت کە پێچەوانەی ئەوە بوو لە بیرمدا باوەڕم پێی بوو. لە سرووشتی گوناهی خۆمدا، وابیرم دەکردەوە ئەگەر قەشەیەکی بە تواناتر بم، دەتوانم شتەکان خێراتر بگۆڕم. بە خەیاڵمدا دەهات کە کۆڵ بدەم.

تەنها قەشەکان نین کە ڕووبەڕووی شتی لەم جۆرە دەبنەوە. تەنانەت هاوسەرەکانیش بە ئاستەنگیدا تێدەپەڕن. ساردیش دەکەوێتە نێوان هاوڕێیان. هەندێک جار لە شوێنی کارەکەت هەموو کارێک بە دروستی دەکەیت، کەچی دەبینیت پرۆژەکان شکست دەهێنن. ئەوانەی لە جیهانێکی تێکشکاودا دەژین، هەمیشە بە دڕک و داڵ بریندار دەبن (پەیدابوون ٣: ١٨). لە نێوان

هەمووی ئەمانەدا، ئارامگرتن بژاردە نییە. لە ڕۆژانی سەرەتای خزمەتەکەمدا، نموونەکەی مەسیح لەبارەی دەنکە خەرتەلەکە زۆر یارمەتیدام کە بە باشی خزمەت بکەم. گوتی "شانشینی خودا وەک دەنکە خەرتەلەیە، کاتێک لەسەر زەوی تۆو دەکرێت، لە هەموو تۆوەکانی سەر زەوی بچووکترە. کاتێک تۆو دەکرێت، گەشە دەکات و لە هەموو ڕووەکەکان گەورەتر دەبێت و لقی گەورە دەردەکات، بە شێوەیەک باڵندەی ئاسمان دەتوانن لەژێر سێبەریدا هێلانە بکەن." (مەرقۆس ٤: ٣٠-٣٢) بە مانایەکی تر، سەرکەوتن هەموو کات دیار نییە. کاتێک باس لە شانشینیەکەی دەکرێ، خودا هەمیشە کار دەکات، بەڵام قورسە کە هەموو کات ببینرێت. لە نموونەی دەنکی خەرتەلەکە فێربووم کە خزمەت ئەوە نەبوو کە خەڵک پێشبینی دەکرد. خاچ پێش تاجە. بەڵام درکم بەوەش کرد کە وشەکانی خودا بۆ کێشەکانی منیش دەگونجێت. ساڵانێکی زۆری دەوێت تا تۆوی بچووکی خەرتەلەکە گەشە بکات و ببێتە ڕووەکێک کە لە هەموو ئەوانی تر گەورەتر بێت. بۆچی خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە دەبێت لەم ژیانە ئەنجامەکەی ببینم؟ هیچ گەرەنتییەک نییە لەژیانی قەشایەتیت ئەنجام ببینیت. خودا هەندێک لە کڵێساکان بە خێرایی و بە تەواوی و سەرسووڕهێنەرانە گەشە پێدەکات. بەڵام بە گشتی بە هێواشی کار دەکات، وەک چۆن تۆوێکی خەرتەل لە خاکێکی بە پیت گەشە دەکات.

لەوانەیە خەیاڵی ئەوە بکەیت کە کۆڵ بدەیت. دیسان، لەوانەیە هەوڵی گۆڕانکاری بدەیت. ئامانجی من لەم نووسینە بۆ ئەوە نییە کە پێت بڵێم پێویستە هەوڵی گۆڕانکاری بدەیت یان نا. تەنها بە سادەیی دەمەوێ ئەوە بڵێم کە چاوەڕوانی ئاساییە، چونکە خودا دڵسۆزە بۆ پێدانی ئارامگری بە بەندەکانی. دەتوانیت چاوەڕێ بکەیت، چونکە خودا دڵخۆشە بە پێدانی ئارامگری خۆی بە ڕۆڵەکانی. بەراستی، چاوەڕوانی چاکە.

## نوێژکردن بۆ گەشەی خاو

ئەوەی خەریکە دەیخوێنیتەوە ڕەنگە بۆت سەیر بێت. پێموانییە سەیر بێت، بەڵام شتێکە زۆر باسنەکراوە، تەنانەت لەناو باوەڕداراندا. هانت دەدەم بەر لەوەی بیر لە خزمەتەکەت بکەیتەوە وەک قەشەیەک، نوێژ بکە کە

کڵێساکەت هەنگاو بە هەنگاو گەشە بکات. ئەمە پێویستی بە ئارامگرییە. پێش ئەوەی ئەم کتێبە فڕێبدەیتە ناو زبڵدان، با شتێک روون بکەمەوە.

ئێمە دەمانەوێ خێرا گەشە بکەین. هەندێکجار ئەمە روودەدات. کاری خودا لە بوژاندنەوەی رۆحیدا چەندین جار لە مێژوودا بینراوە. لە سەدەی هەژدەم و نۆزدەمی ئەمەریکا، زۆربەی شارەکان بووژانەوەی رۆحییان بە خۆیانەوە بینی، ژمارەی باوەڕدارانی ڕاستەقینە زۆر زیادی کرد. لە سەدەی بیست و یەکدا، لە چەندین وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسیای رۆژئاوادا ژمارەی باوەڕداران بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. خودا دەتوانێت بە خێرایی و بە شیوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە. خودا هەمیشە زیندوو و بەهێزە، بۆیە دەبێت نوێژ بکەین کە بوژانەوە و گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە.
بەڵام نابێت هەرگیز ئارەزوومان بۆ گەشەکردنی خێرا زیاتر بێت لە ئارەزوومان بۆ ئارامگرتن. چەند ساڵێک لەمەوبەر، بە سەرسوڕمانیەوە گوێم لە قەشەیەک دەگرت کە باسی دیدگای خۆی دەکرد بۆ داهاتووی کڵێساکەی. ئەو پلانی وابوو کە تەنها لەماوەی دە ساڵدا کڵێساکەی ١٠٠٠ کڵێسای نوێ دابمەزرێنێت و ژمارەی ئەندامەکانیشی بگاتە ١٠٠ هەزار ئەندام. کە ئەوەم بیست لە قەشەکە، تووشی شۆک بووم. بوێرییەکەی سەرسامی کردم بەو ژمارانەی کە ڕایدەگەیاند، بەڵام لە هەمان کاتدا بە خۆمم گوت، نموونەی تۆوی خەرتەلەکەی لەبیر کردووە؟ بەڵام خودا زۆربەی کات بە هێواشی و بە بەبێ دەنگی کار دەکات. بێگومان ئەمە چەندین هۆکاری باشی لە پشتە. ئارامگرتن شتێکی چاکە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئارەزووی گەشەیەکی هەنگاو بە هەنگاو بکەین.

ئەم پێنج هۆکارە لەبەرچاو بگرە لە کاتی نوێژکردن بۆ گەشەکردنی هەنگاو بە هەنگاو.

<u>یەکەم، چۆنیەتی باشترە لە چەندایەتی.</u> زۆربەی قەشەکان هێندەی پەرۆشیان بۆ گەشەی خێرای کڵێساکانیان بە پەرۆش نین بۆ زانینی ئەوەی ئایا ئەو ئەندامە نوێیانە، باوەڕدارێی راستەقینەن یان نا. بۆ نموونە، کاتێک قەشەیەکی گەنجتر بووم و کەسێک دڵخۆشی خۆی نیشاندا بۆ بوون بە ئەندامی کڵێساکەم، لەو ساتەدا دەمویست هەموو ئەو شتانە فەرامۆش بکەم کە لە کاتی وەرگرتنی ئەندامی نوێدا جێگەی نیگەرانین. ئەگەر کڵێسای من

پێنجەمین کڵێسا بوو‌بێت کە لە ماوەی دە ساڵدا پەیوەندی پێوە کردبێت، لە دڵی خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە، "ئاها، دواجار کڵێسایەکی باشی دۆزیەوە"، لەبری ئەوەی بڵێم "ئۆە نا، لەوانەیە شتێک لە دڵیدا ڕووبدات کە پێویستە لێی تێبگەم." من بە هیچ شێوەیەک پێشنیاری ئەوە ناکەم کە رابەرانی کڵێسا مەرجی وەرگرتنی ئەندام ئەوەندە قورس بکەن کە خەڵک نەتوانێت ببێتە ئەندامی کڵێساکەیان. من تەنها پێشنیاری ئەوە دەکەم کە رابەران زیاتر گرنگی بە شوانایەتی خۆیان بدەن لە بەڕێوەبردنی خوشک و برایانیان نەک تەنها ویستنی زیادبوونی ژمارەی ئەندامانیان.

<u>دووەم، گەشەی تەندرووست، گەشەیەکی بەردەوامە</u>. بڕوانە پەندەکانی سلێمان ١٣: ١١، "ماڵێک بە ناپاکی پەیدا کرابێت، لە کورتی دەدات، بەڵام ئەوەی بە کاری دەست کۆ دەبێتەوە لە زیادبوون دەبێت." چۆنیەتی بەدەستهێنانی سامان گرنگە. پرۆسەکە و هەتا بڕی کۆکردنەوەشی گرنگە. تا دیسپلینت زیاتر بێت لەسەر بەدەستهێنانی سامان، ئەگەری خەرجکردنی دانایانە و پاراستنی ئەو سامانە زیاتر دەبێت. لەبەرئەوە زۆرێک لەوانەی کە پارەیان لە قومار دەست دەوکەوێت لە کۆتاییدا مایەپووچ دەکەن. ئەو قەشەیەت لە بیرە کە باسی گەشەی کڵێساکەی دەکرد لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا؟ بەڵام دوای ١٠ ساڵ هیچ ئەنجامێکی نەبوو رایبگەیەنێت. ئاسانە بێهیوا بیت کاتێک گەشەی کڵێساکەت خاوە. بەڵام ئەگەر گەشەکەت هەنگاو بە هەنگاو بوو، ئەگەری بەردەوامبوونی زیاترە.

<u>سێیەم، کڵێسا گەورەکان، کێشەی گەورەیان هەیە</u>. لە ئابووریدا بنەمایەک هەیە. بیرۆکەیەکی سادەیە. بازرگانییەک دەتوانێت بە زیادکردنی بەرهەمهێنان ئەزموونی پاشەکەوتکردنی تێچوون بکات. مەکدۆنالدز دەتوانێت پەتاتە بە نرخێکی کەم بفرووشێت چونکە بە ڕێژەیەکی زۆر دەیکڕێت. بە کورتی ئەو بازرگانیانەی کە گەورە دەبن زۆربەی کات کاراترن. بەڵام کڵێساکان کارگە نین. خودا ئەوانی بۆ ئەوە دانەناوە کە کاراتر بن و ئەو قەشانەی کە تەنها بەدوای خزمەتکردنی خەڵکی زیاتردا دەگەڕێن مەرج نییە خزمەتێکی باشی ئەو کەسانە بکەن. بۆ نموونە، دروستکردنی بەرنامەیەکی گروپی بچووک کاریگەرە، بەڵام ئەو بەرنامەیە هەرگیز جێگەی ڕاوێژکاری یەک بە یەکی قەشەیەک ناگرێتەوە. کۆنفرانسی هاوسەرگیری بە لە یەک کاتدا خزمەت بە زۆرێک لە

هاوسەرەکان دەکات، بەڵام هەمیشە هەندێک هاوسەر هەن کە پێویستیان بە یارمەتی چڕتر هەیە. ئەگەر بۆ پەنجا یان پێنج سەد کەس مزگێنی بدەیت، کاتی ئامادەکرنی وتارێک بۆ چەند کەسێکی کەم یان ٥٠٠ کەس هەمان کاتە. بەڵام ئەوە بزانە کە لەگەڵ گەشەکردنی زیاتری کڵێساکەت، ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیشت وەک قەشەیەک زیاتر دەبن و قورس دەبێت. رابەرایەتیکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان ئاسان نییە. من پێشنیاری ئەوە ناکەم کە باشترە ببیتە قەشە لە کڵێسایەکی بچووک. ئەگەر کڵێساکەت گەورە یان بچووک بێت، پێویستە ئامۆژگارییەکەی پۆڵست لەبیر بێت بۆ پیرانی کڵێسای ئەفەسۆس کە پێی فەرموون، " ئاگاتان لە خۆتان و لە هەموو مێگەلەکە بێت، کە ڕۆحی پیرۆز ئێوەی کردووە بە چاودێر بەسەریانەوە. شوانایەتی کڵێسای خودا بکەن، کە بە خوێنی خۆی کڕیویەتی." (کردار ٢٠: ٢٨). ئەو دوو وشەیەی لەو ئایەتەدا هەن، "ئاگا لێبوون" و "هەموو." ئەوە دەردەخات کە خزمەتی شوانێک ئاسان نییە و کاری زۆری دەوێت. ئەوە بزانە کە لەگەڵ گەشەکردنی زیاتری کڵێساکەت، ئەرکی شوانێتیشت قورستر دەبێت.

<u>چوارەم، توانای تۆ بۆ شوانایەتیکردنێکی باش بە تێپەڕبوونی کات گەشە دەکات.</u> شوانەکان پێش هەموو شتێک باوەڕدارن. ئێمە هەموومان لە پرۆسەی پیرۆزبووندایین. ئەمە کارێکی هێواش و لەسەرخۆیە ( عیبرانییەکان ١٠: ١٤؛ فیلیپی ١: ٦؛ یەکەم کۆرنسۆس ١: ١٨؛ کۆلۆسی ٣: ٩-١٠). قەشەکانیش وردە وردە باشتر دەبن. توانای شوانایەتی ئێمە بە تێپەڕبوونی کات گەشە دەکات، چونکە بەڕاستی ئێمە بە تێپەڕبوونی کات گەشە دەکەین. ئێمە لە خۆشەویستی و ئاشتی و ئارامگرتن و نیانی و چاکە و دڵسۆزی و دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون گەشە دەکەین. بە شێوەیەکی سادەتر، ئەگەر ڕۆحی پیرۆز لە ئێمەدا بێت، واتە ئەوا ئێمە لە پرۆسەی بوون بە قەشە و ڕابەرێکی باشتر داین بۆ کڵێسا. کڵێسا گەورەکان پێداویستی زۆریان هەیە. هەندێک پیاو گونجاون بۆ چوونە ناو کڵێسایەکی گەورە و بەڕێوەبردنی بە شێوەیەکی زۆر باش و تەندرووست. بەڵام بەڕاستی زۆربەمان وانین، زۆربەمان پێویستمان بە کاتی زیاترە بۆ گەشەکردن و پێگەیشتن. ناتوانیت بەو خێراییەی کە خواردنێک لە مایکرۆوەیڤدا گەرم دەکەیتەوە، ژیری و دانایی بەدەست بێنیت، ئەمە کاتی دەوێ.[19]

پێنجەم، کڵێسا تەندرووست و دڵسۆزەکان هەر قەبارەیەکیان هەبێت، جوانن. با وا بیر نەکەینەوە کە ئەوەی گەورەتر بێت باشترە. گرنگ نییە قەبارەی کڵێساکەت زۆر گەورە یان زۆر بچووک بێت. گرنگترین شت بۆ سەرکەوتنی هەر کڵێسایەک دڵسۆزبوونە نەک گەورەیی یان بچووکی ئەو کڵێسایە. شایەنی باسە کە مەسیح لە رووی جەستەییەوە بەرچاو نەبوو. بڕوانە ئیشایا زۆر بە زەقی باسی ئەوە دەکات:

> "*نە جوانی هەبوو و نە پایەبەرزی تاوەکو سەرنجمان بۆی بچێت، نە دیمەن تاوەکو ئارەزووی بکەین. ڕیسوا و سووک لەلایەن خەڵکەوە، پیاوی ئازار و شارەزای ناخۆشی. وەک یەکێک خەڵک ڕووی خۆیانی لێ بشارنەوە، ڕیسوا بوو و بە هیچمان نەزانی.*" (ئیشایا ٥٣: ٢-٣)

ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە تەنها گرنگی بە خێرایی، قەبارە و جوانی دەرەکی دەدات. ئەمە ئەو مەسیحە نییە کە من دەیپەرستم، ئەو کڵێسایە نییە کە من دەمەوێت پەرستشی تێدا بکەم. نابێت کڵێسایەک قەبارەی گەورەی خۆی بە کێشەیەک ببینێت، نابێت بچووکەکانیش هەست بە شەرمەزاری بکەن لەبەر بچووکی قەبارەکەیان. لەسەردەمی داود و ئێمەشدا، خودا سەیری دڵەکان دەکات، کە ئەمە دڵی کڵێساکانیش دەگرێتەوە (یەکەم ساموئیل ١٦: ٧).

ئەگەر تۆ رابەرێکیت و بە تامەزرۆیت کە خزمەتەکەت بە خێرایی گەشە بکات، ئەوە بزانە کە رەنگە خودا کڵێساکەتان بە شێوەیەکی بەرچاو گەشە پێبدات. ئەو لە ڕابردوودا لەگەڵ قەشەکانی وەک جۆن کریسۆستۆم و چارلز سپورجیۆن و جۆن پایپەر ئەم کارەی کردووە. بەڵام دیسان دەیڵێمەوە؛ قەبارەی کڵێساکەتان هەرچەندێک بێت، با هەمیشە دڵسۆزی خۆی بپارێزێت بۆ مەسیح. با کڵێساکانمان وەک مەسیح هەمیشە بێفیز بن، هەمیشە پشت بە ڕۆحی پیرۆز ببەستن، هەمیشە ئامادەبن لەلایەن جیهان ڕەت بکرێنەوە. ئەگەر کڵێساکەت بەو شێوەیە گەشە ناکات کە تۆ ئارەزووی دەکەیت، لە

ڕاستیدا رەنگە ئەوە زۆر باش بێت. دڵێکی ئارام نوێژ بۆ گەشەیەکی هەنگاو بە هەنگاو دەکات.[20]

## تێپەڕبوون بە قورگی ئەژدیهادا

ئەگەرچی ڕاهاتن لەسەر ئارامگرتن سەختە. بەڵام دەبێت باوەڕداران ئارامگر بن. تەنانەت ئەگەر بە ئازاریش بێت. پۆڵس لێدان و زیندان و ئاژاوە، ماندووبوون و شەونخونی و برسێتی چەشتووە ( دووەم کۆرنسۆس ٦: ٥). پۆڵس زۆر ئازاری چەشت. چۆن بەرگەی گرت؟ چی وای لێکرد ئەو ئازارە بچێژێت؟ نهێنی خۆڕاگرییەکی چی بوو؟ پۆڵس خۆی پێمان دەڵێت چۆن بەرگەی گرتووە. " لە قسەی ڕاستدا، لە هێزی خودا، بە چەکەکانی ڕاستودروستی لە دەستی ڕاست و چەپ" (دووەم کۆرنسۆس ٦: ٧). یەکێک لە چەکەکانی ڕاستودروستی «ئارامگرتنە» (دووەم کۆرنسۆس ٦: ٦). ئەوە چەکێکە لەلایەن خودا خۆیەوە دروستکراوە. هەموو مەسیحییەک خاچی خۆی هەڵدەگرێت ( مەتا ١٠: ٣٨ ؛ مەرقۆس ٨: ٣٤؛ لۆقا ٩: ٢٣) قورسایی هەموو خاچەکان وەک یەک نییە، بەڵام هەموویان خاچی خۆیان هەیە. ئازارەکە هەرچەندە زیاتر بێت، دەبێت بە ئارامی بەرگەی بگیرێت. ئاسانە کە بێ هیوا بیت کاتێک خاچەکەت قورسترە لەوەی کە بیرت لێدەکردەوە، ئەوە بزانە کە ژیان سەختترە لەوەی کە تۆ داوای دەکەیت، بەربەستەکان بەرزترن لەوەی کە تۆ دەتەوێ، گەشەکردنیش هێواشترە لەوەی پێشبینیت دەکرد. بەڵام ئەوە بزانە کە چاوەڕوانیکردنێکی پڕ لە ئازار بەشێکە لە نەخشە و پلانی خودا. ئەوە پلانی ڕزگارکردنەکەیەتی کە بە تێپەڕبوونی کات لە ژیانی گەلەکەیدا رەنگ دەداتەوە.

لە هەر ساتێکدا ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەک دەبینەوە، خوداش بیرمان دەخاتەوە سەبارەت بە پێویستیمان بۆ ئارامگرتن. لەوانەیە وشەکانی سپارجیۆن دڵنەواییکەر نەبن، بەڵام ڕاستن:

"پێت وایە لەسەر تەختە خەوێکی نەرم دەبرێیتە بەهەشت؟ وا بیر دەکەنەوە کە ڕێگەی چوونە بەهەشت، هەمووی چەم و چیمەن و ئاوی سازگار و کانیاو و تاڤگەیە؟ دەبێت ئەوە لە خەیاڵ و بیرکردنەوەتان دەرکەن، ڕێگای

بەهەشت وەک هەڵگەڕان بەسەر چیایەکدا وایە کە شەکەت و ماندووت دەکات، یانیش وەک هاتنە خوارەوە وایە لەم بەرزاییەوە کە دامێنەکەی پڕە لە ئاژەڵی دڕندە و بڵێسەی ئاگر و لافاوی خنکێنەر. بۆ گەیشتن بە بەهەشت دەبێت بە قورگی ئەژدیهادا بڕۆیت."[21]

تەنها بیر لە ئەیوب بکەوە. لە کۆتایی ژیانیدا وەکو پیاوێکی دەوڵەمەند دەمرێت، کە ژیانی پڕ کە بەرەکەتە. بەڵام ئەیوب دوای ئازارێکی زۆر گیشتە ئەم خاڵە بەرگەی "تێپەڕبوون بە قورگی ئەژدیها"ی گرت، واتە بەرگەی لەدەستدانی ماڵ و سامان و منداڵ و نەوەکانی و نەخۆشکەوتنە قورسەکەی و سوکاتیپێکردنی لەلایەن ژنەکەی گرت (ئەیوب ١: ١٣-٢: ١٠). ئەیوب ڕووبەڕووی تەنهایی و خەم و پەشیمانی و نائومێدی بووەوە. هاواری بۆ خودا دەکرد (ئەیوب ٣١) بەڵام خودا سەرزەنشتی کرد (ئەیوب ٣٨: ٢).

قوربانییەکەی مەسیح لە چاو قوربانییەکەی ئەیوب وەک دەرەوشانەوەی خۆر وایە بەسەر مۆمدا. عیسا زۆر زیاتری کرد، نەیویست یەکسانییەکەشی لەگەڵ خودا بقۆزێتەوە (فیلیپی ٢: ٦). بە ویستی خۆیەوە بەرەو ئازاری خاچ ڕۆیشت، تا تەواوی تووڕەیی ئاگرینی خودا دژی گوناهباران بەسەر خۆیدا بڕژێنێت. کوڕە تەواوەکەی خودا تووڕەییەکەی خودای لە جیاتی گوناهباران هەڵگرت (یەکەم پەترۆس ٢: ٢٤؛ دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١؛ مەرقۆس ١٠: ٤٥).

ئایا وشەیەک هەیە بۆ وەسفکردنی ئەوەی کە عیسا چۆن ئەمەی کردووە؟ وشەکان زۆرن، بەڵام یەکێکیان ئارامگرییە. وەک نووسەری کتێبی عیبرانییەکان ڕوونی کردووەتەوە، " با سەرنجمان بخەینە سەر عیسا، پێشڕەو و تەواوکاری باوەڕمان، ئەوەی لە پێناوی ئەو خۆشییەی لەپێشی دانرابوو، بەرگەی خاچی گرت و شەرمەزاری بە سووک وەرگرت، جا لە دەستەڕاستی تەختی خودا دانیشت." (عیبرانییەکان ١٢: ٢). عیسا بە ئارامگرییەوە بە ناو سوکایەتیپێکردنی دوژمنان و پشتگوێخستنی هاوڕێیانی و زریانی تووڕەیی باوکیدا ڕۆیشت. ئەو تەنها ئارامگری نیشاندا، دەیزانی کە ئەم زەوییە جوانە کە بە گوناه تێکشکاوە، ماڵی ڕاستەقینەی ئەو نییە.

چاوەڕێی دەکرد، دەیزانی کە لە دیوەکەی تری خاچ زیندووبوونەوەیەکی پڕ لە شکۆمەندی چاوەڕێی دەکات.

ڕێک باوەڕداران و ڕابەران و شوانەکان بەم شێوەیە چاوەڕێ دەکەن و بەرگەدەگرن. تەنانەت ئێمە بە قەناعەتێکەوە چاوەڕێ دەکەین ئەگەر ئەوەی دەمانەوێ لەم دیوی بەهەشتیش نەیەتە دی، هەر چاوەڕێ دەکەین. ئێمە بەم هۆشیارییەوە چاوەڕێ دەکەین کە ئێمە لە بنەڕەتدا شایەنی کڵێسایەکی بەرچاو نین، خزمەتێکی گەورەی گەنجان و ئامادەبوونێکی زۆری هەبێت لە کۆبوونەوەکانی هەفتانەدا. ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی باشدا چاوەڕێ دەکەین، لە تەنیشت برا گەورەکەمان، عیسا، کە خۆی خەم و پەژارەی ئازەزووە جێبەجێنەکراوەکانی دەزانی. ئێمە چاوەڕێ دەکەین چونکە هیوایەک هەیە کە گەورەترە لە کڵێسایەکی گەورە و خزمەتێکی بەهێز و شکۆمەندی کەسییانە. ئەمە هیوای بەهەشتە، کە تێیدا هەموو فرمێسکێک بە نەرمی دەسڕدرێتەوە، لەوێدا مردن دەکوژرێت و ماتەمینی دەگۆڕێت بۆ شایی و هەموو شتەکانیش تێیدا بە تەواوی نوێن (ئاشکراکردن ٢١: ٤). بەڵام ئەوەت لەبیر بێت، وەک ئەوەی کە سپێرجن باسی دەکات، "ڕێگەی گەیشتن بە بەهەشت" ڕێگای "تێپەڕبوونە بە قورگی ئەژدیهادا"[22]

## ماندوو مەبە

ئایا فێری ئەوە بوویت کە بەرگەی ڕەخنە، نائارامی، تەنیایی، نائومێدی، یان گەشەکردنی خاو بگرێت؟ ئایا دەتوانیت "بەناو قورگی ئەژدیهادا" بڕۆیت لەکاتێکدا کە ڕێگەت گرتووە بەرەو بەهەشت؟ هیوادارم کە وابێت.

ئارامگرتن یەکێکە لە بەرهەم و بەروبوومەکانی ڕۆحی پیرۆز، واتە دیارییەکە لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە. ناتوانرێت لە فرۆشگایەک بکڕدرێت یان بە شێوەی ئۆنلاین داوا بکرێت. ئارامگری لە خوداوە دێت؛ ئەمە کارێکی سەروو سروشتە لەلایەن خودایەک کە لە دڵی ڕۆڵەکانی خۆی دایە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک هەمیشە، دەبێت فێربین کە بە ڕۆح بژین و ڕێگا بگرینەبەر (گەلاتیا ٥: ٢٥). دەبێت هەوڵ بدەین لە ئارامگریدا گەشە بکەین. دەزانن ئەم هەوڵدانە لە چی دەچێت؟

<u>ئەوەت لەبیر بێت کە خودا چەندە ئارامگرە</u>. تەنانەت پێش ئەوەی دەست بکەیت بە هێرشکردنە سەر ئەو نائارامییەی کە لە دڵتدا هەیە، بیر لە ئارامگری خودا بکەوە. کە تا ئێستا عیسا نەگەڕاوەتەوە لەبەر ئارامگرییەکەی خودایە لەگەڵ مرۆڤایەتی، ئەو دەیەوێت مرۆڤی زیاتر ڕزگار ببن (دووەم پەترۆس ٣: ٩). هەبوونی یاخیبووان و گوناهباران نیشانەی ئەوەیە کە خودا ئارامگری هەیە لەگەڵ ئێمەی مرۆڤ. خودا هێشتا کار دەکات بۆ هێنانەوەی زیاتری گوناهباران بۆ لای خۆی. ئەگەر خودا بەم هەموو گەورەیی و شکۆمەندییەی خۆیەوە هێندە ئارامگر بێت بەرامبەر گوناهی مرۆڤایەتی، کەوایە بۆ ئێمە ئارامگر نەبین بەرامبەر گوناهی گوناهباران، دەتوانین گەشە بکەین لە ئارامگرتندا کاتێک تووشی هەر تاقیکردنەوەیەک دەبین لەم ژیانەدا. قەت بیرت لەوە کردووەتەوە کە خودا چەند ئارامگر بووە لەگەڵت؟ ڕەنگە هەندێک لە ناخەوە پرسیارت کردبێت، چۆن خودا ئەم ڕابەرە لووتبەرزە دەکاتە شوان بەسەر ئەو کەسانەی کە خۆشی دەوێن. خودا ئارامگرە لەگەڵت. بە دڵنیاییەوە بە یارمەتی خودا، تۆش دەتوانیت ئارامگر بیت.

<u>تۆبە لە کینە و دڵڕەقیت بکە</u>. سەختە ئارام بگریت کاتێک لە ئازار و نارەحەتیدایت و دڵت ڕەق بووە بەرامبەر خودا، و خوداش بانگت دەکات بەرگە بگریت. ئێمە حەزمان بەوەیە کە ژیان دەبێ ئاسانتر بێت لەوەی کە هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە کە سپێرجین گوتی پێویستە "خۆتان لەم خەیاڵە فریودەرە دەرباز بکەن". ئەگەر بەرامبەر بە خودا دڵڕەقیت و گلەیی لێ دەکەیت، دان بە گوناهەکەتدا بنێ. نوێژێکی لەم شێوەیە بکە. "پەروەردگارم، لێم خۆشبە کە چاوەڕێی ئەوەم دەکرد زیاتر لە ڕزگاری و ئامادەکردنم بۆ بەهەشت پێ ببەخشیت، لێم خۆشبە کە داوای زیاترم کردووە لەوەی پێویستم پێیەتی و لێت توڕە بووم لەسەر ئەوەی ئەوەت پێ نەداوم کە دەمەوێت." کینە و بۆڵەبۆڵ کردن شێرپەنجەیە لە ڕۆحدا. هەوڕێکی تاریکە بەسەر هەموو کارێکی باشدا کە دەتەوێ ئەنجامی بدەیت. لە کینەی دڵ و بۆڵەبۆڵت ڕابکە، وەک چۆن کەروێشکێک لە گورگێک ڕادەکات.

<u>پێشبینی چاوەڕوانیکردن بکە</u>. پێشبینییەکان گرنگن. ئەگەر وا گریمانە دەکەیت کە خودا ئازارەکانت کەم دەکاتەوە، هاوسەرەکەت دەگۆڕێت، خزمەتەکەت سەرکەوتوو دەکات، یان کڵێساکەت گەشە پێدەدات، ئەوا تۆ تۆ

بە گوێرەی ئینجیل دەژیت و بیر دەکەیتەوە. کێ دەزانێت، رەنگە خودا بەم ڕێگا سەختانەی کە دەیگریتە بەر بەرەکەتدارت بکات. لەوانەیە سبەی بارگرانیت سووک بکات. بەڵام لەوانەیە وەهاش نەکات. دەبێ ئەوە بیری خۆمان بهێنینەوە کە خودا زۆربەی کات بە هێواشی کار دەکات. بەبێ گوێدانە ئەوەی خودا چی دەکات لە ئێرە و لە ئێستادا، تۆ بەرهەمی تەواو نابینیت تا عیسا دەگەڕێتەوە. " بەڵام ئەگەر هیوای شتێک بخوازین کە بینراو نییە، ئەوا بە دانبەخۆداگرتنەوە چاوەڕێی دەکەین." (ڕۆما ٨: ٢٥).

<u>ئارامگر بە لەگەڵ ئەوانی دیکە</u>. هەندێک جار، مرۆڤەکان تاقیکردنەوەکانی ئێمەن. نووسەری سیپارەی عیبرانییەکان دەڵێت باوەڕداران دەبێت بەجۆرێک شوێن رابەران بکەون کە خزمەتەکەیان خۆشی بێت نەک بارگرانی (عیبرانییەکان ١٣: ١٧). بەڵام شوێنکەوتووان لەم کارەدا شکست دەهێنن، ئەمەش وا دەکات رابەرایەتیکردن بێهیواکەر بێت. لەوانەیە حەز بکەیت ئەوانەی کە بە باشی شوێنی مەسیح ناکەون پشتگوێیان بخەیت یان دووریان بخەیتەوە. ئەمە هەڵەیە. دەبێت ئارامگر بیت لەگەڵیان. بە وردی گوێ لە نیگەرانییەکانیان بگرە. تێبگە کە ئەوان ڕاستن یان نا. تەنانەت ئەگەر راستیش نەبوون، نەرم بە لە قسەکردن لەگەڵیان. ئەگەر باوەڕدارێک ڕەنخنەی لێگرتیت، ئەوە بزانە کە خودا لە باوەڕداراندا کار دەکات. خودا هێواش هێواش بە درێژایی گەشتی ژیانیان بۆ پیرۆزبوون رابەرایەتیان دەکات. ڕەنگە هەڵسەنگاندنی ئەوان بۆ تۆ هەڵە بێت، بەڵام خودا بەپێی ئەو کاتەی کە خۆی دەیەوێ ژیانیان لە قاڵب دەدات. بۆیە لەبری ئەوەی وەک دوژمن سەیری ئەو ئەندامانەت بکەیت کە بە دڵت نین ، وەک مەڕ سەیریان بکە. نوێژ بکە، شوانایەتی بکە، چاوەڕێ بکە خودا لە هەردووکتاندا کاری خۆی بکات. ئارامگرتن ئەمە دەهێنێتە دی.

<u>بەردەوام بە و چاوت لەسەر داهاتوو بێت</u>. "کەواتە با لە چاکەکاری نەکەوین، چونکە ئەگەر ورە بەرنەدەین لە کاتی خۆیدا دروێنەی دەکەین" (گەلاتیا ٦: ٩). بێ ئارامی واتە کۆڵدانە. بەڵێ، قەشەکان ئەو ئازادییەیان هەیە کە لە کڵێسایەکەوە بچن بۆ کڵێسایەکی تر؛ خودا بەو شێوەیەی کە خۆی بەباشی دەزانێت بەندەکانی خۆی دەجووڵێنێت. بەڵام ئایا کڵێساکانمان تەندروستتر دەبن و قەشەکانیشمان دڵخۆشتر دەبن ئەگەر زیاتر بمێننەوە؟ ئەگەر خەیاڵی کۆڵدانت بۆ درووست بوو، ئەوا گوێ لە ئامۆژگارییەکانی

پۆڵس بگرە. لە چاکەکردندا ماندوو مەبە. بەردەوام بە لەسەری. هەرچییەک کە خودا بانگی کردوویت بۆی، بە ئارامییەوە ئەنجامی بدە، ئەوەت لەبیر بێت کە پاداشتەکەت لە ئاسمانە.
ژیرانەیە کە بەردەوام بیت. بەڵام هەرگیز ئەوەت لەبیر نەچێت، هەمیشە تاقیکردنەوەی نوێ زۆر بە زوویی دێن. هەمیشە پێویستیان بە بەردەوامبوون هەیە. گۆڕینی دیمەنەکان نابێتە هۆی ئەوەی بارانەکە نەیەت.

هێزی ئارامییەکەت لە مزگێنیەکە بدۆزەرەوە. پۆڵس نووسیویەتی: " با مەسیح بەگوێرەی توانای شکۆی خۆی بە هەموو هێزێک بەهێزتان بکات، بۆ هەموو دانبەخۆداگرتن و ئارامگرتنێک، بە خۆشییەوە (کۆلۆسی ١: ١١). ئەو هێزە چییە کە بەهێزمان دەکات بۆ ئەوەی بە خۆشی چاوەڕێ بکەین؟ بەڵگەی "هێزی شکۆمەندی" خودا چییە؟ پۆڵس لە چەند ئایەتێکی دواتر ڕوونی دەکاتەوە: " خودای باوک ئەوەی لە دەسەڵاتی تاریکی دەربازی کردین و ئێمەی بۆ شانشینی کوڕە خۆشەویستەکەی گواستەوە، ١٤ بە یەکبوون لەگەڵ ئەودا کڕدراینەوە، واتا لێخۆشبوونی گوناهمان وەرگرت." (کۆلۆسی ١: ١٣-١٤). پۆڵس هێزی بەرگەگرتنی لە ڕزگارکردنی گوناهباراندا بینی. بە واتایەکی تر، بەبێ مزگێنییەکە، ئارامیت نییە. تەنها کاتێک ئەمە ڕوودەدات کە ئەو شتانە لە باوەش بگریت کە خودا لە مەسیحدا بۆی کردوویت تا بەرگەی تاقیکردنەوە و تەنگانە بگرێت لە پێناوی مەسیح. ڕاهێنان کردن ڕێگای ئارامی نییە، بەڵکو خاچ ڕێگاکەیە. ئێمە لە ئارامگرتندا گەشە ناکەین تا بە مزگێنی نیعمەتی خودا بەهێز نەکرێین.

## گەڕانەوە بۆ شەوی یەکشەممە

ئێستا زیاتر لە دە ساڵە لە هەمان کڵێسادام. بە ویستی خودا ڕەنگە چەندین ساڵی تریش لێرە بم. خودا بە تێپەڕبوونی کات، ساڵ بە ساڵ، هێواش هێواش ژمارەی ئەندامانی کڵێساکەمانی زیاد کردووە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە خودا لە ناوماندا کار دەکات، یارمەتیدەرمان بووە بۆ ئەوەی بیناسین و خۆشمان بوێت. ئێوارەی یەکشەممەیەک، کاتێک چاوم خستە سەر کۆمەڵەی باوەڕدارانی کڵێساکەم کە هاتبوون بۆ نوێژ، چێژێکی بچووکم لە پاداشتە ئاسمانیەکەم وەرگرت. چونکە گەشەی تۆوی

خەرتەلەکەم دەبینی. تۆوێک کە لە زەوییەکی دەوڵەمەند بە ئینجیلەوە بچێنرێت، سەر دەردێنێت و گەشە دەکات. خودا تا ئاستێکی باش، خۆشەویستی و یەکگرتوویی و خۆشی لە ئێمەدا بەرهەمهێناوە، کە چەند ساڵێک بوو خەونم پێوەی دەبینی.

دەبێت هەمیشە خاچەکەت هەڵبگریت. هەمیشە تووشی تاقیکردنەوەی جیاواز دەبین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژانێک هەن کە خاچەکە لەسەر شانمان سووکتر دەبێت. ساتگەلێک هەن لەم جیهانە شکاوەدا کە خودا هەستێکت پێدەبەخشێت سەبارەت بەوەی کە تۆوی خەرتەلەکە چەندە گەورە دەبێت و گەشە دەکات. لەم نێوەندەدا ئارام بگرە.

# ٥

# لەوە زیاتر نا کاکی بەڕێز

## خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، **نیانی**، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون

"من ٨٦ ساڵ خزمەتی خودام کردووە، هەرگیز خراپەی لەگەڵ نەکردووم. کەواتە چۆن دەتوانم کوفر بەرامبەر بە پاشا و ڕزگارکەرەکەم بکەم؟"[23] ئەمە قسەکانی قەشەیەکە بە ناوی پۆلیکارپ. ئەم قسانەی لە ٢٣ی شوباتی ساڵی ١٥٥ی زایینی گوتووە، ئەو ڕۆژەی ڕۆمانییەکان لەسەر بانگەشەی ئینجیل کوشتیان. کاتێک داوای لێکرا نکۆڵی لە مەسیح بکات، بەتەواوی پێداگری لەسەر ئەوە کردەوە کە مەسیح هەرگیز بۆ جارێکیش شکستی نەهێناوە.

زۆری نەخایاند لە دوای مردنی، مەسیحییەکان داوایان لە کڵێساکەی کرد کە کتێبێک لەسەر کاتژمێرەکانی کۆتایی ژیانی پۆلیکارپ بنووسێت. ئەمە سەرەتاییترین تۆمارە لە بارەی شەهیدێکی مەسیحی کە لە دەرەوەی کتێبی

پیرۆز تۆمارکرابێت. قەشە پۆلیکارپ زۆر ئازا و بوێر بوو. بۆ نموونە کاتێک حاکم کوادراتۆس ئاگاداری کردەوە کە ئەگەر نکۆڵی لە مەسیح نەکات ئەوا دەسوتێنرێت تا گیان لە دەستدەدات، بەڵام پۆلیکارپ وەڵامی دایەوە، "ئەو ئاگرەی کە هەڕەشەم پێ لێدەکەیت کاتییە، دوای ماوەیەک دەکوژێتەوە. بەڵام بڵێسەی ئاگری حوکمدانی داهاتوو و ئازاری هەمیشەیی کە بۆ بێباوەڕان ئامادەن هەرگیز ناکوژێنەوە."[24] کاتێک بیر لە پۆلیکارپ دەکەینەوە، بیر لە بوێرییەکەی دەکەینەوە. بەڵام هۆکاری زۆریشمان هەیە بۆ ئەوەی بیر لە نیانییەکەی بکەینەوە. بۆ نموونە، پۆلیکارپ پێش مردنی، لە شاری سمیرنا خەریکی کاری قەشایەتی بوو، بۆی دەرکەوت دەسەڵاتداران دەیانەوێت بیگرن و ناچاری بکەن بخور بۆ ئیمپراتۆر بسوتێنێت. بەم شێوەیە ڕۆمانییەکان مەسیحییەکانیان ناچار دەکرد کە نکۆڵی لە مەسیح بکەن. چونکە سوتاندنی بخور بە جۆرێک لە پەرستش دادەنرا. قەشە پۆلیکارپ بە هیوای ئەوە بوو کە لە شارەکەدا بمێنێتەوە و چاوەڕێی هاتنی پۆلیس بکات بەڵام ئەندامانی کڵێساکەی قەناعەتیان پێکرد کە هەڵبێت بۆ ماڵێک لە ماڵەکان لەو وڵاتە. چووە ماڵێک و نوێژی کرد. نوێژی بۆ خۆی دەکرد بەڵام "بۆ کڵێساکانی سەرتاسەری جیهانیش نوێژی دەکرد، وەک خووی ئاسایی خۆی."[25]

درەنگانی شەوێکی هەینی، سەربازەکان بۆیان دەرکەوت کە لە کوێ خۆی حەشارداوە. سەربازەکان جووتیارێکیان ئەشکەنجە دابوو کە دەیزانی پۆلیکارپ لە کوێ خۆی حەشارداوە، ناچاریان کرد کە پێیان بڵێت ئەو لە کوێ خۆی حەشارداوە. پۆلیکارپ دەیزانی کە سەربازەکان دێن. دەیتوانی هەڵبێت بەڵام لەبری ئەوەی هەڵبێت، شتێکی سەرنجڕاکێشی کرد. پۆلیکارپ بە نیانی مامەڵەی لەگەڵ دوژمنەکانی کرد:

> *هەر کە گوێی لە دەنگی هاتنیان بوو، هاتە خوارەوە و بە گەرمی پێشوازی لێکردن. هەموو ئەوانەی لەوێ بوون سەریان سوڕمابوو بە پیری و ئارامییەکەی. هەروەها سەریان سوڕما لەوەی کە چۆن دەستگیرکردنی پیاوێکی وا بە تەمەن دەکرێت ئەوەندە بەپەلە بێت. سەرەڕای ئەوەی درەنگانی شەو بوو، بە خزمەتکارەکانی گوت هەموو خواردن و خواردنەوەیەک بدەن بە سەربازەکان کە داوای بکەن؛ پاشان پرسیاری لە سەربازەکان*

*کرد کە ئایا دەتوانێت بۆ ماوەی یەک کاتژمێر نوێژ بکات بەبێ پچڕان.* [26]

پۆلیکارپ دەیزانی کە کوژرانی نزیکە.  هەموو هۆکارێکی هەبوو بۆ گومان و نائومێدی. پێدەچێت لەو ساتەدا، بیری لە قسەکانی ڕزگارکەرەکەی عیسای مەسیح لە مەتا ٥: ٣٩ کردبێتەوە، "لە دژی خراپەکار مەوەستنەوە، بەڵکو ئەوەی لە روومەتی ڕاستی دایت، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە." پۆلیکارپ لە کۆتا شەوی ژیانیدا زیاتر لە بوێرییەکەی، نیانی هەبوو. کارەکانی یەکێک لە بەروبوومەکانی ڕۆحی پیرۆزی دەرخست کە نیانییە.

## نیانی گرنگە

نیانی گرنگە، بەڵام زۆرجار پشتگوێ دەخرێت. بوونی نیانی لە ژیانتدا بەڵگەیە لەسەر کاری ڕۆحی پیرۆز لە دڵتدا. بەڵام مەبەستی ئەوە نییە هەر کەسێک کە کاری  نیانییانە بکات، رۆحی پیرۆزی هەبێت. بێباوەڕانیش دەتوانن نیان بن.  کاتێک جۆرج ئێچ دبلیو بوش لە ساڵی ١٩٨٨ بوو بە سەرۆکی ئەمریکا، هانی هاوڵاتیانی دا کە نیان بن و خزمەت بە کۆمەڵگاکانیان بکەن. هەمووومان هاوڕێ و خێزانی بێباوەڕ دەناسین کە هەوڵدەدەن نیان بن. ئەمە بەشێکە لە نیعمەتی گشتی خودا. مەتا ٥:٤٥ دەڵێت "ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپدا هەڵدێنێت و باران بەسەر پیاوچاک و زۆرداریشدا دەبارێنێت." بە واتایەکی تر دونیا پڕە لە چەندین کردەوەی بچووکی نیانانە.

بەڵام بەو پێیەی نیانی بەروبوومی ڕۆحی پیرۆزە، دەبێت لە ژیانی باوەڕداردا زۆر بێت وەک چۆن سەیرانێک پڕە لە خواردن و هەڵپەڕکێ. ژیانی باوەڕداران پێویستە نیانی بەرهەم بهێنێت. نیانی دەبێ لە ژیانی باوەڕداراندا هەبێت وەک چۆن خوێ لە ئاوی دەریادا هەیە. نیانی دەبێ لە هەموو شوێنێکی ژیانی باوەڕداردا بێت، کاریگەری لەسەر هەموو کارەکانی هەبێت.

کاتێک منداڵ بووم، پێم وابوو ڤانێللا بە مانای نەبوونی شوکولاتە دێت. من نەمدەتوانی لەوە تێبگەم کە بۆچی کەسێک حەزی لە ئایسکرێمی ڤانێللایە. پێم وابوو کاتێک هەموو تامێک لادەبەین ئینجا ئایسکرێمەکە وەک ڤانێللا دەمێنێتەوە. ئاسانە کە وەک ئایسکرێمی ڤانێللا بیر لە نیانی بکەینەوە. ئەو نیانییە ئەوەیە کە کاری خراپ نەکەیت. ئەگەر بەم شێوەیە لە نیانی تێبگەین، کەوایە مرۆڤێکی نیان بەو کارە پێناسە دەکرێت کە *نایکات*، نەک بەوەی کە دەیکات. بێ ئەدەب نییە. خۆبەزلزان نییە. کەللەڕەق نییە. نیانی زیاترە لە نەبوونی کەللەڕەقی. نیانی بریتییە لە بەزەیی و بەخشندەیی بەرامبەر بە کەسانی دیکە. کەسی نیان یارمەتیدەرێکی بەسوودە و بە خۆشەویستییەوە کار بۆ چاکەی ئەوانی تر دەکات. ئەگەر چاکە ڕووناکی خودابێت و لە دڵی مرۆڤدا دەدرەوشێتەوە، کەوایە نیانیش ڕووناکی خودایە و *لە* دڵی مرۆڤدا دەدرەوشێتەوە. نیانی بۆ سوودی کەسانی ترە.

لە سەردەمی دیجیتاڵی ئێمەدا مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتری. سۆشیال میدیا ڕۆژی لەدایکبوونی هاوڕێکانت بیردەخاتەوە. ئاسانە وێنەی ڕۆژی لەدایکبوونی کەسێک "لایک" بکەیت یان نامەیەک بنێریت بۆ ئەوەی بزانێت کە لەبیرت بووە. ئەوە جوانە. بەڵام با جوانی لەگەڵ نیانیدا تێکەڵ نەکەین. نیانی لە کرداردا خۆی نیشان دەدات. بۆ نموونە نیانی ئەوەیە کاتێک کە هاوڕێکەت بانگهێشتیماڵەکەت دەکەیت بۆ ئەوەی ئاهەنگی لەدایکبوونی بۆ بگێڕێت. نیانی ئەوەیە کە بە دڵخۆشییەوە و لە دڵەوە پارەی ژەمی هاوڕێکەت بدەیت. نیانی زیاترە لە وەبیرهاتنەوە، نیانی بریتییە لە ئەنجامدان. نیانی ئەوەیە کە قەشەکان وەک پۆلیکارپ خواردن بدەن بەو پیاوانەی کە خەریکن بیبەن بۆ ئەوەی بیسوتێنن تا گیان لەدەستدانی. چاکە شتێکە بەڵام نیانی *کارێکە*. نیانی بانگمان دەکات بۆ ئەنجامدانی کردار تا کاریگەری باشمان هەبێت لەسەر جیهان.

ئەم بەشە داوامان لێدەکات کە ئێمەی باوەڕدار کۆشش بکەین تا نیان بین. بانگەوازێکە بۆ هەموو باوەڕداران. بەڵام ئەم کتێبە بە پلەی یەکەم بۆ ڕابەرە باوەڕدارەکانە. بۆ ئەو کەسانەیە کە لەلایەن کڵێسایەک یان خزمەتێکەوە وەک کەسێک ناسراون کە توانای ئەوەیان هەیە زیاتر خۆیان تەرخان بکەن بۆ خزمەتکردن لە چاو ئەوانی تر. بۆیە زۆر گرنگە بۆ تۆ کە نیان بیت.

شوانەکانی کڵێسا، خەڵکێکی زۆریان هەیە کە چاودێرییان بکەن. ئەمەش بەو مانایە دێت کە کردارە پڕ لە نیانییەکانی نەک تەنها کاریگەری لەسەر ئەو کارانە دەبێت کە دەیکات، بەڵکو لەسەر تەواوی ئەو کارانەشە کە کڵێساکەی دەیکات. بە واتایەکی تر، ڕابەرێکی نیان بە ئەگەرێکی زۆرەوە کڵێسایەکی نیان بەرهەم دەهێنێت. کڵێسایەک کە نیان بێت، نیعمەتی شکۆمەندی خودا بە شێوەیەکی تایبەت نیشان دەدات. قەشەکان دەبێ لاسایی عیسا بکەنەوە کە شوانی سەرەکیمانە. شوانەکەشمان نیانە. بۆیە ڕابەر پێویستە نیان بێت چونکە لاسایی مەسیح دەکاتەوە. نیانی واتای چییە؟ ماری بیک دەڵێت کە میهرەبانی واتە "ئێمە سەردانی خانمە تەمەن ٩٨ ساڵەکە دەکەین هەرچەندە کە ئەو چیتر ناتوانێت قسەش بکات، قژی ئاڵۆزکاوە، جوانی جارانی لەدەستداوە و نازانێت چ ڕۆژ و بەروارێکە، ڕەنگە ئەوەشی لەبیر نەمێنێت کە سەردانت کردووە."[27] ئەگەر قەشەیەک ئەو کەسانە پشتگوێ بخات کە بۆ کەسانی تر گرنگ نین، بەم کردارەی دەڵێت کە مەسیح گرنگی بەو کەسانە نادات کە جیهان پشتگوێیان دەخات. نیانی گرنگە.

## نیانی خودا

نیانی سیفەتێکی خودایە، بەروبوومی ڕۆحی خودایە. پێش ئەوەی هەر هیوایەکمان هەبێت بۆ نیان بوون، پێویستە لە نیانی خودا تێبگەین. لە ڕۆما بەشی ١، پۆڵس باسی تاریکی مرۆڤایەتی دەکات. خراپە لە دڵی ئەو کەسانەدا دەرژێت کە هێشتا بە نیعمەتی خودا لە دایک نەبوونەتەوە. ڕۆما ١: ٢٩-٣١ دەڵێت: "بە قسە و قسەڵۆکن، بوختانچین، ڕقیان لە خودایە، خۆبەزلزانن، لووتبەرزن، خۆهەڵکێشن، داهێنەری خراپەن، گوێڕایەڵی دایک و باوک نین، بێ مێشکن و دڵسۆز نین، بێ باوەڕن، بێ دڵن، بێبەزەیین". لە ڕۆما بەشی ٢دا پۆڵس بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدات کە گوناهباران شایەنی حوکمدانی خودان. پاشان لە ڕۆما ٣: ٢٣ قسەی کۆتایی خۆی سەبارەت بە گوناهباری مرۆڤ دەکات. دەفەرموێت: "هەمووان گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا دوورکەوتنەوە."

ئەو وشانە بە هێواشی و بە وردی بخوێنەرەوە، وەک ئەوەی بۆ یەکەمجار بیانخوێنیتەوە: "هەمووان گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا دوورکەوتنەوە." هەمووان. گوناهیان کرد. لە شکۆی خودا دوورکەوتنەوە. بۆ نموونە

هەندێکجار ئەگەر شتێک لە بازاڕ بە ١٠ هەزار دینار بێت و تۆش نۆ و نیوت پێ بێت، خاوەن دوکانەکە دەڵێت "کێشە نییە"، تەنها ئەوەندەت لێ وەردەگرێت. چونکە پێی وایە کە نۆ و نیو دوور نییە لە ١٠ هەزار. بەڵام بیهێنە بەرچاوت کە تۆ بە تیر و کەوان ڕاو بۆ خواردن دەکەیت. ئەگەر تیرەکەت لە نێچیرەکەت نەدا و تەنها سانتمەترێک لێی دوور بێت، ئەو ڕۆژە خێزانەکەت برسی دەبن، ئەگەرچی دووری تیرەکە و نێچیرەکەت تەنها یەک سانیتمەتر بووبێت. لەم حاڵەتەدا دوورکەوتنەوە (نەپێکان) بە دووری تەنها یەک سانتیمەتر بۆ تۆ بابەتی ژیان و مردنە. ئەوە جۆرێکە لەو دوورکەوتنەوەیەی کە پۆڵس لە ڕۆما ٣: ٢٣ باسی دەکات. بە پێچەوانەوە، ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە نێچیرێک ڕاوبکەین بەڵکو دەمانەوێت بۆ شکۆی خودا بژین. بڕیارە ئێمە ژیانێک بژین کە بەڕاستی و بە تەواوی و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر شکۆمەندی خودای تێدا ڕەنگ بداتەوە. ئێمە بۆ ئەوە دروستکراوین: بە ژیانمان شکۆمەندی خودا نیشان بدەین، ڕێزی لێ بگرین، خزمەتی بکەین، نوێنەرایەتی بکەین لە هەموو کارەکانماندا.

هەندێک جار وەرزشوانێکی پیشەگەر دەبینین کە باوکی پێشتر وەرزشوانێکی پیشەگەر بووە. ڕەنگە تەنانەت لە باوکیشی باشتر بێت، نازناوی زیاتری بەدەستهێنابێت. ڕەنگە ئەو لە باوکی خێراتر بێت، ژمارەی پێوانەیی زیاتر بشکێنێت. ئەوان بە هەمان ناو یاری دەکەن، نوێنەرایەتی دایک یان باوکیان دەکەن لە یاریگادا، بەڵام باشتر یاری دەکەن، تەنانەت زیاتر لە دایک یان باوکی شکۆمەندییەکەی دەدرەوشێتەوە.

بێگومان هیچ کام لە ئێمە ناتوانین شکۆمەندی خودا تێپەڕێنین، ئەو ئێمەی لەسەر وێنەی خۆی درووستکردووە. بۆیە پێویستە لە مەیدانی ژیاندا نوێنەرایەتی ئەو بکەین. بەڵام هیچ کام لە ئێمە سەرکەوتوو نابین. هەموومان شکست دەهێنین و ئەمەش کێشەیەکی بچووک نییە. یاخیبوونە لە خودا. پۆڵس لە ڕۆما ٣: ١٠-١٢ دەڵێت: "کەس بێتاوان نییە، تەنانەت یەک کەسیش، کەس نییە تێبگات، کەس نییە بە دوای خودا بگەڕێت. هەموویان روویان وەرگێڕا و تێکڕا بێ سوود بوون. کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە." ڕوونە، ئێمە شایەنی حوکمی خوداین. ئەو کەسەی لە یاخیبوون بەردەوامە، واتە حوکمی خودای لەسەرە. وەک ڕۆما ٢: ٥

دەڵێت: ئەو "لە ڕۆژی تووڕەیی و ئاشکراکردنی حوکمی دادپەروەرانەی خودا، تووڕەیی لەسەر خۆی کۆدەکاتەوە."

دیسانەوە هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە و بیر لەم ڕاستییە بکەرەوە. هەمووومان دوورکەوتووینەتەوە لە خودا. هەمووومان. ئەو قەشەیەی کە چەندین کاتژمێر کار دەکات لەسەر ئامادەکردنی وتارێک، ئەویش دوورکەتۆتەوە لە خودا. تەنانەت ئەو باوەڕدارەی کە هەموو شەوێک سەردانی خەڵک دەکات بۆ ئەوەی مزگێنیان پێ بدات، دوورکەوتووەتەوە لە خودا. ئەو خزمەتکارەی کڵێسا کە زوو دەگاتە کڵێسا بۆ خزمەتکردنی منداڵان، دوورکەوتووەتەوە لە خودا. ئەو مزگێندەرەی کە ماڵ و خێزانەکەشی بەجێهێشتووە، دوورکەوتووەتەوە لە خودا. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بەڕاستی شایەنی تووڕەیی خودان. ڕابەرە باوەڕدارەکانیش دوورکەوتوونەتەوە لە خودا. ئێمە تەنها مزگێنی نادەین، بەڵکو خۆشمان بەڕاستی *پێویستمان* بە مزگێنی هەیە - ئەو مزگێنییەی کە پڕە لە نیانی خودا.

تاکە هیوامان لە ناو ئەم هەموو هەواڵە ناخۆشە نیانی خودایە. تاکە ڕێگە بۆ ڕزگاربوون لەم حوکمە ئەوەیە کە نیانییەکەی لە باوەش بگرین. لە سەردەمێکدا هەموومان نیانییەکەیمان ڕەتکردۆتەوە. سوپاس بۆ خودا کە دەتوانێت ڕەقترین دڵ نەرم بکات. دەتوانێت خراپترین گوناهبار ڕزگار بکات. کاتێک ئێمە بەهۆی بێباوەڕی خۆمان لە خودا دووردەکەووتینەوە، ئەو بە نیانی لێمان نزیک دەبوویەوە. وەک پۆڵس لە ڕۆما ٢: ٤ دەڵێت: "نەرمونیانی خودا بەرەو تۆبەکردنت دەبات." لە کاتێکدا ئێمە هێشتا لە خودا یاخی ببووین، بەڵام نیانی خودا لە ئاخوڕێک لە بەیتلەحم دەرکەوت. عیسا دەرکەوتنی چاکە و میهرەبانی خودایە (تیتۆس ٣: ٤). کاتێک دڵمان پڕ بوو لە توڕەیی و کوشتن و ڕەگەزپەرستی و تەماح و ناپاکی، نیانی خودا ئێمەی کردە بەشێک لە بنەماڵەکەی (ڕۆما ١١: ٢٢). کاتێک پشتمان بە ڕاستودرووستی خۆمان دەبەست، نیانی خودا هات و ڕزگاری کردین. ئەو ڕزگاری کردین. تەنانەت ئەمڕۆش، هەرچەندە ئێمە بەردەوام لە ئەو دووردەکەوینەوە، بەڵام خودا بەردەوام "دەوڵەمەندی نیعمەتی بێ هاوتای خۆی لە ڕێگەی میهرەبانییەکەیەوە بۆ ئێمە دەربخات کە لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکین (ئەفەسۆس ٢: ٧).

خودا نیانە. خودا هاتە لای ئێمە کاتێک گوناهبار بووین. ئێمە دوژمن و یاخی و ناپاک بووین. بەڵام گوناهەکەمان ڕێگری نەکرد لە هاتنی خودا بۆ لای ئێمە بۆ سەلماندنی نیانی خۆی. مەسیح بۆ ئەوە بووە مرۆڤ تا گوناهەکانمان لەسەر شانەکانی هەڵبگرێت. "ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناه، تاکو بە یەکبوون لەگەڵ مەسیحدا ببین بە ڕاستودروستی خودا." (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١). نیانی خودا لە دڵی مزگێنییەکەدایە چونکە خودا نیانییە.

ڕێگای نیانیبوون ئەو کاتە دەستپێدەکات کە دان بەوە بنێیت کە خودا نیانە. دواتر چییە؟ چۆن لە نیانیدا گەشە بکەین؟ دەکرێ زۆر وەڵام هەبن بۆ ئەو پرسیارە بەڵام دەمەوێت تەنها جەخت لەسەر سێ وەڵام بکەمەوە. یەکەم: نیانی *مزگێنی دەدات*. دووەم: نیانی لە *خەڵک خۆشدەبێت*. سێیەم: نیانی *خزمەت دەکات*.

## نیانی مزگێنی دەدات

گرنگترین کرداری نیانیانە کە تا ئێستا وەرمگرتووە، ئەو کاتە بوو کە هاوپۆلێکم بە بوێری مزگێنی لەگەڵدا باس کردم. لە قوتابخانە برێندام ناسی. بۆ ئەرکێک، مامۆستاکەمان پێی گوتین پێویستە بچین شانۆگەرییەک ببینین، بۆیە برێندام بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی لەگەڵم بێت بۆ شانۆنامەکە بەناوی "*سیرانۆ دی بێرجێراک*". لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکا گەورە بووم، کە ژینگەیەکی سێکیولاری هەیە، زۆر کەمم لەبارەی باوەڕی مەسیحییەوە دەزانی و تەنانەت کەمترم لەبارەی مزگێنی دەزانی. من کتێبی پیرۆزم بە چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەزانی. ئەو زانیارییە کەمەی کە هەشمبوو لەسەر کتێبی پیرۆز لە فیلم و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانەوە وەرمگرتبوو. پێم وابوو هەموو مزگێنیدەران دووڕوون و هەموو مەسیحییەکانیش خوێندەوار نین و تەنها باوەڕیان بە درۆیەک کردووە. برێندا زیرەکترین کچ بوو لە قوتابخانە. بۆیە کاتێک پێکەوە چووینە شانۆنامەکە، سەرم سوڕما کاتێک پێی وتم باوەڕی بە عیسا هەیە. نەمتوانی باوەڕ بەوە بکەم. زۆر پرسیارم لێکرد دەربارەی باوەڕەکەی. ئەو پێی گوتم کە: *بەڕاستی خودایەک هەیە. ئەو خۆی لە مەسیحدا ناساندووە. کتێبی پیرۆز وشەکانی ئەوە. ناسینی مەسیح وەک پەروەردگاری لە خاچدراو و*

*زیندووبووەوە پێویستە بۆ ژیانی هەتاهەتایی.* زۆر بە قوڵی باوەڕی بەمانە هەبوو. منیش وەڵامم دایەوە: "برێندا، پێت وایە دەچمە دۆزەخ؟" هەرگیز وەڵامەکەی لەبیر ناکەم.

"بەڵێ هارون، ئەگەر عیسا وەک پەروەردگار ڕەت بکەیتەوە، ئەوا، بەڵێ، پێموایە دەچیتە دۆزەخ." وەک ئەوە بوو بۆمبێکی بەسەرمدا فڕێدا بێت. دەیتوانی گفتوگۆکە بگۆڕێت بۆ ئەوەی هەست بە شەرمەزاری نەکەم. دەیتوانی بڵێت: "من کێم کە حوکم بدەم؟" بەڵام وای نەکرد. بەڵکو لە جیاتی ئەوە نیانیترین کاری کرد کە باوەڕدارێک بتوانێت بیکات. ئەو بە ڕاستی مزگێنییەکە بەرەنگاری کردم.

ئەگەر بەڕاستی نیان بیت، مزگێنی بە ئەوانی تر دەدەیت، تەنانەت ئەگەر قبوڵکردنیشی قورس بێت بۆیان. چۆن دەتوانین بڵێین نیانین ئەگەر ڕێگە بدەین ترسمان لە جنێودانی کەسانی تر ڕێگربێت لەوەی کە پێیان بڵێین؛ خودای نیانمان ڕێگایەکی بۆ گوناهباران کردۆتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا ئاشت ببنەوە؟ ناتوانین. کاتێک بەڕاستی نیانی خودا لە دڵی ڕۆڵەکانی خودادایە، ڕاستی مەسیح بە کەسانی دیکە رادەگەیەنین. بیر لە پۆڵس بکەنەوە. نیانی یەکێکە لە "چەکەکانی ڕاستودروستی" کە پۆڵس بەکاری دەهێنا کاتێک ڕووبەڕووی چەوساندنەوە دەبووەوە (دووەم کۆرنسۆس ٦: ٧). لەبەر ئەوەی نیانی پەروەردگار دڵی پۆڵسی پڕکردبوو لە نیانی، پۆڵس لە بەرامبەر چەوساندنەوە سەختەکەیدا مزگێنی دەدا. باوەڕدارە ڕاستەقینەکان نیانن و مزگێنی عیسا بە خەڵک رادەگەیەنن.

بۆ زۆرێک لە ڕابەرە باوەڕدارەکان، مزگێنیدانی کەسیی ئاسان نییە. ئێمە زۆربەی کاتەکانمان لەگەڵ باوەڕداران بەسەر دەبەین. بێگومان ئێمە مزگێنی دەدەین لە وتار و قسەکردنماندا بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕابەرە باوەڕدارەکان کاتێکی زۆر لەگەڵ هاوڕێ بێباوەڕەکانیاندا بەسەر نابەن. بەڵام ئەگەر بمانەوێت "بە ڕۆحی پیرۆز بژین" (گەلاتیا ٥: ١٦)، دەبێت بەدوای نیانیدا بگەڕێین. واتە پێویستە دەرفەت دروست بکەین بۆ ئەوەی مەسیح بە دراوسێ و خێزان و هاوڕێکانمان بناسێنین. من ئامانجم وایە کە لانیکەم هەفتەی جارێک لە دەرەوەی وتارداندا مزگێنی بدەم، جگە لەوەی کە لە وتاری هەفتانەمدا بەردەوام مزگێنی دەدەم. هەندێک جار شکست

دەهێنم، بەڵام دەزانم کە ئەگەر بمەوێ ببمە قەشەیەکی نیان، دەبێت ڕاستگۆ بم لەگەڵ بێباوەڕان لە ژیانمدا سەبارەت بەوەی کە خودا کێیە و ئەمە بۆ ئەوان مانای چییە. بۆ ئەمەش دەبێت بوێر بم کە گفتوگۆکە سەبارەت بە شتە ئاساییەکان بگۆڕم بۆ بابەتی مەسیحی. من بەردەوام نوێژ دەکەم بۆ درووستبوونی دەرفەتێک تا لەگەڵ شاگردێک، شۆفێری تەکسییەک، یان هەر کەسێکی تر باسی مزگێنییەکە بکەم. جگە لەوەش، دەمەوێت ماڵەکەم تەنها شوێنێک نەبێت بۆ ئەندامانی کڵێسا بەڵکو ماڵێکیش بێت بۆ بێباوەڕان. نیانی مزگێنی دەدات.

## نیانی لە خەڵک خۆشدەبێت

وەک قەشەیەک چی دەکەیت کاتێک کەسێک لە کڵێساکەت بەبێ هیچ هۆکارێکی باش ڕەخنەت لێ دەگەرێت؟ قەشەیەکی بێفیز بە تامەزرۆییەوە و بە وردی گوێ لە هەموو وشەیەکی ڕاستکردنەوە دەگرێت لە خوشک یان برایەکی ڕۆحی خۆیەوە. قەشەیەکی دانا ڕاستکردنەوە قبوڵ دەکات. ئەوە بزانە کە ئەندامانێک هەن کە شتانێک بە توندی و بێ خۆشەویستییەوە دەڵێن. لە حاڵێکی ئەوهادا چی دەکەیت؟ نیان دەبیت؟ هەوڵدەدەم دڵنیا بم کە هەموو ئەندامێکی کڵێساکەم بە باشی چاودێری دەکرێت و هەموو کێشەیەک لە کاتی خۆیدا وەڵامی دەدرێتەوە بەڵام ئەمە هەمیشە بەو شێوەیە ناڕوات کە دەمەوێ. سەردەمێک هەبوو کە من بە باشی گرنگیم بە ژن و مێردێک نەدەدا، ئەوانیش ئاگاداریان کردمەوە. گوتیان من قەشەیەکی بێ خۆشەویستی و بێ باک و خراپم. ئازار و توڕەیی خۆیان لەگەڵمدا باس کرد. هەندێک لەو قسانەی کە دەیانگوت دووربوو لە ڕاستییەوە، منیش بە نائومێدیەوە ویستم بەرگری لە خۆم بکەم و بسەلمێنم کە هەڵەن. لەوانەیە تۆش ئەزموونی دۆخێکی هاوشێوەت هەبووبێت.

سوپاس بۆ خوا کتێبی پیرۆز بۆ ئەو کاتانە دانایی دەبەخشێت، کۆلۆسی ٣: ١٢-١٣ دەڵێت، "ئێوە کە گەلی پیرۆز و خۆشەویست و هەڵبژێردراوی خودان، میهرەبانی و نیانی و بێفیزی و دڵنەرمی و ئارامگرتن لەبەر بکەن. بەرگەی یەکتری بگرن، ئەگەر یەکێک سکاڵای لەسەر یەکێک هەبوو، گەردنی یەکتری ئازاد بکەن. وەک مەسیحی باڵادەست لێتان خۆشبوو، ئێوەش لێیان خۆشبن." لەو ساتەدا، کاتێک ویستم بەرگری لە خۆم

بکەم (کە لە ڕابردوودا چەندین جار کردوومە)، زانیم کە پێویستە لە جیاتی ئەوە، نیانی بنوێنم. هەرچەندە ڕەخنەکانیان ئازاریان دام کە نیوەی ڕاست بوو بەڵام پێویست بوو بە نیانی وەڵام بدەمەوە.

شوانی دانا دڵی خۆی دەپشکنێت بۆ هەر هەڵوێستێک یان کارێک کە بیخاتە سەرووی خوشک و برای ڕۆحی خۆیەوە. دیسانەوە کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت چۆن وەڵام بدەینەوە لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا: "هەموو تاڵی و تووڕەیی و توندی و هاوارکردن و بوختان و هەموو دڵڕەشییەک فڕێبدەن. لەگەڵ یەکتری نەرمونیان و بە بەزەیی بن، لە یەکتری خۆشبن، هەروەک چۆن خودا بە یەکبوونتان لەگەڵ مەسیح لێتان خۆشبوو" (ئەفەسۆس ٢: ٣١-٣٢). نیانی دیارییەکی ڕۆحی پیرۆزە کە وادەکات رابەری کڵێسا بە دڵێکی فراوانەوە ڕەخنە قبوڵ بکات و لێبوردە بێت و لە گوناهی ئەوانە خۆشبێت کە بە قسەکانیان بریندارى دەکەن. بێگومان هەندێک کاتیش هەیە کە قەشەکان دەبێت سەرزەنشتێکی توند بکەن. قەشەکان دەبێ هەم دڵێکی نەرمیان هەبێت، هەمیش دڵێکی بەهێز بۆ چەسپاو بوون لە خزمەتی قەشایەتیان. پەندەکانی سلێمان ڕوونن، "ئەوەی حەز لە تەمبێکردن بکات حەز لە زانیاری دەکات، بەڵام ئەوەی ڕقی لە سەرزەنشت بێت دەبەنگە." (١٢: ١) بەڵێ هەندێک کات هەیە بۆ سەرزەنشتکردن. سەرەڕای ئەوەش، دەبێت شوانێکی لە خواترس ئەوەی لەبیر بێت کە دەسەڵاتێکی خودا پێدراوی هەیە و کڵێسا هەڵیبژاردووە و دەکرێ بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی تاقی بکرێتەوە. لەوانەیە چاوەڕێی ئەوە بکات ئەندامەکانی نیانتر بن و بێ گلەیی شوێنی بکەون. لەوانەیە چاوەڕێی ئەوە بکات هاوڕێ قەشەکەی لەگەڵیدا مشتومڕ نەکات و ملکەچی بێت. پەترۆس ئەم تاقیکردنەوەیەی دەزانی. هەر بۆیە بە پیرەکانی وتووە کە شوانایەتی بکەن بەبێ ئەوەی "خۆتان بەسەر ئەوانەدا بسەپێنن کە دراونەتە دەستتان" (یەکەم پەترۆس ٥: ٣). نیانی کلیلە. پیرێک کە نیانی بەرامبەر بەو کەسانە نیشان بدات کە لە ژێر چاودێریدان، ئاسانە بۆ ئەوەی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت. کاتێک کەسێک خراپە بەرامبەر ڕابەرێکی نیان دەکات، تەنانەت ئەگەر کەسێکی نزیکیشی بێت، ئەوا دەنگی بەرز ناکاتەوە و خراپە بە خراپە وەڵام ناداتەوە. ئەو لێیان خۆش دەبێت، "وەک چۆن خودا لە مەسیحدا لێی خۆش بووە". ئەمە نیانییە.

ئەو ژن و مێردە گەنجەی کە باوەڕیان وابوو هەڵەم بەرامبەریان کردووە، کڵێسایان بەجێهێشت. ئەگەرچی زۆر هەوڵمدا کە نموونەیەکی باڵای نیانی خودایان نیشان بدەم، بەڵام هەر کڵێسایان بەجێهێشت. لەبەرئەوەی کە زۆر دڵیان شکابوو. مەرج نییە کردەوەیەکی نیانانە هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە کڵێساکەت ڕووبەڕووی دەبێتەوە. کێ دەزانێت، ڕەنگە ئەو ژن و مێردە بگەڕێنەوە. ئەگەر بگەڕێنەوە، هیوادارم کە منێکی باشتر ببینن وەک قەشەیەک. بەڵام هەرچییەک ڕوودات، ئێمە لە کەسانی تر خۆش نابین بەو هیوایەی کە کڵێساکەمان گەشە بکات، ئێمە لێی خۆش دەبین چونکە پێشتر خودا لێمان خۆشبووە. ئێمە نیانین چونکە یەکەمجار خودا نیان بوو لەگەڵمان.

## نیانی خزمەت دەکات

زۆر ڕێگا هەیە بۆ نیشاندانی نیانی. ئامادەکردنی وتارەکانم بە پەرۆشییەوە کردارێکی نیانیانەیە بۆ کڵێساکەم. ڕاستکردنەوەی ئەوانی تر، سەرپەرشتیکردنی خزمەتەکانی کڵێسا، ڕاوێژکاری، هەموو ئەمانە چەندین کاتژمێر کارکردنیان دەوێت. لەبیرت بێت نیانی وەک خوێ وایە لەناو زەریادا، تام بە هەموو شتێک دەدات. ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی، ڕۆژانی ئامادەکاری وتارن بۆ من. زۆربەی ئەم کاتانە بە تەنیا بەسەر دەبەم بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز. نوێژ بۆ دانایی خودا دەکەم کاتێک وتارەکە دەنووسم و دەخوێنمەوە تا خۆراکی ڕۆحی بدەم بە ئەندامەکان. ئەمە کردەوەیەکی نیانیانەیە. ئەوە دەزانم.

بەڵام نیانیم تەنها پەیوەست نییە بە ئامادەکاریم بۆ وتاردان. ڕاستە فێرکردن گرنگە، بەڵام زیاتر لە فێرکردن هەیە لە قەشەیاتیدا. قەشەیەک بە ناوی چارڵز بریجس دەڵێت: "خزمەت تەنها کاری بیرکردنەوە نییە، بەڵکو کارێکی چالاکانە و بە پەرۆشانەیە. ئەنجامدانی کارە باشەکان بەشێکی سەرەکین لە ئامادەکاری بۆ کاری خزمەت." [28] هەروەها قەشە چارڵز بریجس کردارەکانی وەک؛ ڕۆژانەی سەردانیکردنی نەخۆشەکان، مزگێنیدان بە منداڵان و تێکەڵبوون لەگەڵ دەرودراوسێ بە "گەنجینەیەکی زۆر بەهادار" ناودەبات.[29]

"گەنجینەیەکی زۆر بەهادار." ئەگەر بتوانرێت خزمەتی قەشایەتیم بەراورد بکرێت بە سندوقێکی دار، من تامەزرۆی ئەوەم کە پڕ بێت لەم جۆرە گەنجینانە. تۆش دەبێ وا بیت. بە دڵنیاییەوە قەشەیەکی نیان بە دڵسۆزی لەسەر وشەکانی خودا دەخوێنێت و خەڵکیشی لەسەر فێر دەکات. لەوانەیە قەشەیەک کتێبی گرنگ بنووسێت و لە کۆنفرانسە گەورەکاندا قسە بکات و بوێرانە قسە لەسەر پرسە کولتوورییەکان بکات. هەموو ئەمانە باش و بەنرخن. بەڵام ڕابەرێک کە بەڕاستی نیانە، ئەو کردەوە بچووکانەی نیانی پشتگوێ ناخات کە هیچ سەرنجێک بۆ خۆی ڕاناکێشن بەڵام گرنگن بۆ ئەو کەسانەی کە خزمەتیان دەکات. ڕەنگە ئەم کردەوە نیانانە بچووک بن، بەڵام مانای زۆریان هەیە. لە چی دەچن؟ بۆ نموونە ئەگەر قەشەیەک نەتوانێت سەردانی هەمووان بکات لە نەخۆشخانە بەڵام دەتوانێت کە نامەیەکی دەستی بنووسێت بۆ ئەو ئەندامەی بنێرێت کە نەخۆشە. دەتوانێت نوێژ بۆ ئەو ئەندامە بکات کە بڕیارە نەشتەرگەری بۆ بکرێت. ئەو کارە پڕ لە نیانیانە شکۆی خودا دەدرەوشێننەوە، ئەو خودایەی کە بەردەوام میهرەبانە لەگەڵمان.

تێبینی ئەو کەسانەت کردووە لە کڵێساکەت کە زۆر هێمنن؟ وەک ڕابەرێک دەزانیت کە کێ زۆرترین سەرنج دەخاتە سەر وتارەکەت. ئەو پیاوانەی یان ئەو ژنانەی کە زۆر یارمەتیدەرن، زوو دەگەنە کۆبوونەوەکە و درەنگ دەمێننەوە بۆ ئەوەی بەشدار بن لە ئامادەکاری پێش وتاردان و گفتوگۆش لەگەڵ ئەوانی تر بکەن. بەڵام ئەگەر تەنها میهرەبانیت لەگەڵ کەسانی ئاوادا، مانای وایە کە دەرفەتی ئەوەت لە دەست دەچێت کە هانی ئەو کەسانە بدەیت کە خزمەتەکەیان دیار نییە لەبەرچاوی ئەوانی تر. بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێ. هەوڵبدە نیانی پیشانی ئەو کەسانە بدەیت کە خەڵک هەستیان پێناکەن.

بەڵام ئەوەش بزانە کە نابێت نیانیت تەنها پەیوەست بێت بە کڵێساوە. ئەی گەڕەکەکەت؟ ئایا بێوەژنێک هەیە کە پێویستی بە یارمەتی ئێوە هەبێت؟ ئایا دراوسێیەک هەیە تەنیا بێت و بە سەردانکردنی تۆ بگەشێتەوە؟ خوشک و برایان، بۆ ئێمە کە ڕابەرانی کڵێساین، ئەگەر نیانی تەنها پەیوەست بکەین بە کڵێساوە، ئەوا مەترسی ئەوەمان لەسەرە کە تەنها لە کارەکەماندا نیان بین. دەبێت نیانی لە دڵتەوە بڕژێت و ببێتە هۆی ئەوەی ئێمەش نیان بین.

قەشەیەکی نیان زیاتر لە ئەرکی وتاردان دەکات. نزیک دەبێتەوە لەو کەسانەی کە بە چاودێری ئەو سپێردراون. بەبێ لایەنگری ئەو کارە دەکات. گرنگی بە هەموو ئەندامانی جەستەکە دەدات کە کڵێسایە: پیر و گەنج، دەوڵەمەند و هەژار، ئەوانەی لە ئەو دەچن و ئەوانەی لەو ناچن، باوەڕداری گەشەکردوو، ئەوانەی بە گومانن، هەموو جۆرە کەسێک. چالاکە لە نیشاندانی نیانی بۆ هەموو ئەندامان. وتاردان زۆر گرنگ و ماناداره بەڵام هەموو شتێک نییە. ئەو کردەوە نیانیانەی کە باسم کردن زۆرجار لەلایەن کەسانی دیکەوە سەرنج نادرێن. بەڵام ئەو کردارانە ئەو شتانەن کە بریجز بە "گەنجینەی زۆر بەهادار" ناوی بردووە. ڕۆژێک لە ڕۆژان، کاتێک خزمەتەکەت کۆتایی دێت، لەوانەیە بۆت دەرکەوێت کە ئەم گەنجینە بچووکانە زیاتر لە وتارە ناوازەکانت بۆ ئەندامان مانایان هەبووە.

## "بەروبوومی زۆر"

ئەی تۆ چی؟ ئایا وەک نیانێک دەناسرێیتەوە؟ ئایا بەخشندەیی و بەزەییت بەرامبەر کەسانی دیکە هەیە لە ژیانتدا؟ گەشەکردنت لە نیانیدا چۆن دەبێت؟

*<u>پێشنیار دەکەم بە نیانی دەست پێ بکەیت لەگەڵ هەندێک کەس کە لە تووە نزیکن</u>*. هەوڵدان بۆ گۆڕینی جیهان هەوڵێکی باشە. مزگێنی بردن بۆ گەلان و بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و یارمەتیدانی منداڵانی بێ باوک شتانێکی باشن. بەڵام نابێت پێویستییەکانی گەڕەکەکەت لەبیر بکەیت. دەستتی هاوکاری درێژ بکە بۆ هاوکارەکانت و دراوسێکانت و هاوڕێکانت. نیانی دەبێتە هۆی ئەوەی تەلەفۆن بۆ قەشەیەکی دیکە بکەیت کە لەوسەری شارەکە دەژیت تا بزانیت کە نوێژی لەسەر چی بۆ بکەیت. سەیری ئەوە بکە کە خودا تۆی لە کوێ داناوە و بیر لەوە بکەرەوە کە چۆن دەتوانیت لە ڕێگەی چەندین کردەوەی بچووکی نیانییەوە شتێک لە ڕزگارکەرەکەت نیشانی دەوروبەرت بدەیت.

*<u>بیر لەوە بکەرەوە کە چۆن دەتوانیت دەرفەت لە ژیانتدا دروست بکەیت بۆ ئەنجامدانی کردەوەی نیانیانە</u>*. ڕەنگە تۆ پێت وابێت هیچ ڕێگە و دەرفەتێک نییە کە بتوانیت کات بۆ شتی تر لە ژیانتدا بدۆزیتەوە. ڕەنگە زۆر سەرقاڵ

بيت. ڕەنگە ژيانت ئەوەندە پڕ بێت لە ئەرک کە زەحمەتە کاتێک بۆ پشوودان بدۆزيتەوە. لەوانەيە تۆ پێت وابێت کە تەنانەت توانای ئەوەت نييە بە نيانی مامەڵە لەگەڵ دراوسێکانت بکەيت، يان هەندێک کاتی زيادە تەرخان بکەيت بۆ چاودێريکردنی ئەندامێکی کڵێسا. بەڵام هەمووومان ئەوەی کە بۆ خۆمان گرنگ بێت دەيکەين. بۆيە تا بۆت گرنگتر بێت نيانی نيشان بدەيت، ئاسانتر چالاکييەکانی تر وەلا دەنێيت لە پێناو ئەوەی کە بتوانيت نيانی زياتر پيشانی کەسانی تر بدەيت.

*سەرەتا بە نيشاندانی نيانی لەگەڵ کڵێساکەت دەست پێ بکە*. پێويستە نيان بيت لەگەڵ هەمووان بەڵام بە تايبەتی لەگەڵ خوشک و براکانت لە کڵێساکەتدا. پۆڵس گوتی: "با چاکە لەگەڵ هەمووان بکەين، بە تايبەتی لەگەڵ خێزانی باوەڕداران" (گەلاتيا ٦: ١٠). ئەو خێزانە کڵێسای خۆجێی تۆيە. ئەم نيانييە لە زۆر ڕووەوە خۆی نيشان دەدات. بۆ نموونە هاندانی برايەک کە لە نائومێديدايە يان بەخشينی بڕێک پارە بۆ يارمەتيدانی ئەندامێک کە بەم دواييە کارەکەی لەدەستداوە. يان دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی کڵێسا درەنگ دەمێنيتەوە بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەندامەکان. يان نامەيەکی هاندان بۆ خزمەتکارێک دەينووسيت. ئەم کردەوانەی نيانی شکۆی مەسيح دەدرەوشێننەوە.

*نيانی خودا بۆ خۆت لەبير مەکە*. ئاسانە شانازی بە کردەوە نيانييەکانتەوە بکەيت. شانازی بەخۆکردن هەميشە هەوڵدەدات ئێمە بگرێت. گرنگە نيانيت وەک دياريييەک لە خوداوە ببينيت کە ئەو نيانی خۆی لەسەر خاچ نيشان داويت. "لەگەڵ يەکتری نەرمونيان و بە بەزەيی بن، لە يەکتری خۆشبن، هەروەک چۆن خودا بە يەکبوونتان لەگەڵ مەسيح لێتان خۆشبوو" (ئەفەسۆس ٤: ٣٢). نيانيمان لەگەڵ ئەوانی تر هەميشە ڕەگ و ڕيشەی لە خوداکەماندايە کە نيان بوو بۆ ڕزگارکردنمان. ئەو نيانييەی ئێمە نيشانی دەدەين هەرگيز لە خۆمانەوە نايەت؛ بەروبوومی ڕۆحی پيرۆزە. دياريييەکی نيانيانەيە لەلايەن خودی خوداوە. ڕەنگە نيانی يەکێک بێت لە پشتگوێخراوترين بەروبوومە ڕۆحييەکان. بەڵام نابێت وا بێت، چونکە زۆر نزيکە لە کرۆکی مزگێنييەکەوە.

مزگێنیدەری سەدەی چوارەم جۆن کریسۆستۆم لە قوستەنتینیە قەشە بوو. وتارەکانی ئەو تا ئێستاش بە شێوەیەکی بەرفراوان دەخوێندرێتەوە. «کریسۆستۆم» بە واتای «دەمی زێڕین» دێت. هەر ناوەکەی وتارە ناوازەکانیمان بیردەخاتەوە.بەڵام دەزانی ''پۆلیکارپ'' واتای چییە؟ واتا "بەروبوومی زۆر". کەس پۆلیکارپی لەبیر نییە لەبەر وتارەکانی. ئەو چەند وتارەی ئەو کە هەمانە سادەن. بەڵام ئێمە پۆلیکارپمان لە بیرە لەبەر ئەو بەروبوومە ڕۆحییەی کە لەژیانیدا هەبوو - بەهۆی بوێری و دڵسۆزی و خۆشەویستی و نیانییەی کە هەیبوو. بیر لەو شەوە بکەرەوە کە پۆلیکارپ تەنها چەند کاتژمێرێک لە مردنی ماوە و بە نیانییەوە ژەمێک پێشکەش بەوانە دەکات کە هاتوون بۆ کوشتنی. ئێستا، تۆش بڕۆ و هەمان شت بکە.

## ٦

# چاکە تەنها کردنی کاری چاکە نییە

خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامی، نیانی،
**چاکە**، دڵسۆزی، دڵنەرمی، بەسەرخۆدا
زاڵبوون

داود تەمەنی ٢٢ ساڵ بوو کاتێک بوو بە قەشە. دەیویست جیهان بۆ چاکتر بگۆڕێت. بیری کردەوە کە ئیشێکی دیکە بکات وەک پزیشکی یان سیاسەتمەداری یان پارێزەری. هەموو ئەمانە بژاردەی باش بوون، بەڵام هیچیان مامەڵەیان لەگەڵ ڕۆحی خەڵکدا نەدەکرد. زیاتر لە هەموو شتێک، داود گرنگی دەدا بە یارمەتیدانی خەڵک و ڕێزگرتن لە خودا و بینینی بڵاوبوونەوەی مزگێنییەکەی مەسیح بە هەموو شکۆمەندیەکەیەوە. چووە کۆلێژی لاهووتی ئینجیلی و هاوسەرگیری کرد و خێزانی پێکهێنا. لە کۆتاییدا بوو بە قەشەی کڵێسایەکی بچووک و لاواز لە شارێکدا.

ڕەنگە چیرۆکەکەی تۆش هاوشێوە بێت. ڕێگاکەم بۆ بوون بە قەشە وەرچەرخانێکی زۆری هەبوو، بەڵام هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێت کە چەندە چێژم لە کۆبوونەوە لەگەڵ گەلی پیرۆزی خودا وەردەگرت، باسی کتێبی پیرۆزم دەکرد و هانیانم دەدا کە بەردەوام شوێنی مەسیح بکەون. چەندە

حەزم لە کار و پیشەی دەرەوەی کڵێسا بوو، دوو ئەوەندەش حەزم بە کاری ناو کڵێسا بوو. منیش وەک داود باوەڕم بۆ درووست بوو کە دەتوانم وەک قەشەیەک زۆرترین چاکە بکەم.

داود وەک هەموو ئەو کەسانەی لە خزمەتدا بوون، سەرقاڵی کارکردن بوو. ڕۆژی دووشەممە خشتەی کارەکەی پڕ بوو لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی کڵێسا و ڕابەران و سەردانکەران. هەموو شەوێکی سێشەممە ئەندامانی کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی نوێژ بۆ کڵێسا و شارەکە بکەن. چوارشەممەی تەرخان کردبوو بۆ گەڕەکەکەی تا باشتر و لە نزیکترەوە بیانناسێ. ڕۆژانی پێنجشەممە، داود خۆبەخشانە لە پرۆگرامێکی هاوینە دوای تەواوبوونی قوتابخانە بەشداری دەکرد. ڕۆژی هەینی کاری دەکرد بۆ ئامادەکردنی وتاری ڕۆژانی یەکشەممە. هەروەها دەبووایە بەیانی ڕۆژانی شەممەش بەکاربهێنێت بۆ تەواوکردنی وتارەکەی. بەیانی زووی ڕۆژانی یەکشەممەش، لە کڵێسا دەبوو بۆخزمەتی کڵێسا، پاشان ئێوارەکەی کۆبوونەوەیەکی بچووکی لەگەڵ پیاوانی کڵێساکەیدا ئەنجامدەدا. داود بەم شێوەیە دەژیا، چونکە دەیویست خزمەت بە خودا و ئەوانی تر بکات.

ئەو دەیویست گۆڕانکاری دروست بکات و چاکە بکات. بەداخەوە بە تێپەڕبوونی کات، داود بێزار و ماندوو بوو لەو خەڵکە. خەڵک پێیان نەدەگوت سوپاس بۆ ماندووبوونەکەت. بە دەگمەن گوێی لە هاندان دەبوو. منداڵانی سەر شەقام مزگێنیدانی ئەویان ڕەتدەکردەوە. پیاوە پێگەیشتووەکانی ناو کڵێساکەی کە پێی وابوو ڕۆژێک دەبنە قەشە کڵێساکەیان بەجێهێشت. داود دەستی کرد بە پرسیارکردن لە خۆی؛ ئایا بەڕاستی کارەکانم گرنگن؟ تووشی خەمۆکی بوو. هەرچەندە زۆر کاری دەکرد بۆ ئەوەی ببینێت کە کڵێسا و کۆمەڵگاکەی گەشە بکات و دڵسۆز بن بۆ عیسا، بەڵام گۆڕانکارییەکی زۆری نەبینی. داود پێی وابوو ئەگەر هەموو کارە باش و ڕاستەکان بکات، کڵێساکەی گەشە دەکات و دڵخۆش دەبێت. بەڵام لە جیاتی ئەوە، داود هەستی بە وشکبوونەوەی ڕۆحی خۆی دەکرد، وەک ئەو خاکەی لە گەرمای بە تینی هاویندا درز دەکات کاتێک باران نابارێت.

کێشەکە چی بوو؟ ئایا داود پێویستی بە پشوودانی زیاترە؟ ڕەنگە پێویستی بێت. بەڵام ئەوە کێشە سەرەکیەکەی نەبوو. بەجۆرێک داود دڵی خۆی پشتگوێ خستبوو. خۆی بۆ کارە باشەکان تەرخان دەکرد، بەڵام شکستی هێنا لە بەدوا گەڕانی بەروبوومی ڕۆحی چاکە (گەلاتیا ٥: ٢٢). داود پێی وابوو کە ئەنجامدانی لیستی ئەرکەکان، خزمەتەکەی سەرکەوتوو دەکات. بوو بە کەسێک کە تامەزرۆی ئەنجامدانی کاری چاکی هەبوو، بەڵام "پڕ لە چاکە" نەبوو (ڕۆما ١٥: ١٤). داود شکستی هێنا لە گرنگیدان بە ڕۆحی خۆی.

ئەمە هیچ پەیوەندی بە دۆخی تۆ هەیە؟ هەمووومان بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک داود واین. وەک قەشە و ڕابەری کڵێسا، ئێمە وا بیردەکەینەوە کە دەبێت زیاتر لە پڕۆسەی پیرۆزبوونمان گرنگی بە خزمەتکردنی ئەوانی تر بدەین. ئێمە بە شێوەیەکی گشتی ئەمە دەکەین بە بەخشینی خۆمان بەو خزمەتەی کە دەتوانین ببینین و پێوانەی بکەین. پێش ئەوەی درک بەوە بکەین، ئێمە زیاتر گرنگی بە قەبارەی خزمەتەکەمان دەدەین نەک قووڵاییەکەی. تۆ مێژوو و خواناسی دەخوێنیت چونکە دەتەوێت مامۆستایەکی باشتر بیت، بەڵام دواتر دەست دەکەیت بە پرسیارکردن لە خۆت: *مانگی ڕابردوو چەند کتێبم خوێندووەتەوە؟* تۆ دەست دەکەیت بە بەدەستهێنانی بڕوانامەی دووەم بۆ ئەوەی زیاتر گەشە بکەیت، بەڵام دواتر دەست دەکەیت بە بیرکردنەوە: *چەند خێرا دەتوانم خوێندنەکەم تەواو بکەم؟* تۆ بەشداری دەکەیت لە پرۆگرامێک بۆ ڕاهێنانی قەشەکان، بەڵام دواتر لە خۆت دەپرسیت، *ساڵی داهاتوو دەتوانم چەند ڕابەر ئامادە بکەم؟* کاتت بۆ پۆستکردن لە سۆشیال میدیا تەرخان کردووە، بەڵام دواتر نیگەران دەبیت: *ئایا کەس کۆمێنتی لەسەر پۆستەکەم کردووە؟*

مەرج نییە پێوانەکردنی ئەنجامەکان هەڵە بێت. ئەنجامەکان خراپ نین و خودی خواستی زۆر خراپ نییە. بەڵام کاتێک خواستی زۆرمان گەندەڵی تێدەکەویت، زیاتر گرنگی بە کارەکانمان دەدەین نەک دڵمان. ئێمە سەرنجمان لەسەر *ئەنجامدانی* کارە چاکەکانە لەئەگەری مەترسی ئەوەی چیتر چاک *نەبین*، بەمەش پرۆسەی پیرۆزبوونمان خاو دەبێتەوە. چۆن دەتوانین گرنگی بە پڕۆسەی پیرۆزکردنی خۆمان بدەین؟ چۆن دەتوانین بەو خۆشی و ڕەزامەندییەی کە پێشتر هەمانبوو خزمەتی خودا بکەین؟

فریودەرانەیە ئەگەر بەدوای چارەسەری زۆر پراکتیکیدا بگەڕێیت. بۆ نموونە بەرنامەیەکی دە هەنگاوی لەسەر دڵگەرم بوونت بۆ خزمەتکردن. پێشتر بیستووتە، پێویستە زوو لە خەو هەڵبستیت بۆ ئەوەی کات لە خوێندنەوەی وشەکانی خودادا بەسەر ببەیت؛ لە نوێژدا دڵسۆزبە؛ گرنگی بە کڵێسا بدە. ئەمانە هەموو شتی گەورەن و نابێت پشتگوێیان بخەین.

پەیامی من لەم بەشەدا ئەوەیە کە زۆر جار شکست دەهێنین لە پشت بەستن بە ڕۆحی پیرۆز بۆ پرۆسەی پیرۆزبوونمان. ئێمە شکست دەهێنین لە پشت بەستن بە ڕۆحی پیرۆز بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە دڵمان پڕ بکەین لە چاکی. ئەوە چاکەی پەروەردگارە کە کارە چاکەکانمان بەڕاستی چاک دەکات. لەم بەشەدا دەمەوێت پێت بڵێم کە ئەگەر خودا لێت دوورە، ئەگەر دڵت وشک بووە، ئەگەر ئامانج و پاڵنەرێکی هەڵەت هەبووە، پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ ڕۆحی پیرۆز. لێی بپاڕێوە کە پڕت بکات لە چاکە. چاکە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆزە. دڵێکی پڕ لە چاکە ڕێگەت پێدەدات نەک تەنها کارە چاکەکان بکەیت و بەس، بەڵکو بە سۆزیشەوە بۆ چەندین ساڵ بە بەردەوام ئەنجامیان بدەیت. لەم ژیانەدا هەرگیز پاڵنەرەکانمان کامڵ نابن. ئەگەر دڵت پڕ بێت لە چاکە، نیازەکانت ڕاستەقینە دەبن. بەڕاستی کارە باشەکان پەیوەستن بە دڵێکی پڕ لە چاکە و دڵێکی پڕ لە چاکەش کرۆکی ژیانێکی خواپەرستانەیە.

با بە وردی سێ خاڵی گرنگ لەبەرچاو بگرین. وەک سێ پایە بیریان لێبکەرەوە کە پشتگیری گەشەکردنمان دەکەن لە خوداپەرستیدا. یەکەم: تەنها خودا چاکە. دووەم: کارە چاکەکانمان سەرسامکەر نین. واتە خودا سەرسام ناکەن. سێیەم: مزگێنییەکە ئەو دەرگایەیە کە چاکە لە ڕێگەیەوە دەچێتە ناو دڵمانەوە.

## تەنها خودا چاکە

ئەمڕۆ وشەی باشە یان چاکە نزیکە لە بێ مانایی. ئەگەر بە ژنەکەت بڵێیت ئەو ژەمە خواردنەی کە لێتناوە باش بووە، ئەوا پێی وایە تۆ حەزت لێی نەبووە. دەبێت بڵێین ژەمەکە *نایاب بوو*، *خەیاڵی* بوو، یان *سەرسوڕهێنەر* بوو بۆ ئەوەی ژنەکەت باوەڕ بکات کە ژەمەکە لە ڕاستیدا باش بووە. بە بەراورد لەگەڵ وشەکانی وەک نایاب، خەیاڵی، یان سەرسوڕهێنەر، وشەی

*باش یان چاک* ئەوەندە گەورە نییە. ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر تێگەیشتنمان لە کتێبی پیرۆز. کاتێک پۆڵس "چاکە" وەک بەروبوومێکی ڕۆحی پیرۆز دەخاتە ڕوو (گەلاتیا ٥: ٢٢)، ئێمە سەرسام نابین. ئێمە دەزانین چاکە گرنگە، بەڵام پێمان وایە ئەوەندە گرنگیش نییە. وشەی *چاک* وەک خاولییەکی سپی وایە کە زۆر بەکارهاتووە و ڕەنگی بێجی بووە. کاتی ئەوە هاتووە کە بەپێی کتێبی پیرۆز بە دروستی لە مانای *وشەی چاکە* تێبگەین. شوێنی دەستپێکردن، خودایە.

لە مەرقۆس بەشی ١٠، پیاوێک هاتە لای عیسا و لێی پرسی: مامۆستای چاک، دەبێت چی بکەم بۆ ئەوەی ژیانی هەتاهەتایی بە میرات بگرم؟ (مەرقۆس ١٠: ١٨؛ لۆقا ١٨: ١٨). ئەو کەسە چاوەڕێی ئەوەی دەکرد عیسا باسی نهێنییەکانی شانشینی خودا بکات. یان پێی وابوو کە عیسا پێی دەڵێت دووبارە لە دایک ببەوە. بەڵام لەبری ئەوە، عیسا وەڵامی دایەوە و گوتی: "بۆچی پێم دەڵێی چاک؟ کەس چاک نییە تەنها خودا نەبێت."

دەبێت وەڵامی عیسا شۆکت بکات: "کەس چاک نییە *تەنها خودا نەبێت*."

پیاوەکە هەوڵی دەدا ڕێزدار بێت بە ناوهێنانی عیسا بە مامۆستایەکی چاک. هەتا ئەمڕۆش، ڕێز نیشانی کەسانی دەسەڵاتدار دەدەین بە ناوهێنانیان بە شێوەیەکی جوان. بەڵام عیسا کە بە دڵی ئەم پیاوەی دەزانی، ناڕازی بوو کە ئەو پیاوە بە مامۆستایەکی چاک ناوی ببات. عیسا دەیزانی ئەم سڵاوە (ناوبردنی بە مامۆستای چاک) ئەوە دەردەخات کە ئەم پیاوە لە مانای وشەی چاک تێنەگیشتووە. هەروەها ئەوە دەردەخات کە لە چاکەی خوداش تێنەگەیشتووە.

با ئەوە روونتر بکەمەوە. هەموو شکستە ڕۆحی و ئەخلاقییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە مرۆڤەکان ڕەتیدەکەنەوە لە سروشت و سیفەتی خودا تێبگەن. ئێمە گەورەیی و گرنگی پیرۆزی و هێز و خۆشەویستی و دادپەروەری خودا پشتگوێ دەخەین. خودا ئەوەندە پاک و گەورەیە کە ناتوانین بە تەواوی و بە دروستی لێی تێبگەین. داودی پاشا گۆرانی لەبارەی چاکەی خوداوە گوتووە: "یەزدان مەزنە و شایانی ستایشێکی زۆرە، مەزنایەتی لە سەرووی تێگەیشتنە." (زەبوورەکان ١٤٥: ٣). ئەوەت بینی؟

داود گوتی کە مەزنایەتی خودا *لە سەرووی تێگەیشتنە*. ڕەنگە مامۆستایانی لاهووت هەوڵ بدەن لە سروشتی خودا تێبگەن، بەڵام ناتوانن بە تەواوی لێی تێبگەن. زانایەک دەتوانێت چارەسەری شێرپەنجە بدۆزێتەوە پێش ئەوەی باوەڕدارێک لە قووڵایی و هەموو وردەکارییەکی سیفەتەکانی خودا تێبگات. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن بە تەواوی لە چاکی خودا وەک ئەوە وایە شۆفلێک بدەیت بە منداڵێکی ٢ ساڵان و داوای لێبکەیت هەموو زێڕەکە لە کانێکدا بدۆزێتەوە؛ لەوانەیە دەست پێبکات، بەڵام هەرگیز تەواو نابێت.

سوپاس بۆ خودا کتێبی پیرۆز پڕە لە کەسانێک کە ئەزموونی ئەوەیان کردووە و بینیویانە کە پەروەردگار چاکە. یەترۆی خەزووری موسا ئەزموونی لەگەڵ چاکەی خودا بینیبوو کاتێک بیستبووی چۆن خودا ئیسرائیلی لە کۆیلایەتی لە میسر ڕزگار کردووە: "یەترۆش دڵخۆش بوو بەو هەموو چاکەیەی کە یەزدان لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل کردی، کە فریایان کەوتبوو لە دەستی میسرییەکان" (دەرچوون ١٨: ٩). کاتێک یەترۆ گوێی لە کۆچی گەلی خودا بوو، یەترۆ تێگەیشت کە هیچ کەسێک وەک خودا نییە. تەنها خودا ڕزگارکەرە. بەڕاستی ناتوانرێت متمانە بە کەسی تر بکرێت. هیچ کەسێکی تر بە حەق ناتوانرێت بپەرسترێت.

ئەی ئەیوب؟ کاتێک چاکەی خودای خستە ژێر پرسیارەوە، یەزدان سەرزەنشتی کرد: ""ئایا دادپەروەریم دەخەیتە گومانەوە؟ تاوانبارم دەکەیت بۆ ئەوەی خۆت بە ڕاستودروست دەربخەیت؟" (ئەیوب ٤٠: ٨). دوای ئەوەی خودا سیفەتی خۆی بۆ ئەیوب ئاشکرا کرد، ئەیوب بەڕاستی وەڵامی دایەوە: "بە گوێی خۆم هەواڵەکانی تۆم بیست، ئێستاش چاوەکانم تۆیان بینی. لەبەر ئەوە خۆم ڕەت دەکەمەوە و لەناو خۆڵ و خۆڵەمێشدا تۆبە دەکەم" (ئەیوب ٤٢: ٥-٦). چونکە خودای چاک سەرزەنشتی ئەیوبی کرد و گەورەیی خۆی نیشان دا، ئەیوب بینی کە گوناهبارێکی چەندە خراپە.

هەرچەندە "مەزنایەتی خودا لە سەرووی تێگەیشتنە،" بەڵام زۆرجار گەلەکەی وردەکارییەکی باشی ئەویان دەستدەکەوێت. دیمەنێکی سەرسوڕهێنەرترە لەوەی کە لە بەرزترین لوتکەی شاخەوە دەیبینیت. تامێکی خۆشترە لە تامی ژەمێکی نەورۆز. هەرچەندە ناتوانین هەموو شتێک دەربارەی خودا بڵێین، بەڵام دەتوانین زۆر شتیش بڵێین چونکە خودا

زۆری لەبارەی خۆیەوە بۆ ئاشکرا کردووین. ئەگەر بڵێین خودا چاکە، مانای ئەوەیە کە بێ کەموکڕییە و تەنانەت بچووکترین هەڵەشی نییە. خودا هەرگیز بڕیارێکی خراپ نادات، هەرگیز بیر لە بیرکردنەوەیەکی خراپ ناکاتەوە و هەرگیز کەس بەلاڕێدا نابات. کە دەڵێین خودا چاکە، مانای وایە ڕاستودروستی و باشی و شایستەیی ئەو دووپات دەکەینەوە. پایەدارە، بەڵام وەک پاشایەک نییە کە بەڕێکەووت میراتگری تەختی پاشایەتی بۆ مابێتەوە. نەخێر، سەروەرمان بەهۆی سیفەتەکانی پایەدارە.

ئەمە ئەو خاڵەیە کە عیسا لە مەتا ١٢: ٣٥ باسی دەکات: "مرۆڤی چاک لە گەنجینەی چاکی ناخیدا، شتی چاک دەردەهێنێت" عیسا "چاک" بەکاردەهێنێت بۆ وەسفکردنی دڵی مرۆڤ. بێگومان کاتێک باس لە مرۆڤایەتی دەکرێت، "کەس بێتاوان نییە، تەنانەت یەک کەسیش" (ڕۆما ٣: ١٠). هەر بۆیە پێویستمان بە ڕاستودروستی مەسیح هەیە کە پێمان دراوە، ڕاستودروستییەک کە دەخرێتە سەر حسابەکەمان. بەڵام خودا تایبەت و ناوازەیە. ئەو بە تەواوی چاکە. یان با روونتر بڵێین؛ ڕاستودروستیمان لە ئێمەوە نییە، لە دەرەوەی ئێمەدایە، لە مەسیحەوە هاتووە. بەڵام ڕاستودروستی خودا لە خۆی و سروشتی خۆیەوەیە. لەبەر ئەوەی خودا چاکە، ئێمە بەڕاستی وەک باوکێکی بەخشندە دەیناسین کە خزمەت بە ڕۆڵەکانی دەکات و بەرەکەتیان پێدەبەخشێت و ڕاستیان دەکاتەوە. باوکی مرۆڤانەش لە توڕەییەوە ڕۆڵەکانیان ڕاست دەکەنەوە و لە تەمبەڵیشدا خراپ دەبن. بەڵام خودا بەم شێوەیە نییە. خودا تێکەڵەیەکی کامڵ و بێ کەموکوڕی توند و ناسک و پتەو و سۆزدارە. هەر شتێک کە خودا دەیکات چاکە چونکە خودا چاکە. هیچ هەڵەیەک ناکات.

کاتێک ئەندامی خێزانێک دەمرێت و باسی ژیانی ئەو کەسە دەکەین بۆ کەسانی تر، بە شێوەیەکی گشتی باسی شتە چاکەکانی ژیانی ئەو کەسە دەکەین و جەخت لەسەر کەموکوڕیەکانیان ناکەینەوە. هەرگیز نەمبیستووە ئەندامی خێزانێک بڵێت "دایکم لووتبەرز بوو." بەڵام گوێم لە خەڵک بووە کە دەڵێن، "دایکم هەمیشە میهرەبان بووە." هەمیشە؟ بەڕاستی؟ هیچ کەسێک هەمیشە میهرەبان نییە. هیچ کەسێک کامڵ نییە جگە لە خودا.

لە خزمەتکردندا ساتگەلێک هەن رەنگە هیچ شتێک بە باشی نەڕوات. ئەو کەسانەی کە تۆ ئامۆژگارییان دەکەیت دەبینیت زیاتر لە یەکتر دووردەکەونەوە. کاتێک وتار دەدەی، قورسە کە بە خۆشییەوە وتار بدەی. کاتێک لە کار دێیتەوە ماڵەوە، ناتوانیت یاری لەگەڵ منداڵەکەت بکەیت چونکە لە ڕۆژدا زۆر نائومێدیت تووشبووە، ئەمەش زۆر ماندوو و بێهیوای کردوویت. ڕاستییەکە ئەوەیە کە تۆ ناتوانیت دڵنیا بیت کە هەمیشە شتەکان لەسەر زەوی باشتر دەبن. خودا بەڵێن نادات کە کڵێساکەمان کڵێسایەکی تەندروست دەبێت. ئەوە ئامانجی ئێمەیە، بەڵام گەرەنتی نییە. لێرەدا بەڵێنەکە ئەوەیە: خودا چاکە، هەمیشە چاک دەبێت، هەر شتێک کە بەسەر تۆ یان خزمەتەکەتدا بێت، نابێت ببێتە هۆکارێک بۆ گومانکردن لە چاکی ئەو.

خودا وەک ئێمە نییە. ئەو بەڕاستی کامڵە. بیهێنە بەرچاوت دەریایەک کە تا ئەبەد درێژ دەبێتەوە بەبێ هیچ شەپۆڵێک و درێژی و پانییەکی بێ سنووری هەیە، وەک شووشەش ڕەوانە. ڕێک خوداش هێندەی ئەم ئاوە کامڵە و زیاتریش. ئەو هێندەی قوڵایی ئەو دەریایە میهرەبانە و زیاتریش. سەیر نییە، دوای بیرکردنەوە لە نیعمەتی خودا، پۆڵس لە رۆما ١١: ٣٣ ئەمە ڕادەگەیەنێت: "ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا! حوکمەکانی لە سەرووی تێگەیشتنەوەیە و ڕێگاکانی لە سەرووی وردبوونەوەیە!" دەتوانین لە ڕۆژە خۆشەکان و لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا ئەم نوێژە بکەین.

ئایا داودت لەبیرە کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسم کرد؟ داود پێویستە بزانێت، پێویستە تۆش بزانیت کە ئێمە هەرگیز قەدری ئەوە نازانین کە پڕبوون لە چاکی خودا چەندە سەرسوڕهێنەرە تا لەو راستییە واقیعیە تێنەگەین کە خودا چەندە چاکە. ئەندرو فولەر، قەشەیەکی ئینگلیزی سەدەی هەژدەم بوو، داوای لە گەلەکەی کرد کە بیر لە سیفەتە کامڵەکانی خودا بکەنەوە. قەشە فولەر داوای لێکردن نەک تەنها بیر لەوە بکەنەوە کە خودا چی دەکات، بەڵکو بیر لەوەش بکەنەوە کە خودا کێیە. ئەگەر بمانەوێت وەک باوەڕدارێکی پتەو بمێنینەوە، دەبێت ئاو لە "بیر"ی چاکی خودا بخۆینەوە. تا نوقمی چاکی خودا نەبن، ناتوانن بەرگەی هیچ نائومێدییەک بگرن. نابێت

خودا تەنها لەبەرئەوەی کە دادپەروەرە ڕێزی لێ بگیرێت؛ ئەو دەبێت خۆشبوویستریێت چونکە خودا چاکە. قەشە فولەر بەم شێوەیە باسی دەکات:

*لەوانەیە ئێمە لە تووڕەیی داهاتوو بترسین، و بە هیوای ڕزگاربوون لە تووڕەیی خودا لە ڕێگەی مەسیحەوە دڵخۆش بین؛ بەڵام ئەگەر ئەم ترس و هیوایە لەسەر بنەمای تێگەیشتن نەبێت لە سیفەتەکانی خودا، وەک سیفەتەکانی پیرۆزی و دادپەروەری و چاکی، ئەوا ناتوانرێت ڕقمان لە گوناه ببێتەوە و خوداما خۆشبوێ و ئاییندێکی ڕاستەقینەمان هەبێت.* [30]

ئەمە ئەو خودایەیە کە ئێمە دەپەرستین. ئەو چاکە.

ڕۆحی پیرۆز ڕۆڵەکانی خودا پڕ دەکات لە چاکە. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە هەرکات گوێمان لە وشەی چاک بوو، پێویستە بیر لە خودا بکەینەوە. پڕبوون لە چاکی خودا، لە کرۆکەکەیدا، خوداپەرستییە. ئێمە تەنیا *کاری* چاک ناکەین؛ بەڵکو دەبێت چاکی خودا لە دڵمانەوە وەک ئاوی رووبار بڕژێت.

## کارە چاکەکانت سەرسامکەر نین بۆ خودا

منیش وەک داود بەڕاستی دەمەوێت چاکە بکەم. هەوڵ دەدەم وتاری باش بدەم. هەوڵ دەدەم مزگێنی رابگەیەنم. راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسیارێتیەکانی کڵێسا و خێزانەکەم ئاسان نییە، بەڵام هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم. ئەمە بۆ هەموومان ڕاستە کە لە خزمەتداین. هەموومان دەمانەوێت گۆڕانکاری دروست بکەین، یارمەتی کەسانی تر بدەین و چاکە بکەین. چاکەکردن بۆ تۆ چۆنە؟ تۆ هەوڵدەدەیت ئەندامانی کڵێساکەت هان بدەیت بە تەلەفۆنکردن لەگەڵیان تەنها بۆ ئەوەی بزانیت کە چۆنن. ئێوە دەچن سەردانیان بکەن و پێکەوە چا بخۆنەوە. لەوانەیە لەگەڵ باوەڕدارێکی نوێ کۆببیتەوە بۆ ئەوەی کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە و نوێژ بکەیت و پێکەوە باسی سەختییەکانی ژیان بکەن. تۆ هەوڵدەدەیت کڵیساکەت بنیات بنێی بە فێرکردن و هاندانی ئەندامان بۆ مزگێنیدان، هەروەها هەوڵدان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ پیرەکانی تر بە بەردەوامی. ڕەنگە بتەوێت بەرنامەیەکی

نویَ لە کڵێساکەت دەست پێ بکەیت یان پلانەکانی گەشەپێدانی کڵێساکەت پێشکەش بە ئەندامەکان بکەیت. هەریەکێک لەم کردارانە هەوڵی گرنگ و شایستەن و کاری چاکن.

ئێستا ئەمە لەبەرچاو بگرە: کارە چاکەکانت سەرسامکەر نین. تا باشتر بزانیت خودا چاکە، ئەگەری ئەوە کەمترە شانازی بە کارە چاکەکانی خۆتەوە بکەیت. ئەمە بەو مانایە نییە کە واز لە کارە چاکەکان بهێنیت. نەخێر! بەڵکو بەو مانایە دێت کە کارەکانت تەنها لەو کاتەدا دەتوانن چاک بن کە بەرهەمی چاکی خودا بن و لەناو تۆدا و لە ڕێگەی تووە کار بکەن. فیلیپی ٤: ١٣ دەڵێت: "دەتوانم هەموو ئەم شتانە لە ڕێگەی مەسیحەوە بکەم، ئەوەی بەهێزم دەکات" (هەروەها سەیری فیلیپی ٢: ١٣؛ ٢: ١٠؛ ٣: ٢٠-٢١؛ کۆلۆسی ١: ١٩). کەوایە هەرچییەک بکەین کاری خودایە لە ئێمەدا. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خودا هەوڵ و ماندووبوونی خزمەتەکەمان بە گەشەکردنی ژمارەیی بەرەکەتدار بکات یان ناوێکی گەورەمان پێ ببەخشێت. پۆڵس بە سادەیی دەڵێت، هەرچەندە کارەکەمان بچووک بێت یان گەورە، لە کۆتاییدا کارێکی چاکی خودایە نەک کاری ئێمە. ئەو دارتاشە، ئێمە دارەکەین. ئەو گۆزەسازە، ئێمە گڵەکەین.

هەر لەبەر ئەمەشە دەبێت زۆر وریا بین و بەهای خزمەتەکەمان بە ژمارەی ئەو کارە چاکانەی کە ئەنجامی دەدەین نەپێوین. ئەو ساتەی چاکی خۆت بە بەرهەمهێنانت دەپێویت وەک پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان، ئەو کەسانەی کە بینیوتن، ئەو وتارانەی کە داوتن، ئەوا بنەڕەتیترین ڕاستی مەسیحییەتت لەدەستداوە: چاکی خودا شاخێک نییە کە بەسەریدا هەڵبگەڕێیت، بەڵکو دیارییەکە کە پێتدەدرێت.

بۆچی داود لە خودا دوورکەوتەوە؟ بۆچی هەموو کارە چەکەکانی بێزار و بێهیوای کرد؟ چونکە کاتێک ڕۆحی خۆی پشتگوێ خست، هەموو خزمەتەکەی بەتەنها خستە سەرشانی خۆی. واتە پشتی بەخۆی بەست نەک خودا. داود لە پەیوەندی نێوان کارە چاکەکانی و خودا چاکەکەی تێنەدەگەیشت.

نەوەکانی پێشووتری باوەڕداران بە وردی ڕوونیان کردۆتەوە کە چۆن لە ڕاستیدا کارە چاکەکان دەکرێ باش بن. وتە پڕ لە باوەڕەکانیان گەوهەری دانایی خوداییە. نووسەرانی دانپێدانانی دووەمی لەندەن کە بەیاننامەیەکی کۆنی باوەڕە، دەڵێن کارە چاکەکان تەنها کاتێک چاکن کە لە دڵێکی دڵسۆزەوە سەرچاوە بگرن. کارە چاکەکان

*بەروبووم و بەڵگەی باوەڕێکی ڕاستەقینە و زیندوون و بەهۆیانەوە باوەڕداران سوپاسگوزاری خۆیان نیشان دەدەن، دڵنیایی خۆیان بەهێز دەکەن، براکانیان بنیات دەنێن، مزگێنیدان دەڕازێننەوە، دەمی نەیاران دەبەستنەوە و خودا شکۆمەند دەکەن.* [31]

کارە چاکەکان بەشێکی پێویست و بەنرخن لە ژیانی هەموو باوەڕدارێک. بەڵام دەبێت بزانین کە ئەم کارە چاکانە لە باوەڕبوونمان بە خودا چاکەکەمانەوە سەرچاوە دەگرن، ئەم باوەڕەش ئەو کاتە بەهێز دەبێت کە ڕۆحی پیرۆز دڵمان پڕ دەکات لە چاکی. بێگومان کارە چاکەکان سنوورداربوونی خۆیان هەیە، ئەوان ئێمە ناکەنە ڕۆڵەی خودا. ناتوانین لە ڕێگەی کارە چاکەکانمانەوە ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنین چونکە هەرچەندە چاک بین، چاکەکانمان هیچ نین بە بەراورد بە خودا. کاتێک دەزانیت کە خودا چەند چاکە، ئینجا دەزانیت کە شێتییە بیر لەوە بکەیتەوە کە کارە چاکەکانت دەتوانن خودا سەرسام بکەن. ئەمەش وتارە *باشەکانت* و ئامۆژگارییە *باشەکانت* و ڕابەرایەتییە *باشەکەشت* دەگرێتەوە. ملیۆنان کیلۆمەتری نێوان خودا و ئێمە ناتوانرێت بە چەند وتارێکی دڵسۆزانە یان یارمەتیدانی هەژاران پردێکمان بۆ درووست بکەن لە نێوان خودا و ئێمە.

کاتێک کارە باشەکانمان لە دڵێکی پڕ لە باوەڕەوە سەرچاوە دەگرن و دەڕژێن، خودا "لە کوڕەکەیدا سەیریان دەکات و دڵخۆشە بە قبوڵکردن و پاداشتدانەوەی ئەوەی کە دڵسۆز بێت."[32] دڵێکی دڵسۆز دڵێکی پڕ لە چاکییە. ئەمە لە ڕۆما ١٥: ١٤ دەبینین. پۆڵس هانی باوەڕدارانی ڕۆمای دەدا بە ئاماژەدان بەوەی کە چۆن کارە چاکەکانیان لە دڵە پڕ لە چاکەکانیانەوە دەڕژێتە دەرەوە: "خوشک و براکانم، خۆم دڵنیام کە ئێوە پڕن لە چاکە، پڕن لە زانیاری، تواناتان هەیە ئامۆژگاری یەکتری بکەن." ژیانی

خزمەتکارێک پڕە لە کاری چاکە. دەبێ بەو شێوەیە بێت. بەڵام لێرەدا مەترسییەک هەیە: ئەو ساتەی سەرکەوتنەکانمان بە جۆری کارەکانمان دەپێوین، ئێمە لەسەر ڕێگای لەناوبردنی باوەڕەکەمانین. کارە چاکەکانمان سەرسامکەر نین بۆ خودا. بەڵام کاتێک لە دڵێکی پڕ لە چاکی خوداوە دەڕژێن، جوانن. لەم خاڵەدا، پێویستە لە خۆت بپرسیت، "چۆن ئەم چاکییە بەدەست بهێنم؟" ئەوە دیارییەکە لەلایەن خوداوە کە لە ڕێگەی مزگێنییەکەوەیە کە نیعەتێکی سەرسووڕهێنەری خودایە.

## مزگێنی ئەو دەرگایەیە کە لە ڕێگەیەوە چاکە دەچێتە ناو دڵمانەوە

ئێمە بەردەوام پێویستمان بە خودا هەیە بۆ ئەوەی دڵمان بگۆڕێت. ئێمە پێویستمان بەوەیە نەک تەنها ژیانی نوێمان پێ ببەخشێت، بەڵکو دڵمان پیرۆز بکات کە پڕە لە گوناه. دڵسۆزی دەرئەنجامی هێزی خۆمان نییە. تۆ ناتوانیت بەبێ ئەو دڵسۆزییەی کە ڕۆحی پیرۆز پێتی دەدات کۆنفرانسێک بۆ رابەرایەتی باش رێکبخەیت یان وتارێکی باش ئامادە بکەیت، یان مانگێکی تریش بەبێ سەیرکردنی پۆڕن تێپەڕبکەی. دڵسۆزی دیارییەکی ڕۆحی پیرۆزە و تەنها ئەوانەی دڵیان پڕ بووە لەم دیارییە، دڵسۆز دەبن. لە دڵی مزگێنییەکەدا ڕاستییەکی سەرسوڕهێنەر هەیە: خۆشماندەوێت، چونکە یەکەم جار ئەو خۆشیویستووین (یەکەم یۆحەنا ٤: ١٩). بۆیە کە ئێمە کاری چاک دەکەین، لەبەرئەوەیە کە ڕۆحی پیرۆز سەرەتا پڕی کردووین لە چاکی. لە کوێدا بە ڕوونترین شێوە ئەم چاکییە دەبینین؟ عیسای مەسیح. بگەڕێوە بۆ چیرۆکی ئەو گەنجەی کە بە پێ ڕۆیشت بۆ لای عیسا و بە مامۆستای چاک ناوی هێنا. ئەگەر بیزانیبا کە عیسا کوڕی خودایە، ئەوا بە ترسەوە دەکەوتە سەر ئەژنۆ و دەیپەرست. بەڵام عیسا دەیزانی کە ئەو پیاوە نازانێت عیسا کێیە، بۆیە عیسا وەڵامی دایەوە: "بێجگە لە خودا کەس باش نییە" (مەرقۆس ١٠: ١٨). خودا چاکە. بێگومان ئەمە بەو مانایەیە کە عیسا چاکە. ئێمە چاکی عیسا دەبینین کاتێک بە ژنێکی سامیرەی دەڵێت کە لە کوێ ئاوێک بدۆزێتەوە کە هەرگیز جارێکی تر تینووی نەبێتەوە (یۆحەنا ٤: ١٤). ئێمە چاکی عیسا دەبینین کاتێک بە قوتابییەکانی دەڵێت کە هەرگیز پێویست ناکات خەم بخۆن (مەتا ٦: ٢٥-٣٤). ئێمە چاکی عیسا دەبینین کاتێک باسی حەقیقەتی دۆزەخ دەکات (مەتا ٢٥: ٤٦). ئێمە چاکی عیسا

دەبینین کاتێک خەمبار بوو و گریا بۆ لەدەستدانی هاوڕێکەی (یۆحەنا ١١: ٣٥). بەڵام زیاتر لە هەموو شتێک، ئێمە چاکی عیسا دەبینین کاتێک شکۆمەندی ئاسمانی باوکی بەجێهێشت بۆ ئەوەی لە خاچ بدرێت (فیلیپی ٢: ٥-٨). لە مزگێنی مەسیحدا بە ڕوونی چاکی خودا دەبینین. دڵێکی پڕ لە چاکی ئارەزووی زانین و ئەزموونکردنی زیاتر دەکات لە بارەی عیساوە. مزگێنی ئەو دەرگایەیە کە چاکی لە ڕێگەیەوە دەچێتە ژوورەوە.

مزگێنی یارمەتیمان دەدات بە درووستی کارە چاکەکانمان ببینین. لەبری ئەوەی بێهیوا بین چونکە وتاردانمان وەک قەشەکانی تر نییە، یان کڵێساکەت ئەندامی زۆری نییە وەک کڵێساکانی تر، دەتوانین بەوە خۆمان هاند بدەین کە هەرچەندە کارەکانمان بچووک دەربکەون، ڕۆحی پیرۆز زۆرترین کاریگەری لەسەر ئێمە هەیە.

## چۆن دەتوانم لەمەدا گەشە بکەم؟

ژیانێکی پڕ لە چاکی خودا قورسە و ئاسان نییە. ئێستاش دڵنیام کە زۆر شتی چاک هەیە کە پێویستە بیانکەیت. بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم بەشە، دەزانیت کە چاک بوون تەنها ئەوە نییە کە کاری باش بکەیت، پێویستە هەموو ئەو ئەرک و کارانە بە دڵێکی دڵسۆزەوە بە ئەنجام بگەیەنیت، دڵێکی پڕ لە چاکی. کەوایە چۆن دەست پێ بکەین؟ چۆن نائومێد نەبین لە کاتێکدا دەزانین کاتێک هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین، کەچی خەڵکی دیکە بەو کارە ڕازی نابن کە ئێمە دەیکەین؟ پێویستە گەشە بکەین نەک تەنها لە *کردنی* کاری چاکدا، بەڵکو پێویستە لە *چاکبوونیشدا* گەشە بکەین. پێویستمان بە بەروبوومی ڕۆحی چاکە هەیە. چۆن دەتوانیت لەمەدا گەشە بکەیت؟

١- *خۆت تەرخان بکە بۆ گرنگیدان بە ڕۆحت*. ئەمەش پێویستی بەوەیە کە کات تەرخان بکەیت بۆ بیرکردنەوە لە قوربانی و کەفارەتەکەی مەسیح بۆ گوناهەکانت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ڕۆژانە خۆت پابەند بکەیت بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و نوێژکردن. یان دەکرێ پشوو لە کارەکەت وەربگریت بۆ شیکردنەوەی دۆخی ژیانی ڕۆحی خۆت. ئێمە لە جیهانێکی سەرقاڵ و جەنجاڵدا دەژین، هەمیشە نامەمان لە ئەپەکانی سۆشیال مێدیایەوە بۆ دێت. لەم جیهانە سەرقاڵ و جەنجاڵەدا، دەکرێت زەحمەت بێت، کات بۆ

گرنگیدان بە ڕۆحمان تەرخان بکەین. بەڵام دەبێت ڕێگەیەک بدۆزینەوە تا لەگەڵ خودا قسە بکەین وەک چۆن مەسیح لە قەرەباڵغی دوورکەوتەوە تا لەگەڵ باوکی ئاسمانیدا قسە بکات. نووسەر داود مۆرای دەڵێت: "ڕۆحی خزمەتکار ڕۆحی خزمەتکەیەتی."[33] ئەوە ڕاستە.
٢- *بیرکردنەوە لە سیفەتەکانی خودا*. ئەمە پراکتیزەیەکی زۆر پشتگوێخراوە. ئێمە خێرا سوپاسی خودا دەکەین بۆ کارەکانی و درەنگ سەرسام دەبین بە سروشتی ئەو. دڵێکی پڕ لە چاکی تێدەگات، تا مرۆڤایەتی دەتوانێت، مانای چییە بڵێین بەتەنیا خودا چاکە. کاتێک نوێژ دەکەیت دڵنیابە کە کاتێکیش بۆ ستایشکردنی خودا تەرخان بکەیت بەوە کە خودا کێیە، پێش ئەوەی داوای هەر یارمەتییەکی لێ بکەیت.

٣- *ستایشی خودا بکە، نەک خۆت*. دڵێکی پڕ لە چاکی دەزانێت تەنها خودا چاکە و بەتەنها ئەو شایەنی ستایشکردنە. ئاڵوودەبوون بەستایشکردنت لەلایەن خەڵکەوە زۆر ئاسانترە لەوەی بیری لێ دەکەیتەوە. هەموومان دەمانەوێت کەسانی تر ستایشمان بکەن و بزانن کە ئێمە کەسێکی چاکین. ڕابەرێکی دانای باوەڕدار دەتوانێت هاندان لە کەسانی دیکە وەربگرێت و لە هەمان کاتیشدا ستایشی خودا بکات. ئەگەرچاومان لە ستایشکردنی خەڵک بێت، کاتێک کەس ستایشمان نەکات، بێهیوا دەبین. ئەو کەسە سەرزەنشت مەکە کە هەوڵدەدات هاندانت پێ بدات و سوپاست بکات لەسەر کردنی کارە چاکەکانت. گرنگترین شت کە دەتوانیت بیکەیت ئەوەیە کە لە دڵی خۆتدا دان بەوەدا بنێیت کە "شکۆ بۆ خودایە." لەکاتی گونجاودا سوپاسی ئەو کەسە بکە کە ستایشی تۆ دەکات و بە نەرمی بیری بخەرەوە کە هەموو شتێک کە هەتە و هەموو ئەوەی کردووتە دیاری خودایە.

٤- *پاڕانەوە لە خودا بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە خاچ*. ئەوانەی کە قەدری ئەوە دەزانن کە عیسا بۆی کردوون، ژیانی خۆیان بە کارە چاکەکان دەڕازێننەوە. ئەوان لەبەرامبەر ئەوەی دەیکەن چاوەڕێی پاداشت لە کەس ناکەن. چاکە لەگەڵ ئەوانی تر دەکەن بەو هیوایەی خودا پێیان بڵێت: "ئافەرین، ئەی کۆیلەی چاک و دەستپاک!" (مەتا ٢٥: ٢٣). ئەوانەی دڵیان پڕە لە چاکی، سەرسام دەبن بەوەی دەزانن خودایە چاکەکەیان لە پێناوی ئەواندا ئازاری چەشتووە و مردووە. رامان و قوڵبوونەوەت لە خاچ تەنها وا ناکات کە هەست بە باشتربوون بکەیت، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی

بەردەوامیش بیت لەسەر چاکەکردن.  ئایا ئەمە هەر ئەو خاڵە نییە کە پەترۆس باسی کردووە؟

"ئەوەی خودی خۆی لە لەشیدا لەسەر دار گوناهەکانمانی هەڵگرت، تاکو سەبارەت بە گوناه بمرین و بۆ ڕاستودروستی بژین" (یەکەم پەترۆس ٢: ٢٤). ئەگەر ڕۆحی پیرۆز چاکی لە تۆدا چاندبێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە ژیانت ئەوە نیشان دەدات (ئەفەسۆس ٢: ١٠). بەو ڕووناکییەی خودا پێی بەخشیویت تاریکی تێکدەشکێنیت. جیاوازی درووست دەکەیت. خزمەتی نزیکەکانت دەکەیت. مزگێنی دەدەیت. سەردانی بێوەژنان دەکەیت. ئاگات لە منداڵانی هەتیو دەبێت. تکایە هیچ یەکێک لەو کارە چاکانە مەکە بۆ ئەوەی لەلای خودا راستودرووست بیت. ئەوانە بکە، چونکە خودا راستودرووستی کردوویت.

## شکۆمەندی بۆ کێیە؟

ئەم بەشە بە پلەی یەکەم لەبارەی ئەنجامدانی کارە چاکەکان نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو دڵەوە هەیە کە کارە چاکەکانی لێوە دەڕژێت. ئەگەر دڵێکی پڕ لە چاکی نەبێت، وەک داودت لێدێت - بێهیوا دەبیت، سەرلێشێواو دەبیت و قەناعەتت بەوە نییە کە کارەکانت بەڕاستی گرنگن. داود بۆ شکۆمەندی خۆی کاری دەکرد نەک شکۆمەندی خودا. کار بۆ شکۆمەندی کێ دەکەیت؟

پێویستە هەموو کارە چاکەکانمان ئامانجی شکۆمەندی خودا بێت. کاری ئێمە ڕێزگرتنە لە خودا. پاڵنەرمان بۆ خزمەتکردن، پێش هەموو شتێک دەبێت بۆ ستایشکردن و بەرزراگرتنی ناوی ئەو بێت. دڵێک کە پڕ بێت لە چاکی خودا خۆی و خزمەتەکەی تەرخان دەکات بۆ شکۆمەندی خودا. ئەفەسۆس ٣: ٢٠-٢١ دەڵێت:

*"بۆ ئەو خودایەی توانادارە هەموو شتێک بکات زۆر زیاتر لەوەی کە داوای دەکەین یان بیری لێ دەکەینەوە، بەگوێرەی ئەو هێزەی کە تیایاندا کار دەکات، با ئەوە لەدوای ئەوە، خودا بۆ هەتاهەتایە لە کڵێسا و لە عیسای مەسیحدا شکۆدار بێت." ئامین.*

# ٧

# ئەی تۆ چیت دەوێت؟

## خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی،
## ئارامگرتن، نیانی، چاکە،
## **دڵسۆزی**، دڵنەرمی، بەسەرخۆدا زاڵبوون

پەرۆشی کەسێک دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئەو کەسە هەبێت. چەند ساڵێک لەمەوبەر خەریک بوو کتێبێکم لەلایەن بڵاوکەرەوەیەکی ئەکادیمی گرنگ بڵاوببێتەوە. بەڵام لە کۆتاییدا دەزگای بڵاوکەرەوەکە کتێبەکەی منی قبوڵ نەکرد. بەڕاستی سەرم لەوە سوڕمابوو کە بۆ ئەوەندە حەز دەکەم کتێبەکەم لەلایەن ئەم بڵاوکەرەوە گرنگەوە چاپ بکرێت. بەڵام بەڕاستی دڵتەنگی و نائومێدی من لە بڵاونەبوونەوەی کتێبەکەم زۆر بچووکە بە بەراورد بە کێشەکانی تر. من باوەڕدارێکی ئەفغانی دەناسم کە یارمەتی کڵێسای نهێنی شاری کابول دەدات. هاوڕێی وام هەن کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەرکراون بەهۆی ئەوەی مزگێنی مەسیحیان ڕاگەیاندووە. دوو هاوڕێم هەیە کە قەشەن و ژنەکانیان بەهۆی شێرپەنجەوە مردوون. دەسەڵاتداران لەم دواییانەدا کڵێسایەکیان لە باکووری ئەفریقا داخست کە پەیوەندییەکی نزیکمان لەگەڵیان هەبوو. کێشەی من لە چاپنەکردنی کتێبەکە بە بەراورد بەم سەختییانە ئەوەندە بچووکە کە شایەنی باسکردن نییە. بەڵام ئەگەرچی ئەو کێشەیە بچووک بوو، بەڵام ئەو ڕاستییە

نیشان دەدات کە ڕەتکرانەوە ئازاری هەیە. ئارەزووە بەدینەهاتووەکان دەتوانن وامان لێبکەن هەست بە بێ نرخی بکەین.

کاتێک بیرم لە نائومێدی خۆم دەکردەوە لەسەر ڕەتکرانەوەی کتێبەکەم، بیرمە کە هەوڵمدەدا پاساو بۆ خۆم و نائومێدییەکەم بهێنمەوە. پێم وابوو، ئەگەر لەلایەن بڵاوکەرەوەیەکی گرنگ و بەناوبانگ کتێبەکەم بڵاوکرابایەوە، ئەوا لەلایەن کەسانی دیکەوە ڕێزی زیاترم دەبوو. ڕێزگرتنی زیاتر بەو مانایە دێت کە خوێنەری زیاترم دەبوو. خوێنەری زیاتر بەو مانایەی کە خەڵکی زیاتر دەتوانن مزگێنی لە منەوە ببیستن. بەڵام بناغەی ئەم بیرکردنەوە شانازی بوو. ڕاستییەکە ئەوەیە کە من زیاتر گرنگیم بە ناوبانگی خۆم دەدا نەک خودا.

نووسەرێکی بەناوبانگ بە ناوی داود فۆستەر واڵاس هەوڵی نەدا ئارەزووەکەی بشارێتەوە. جارێکیان لە چاوپێکەوتنێک پێیان گوت: ڕێزگرتن بۆ تۆ مانای زۆری هەیە.

داود واڵاس لە وەڵامدا وتی، "کەسێکم پیشان بدە کە حەزی لە ڕێزگرتن نەبێت. پێموانییە لە کەسێکی تر زیاتر برسی ڕێز بم."[34] ڕەنگە ڕاست بکات. بەڵام بە نیعمەتی خودا، دەبێ باوەڕداران جیاواز بن. دەبێت برسی شکۆمەندی خودا بین نەک شکۆمەندی خۆمان. من دڵی خۆم دەناسم. سەردەمێکم لەبیرە کە زیاتر گرنگیم بە سەرکەوتن دەدا نەک دڵسۆزبوون بۆ خودا. ئێستا، دەبینم کە خودا چەندە میهرەبان بووە لەگەڵم کە کتێبەکەم ڕەت کراوەتەوە. لە ڕێگەی ئەم ئەزموونەوە خودا فێری گرنگی دڵسۆزی کردم، کە بەرهەمێکی گرنگی ڕۆحی پیرۆزە.

## لێکچوون دەبینن لە نێوان من و داود واڵاس؟

من و داود واڵاس تەنیا نین. ڕەنگە تۆش وەک ئێمە بیت. ئایا تا ئێستا بەدوای سامان، ڕێز، یان جوانیدا گەڕاویت، بەڵام بەو شێوەیە بەدەستت نەهێناوە کە خەیاڵت بۆی کردووە و شوێنی کەوتوویت؟ ئەمانە پێوانەی دونیایین بۆ سەرکەوتن. ڕەنگە لەوەش خراپتر هەبێت، ئایا هەرگیز هەستت بە ئیرەیی کردووە کاتێک سەرکەوتنی کەسانی دیکەت بینیوە؟ ئایە منداڵ هەیە کاتێک

لێیان بپرسرێت کە دەیانەوێت چی بکەن کاتێک گەورە دەبن، ئەوانیش وەڵام بدەنەوە و بڵێن: "دەمانەوێت دڵسۆز بین؟" ئەگەری هەیە کەم کەس بەم شێوەیە وەڵام بدەنەوە.

زۆرجار کارکردن لە خزمەتکردنی مەسیحیدا دەتوانێت خەڵک بەرەو ناشکوری ببات. بەڵام تەنها قەشەکان نین کە تووشی ناڕازیبوونی ئەوانی دی دەبن، هەموو مرۆڤێک ڕووبەڕووی ئەم دۆخە دەبێتەوە. بۆ نموونە کارمەندێکی نوێی کۆمپانیایەک دەیەوێت پلەکەی بەرز بکرێتەوە و وەک بەڕێوەبەرێک بناسرێت. ئەوانەی کە سینگڵن ئارەزووی هاوسەرگیری دەکەن. ئەوانەشی کە هاوسەرگیریان کردووە دڵتەنگ و ناڕازین کە دەبینن منداڵیان نابێت.

سەرەڕای ئەوەش، من باوەڕم وایە قەشەکان ڕووبەڕووی دۆخی قورستر دەبنەوە بۆ ئەوەی دڵسۆز بن و ناڕازی نەبن. کاتێک مارتن لوسەر دەبرایە دادگا بۆ ئەوەی وەڵامی ڕابەرانی کڵێسای کاسۆلیکی بداتەوە کە دژی فێرکارییەکانی ئەو بوون و دەیانویست بیکوژن، قسەی لەگەڵ ئەو پیاوانە کرد کە ڕاهێنانیان بۆ پێگەی قەشەیی دەکرد. هانی دان کە ئیرەیی نەبەن. لەسەر شانازیکردن بە خۆیان سەرزەنشتی کردن. مارتن لوسەر دەیگووت کە چ سوودێک لەوەدایە "قسەی زۆر بکەیت، لەگەڵ ئەوەشدا لە دڵتدا ئیرەییەکی وا گەورەت هەبێت؟ شتێکی سەیر نابێت ئەگەر هەورەبرووسکەیەک لێتان بدات." [35] مارتن لوسەر ڕەخنەی لە قەشەکان دەگرت سەبارەت بەوەی کە زیاتر گرنگییان بە سامان و ناوبانگ دەدا نەک دڵسۆزییان بۆ خودا.

دوژمنێکمان هەیە کە زۆر حەزی لە بینینی شکستی قەشەکانە. دەبێت هەموو باوەڕدارێک "چەکی تەواوی خودا هەڵبگرێت" بۆ ئەوەی بەرامبەر تیرەکانی شەیتان چەسپاو بێت (ئەفەسۆس ٦:١٣). بەڵێ ئەمە بۆ هەموو باوەڕداران ڕاستە. سەرەڕای ئەوەش، شەیتان بە تایبەتی هەوڵی فریودانی قەشەکان دەدات بۆ ئەوەی شکست بهێنن. ئەگەر شەیتان بتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی یەک قەشە بکەوێت، ئەوا دەتوانێت زیان بە تەواوی کڵێسایەک بگەیەنێت. پەترۆس بە تایبەتی ڕێنمایی پیرەکان دەکات کە خۆیان بەسەر ئەوانەدا مەسەپێنن کە دراونەتە دەستتان (یەکەم پەترۆس ٥: ٣). ئەمەش

لەبەر ئەوەیە کە ڕابەرێکی توند ناتوانێت بە نەرمونیانی ڕابەرایەتی ڕۆڵەکانی خودا بکات. یاقوب گوتی "زۆرتان مەبەنە فێرکار، بزانن لێپرسینەوەی قورسترمان لەگەڵ دەکرێت" (یاقوب ٣: ١). بۆچی؟ چونکە وەک یاقوب دەڵێت، زمان بەهێزە و کڵێساش شوێنی فێرکاری و ڕێنماییەکانی قەشە دەکەوێت. ئەگەر شەیتان بتوانێت کاپتنی کەشتییەکە تەنها کەمێک لە ڕێڕەوی خۆی لابدات، ئەوا دەتوانێت هێواش، هێواش هەموو کەشتییەکە بەرەو بەرد یان سەهۆڵێکی گەورە ئاڕاستە بکات تا خۆی پێدا بکێشێت و بە تەواوی تێکی بشکێنێت. بەڵێ شەیتان لە کاردایە و بەدوای لەناوبردنی باوەڕی ڕابەرە باوەڕدارەکانە.

بەڵام ئێمە ناتوانین تەنها شەیتان لۆمە بکەین بۆ گوناهەکەمان. ئارەزووەکانی خۆمان وامان لێدەکەن نادڵسۆز بین و بکەوینە ناو گوناهەوە، چونکە ئامانج و ئارەزوویی خواییمان نییە. زۆرێک لە ئێوە سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی باش و خواپەرستانە بەکاردەهێنن. تۆ پشت بە ئینتەرنێت نابەستیت بۆ کۆمەڵگا، پێش ئەوەی هیچ شتێک پۆست بکەیت نوێژ دەکەیت، ئەوەندە ژیریت کە بزانیت ئەوەی کە لە کەسێکەوە یان لەبارەی کەسێکەوە دەیبینیت لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە تەنها بەشێکی بچووکە لە تەواوی چیرۆکەکە نەک هەموو چیرۆکەکە. بەداخەوە هەمووومان لە کاتی بەکارهێنانی سۆشیال میدیادا بەگوێرەی پێویست وریا نین. زۆرجار، ئێمە بۆ ئەوە پۆست دەکەین تا خۆمان دەربخەین، دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی ژیانمان لەگەڵ کەسانی دیکە بەراورد بکەین، هەروەها ئیرەیی بە سەرکەوتنی ئەوانی دیکە دەبەین کە لە سۆشیال میدیادا دەیانبینین. هەرچەندە شەیتان هەوڵدەدات فریومان بدات، بەڵام ناتوانین شەیتان لۆمە بکەین بۆ هەموو گوناهەکانمان. گوناهی ناو دڵی خۆمان زیندووە و چالاکە.

لە مێژوودا هیچ سەردەمێکی زێڕین نییە. هەرچەندە ئەمە دەزانم، بەڵام هەندێک لە خۆم دەپرسم، ئەگەر مزگێنی لە کڵێسایەک بدەم کە تەنها گوێ لە وتاری من دەگرن و گوێ لە هیچ وتاربێژێکی دیکە ناگرن، ئایا ئەوە وام لێم دەکات هەست بە ئاسوودەیی بکەم؟ ئایا ئەوە وا دەکات کە خۆم بەراوردی قەشەکانی دیکە نەکەم؟ نەخێر. لە هەموو سەردەمێکدا، تەنانەت لەم سەردەمە دیجیتاڵیەشدا، دڵی مرۆڤەکان پڕ بووە لە ئیرەیی. ئیرەیی وامان

لێدەکات ناڕازی بین لەوەی خودا پێی بەخشیوین. ئایا ناشکوربوون لە دڵتدا هەیە؟

## ویست و ئارەزووی خواییانە

هەموو ویست و ئارەزوویێک خراپ نییە. ویست و ئارەزووی مرۆڤ دەکرێ باش و خواییانە بێت. من لەگەڵ قەشە داود هارڤی هاوڕام کە دەڵێ: "خواست و ئارەزوو شتێکە کە خودا بۆ چاکە بەکاریدەهێنێت."[36] هارڤی ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەو خواست و ئارەزووە باشە نەکوژین کە خودا پێی بەخشیووین. ئەو بەم جۆرە خواست و ویستی باش روون دەکاتەوە: "پاڵنەر و خواستێکی بەرزە لە دڵەوە بۆ ئەنجامدانی شتی گرنگ لە ژیاندا، واتە بۆ ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە کاریگەریان دەبێت." نابێت باوەڕداران ئەم خواست و ئارەزووە بۆ بەدیهێنانی شتی گەورە سەرکوت بکەن.

نامەوێت لە خەون و پلانێکی گەورە دوورت بخەمەوە کە دەتەوێت بۆ خودا بیکەیت. سەرەڕای هەموو ئەوانە، کەسێک دەتوانێت بێفیزی درۆینەی هەبێت. کەسێک بە بێفیزی درۆینەوە دەڵێت: ئێستا سەیری من بکە. من هەوڵ نادەم هیچ شتێکی گەورە بکەم چونکە سەرنج و سەرسامی هیچ کەسێکم ناوێت. خۆزگە ناخوازی کە تۆش وەک من بێفیز بایت؟ لە هەندێک بارودۆخدا ڕەتکردنەوەی رابەرایەتیکردن لە کڵێسادا ڕەنگە گوناه بێت.

لەبری ئەوەی بەهرەکانت بشاریتەوە، دەتوانین لە مژدەبەر ویلیام کاری فێربین کە گوتی: "چاوەڕوانی شتی گەورە لە خودا بکەن، هەوڵی شتی گەورە بدەن بۆ خودا." بیر لە نموونەکەی مەسیح بکەوە. کاتێک گەورەیەک پارەی بە خزمەتکارەکانی دا، چاوەڕێی ئەوە بوو کە وەبەرهێنانی ژیرانە بکەن و لە ئەنجامدا داهاتێکی بەرچاو زیاد بکات. ئەو خزمەتکارەی کە زۆرترین داهاتی کۆکردبووەوە، ستایشکرا، "ئافەرین، ئەی خزمەتکاری چاک و دەستپاک. لە کەم دەستپاک بوویت، زۆرت پێ دەسپێرم. وەرە ژوورەوە بۆ خۆشی گەورەکەت" (مەتا ٢٥: ٢٣). پەروەردگار دڵخۆشە کاتێک ئێمە کار بۆ ئەو دەکەین. ئەو دڵخۆشە کاتێک ئەو ئەو شتانە وەردەگرین کە پێی بەخشیوین و بۆ چاکەی شانشینەکەی بەکاری دەهێنین وەک زانین، دانایی، سۆز. ویست و ئارەزوو لە خودی خۆیدا خراپ نییە.

بەداخەوە ئاسانە کە بڵێیت هەوڵی شتە گەورەکان دەدەم بۆ خودا، بەڵام بەڕاستی هەوڵی شتە گەورەکان بۆ خۆت دەدەیت. کەسێک کە برسێتی ناوبانگی هەیە، بەبێ ئەوەی بزانێت کڵپەی ئاگری شکۆمەندی خودا لە ناخی خۆیدا دەکوژێنێتەوە. داود هارڤی مەترسی خواست و ئارەزووەکانی دەزانی. دەڵێت، "کاتێک خواست و ئارەزووەکانت خراپن، گەشە دەکەن، بەڵام پڕە لە گوناهی خۆبەزلزانین کە دەتوانێت بە ئاسانی بەسەرماندا زاڵ بێت."[37] چۆن بزانیت کە خواست و ویستت خواییانەیە یانیش گوناهبارانە و خراپانەیە؟ پاڵنەرەکانمان لەم ژیانەدا هەرگیز بەتەواوی پاک و بێ خەوش نابن. بەڵام دەبێت بەدوای دڵسۆزی و پاڵنەرە پاکەکاندا بگەڕێین و متمانەشمان بە خودا هەبێت بۆ ئەنجامەکانی.

## دڵسۆزی چییە؟

لە بنەڕەتدا، دڵسۆزەکان تەنها ئەوانەن کە "پڕن لە باوەڕ". "دڵسۆز" لە پەیمانی نوێدا ئاماژەیە بۆ متمانەکردن بە عیسا، پاشای لە خاچدراو و زیندووبووەوە و فەرمانڕەوا. گەلی خودا هەمیشە هیوایان بە پەروەردگار هەیە. لە ڕۆما ٤: ١٨ پۆڵس باسی ئیبراهیم دەکات و دەفەرمووێت: "ئیبراهیم ئومێدەوار بوو و باوەڕی بەوە هێنا کە دەبێتە باوکی چەندین نەتەوە." مەبەستی پۆڵس ئەوەیە کە ئیبراهیم دڵسۆز بووە و باوەڕی بە بەڵێنەکانی خودا هەبووە، سەرەڕای ئەوەی کە وادەردەکەوت کە بەڵێنەکانی خودا نایەنەدی. بە سادەیی، دڵسۆزەکان پشت بە خودا دەبەستن؛ ئەوان باوەڕیان بە بەڵێنەکانی خودا هەیە.

بەڵام دڵسۆزی مانایەکی دیکەشی هەیە. ئەوانەی پڕن لە باوەڕ جێی متمانەن. باوەڕداران ساڵانێکی زۆرە گوێڕایەڵی خۆیان بۆ خودا نیشان دەدەن. ئەو خەڵکانەی کە لە عیبرانییەکان بەشی ١١ باسکراون، ئەم جۆرە دڵسۆزییەیان بە چەندین شێوە نیشانداوە. بۆ نموونە هەندێکیان ڕەتیانکردەوە سەرپێچی بکەن یان نکۆڵی لە خودا بکەن تەنانەت ئەو کاتەش کە هەڕەشەی سووتاندنیان لێکرابوو تا کوشتن (عیبرانییەکان ١١: ٢٦-٣٨). کاتێک پۆڵس ڕوونیکردەوە کە چۆن "تێکۆشانێکی باش تێکۆشاوم" و "باوەڕەکەم پاراست" (دووەم تیمۆساوس ٤: ٧)، لە ڕاستیدا ئەو باسی دڵسۆزی بۆ خودا دەکرد. لە سەرەوە لە نموونەی بەهرەکاندا، تێبینیت کردووە کە چۆن

ئەو کەسەی کە بە ژیری موڵکی گەورەکەی بەکارهێناوە، پێی دەوترێت "بەندەی دڵسۆز" (مەتا ٢٥: ٢٣). بە هەمان شێوە ئەو باوەڕدارەی کە بە ژیرانە مزگێنی و دیارییەکانی تر کە خودا پێی دەبەخشێت بەکاردەهێنێت، پێی دەوترێت دڵسۆز. دڵسۆزی بە چەندین شێوازی جیاواز و کردەیی و جوان دەبینرێت:

- کات تەرخانکردن بۆ بیرکردنەوە لە کتێبی پیرۆز لەناو سەرقاڵیدا (زەبوورەکان ١: ٢).
- زوو لە خەو هەڵسان و بە درێژایی ڕۆژ زەحمەتکێشان بۆ دابینکردنی بژێوی خێزانەکەت (یەکەم تیمۆساوس ٥: ٨).
- قسەکردن لەسەر مزگێنی مەسیح لەگەڵ هاوکارەکانت کە گاڵتە بە عیسا و کتێبی پیرۆز دەکەن و سووکایەتی پێدەکەن (مەتا ١٠: ٣٣).
- چوون بۆ ماڵی بێوەژنێک بۆ چاککردنەوەی پەرژینی باخچەکەی کە تێکچووە (یاقوب ١: ٢٧).
- فێرکردنی خەڵک لەبارەی کتێبی پیرۆز هەموو هەفتەیەک بە شێوەی گرووپی بچووک (دووەم تیمۆساوس ٤: ٢).
- بەردەوام بوون لە باوەڕ و فێرکاری ڕاستەقینەی مزگێنی لە کاتێکدا ئەوانەی دەوروبەرت دەیانەوێ ساردت بکەنەوە (گەلاتیا ١: ٨).
- ڕاستکردنەوەی منداڵەکانت بە نەرمی تەنانەت ئەو کاتەش کە بەڕاستی دەتەوێت توند بیت لەگەڵیان (ئەفەسۆس ٦: ٤).
- زوو گەیشتن بە کڵێسا تا بتوانیت قسە لەگەڵ کەسانی تر بکەیت و هانیان بدەیت (عیبرانییەکان ١٠: ٢٥).
- ملکەچبوون بۆ ڕابەرانی کڵێسا، تەنانەت ئەو کاتانەش کە پێت وایە لەوانەیە لە هەڵەدا بن (عیبرانییەکان ١٣: ١٧).

- ڕابەرایەتیکردنی ژنەکەت بە بێفیزی و قوربانیدان (ئەفەسۆس ٥: ٢٥).
- بەخشینی پارە و کات بە دراوسێیەک کە پێویستی پێیەتی (لۆقا ١٠: ٣٧).
- وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی درەنگانی شەو لەلایەن باوەڕدارێکەوە کە دڵتەنگ و خەمۆکە و پێویستی بە هاندان هەیە (عیبرانییەکان ٣: ١٣).

ئەمانە تەنها هەندێک لە نیشانەکانی ژیانێکی پڕ لە دڵسۆزییە. جیهان گرنگی بە بڕوانامە و ناوبانگ دەدات یان خاوەنی خانووی گەورە و ئۆتۆمبێلی گرانبەها. خودا گرنگی بە دڵسۆزی دەدات، پابەندبوونی چەسپاو بۆ ڕێزگرتن لە خودا بە هەزار ڕێگەی سادە. چۆن دڵنیا بین کە خودا گرنگی بە دڵسۆزی دەدات؟ چونکە عیسای مەسیح، ئەو خودایەی کە خۆی لەجەستەی مرۆڤدا بوو، ئاسمانی بەجێهێشت بۆ ژیانێکی دڵسۆز و گوێڕایەڵانە، کە لە ئەنجامدا لەسەر خاچ مرد. عیسا هیچ کتێبێکی نەنووسیوە، میوانداری هیچ پۆدکاستێکی نەکردووە، فۆڵۆوەرێکی زۆری نەبووە. ئەو لەگەڵ فریشتەکاندا هاتە ناو جیهان کە بە گۆرانی ستایشی ناوی مەسیحیان دەکرد، بەڵام کە جیهانی بەجێهێشت خەڵک سووکایەتیان پێ دەکرد. دڵسۆزی وەک مەسیح بوونە.

## دڵم گۆڕا

هیچ شتێکی خراپ نییە کە نائومێد بم، بەڵام کاتێک دەزگاکەی بڵاوکردنەوە هەواڵی ڕەتکردنەوەیان پێدام، زۆر زیاتر لەوەی کە پێویستبوو بێهیوا بم، بێ هیوا بووم. زیاتر گرنگیم بە سەرنج و سەرسامی کەسانی دیکە دەدا سەبارەت بە خۆم، نەک یارمەتیدانی کەسانی دیکە. بۆ؟ چونکە لە قۆناغێکی ژیانمدا دەستم کرد بە لابردنی چاوەکانم لەسەر خودای دڵسۆزم و دانانی لەسەر خودی خۆم.

پاشا سلێمانی دانا هەمان شتی کرد. سلێمان نوێژی کرد و دانایی لە خوداوە وەرگرت. بەم داناییە ناکۆکییەکانی یەکلایی دەکردەوە و شانشینەکەی خۆی

بەڕێوەدەبرد و سەرپەرشتی دروستکردنی ماڵی خودای دەکرد. سلێمان داوای دانایی کرد تا بە دادپەروەرانە حوکمڕانی بکات. خودا، وەک زۆرجار دەیکات، زۆر زیاتری پێبەخشی: 'سلێمان گەورەترین پاشا بوو لەنێو پاشاکانی سەر زەوی چ لە دەوڵەمەندی و چ لە دانایی. هەموو خەڵکی سەر زەوی بە ئاواتەوە بوون ڕووی سلێمان ببینن، هەتا گوێ لە داناییەکەی بگرن کە خودا لە دڵیدا دانابوو" (یەکەم پاشایان ١٠: ٢٣-٢٤). هەموو شتێکی هەبوو: دانایی و سامان و شکۆ. بەڵام لە قۆناغێک دڵی لە خودا دوور کەوتەوە و بەرەو گوناە ڕۆیشت. سلێمان بووە کەسێکی لووتبەرز. باوەڕ و متمانەی بە توانا و دانایی خۆی هەبوو. هەرچەندە ناوی پەروەردگاری لە سەرووی ناوی خۆیەوە دانابوو (بڕوانە یەکەم پاشایان ١٠: ١)، بەڵام لە کۆتاییدا قسەی خودای پشتگوێ خست و سەرپێچی لە فەرمانەکانی خودا کرد. بە کۆکردنەوەی سامان و چەک و ژن هەموو ئەمانە بە سەرپێچیکردن بوو لە خودا (دواوتار ١٧: ١٤-٢٠) سلێمان سەلماندی کە سەرکەوتنی زیاتر خۆشدەوێت لە دڵسۆزی.

من بە تەواوی نازانم دڵم چۆن بە ئاراستەیەکی هەڵەدا ڕۆیشت. وەک پێشتر باسم کرد، باوەڕم وایە کە ڕابەرە باوەڕدارەکان بە شێوەیەکی تایبەت تاقی دەکرێنەوە، کە ئایا لووتبەرزی دەیانگرێت یان نا. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵک بۆ دانایی دێنە لامان. بۆ هیوا و ڕێنوێنی گوێ لە قسەکانمان دەگرن. لەبەر ئەوەی ئێمە قەشەین و زۆر کتێبی پیرۆزمان خوێندووە، زۆر کەس بە چاوێکی گەورە تەماشامان دەکەن. ئەمەش دەتوانێت وامان لێبکات لووتبەرزبین و شانازی بە خۆمانەوە بکەین. دیسانەوە بە وردی نازانم چ کات و بەروارێک بوو کە دڵم گۆڕا و دەستم کرد بە شانازیکردن بە خۆم، چونکە بێگومان تەنها یەک سات نەبوو. بە هێواشی، هەنگاو بە هەنگاو ڕوویدا. دوای چەند ساڵێک دڵسۆزیم لاواز بووبوو.

## سوپاسگوزاری بۆ شکستهێنان

سلێمان شانشینەکەی لە دەستدا. من هەستی شانازیکردن بەخۆم لەدەستدا. کاتیک بیر لەو کاتە دەکەمەوە لە ژیانمدا، زۆر سوپاسگوزارم کە ئەو دەزگایە بڵاوکردنەوە کتێبەکەمیان ڕەتکردەوە. خودا ئەو ساتەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی بیرم بخاتەوە کە کێ بەڕاستی گرنگە، ئەو نەک من. وەک وتم

ئەو تاقیکردنەوەیە بچووک بوو بە بەراورد بەو تاقیکردنەوانەی کە مرۆڤەکان ئەزموونی دەکەن. لەو کاتەوە کچەکەم تووشی نەخۆشییەکی خراپ بوو. بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە، کچەکەم ڕۆژانە زیاتر لە من ئازار دەچێژێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی ئەزموونم دەکرد، *تاقیکردنەوەکەم* بوو، سوپاسگوزار بووم بۆی. خودا ڕەتکردنەوەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی لە لووتبەرزی دوورم بخاتەوە. ئەو ئەم ڕەتکردنەوەیەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی ببمە هاوسەر و باوک و قەشەیەکی باشتر.

خودا ئەوەی فێرکردم کە هەموو باوەڕدارێک پێویستە بیزانێت. بەپێی بیرکردنەوەی خودا، سەرکەوتن بە ژمارەی فۆڵۆوەر و لایک و کۆمێنتی سۆشیال میدیا ناپێورێت. بە ژمارەی ئۆتۆمبێل و بڕوانامەکانت ناپێورێن. باوەڕدارەکان زیاتر لە هەموو کەسێک دەبێ لەم شتە تێبگەن. بەهای ئێمە لەوەدا نییە کە دەیکەین، بەڵکو لە خۆشەویستی تەواوی ڕزگارکەرێکدایە کە لە جیاتی ئێمە نرخی گوناهەکانی دا. هەر بۆیە "سەرکەوتن" هەرگیز وەک پارچەیەک لە بەروبوومی ڕۆح ڕیز نەکراوە، بەڵکو ئەوەی باسی لێوەکراوە دڵسۆزییە.

ئۆگستین وەک یەکێک لە کاریگەرترین قەشەکان چۆتە ناو مێژووەوە. کاری سەرەکی ئەو لە شاری هیپۆ لە ئەفریقا ڕاگەیاندنی مزگێنی و خزمەتکردنی کڵێسای خۆجێیەکەی بوو. خودا دیارییەکی نائاسایی پێبەخشی. ئەو زیرەکییەکەی بەکارهێنا بۆ نووسین و فێرکاری ڕوون لەسەر پرسە ئاڵۆزەکانی خواناسی. لەبارەی سێیانەی پیرۆز و ڕۆڵی نیعمەتی خودا لە ڕزگاربووندا شتی نووسیووە. ئۆگستین زۆر چالاک بوو. زۆر شتی ناوازەی کردووە. بەڵام کاتێک ئۆگستین بیری لە ژیانی خۆی دەکردەوە، دەیبینی ئەوەی لە ژیانی ئەودا کار دەکات ئەو خودایە بوو کە دەیپەرست، نەک ئەو کتێبانەی کە نووسیبووی، کە زۆریش گرنگ بوون. کاتێک ئۆگستین بوو بە باوەڕدار، وازی لە کارکردن هێنا بۆ شکۆمەندکردنی ناوی خۆی. گوێ لەم نوێژە بگرن کە نووسیویەتی:

*"خۆمم خستە ژێر نیرەکەت و شانەکانم خستە ژێر بارەکەتەوە (مەتا ١١: ٣٠)، ئەی عیسای مەسیح 'یارمەتیدەر و ڕزگارکەرم' (زەبوورەکان ١٨: ١٥). بەهۆی تۆوەیە کە من هەست بە*

*شیرینی ژیانێکی بێ گوناه دەکەم. ئەوەی کە رۆژێك لە ڕۆژان دەترسام لە دەستی بدەم، ئێستا دڵخۆشم کە بەجێی بێڵم و لە دەستی بدەم. تۆ گوناهەکانمت لە دڵم دەرهێنا و لە جێگای ئەوە ویستەکانی خۆت خستە شوێنی. تاریکیت دەرهێنا و ڕووناکی نیعمەتەکەت درەوشاندەوە لە ژیانمدا. من چیتر خۆم بە گەورە نازانم، چونکە دەبینم گەورەیی و شکۆمەندی تۆ زیاترە لەوەی کە بە خەیاڵمدا دێت. تۆ لە گوناهی ئیرەیی و گەڕان بەدوای شکۆمەندی خۆم ڕزگارت کردم. تۆ لە تەماحی دونیا ڕزگارت کردم. تۆ ئەی پەروەردگار، هێزی من و سامان و ڕزگاری منیت." 38*

دڵسۆزی تەنها ئەو کاتە لای ئێمە درووست دەبێت، کە مەسیح هەموو شتێک بێت بۆ ئێمە.

## "مرۆڤ بەدوای چیدا دەگەڕێت"

نووسەرێکی ئەمریکی بە ناوی والاس لەساڵی ٢٠٠٨ لە تەمەنی چل و شەش ساڵیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ساڵانێک لەگەڵ خەمۆکیدا شەڕی دەکرد. لە سەرەتای ژیانیدا سەرکەوتنی دونیایی بەدەستهێنا. هەمووان دەیانویست کتێبەکانی بڵاوبکەنەوە، بەڵام ئەوە بەس نەبوو بۆ تێرکردنی خواست و ئارەزووە دونیاییەکانی. لە چاوپێکەوتنەکەدا کە دان بەوەدا دەنێت کە ڕێزی دەوێت، هەروەها دان بەوەشدا دەنێت کە نازانێت لە کوێ بیدۆزێتەوە. گوتی، "کێشەی من ئەوەیە کە سەرکەوتنم بەدەست نەهێناوە. خۆزگە کەسێک پێم بڵێت لە کوێ بتوانم بیدۆزمەوە."39

والاس وەک سلێمان ناوبانگ و سامان و زۆر شتی بەدەستهێنابوو، بەڵام سەرەڕای ئەوە، هەستی بە بەتاڵی و ناڕازیبوون دەکرد. خواست و ئارەزووە دونیاییەکان هەرگیز تێرنابن. کاتێک بەدوای سەرکەوتنی دونیاییدا دەگەڕێیت، هەرگیز بەدەستی ناهێنیت. وەک ئەوە وایە هەوڵبدەیت با بگریت. هەموومان وەک ئۆگستین لەگەڵ "ئارەزووی دونیایی" دا زۆرانبازی دەکەین. هەموومان وەک والاس هەوڵدەدەین شوێن ئارەزووەکانی خۆمان بکەوین. هەموومان وەک سولەیمان سەرمان

سوڕماوه و له خۆمان دەپرسین که ئایا خودا ڕاست دەکات کاتێک پێی گوتین که پابەند بین به وشەکەی. ئەوەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت گرنگه. باوەڕداران بانگ کراون بۆ گەڕان بەدوای مەسیحدا، ڕابەره باوەڕدارەکانی کڵێساش بانگکراون بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی باوەڕدارانی دیکه له گەڕان بەدوای مەسیحدا بکەن. ئەم گەڕانه بەدوای مەسیحدا چۆنه؟ دڵسۆزی پابەندبوونه به ڕێزگرتن له پەروەردگار به هەموو وردەکارییەکی ژیانمانەوه.

## ئایا دەتوانیت له دڵسۆزیدا گەشه بکەیت؟

ئێستا له هەموو کاتێک زیاتر کڵێسا پێویستی به نموونەی دڵسۆزی هەیه. چۆن دەتوانین له هەوڵدانمان بۆ دڵسۆزی گەشه بکەین؟ ڕێگا زۆره، بەڵام لێرەدا تەنها چەند ڕێگایەک دەخەینەڕوو.

<u>پێش هەموو شتێک باوەڕ به مزگێنییەکه بهێنه</u>. تەنها ئەوانەی باوەڕیان به عیسای مەسیح هێناوه وەک پەروەردگاریان دەتوانن دڵسۆز بن. ئایا ئەمەت کردووه؟ دەکرێ که تۆ ئەم کتێبه بخوێنیتەوه و لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بەڕاستی ژیانت نەخستبێته ژێر دەستی مەسیحەوه. هۆکاری ئەوەی که تۆ لەگەڵ هەستێکی بەردەوامی ناتەواوی دەژیت، لەبەر ئەوەیه که تۆ عیسا به هەموو شتێکی خۆت نابینیت. ئەگەر ئەوه حاڵەتەکه بێت، دەمەوێ ئەوه بپرسم؛ باوەڕت وایه که ئەو لەسەر خاچ له پێناو گوناهەکانتدا مرد و له مردنیش هەستایەوه بۆ ئەوەی بێتاوانت بکات؟ ئایا باوەڕت وایه که ئەو پاشای پاشاکان و پەروەردگاری پەروەردگارانه و تەنها ئەو بەسه بۆ پیرۆز بوونت؟ ئایا باوەڕت وایه تەنانەت ئەگەر هەموو جیهانیش بەدەست بهێنیت بەڵام عیسات نەبێت، ئەوا هیچت نییه؟ ئەمانه پرسیاری گرنگن. بۆ ئەوەی دڵسۆز بیت، سەرەتا دەبێت تەنها باوەڕت به مەسیح هەبێت.

<u>دووباره بیر له سەرکەوتن بکەوه</u>. دەتوانین بڵێین که سەرکەوتن بریتییه له ژیانێکی دڵسۆزانه و گوێڕایەڵانه بۆ مەسیح. بیر لەوه بکەرەوه که کاردانەوەت چۆن دەبێت کاتێک ئەوەی دەتەوێت بەدەستی ناهێنیت. ئەگەر پێت وایه سەرکەوتن بریتییه له هەبوونی خێزانێکی گەوره، پیشەیەکی جێگیر، کڵێسایەکی گەوره، یان خزمەتێکی گەشەسەندوو، ئەوا تۆ هەڵەیت

و بە پێوەرەکانی ئەم جیهانە بیر دەکەیتەوە. سەرکەوتنی ڕاستەقینە لە دڵسۆزیدا دەپێورێت. ئەمەش چەند شتێک دەگرێتەوە، وەک مامەڵەکردن لەگەڵ وشەکانی خودا. پاراستنی ڕانە مەڕ لە مامۆستا ناڕاست و درۆزنەکان. مزگێنیدان بە بەردەوامی. گەڕان بە دوای پاکژی. خۆشویستنی خێزان و کڵێساکەت. هەرگیز گرنگترین شتەکانی ژیان بەناوبانگت ناکەن. دوبارە بیر لە سەرکەوتن بکەوە.

دەست پێبکە. دڵسۆزی دیارییەکی ڕۆحی پیرۆزە، بەڵام کارێکی قورسیشە. چاکەکردن بۆ خودا ناتگەیەنێتە بەهەشت؛ ئێمە تەنها بە نیعمەت لە ڕێگەی باوەڕەوە بە مەسیح بێتاوانکراوین. بەڵام ئەگەر خودا ژیانێکی نوێی پێبەخشیبیت و دڵی گۆڕیبیت، ئەوا زۆر هەوڵدەدەیت بۆ پابەندبوون بە فەرمانەکانی. چەند ساتێک تەرخان بکە و ژیان و خزمەتەکەت هەڵبسەنگێنە. ئایا لە هەموو وردەکارییەکی ژیانتدا بە دڵسۆزی گوێڕایەڵی خودایت؟ ئایا تۆ دڵسۆزیت لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەندامانی ڕەگەزی بەرامبەر، یان لە چۆنیەتی سەیرکردنیان، یان چۆنیەتی خەرجکردنی پارە و پوولت؟ مرۆڤی دڵسۆز بەردەوام نابێت لە سەرپێچیکردن لە فەرمانەکانی خودا. وشەکانی عیسا لە لۆقا ٦:٤٦ لەبەرچاو بگرە: «بۆچی بە ”پەروەردگارم، پەروەردگارم!“ ناوم دەبەیت، کەچی ئەوەی دەیفەرمووم کاری پێ ناکەیت؟» مەهێڵە ئەوە تۆ بیت.

پۆڵس نووسیویەتی، "من چاندم و ئەپۆلۆس ئاوی دا، بەڵام خودا بوو گەشەی پێکرد. ئیتر نە تۆوچێن گرنگە و نە ئاودێر، بەڵکو تەنها خودا گرنگە کە گەشەی پێ دەکات" (یەکەم کۆرنسۆس ٣: ٦-٧). بانگەواز بۆ دڵسۆزبوون بانگەواز نییە بۆ تەمبەڵی، بەڵکو بانگەوازێکە بۆ پشوودان. ئێمە تواکانمان سنوورەدارە. دەتوانیت گەورەترین وتار بدەیت و هەرگیزیش وشەیەکی هاندان نەبیستیت لە ئەندامانەوە. لەوانەیە هەزاران جار مزگێنی بدەیت و هەرگیزیش کەس نەبینیت کە باوەڕی هێنابێت. لەوانەیە سی ساڵ وەک قەشە لە کڵێسایەکدا خزمەت بکەیت و گەشەکردن و گۆڕانکارییەکی زۆر نەبینیت. ئەوە ئاساییە. ئەوە ئەرک و کاری تۆیە کە دڵسۆز بیت. ئەنجامەکانیش بۆ خودا لێگەڕێ.

# ٨

# دڵنەرمی لاوازی نییە

خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی،
ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی،
**دڵنەرمی**، بەسەرخۆدا زاڵبوون

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پاڵەوانەکانی فیلم، وەک ڕامبۆ و ئارنۆڵد و ڤاندام لە ڕادەبەدەر بەناوبانگ بوون. ئەم پیاوانە فێریان کردم و ئیلهامیان پێدام. ئەوان ئەو بیرۆکەیان لەلا درووست کردم کە پیاو دەبێت بوێر و بەهێز و سەرکەش بێت. من تاکە کەس نیم کە ئەم کاریگەرییەی لەسەر هەبووە. لە ساڵانی دواتردا، دەروونناسەکان بەدواداچوونیان بۆ ئەو کاریگەرییە کرد کە ئەم فیلمانە هەیانبوو لەسەر گەنجان. دەروونناسەکان دەڵێن کە ئەم فیلمانە ڕۆڵیان هەبووە لەسەر خولیای هەبوونی جەستەیەکی پیاوانەی تەواو. لە ئەنجامدا کۆمەڵێک گەنجی تەمەن بیستەکان کە لە جەستەیان ناڕازی بوون، دەستیان کرد بە بەسەربردنی هەموو کاتەکانیان لە هۆڵەکانی لەشجوانی. لەوانەیە هەرگیز دوژمنێک نەبەزێنن یان جیهان ڕزگار بکەن، بەڵام بەلایەنی کەمەوە وا دەردەکەون کە توانیویانە.

لە ڕاستیدا، کلتوور هەمیشە جەخت لەسەر بیرۆکەی جەستەی کامڵی پیاو دەکاتەوە. ئەو پیاوانەی لە تەلەفزیۆنەکاندا دەبینرێن، سکسپاک و ماسولکەی بەهێزی قۆڵ و باسکیان هەیە. نەوەیەکی گەنج کە بەدیار سەیرکردنی فیلمەکانی ئارنۆڵد گەورە بوون، بەدوای پاڵەوانە سەرەکییەکان دەگەڕێن بۆ ئەوەی جیهان لە چنگی تاریکی ڕزگار بکەن. ئێمە دەمانەوێت پاڵەوانەکانمان بەڕاستی وەک پاڵەوان دەرکەون. بەڵام ڕواڵەت تاکە شت نییە کە گرنگ بێت. هەروەها دەمانەوێت پاڵەوانەکانمان وەک پاڵەوانێکی ڕاستەقینە مامەڵە بکەن. ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە ئەم پاڵەوانانە یەکلاکەرەوە و بەهێز و قەناعەت پێهێنەر بن بۆ ئەوەی ئەرکەکەیان تەواو بکەن. پاڵەوانە ناودارەکانمان بە دڵنەرمی ناناسرێن. ئەوان بە هێز و کارامەیی و هێزی ئیرادەی خۆیان دەستکەوتی گەورە بەدەست دەهێنن. ئەوان لە متمانە بەخۆبووندا سەرکەوتوون نەک لە بێفیزیدا.

ئایا ئەم وێنە باوە بۆ پیاو کاریگەری لەسەر ئەو گەنجانە هەیە کە دەیانەوێت ببن بە قەشە؟ بەڵێ، دڵنیام کاریگەری هەیە. قسەی من لەسەر ئەوە نییە کە نابێت قەشەکان چێژ لە وەرزشکردن وەربگرن. خەم و نیگەرانی من بۆ ئەو برایانەیە لە مەسیحدا کە مەیلی ئەوەیان هەیە بە توندی و بە ڕەقی خزمەت بکەن. ئەوە دڵتەنگم دەکات کە کاتێک بە کەسێک دەڵێی یەکەم وشە چییە کە دێتە مێشکت کە گوێت لە نازناوی "قەشە" دەبێت، وەڵامەکەی "نەرمونیانی" یان "دڵنەرمی" نییە. لەم بابەتەدا دەمەوێت ڕووبەڕووی ئەو بیرۆکەیە ببمەوە کە دەڵێت بۆ ئەوەی سەرکردەیەکی کاریگەر بیت، پێویستە شەڕانگێز و باڵادەست بیت. ڕێگایەکی باشتر هەیە. ئەوە ڕێگای مەسیحە، کە داوای لە خەڵک کردووە شوێنی بکەون چونکە ئەو دڵنەرمە (مەتا ١١: ٢٩). بۆ ئەوەی ڕوون بێت، من ئەم بەشە لەبەر ئەوە نانووسم چونکە بینیومە پیاوانی دیکە بەهۆی ڕابەرایەتی توند و ڕەقیانەوە لە خزمەت بێبەشکراون. من ئەم بەشە دەنووسم چونکە منیش ڕووبەڕووی هەمان خەیاڵ و تاقیکردنەوە بوومەتەوە. زۆر جار توندی و ڕەقی لە دڵمەوە دەردەکەووت.

## گوناهەکەم فریوی دام

با ڕوونی بکەمەوە کە چۆن ئەم گوناە سەرنجی ڕاکێشام. کڵێساکەم لەلایەن کۆمەڵێک پیرەوە ڕابەرایەتی دەکرێت. چەند ساڵێک لەمەوبەر ویستمان پێشنیار بۆ کۆمەڵەی باوەڕداران بکەین کە گەنجێک بکەینە قەشە. چەند ساڵ بوو لە دەستەی کڵێسادا خزمەتێکی زۆری کردبوو، وە ڕوون ببوو کە خواپەرست و دڵسۆزە. وەک سەرپەرشتیاری ئەو، سوپاسگوزار بووم بۆ تێڕوانین و داناییەکەی و پشتم پێدەبەست. چەند هەفتەیەک پێش ئەوەی پێشنیاری بکەین بۆ کڵێسا، داوام لێکرد ڕاپرسییەک پڕبکاتەوە. دوا پرسیار ئەوە بوو، "چۆن دەتوانم وەک قەشەیەکی سەرەکی باشتر خزمەتت بکەم؟ ئایا هیچ لایەنێکی ڕابەرایەتیم هەیە کە کێشە دروست بکات یان کارەکەت لێرە قورس بکات؟"

لە وەڵامەکەیدا شتێکی ئازایانەی کرد. پێی گوتم کە توندم، بەهۆی ئەوەشەوە دڵنیا نەبوو کە دەتوانێت وەک قەشەیەک لەگەڵمدا خزمەت بکات یان نا. هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێت کە یەکەمجار ئەو وشانەم خوێندەوە. ساڵانێکی زۆربوو دەمناسی. ژنەکانمان هاوڕێی یەکتر بوون. لە ڕوانگەی خۆمەوە پێم وابوو تا ڕادەیەک باش پێکەوە کارمان کردووە. بەڵام شتێکی لە مندا بینی کە نەمبینیبوو. ئەوەی کە بینی بووی بەس بوو بۆ ئەوەی دوودڵ بێت لە ڕازیبوون بە خزمەتکردنێکی درێژخایەن لەگەڵ من. نەمدەتوانی باوەڕ بەمە بکەم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمتوانی پشتگوێی بخەم. ئەو برایەکی دانایە. دەمزانی باشترینی بۆ من و بۆ کڵێساکە دەوێت. کاتی ئەوە هاتبوو کە گوێی لێ بگرم. بۆ ئەوەی باشتر لە کێشەکە تێبگەم، داوام لێکرد دوو پیری دیکە هەڵبژێرێت تا پێکەوە قسە بکەین و نوێژ بکەین. ئەویش نیگەرانییەکانی خۆی بە بێفیزییەوە باس کرد، دانی بە لاوازییەکانی خۆی نا. خۆی دەیزانی کەمێک هەستیارە بەرامبەر بە ڕەخنە، بەڵام باسی لەوە کرد کە من گوناهێک لە ژیانمدا هەیە و پێویستە چارەسەری بکەم. لە کاتی قسەکردنماندا باشتر تێگەیشتم مەبەستی چییە. خوویەکم هەبوو، بە شێوەیەک ڕابەرایەتی گفتوگۆکانم دەکرد کە کەسانی دیکە هەست بە بچووکی خۆیان بکەن، وەک ئەوەی کە قسەیان دەبڕم و بیرۆکەکانیان ڕەت دەکەمەوە. لە هەوڵێکدا بۆ بەڕێوەبردنێکی کاریگەرانە، مەیلی ئەوەم هەبوو کەمترین ڕێنمایی پێشکەش بکەم لە کاتێکدا هێشتا چاوەڕوانی زۆرترین ئەنجامیشم

دەکرد. کاتێک هەوڵم دەدا لە دۆخێک تێبگەم، پرسیاری زۆرم دەکرد. وەک ئەوەی داواکاری گشتی بم لە دادگایەک نەک قەشەیەک لە کڵێسایەکدا. من شێوازی بەرزکردنەوەی دەنگم بە جۆرێکە کە ڕەنگە کەسانی دیکە پێیانوابێ دەبێ ئەوان دەنگی خۆیان نزم بکەنەوە.

بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە بۆتان، ئەو ڕاستییەی کە لە ژیانمدا گوناهی ئاشکرا کرد، سەرسامی نەکردم. زۆر بە باشی کتێبی پیرۆزم دەزانی، لەبەر ئەوە نەمتوانی نکۆڵی لە گوناهی خۆم بکەم. پێویست ناکات شارەزای کتێبی پیرۆز بیت ئینجا بزانیت کە گەمژەییە بانگەشەی ئەوە بکەیت کە بێ گوناهیت (یەکەم یۆحەنا ١: ١٠). بەڵام هێشتا تووشی شۆک بووم کە بینیم لەگەڵ ئەم گوناە تایبەتەدا تێکۆشانم کردووە. هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو. لە کاتێکدا گرنگیم بە هەوەسبازی و تەمبەڵی و لووتبەرزی دەدا، نەمدەتوانی ئەو توندی و ڕەقییەی ژیانم کۆنترۆڵ بکەم. بیرم دەکردەوە کە چۆن بۆ ماوەیەکی ئەوندە زۆرە کە ئەم گوناهەم نەبینیوە. ئاخر من بە بەردەوامی نوێژم دەکرد و ڕۆژانە کتێبی پیرۆزم دەخوێندەوە و لانیکەم هەفتەی جارێک وتاریشم دەدا. من لەلایەن کڵێسای خۆجێیەوە ئەو ئەرکەم پێسپێردرا بوو تا قسە بکەم دەربارەی گوناە بۆ کۆمەڵەی باوەڕداران. ئەی کەوایە چۆن دەکرا ئەم گوناهەی خۆم نەبینم؟ وەڵامەکەم بە کورتی ئەوەیە، *نازانم. گوناهەکەم فریوی دام.* ئارچیباڵد ئەلێکساندەر، زانای ئایینی سەدەی نۆزدەهەم ئاماژەی بەوە کردووە، "لە هەموو گوناهێکدا عەقڵ لە ژێر کاریگەرییەکی وەهمییدایە. بیرکردنەوە و پاڵنەرە ڕاستەکان بۆ ئێستا لەبیر دەکرێن یان پشتگوێ دەخرێن."[40] ئەو ڕاست دەکات؛ من فریودرابووم و پێموابوو *ڕاستەوخۆم* لە قسەکردن. پێشم وابوو بەمە من کەسێکی توند و ڕەق نیم، تەنها ئەوە بەشێکە لە شێوازی ڕابەرایەتیکردنم. ڕەنگە ئەمە تەڵەیەکی باوی خزمەتکردن بێت وەک قەشەیەک. هەموو قەشەیەکی باش دەزانێت ئەو ڕابەرانەی کە هەستیارن و بە ئاسانی بریندار دەبن، بەردەوام نابن. بەشێوەیەک، من ڕێگەمدا بەهای بەهێز بوون و ڕاستەوخۆ بوون، گرنگی دڵنەرمی پشتگوێبخات.

## سینگفراوانییەکەم وای لێکردم دڵڕەق و بێهەست بم

دەبێت هەموو قەشەکان سینگفراوان بن. مەبەستم لە سیگفراوانی ئەوەیە کە قەشەکان دەبێ بتوانن بەرگەی سەختی و ڕەخنە بگرن و لەگەڵ ئەوەشدا هیوایان لەدەست نەدەن و هێشتا بە دڵسۆزی لە پەروەردگاردا بەردەوام بن. من ئەو وانەیە بە ڕێگایەکی سەخت فێربووم. هەموو کەسێک قەدری ئەو ئاراستەیە نازانێت کە ڕابەرەکان دایانناوە. هەموو کەسێک حەزی لەو ڕێگایە نییە کە ڕابەران هەڵیدەبژێرن بۆ ڕابەرایەتییەکەیان. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ڕۆحی پیرۆز نووسەری عیبرانییەکانی ناچار کردووە بنووسێت: "گوێڕایەڵی ڕابەرەکانتان بن و ملکەچیان بن، چونکە ئێشکتان بۆ دەگرن، وەک بڵێی حیسابیان پێشکەشی خودا دەکەن" (عیبرانییەکان ١٣: ١٧). دەقێکی لەم شێوەیە زۆر پێویستە چونکە ئەوانەی لە خزمەتی ئێوەدان ڕەنگە نەیانەوێت شوێن ڕابەرایەتی ئێوە بکەون.

کاتێک بۆ یەکەمجار هاتمە ئەو کڵێسایەی ئێستا خزمەتی تێدا دەکەم، زۆر کەس گومانیان هەبوو لەو ئاراستەیەی کە من دەمویست بیگرمەبەر وەک ڕابەرێک. زۆری نەخایاند، خزمەتکارەکانی کڵێسا لەگەڵم کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر وتارەکانم. هەندێک نیگەرانییان هەبوو. چەند ئافرەتێک لەم دواییانەدا کڵێسایان بەجێهێشتبوو، ئەم خزمەتکارانە وتارەکانی منیان بە هۆکار دەزانی. ئەوان پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە وتارەکانم زیاد لە پێویست "پیاوانەن." من نەمدەزانی مەبەستیان چییە، بە دڵنیاییشەوە هیچ پلانێکم نەبووە بە شێوەیەکی پیاوانە یان ژنانە وتار بدەم. هێشتا ئەم برایانە پەسەندیان نەکرد. دوای گفتوگۆکە بیرم کردەوە کە دەبێت سینگفراوان بم.

دوای چەند مانگێک ژن و مێردێکی بەتەمەن ویستیان قسەم لەگەڵ بکەن. ئەوانیش هەندێک نیگەرانیان هەبوو. دەربارەی خێزانەکەم بوو. ڕەخنەی بنیاتنەریان پێشکەش کرد، بە تایبەت بۆ هاوسەرەکەم. لەبەردەم خەڵکدا تەواو دۆستانە بوون و وا دیار بوو زۆر کەیفیان بە ئێمە دەهات. ڕەنگە واشبووبێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، بە تایبەتی ڕەخنەیەکی توندیان هەبوو سەبارەت بە ئێمە وەک یەکێک لە دەستەی خزمەت. کە ئەو گفتوگۆیە تەواو

بوو، بیرمکردەوە پێویستە سیگفراوان بم. لە دەوروبەری ئەم کاتانەدا بوو، ئەندامێک پێی گوتم کە خزمەتی بەیانیان پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە. نەیتوانی بە تەواوی پەنجە بخاتە سەر کێشەکە. وا دیار بوو بەڕاستی دڵخۆش بوو کە من لە خودی کتێبی پیرۆزەوە وتارەکان دەدەم، بەڵام ئەو دەیویست وتارەکان سووکتر و خۆشتر بن. وتی کۆبوونەوەکانمان "هەستی" پەرستنیان تێدا نییە. دیسان دوای ئەو گفتوگۆیە، بیرم کردەوە کە دەبێت سینگفراوان بم.

ئەم جۆرە گفتوگۆیانە کاریگەری نەرێنییان لەسەر من هەبوو، بەڵام سەرسامیان نەکردم. کاتێک وەک قەشەیەکی سەرەکی دەستم پێکرد، کڵێساکە تەمەنی ٥٠ ساڵ بوو. زۆرێک لە ئەندامەکان دەیان ساڵ بوو لەوێ بوون. من بە گەنجی هاتمە لای ئەوان و متمانەم بەخۆم هەبوو سەبارەت بەو ئاراستەیەی کە کڵێساکە پێویستی پێی هەبوو. من قەناعەتێکی بەهێزم هەبوو سەبارەت بە چۆنیەتی وتاردان، مزگێنیدان، بەقوتابیکردن، ڕابەرایەتیکردن و ڕێکخستنی کاروبارەکانی کڵێسا. بۆ زۆرێک لەم ئەندامە دامەزراوانە، تێڕوانینی من بۆ خزمەتی قەشایەتی نائاسایی بوو. پرسیاری زۆریان هەبوو و ڕەخنەی زۆریان ئاڕاستە دەکردم. زۆر بەخێرایی فێربووم کە دەبێت سینگفراوان بم.

ئەو قەشەیەی کە هەستیارە و بە ئاسانی بریندار دەبێت ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە خزمەت بەردەوام بێت، چونکە هەموو پرسیارێک سەبارەت بە ڕابەرایەتییەکەی وەک هێرشێکی کەسی وەردەگرێت. هەر ئەندامێک کە کڵێسا بەجێدەهێڵێت وا هەست دەکات کە خەنجەرێکیان لە پشتی دابێت. ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان ڕەخنەی بنیادنەر و ڕەخنەی ڕووخێنەر. ئەم جۆرە قەشانە هەمیشە لە ڕەخنە یان نیگەرانی داهاتوو دەترسن. قەشەیەکی سیگفراوان زیاتر گرنگی بە ڕازیکردنی ئەو خودایە دەدات کە دەیپەرستێت نەک ڕازیکردنی ئەو ئەندامانەی کڵێسا کە خزمەتیان دەکات. ئەو قەشەیەی کە سینگفراوانە بەگشتی شەوی یەکشەممان دوای کۆبوونەوەی کڵێسا دەتوانێت بە باشی بخەوێت چونکە دەزانێت شانشینی خودا بەهۆی وتارێکی لاوازی ئەو نالەرزێت و هەر چەسپاوە. دەتوانێت لە پاشنیوەڕۆدا هەواڵی ناخۆش ببیستێت و هێشتا لە ڕووی سۆزدارییشەوە ئامادە بێت بۆ یاری تۆپی پێی منداڵەکانی لە ئێوارەدا. قەشەیەکی سینگفراوان

ئاسوودەیی و هێزێکی قووڵ لەوەدا دەبینێتەوە کە خودا هەمیشە باشە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

قەشەیەکی سینگفراوان دەزانێت داهاتووی کڵێساکەی پەیوەستە بە هێزی ڕۆحی پیرۆزەوە نەک خۆی. بەهۆی ئەمەوە ئازادە لە بڕیاردان کە خزمەتێکی باشی خۆی و خێزانەکەی بکات. ئەو پشوو وەردەگرێت کە پێویستی پێیەتی. تەنانەت ئەگەر چەند ئەندامێکیش پرسیار لە ئەولەویەتەکانی بکەن، دەزانێت کە خێزانەکەی و کڵێساکەی پێش هەموو شتێک پێویستیان بە قەشەیەکی سینگفراوان هەیە. ئەو دەڵێت نا بۆ هەندێک لە بۆنە و ئاهەنگەکانی کڵێسا بۆ ئەوەی کات لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی بەسەر ببات. ئەو دەزانێت کە ڕەنگە چەند ئەندامێک بیانەوێت ئەو زیاتر کاتی هەبێت، بەڵام بە خشتەی کارەکانی دەیسەلمێنێت کە خێزانەکەی لە پێش هەموو شتێکەوەیە. لە هەمووی گرنگتر قەشەیەکی سینگفراوان دەتوانێت بەرگەی ڕەخنە و گلەیی ئەندامەکان بگرێت لە کاتێکدا لەسەر ڕێگای گەشە و پێگەیشتنی زیاترن. ئەو باوەڕدارانەی کە ساڵانێکی زۆریان بەسەر بردووە و تەنها وتاریان بە شێوەی بابەتی گوێ لێبووە، ڕەنگە بۆیان قورس بێت وتاردانی بەش بە بەش لەسەر کتێبی پیرۆز. قەشەیەکی سینگفراوان لە دژایەتی ئەوان توڕە نابێت؛ بە ئارامییەوە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی پێی وایە وتاردان لەسەر بنەمای ڕوونکردنەوە زیاتر ئینجیلییە و یارمەتیدەرە بۆ باوەڕداران. قەشەیەکی سینگفراوان ڕەنگە ڕەخنەی لێ بگیرێت بەهۆی گۆڕینی شێوازی مۆسیقا یان ڕابەرایەتییەکەی. بەڵام ئەو دڵتەنگ نابێت کاتێک خەڵک بە هەڵە وا دەزانن هەموو ئەو کارانەی پێشتر کردوونی خراپە.

هەموو ڕابەرێکی باوەڕدار ڕووبەڕووی ڕەخنە و ڕووبەڕووبوونەوە دەبێتەوە. ئێمە هێشتا لە پاشایەتی ئاسماندا نین، تەنها لەوێدا هەموو پەیوەندییەکان تەواو و بێ کەموکوڕین. پێویستە قەشەکان سینگفراوان بن. کێشەکە دێتە ئاراوە کاتێک سینگفراوانی ئەو شتە سەرەکییە بێت کە تۆ پێی ناسراویت. کێشەکە ئەو کاتەیە کە ئەوەندە ڕووبەڕووی ڕەخنە و دژایەتی بوویتەوە، ئیتر وەک دوژمنێک مامەڵە لەگەڵ هەموو کەسێک دەکەیت، نەک کێشە و ڕەخنەیەک کە پێویستی بە چارەسەر بێت. سینگفراوان بوون چاکە. بەڵام نەبوونی دڵنەرمی لەگەڵ سینگفراوانی بۆ قەشەیەک قبوڵکراو

نییە. ساڵانێک لە ململانێی ناو کڵێسا، لەگەڵ ئەو دڵە ناتەواوەم، وایکرد کە دڵنەرمی وەک بەروبوومێکی ڕۆحی لەدەست بدەم. لەو شوێنەی کە دەبوو دڵنەرم بم، دڵڕەق و بێ هەست دەبووم. من سوپاسگوزار ئەو هاوڕێ و برایەم کە وایکرد ئەم گوناهەم ببینم. کاتێک بیرم لەو توندییە دەکردەوە کە لە ژیانمدا دەمگرتەبەر، پەروەردگار بیری هێنامەوە کە تەنانەت پیرۆزبوون بۆ قەشەکانیش پرۆسەیە و پێویستی بە کاتە. هەروەها ڕاستی عیبرانییەکان ٣: ١٣م لە قسە توندەکانی براکەم بینی: "بەڵکو هەموو ڕۆژێک یەکتری هانبدەن، ئەوەندەی پێی دەگوترێ (ئەمڕۆ،) تاکو کەستان بە فێڵی گوناە دڵی ڕەق نەبێت." سەرزەنشتە نەرمەکەی وای لێکردم سەرلەنوێ دڵم بپشکنمەوە. ڕاوێژکاری کتێبی پیرۆز دەیڤید پاولیسۆن داوای لە باوەڕداران کرد کە ئارام بگرن لەگەڵ یەکتر چونکە دڵمان هێشتا وەک ئەوە نییە کە دەبێ ببێت، دەڵێت: "دەبێت هاوسۆزییەکی پڕ لە خۆشەویستی لە دڵماندا هەبێت بۆ ئەوەی کە دڵمان گونجاو بێت ببێتەماڵە ئاسمانییەکەمان."[41] پێویستم بە کەسێک بوو کە قسە لەسەر دڵە سەرسەخت و فریودەرەکەم بکات و بەم کارەش من بۆ پاشایەتی ئاسمان ئامادە بکات.[42]

## کتێبی پیرۆز دڵنەرمی کردم

سەرزەنشتی هاوڕێکەم وای لێکردم بە تێگەیشتنێکی نوێ کتێبی پیرۆز بخوێنمەوە. من چەندین بڕگەی کتێبی پیرۆزم پشتگوێ خستبوو کە دڵنەرمی وەک هۆکارێکی پێویست بۆ پیرۆزکردنم دەخەنەڕوو. ساڵانێکی زۆر، بەخێرایی یان بێ ئەوەی زۆر لێی وردببمەوە سەیری ئەو ئایەتانەی کتێبی پیرۆزم دەکرد. هەرگیز درکم بەو ڕاستییە سادەیە نەکرد کە ئەو ئایەتانە باسی منیان دەکرد. بۆ نموونە کاتێک چیرۆکی موسام دەخوێندەوە، وەک ڕابەرێکی زۆر ئازا دەمبینی کە بەسەر ترسەکانیدا زاڵ بوو بۆ ئەوەی گەلی خودا لە میسر دەربهێنێت. ڕاستە ئەو بەو شێوەیە بوو. موسا بە توندی ڕووبەڕووی فیرعەون بووەوە لەپێناوی خەڵک. بەرگری لە دادپەروەری دەکرد. ڕووبەڕووی ئەو ئیسرائیلیانەش بووەوە کە لە فیرعەون دەترسان. ئەوە موسا بوو کە گوتی: "مەترسن، چەسپاو بن و بڕواننە ڕزگاریی یەزدان کە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی دەکات" (دەرچوون ١٤: ١٣). کە ئەو وشانەم دەخوێندەوە، لە کۆتاییدا تێگەیشتم کە "*ئەوە* ڕابەرایەتییە."

بەڵام موسا زیاتر بوو لە تەنها ڕابەرێکی بوێر و متمانەبەخۆبوو. کاتێک توندی خۆمم ناسیەوە، موسام بە شێوەیەکی هاوسەنگتر و ئینجیلی تر بینی. بۆ یەکەمجار هەستم کرد موسا نموونەی دڵنەرمی و بێفیزییە. کاتێک مریەم و هارون گلەیی ئەوەیان دەکرد کە لە سێبەری موسادا وەستاون، ئەو هەرگیز بەرگری لە خۆی نەکرد. لە ڕاستیدا ڕۆحی پیرۆز گوتی: "موساش لە هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەوی بێفیزتر بوو" (سەرژمێری ١٢: ٣).

دیسانەوە، کاتێک دەستم کرد بە بیرکردنەوە لە پێویستی خۆم بۆ دڵنەرمی، تێڕوانینم بۆ دەقە پیرۆزەکانی دیکەش گۆڕا. پێشتر کاتێک بیرم لە بەروبوومی ڕۆحی دەکردەوە، سەرنجم لەسەر نەبوونی خۆشی و دڵسۆزی و بەسەرخۆدا زاڵبوون بوو. پێم وابوو ئەوانە کێشە سەرەکییەکانمن، ئەو بوارانەی کە لە هەموو بوارێک زیاتر پێویستیان بە سەرنج و چاکبوونەوە هەیە. بەڵام ئێستا، لەناکاو، دڵنەرمی لە دەقەکەوە بانگم دەکات و سەرنجی من بۆ لای خۆی رادەکێشێت. ڕۆحی پیرۆز قەناعەتی پێکردم کە دڵم لەسەر ئەم پارچە تایبەتە لە بەروبوومی ڕۆحی دابنێم (گەلاتیا ٥: ٢٢-٢٣).

چەندین ساڵ بوو کاتێکی زۆرم لە یەکەمی پەترۆس ٥ بەسەر بردبوو. بڕگەیەکی گرنگە بۆ هەر کەسێک کە بە وردی بیر لە پێگەی پیر دەکاتەوە. لێرەدا پەترۆس شوانەکان تۆمەتبار دەکات کە بە ئارەزووی خۆیان ڕابەرایەتی بکەن نەک بۆ "دەستکەوتی شەرمەزاری" (یەکەم پەترۆس ٥: ٢). بەڵام ئێستا زیاتر لە جاران ئەو وشانەی کە بۆ من جیاوازن ئەوانەن کە ڕوونی دەکەنەوە کە چۆن پیرەکان دەبێ ڕابەرایەتی بکەن بەبێ ئەوەی "خۆیان بەسەپێنن بەسەر ئەوانەی کە دراونەتە دەستیان" (یەکەم پەترۆس ٥: ٣). پێشتر هەرگیز خۆمم وەک خۆسەپێن نەبینیبوو، بەڵام ئێستا تێگەیشتم کە ئەوە ڕاستییەک بووە لە شێوازی ڕابەرایەتیکردنمدا. تێگەیشتم کە توانیومە کەسایەتی بەهێز و قسەکردنی خێرا و پێگەی دەسەڵاتی خۆم بەکاربهێنم بۆ ئەوەی کەسانی دیکە کەمتر قسە بکەن و زیاتر لەگەڵم هاوڕا بن.

من یەکەم تیمۆساوس ٣م باشتر دەزانی. پۆڵس ڕێنمایی ڕوونی بە تیمۆساوس دا سەبارەت بەوەی کە هەموو کۆبوونەوەیەک دەبێت

چاوەڕوانی چی لە پیرێک بکات. دەبێت پیاوێکی خاوەن فەزیلەتێکی نموونەیی بێت. من بە شێوەیەکی تایبەت گرنگیم بەو ئایەتانە دەدا کە داوای پاکژی و ڕاستەڕێکردن دەکەن. زۆر بیرم لەوە دەکردەوە کە مانای چییە کە دەبێت پیر "توانای فێرکردنی هەبێت" (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٢). بەڵام ئەمجارەیان، ناوەڕاستی ئایەتی ٣ سەرنجی ڕاکێشام، وای لێکردم بوەستم و بیر لەوە بکەمەوە کە ئایا بەڕاستی ئەم تایبەتمەندییە لە مندا هەیە "دڵنەرم بێت، شەڕفرۆش نەبێت." ناتوانم هیچ کام لەم بانگەوازانە بۆ پیرۆزی پشتگوێ بخەم؛ دڵسۆزی لە هاوسەرگیریدا، خۆڕاگری و ڕێزگرتن، هەموویان پێویستیان بەوەیە سەرنجیان بکەمە سەر. بەڵام ئێستا بۆ من، بانگەواز بۆ دڵنەرمی بە ڕوونی دیارە، وەک ڕووناکییەکی گەش وایە. هیچ کام لەم بڕگانە دژی بەهای سینگفراوانی نین. پێویستمان بە دەنگی بوێر و ئازا و ڕوونە بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی کڵێساکانمان بکەین و ڕاستی ڕابگەیەنین لە جیهانێکدا کە لەسەر تەماح و ئارەزوو و دەسەڵات وەستاوە. مامۆستا درۆزنەکان دەبێ سەرزەنشت بکرێن و گوناهبارانی تۆبەنەکردووش لە کۆمەڵەی باوەڕداران دووربخرێنەوە (کردار ٢٠: ٢٩؛ یەکەم کۆرنسۆس ٥: ١؛ یەکەم تیمۆساوس ١: ٣؛ دووەم پەترۆس ٢؛ یەهوزا ٣-٤). ئەمەش ئاسان نییە و پێویستی بە خۆڕاگری و بەهێزی و پابەندبوونێکی بێوچان هەیە بۆ ئەنجامدانی کارە سەختەکە. بەڵام هیچ کام لەمانە لە نەبوونی دڵنەرمیدا ناکرێ.

## ڕزگارکەری دڵنەرممان

زۆرێک لە قەشەکان وەک من، وەک شتێکی جوان و زیاد لە پێویست مامەڵەیان لەگەڵ دڵنەرمی کردووە، وەک ئەوەی کاتژمێرێکی ڕۆلێکس بێت. ئەگەر دڵنەرمی بۆخۆت بە پێویست نازانیت، ئەوا کەسێک دەتوانێت بپرسێت ئایا بەڕاستی تۆ مەسیح دەناسیت؟ ئاخر هیچ کەسێک لە ئەو نەرمتر نییە.

هەموو ئەوانەی مەسیحیان دەبینی، سەرسام دەبوون. ڕابەرانی ئایینی پێیان وابوو کە ئەو یاسای خودای ڕەتکردووەتەوە بە چاککردنەوەی خەڵک لە ڕۆژی شەممەدا. عیسا لەبەردەمیاندا هەر بە سیگفراوانییەوە مایەوە. ڕوونی کردەوە کە ئەوان بەڕاستی لە شەممە تێناگەن. کاتێک ڕەخنەی لێگیرا

بەهۆی چاککردنەوەی پیاوێکی کە دەستی وشک ببوو، عیسا وەڵامی دانەوە: "لە شەممەدا چاکەکردن دروستە" (مەتا ١٢: ١٢). ڕابەرە ئاینییەکان ڕقیان لەو بوێرییەی ئەو بوو. ئەوان دەیانویست سزا بدرێت و لەناو بچێت. لەم خاڵەدا پەروەردگار دەیتوانی چەندین شت بکات. دەیتوانی بە زانینی قووڵی خۆی لە کتێبی پیرۆز سەرسامیان بکات، بە پەرجوویەکی تر زەلیلیان بکات، یان لە یەک کاتدا بێدەنگیان بکات. بەڵام عیسا پشوویەکی وەرگرت و لە خەڵکەکە کشایەوە و بە میهرەبانی خزمەتی ئەو کەسانەی کرد کە شوێنی کەوتبوون و داوای لە هەمووان کرد کە ئارام بن سەبارەت بە خزمەتەکەی.

مەتا پێمان دەڵێت کە عیسا هەموو ئەمانەی کردووە بۆ ئەوەی قسەی ئیشایای پێغەمبەر کە سەبارەت بە مەسیحی داهاتوو نووسیبووی بێتەدی:

*"شەڕ ناکات و هاوار ناکات،*
*کەسیش لە شەقامدا دەنگی نابیستێت.*
*قامیشێکی کوتراو ناشکێنێت،*
*پڵیتەیەکی پرتەپرتکەر ناکوژێنێتەوە،*
*هەتا دادپەروەری بە سەرکەوتن دەگەیەنێت؛*
*نەتەوەکان هیوایان بە ناوی ئەو دەبێت"*
*(مەتا ١٢: ١٩-٢١ ئاماژە بە ئیشایا ٤٢: ٢-٤).*

ئەمە ئەو عیسایەیە کە هانی قوتابییەکانی دەدا گوێڕایەڵی دەسەڵاتی مەدەنی بن (مەتا ٢٢: ٢١)، و فەرمانی بە پەترۆس کرد شمشێرەکەی دابنێت (مەتا ٢٦: ٥٢). لە هەمووی گرنگتر، ئەمە ئەو عیسایەیە کە ڕێگەی بە سەربازەکان دا جلەکانی لەبەردادڕن و گاڵتەی پێ بکەن و تفی لێ بکەن و لێی بدەن و لە کۆتاییشدا لە خاچی بدەن (مەتا ٢٧: ٢٧-٣١). بۆچی؟ چونکە عیسا نەهاتووە لێمان بدات و بە زۆر وامان لێ بکات ملکەچی بکەین. هات بۆ ئەوەی لێی بدرێت، لە پێناو گوناهەکانمان. دڵنەرمی ئەو زیاترە لە نموونەیەکی ڕابەرایەتی تا ئێمە پەیڕەوی لێ بکەین. دڵنەرمی ئەو لە دڵی ئەو مزگێنییەدایە کە ئێمە پێویستمانە بۆ ئەوەی ڕزگار ببین. خزمەتکارانی ڕاستەقینەی ئینجیلی دڵنەرم دەبن. دڵنەرمی تەنها هەنگاوێک نییە بۆ ڕابەرایەتییەکی کاریگەر. بەڵکو ئەوە بەروبوومی دڵێکە کە لەلایەن

ڕزگارکەرەکەوە ڕزگاری بووە. ئەمە ئەو ڕزگارکەرە دڵنەرمەیە کە بە خۆشییەوە ئامادە بوو لەسەر خاچ لە پێناوی گوناهەکانمان بمرێت. هەرکەسێک پێی وایە دڵنەرمی بە واتای لاوازی دێت ئەوە تەنها پێویستی بەوەیە سەیری ئەو خاچە بکات کە عیسا لەسەری مردووە. مەسیح دەیتوانی بە ئاسانی هێزی پیلاتۆس لەناو ببات. بەڵام لە جیاتی ئەوە، دەفەرموویت: "پاشایەتی من سەر بەم جیهانە نییە" (یۆحەنا ١٨: ٣٦). هەروەها "کە بە ڕوخساری مرۆڤ بینرا، خۆی نزم کردەوە و هەتا مردن ملکەچ بوو، تەنانەت مردنی سەر خاچ" (فیلیپی ٢: ٨). بەبێ دڵنەرمی پەیامی ڕزگاری بوونی نییە. بەبێ دڵنەرمی پەیامی مزگێنی بوونی نییە.

## دڵنەرمی و خزمەتکردن

ڕابەرایەتیکردنی کڵێسایەک، تەنانەت لەگەڵ دەستەیەک لە پیرەکانیش، ئاسان نییە. قەشەیەکی باش دەبێت ئامادە بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕەزامەندی کۆمەڵەی باوەڕداران. ئەمە ئاساییە لە کاری خزمەتدا. زۆرجار خەڵک چاوەڕێی ئەوە دەکەن قەشەکان بە تەواوی بزانن کە کڵێسا دەبێ بەرەو کوێ بڕوات. دەبێت بە دیدگا و متمانە و ورە و هێزەوە ڕابەرایەتی بکەن. هەندێک جار، بەهۆی سرووشتی گوناهمانەوە، ئێمەی قەشەکان درک بەوە ناکەین کە گەشەپیدانی دڵنەرمیمان دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە. ئێمە دەزانین وڵاتێک پێویستی بە سەرۆکێکی دڵنەرم نییە، سوپا پێویستی بە ژەنەراڵێکی دڵنەرم نییە و کۆمپانیایەکی سەرکەوتوو پێویستی بە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دڵنەرم نییە. بۆیە، ڕەنگە بەبێ ئەوەی دانی پێدابنێین، بڕیاربدەین کە بەڕاستی کڵێساکەمان پێویستی بە قەشەیەکی دڵنەرم نییە.

بەڵام کڵێسا، وڵات و سوپا و کۆمپانیا نییە. ئەگەر خودا بیویستبایە لەلایەن سیاسەتمەداران، ژەنەڕاڵەکان، یان بەڕێوەبەری جێبەجێکارەوە ڕابەرایەتی کڵێسا بکرێت، دەیتوانی وا بکات کە بەم شێوەیە بێت. بەڵام لە جیاتی ئەوە، لە داناییەکەی خۆیدا داهاتووی کڵێسای بە پیرەکان سپارد کە نیشانەی جیاکەرەوەیان داننانی کەسییە بە لاوازییەکانیان: "بەڵام ئەم گەنجینەی هەمانە لەناو گۆزەی گڵیندایە، تاکو دەربکەوێت کە وزەی لە ڕادەبەدەر لە خوداوەیە نەک لە ئێمەوە" (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٧). مادام عیسا جیهانی

ڕزگار کردبێت بە خۆنزمکردنەوەی (فیلیپی٢: ٧)، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێت هەموو پیرێکیش هەمان شت بکات.

وەک هاوسەرێک قسەکانی دەیڤ هارڤی سەبارەت بە بێفیزی لە ژیانی هاوسەرگیریدا بەرز دەنرخێنم: "دڵنەرمی پەیوەندی بە لاوازییەوە نییە. دڵنەرمی ئەو هێزەیە کە خودی خۆشەویستی بەکاری دەهێنێت. لە ژیانی هاوسەرگیریدا، دڵنەرمبوون، بە مانای لاوازی نایەت، بەڵکو بە مانای پابەندبوون و قوربانیدان دێت بۆ چاکەی هاوسەرەکەت."[43] بەهەمان شێوە، ئەم وشانە بۆ قەشەکانیش ڕاستە. دڵنەرمی لە خزمەتکردندا ئەوە نییە کە بێدەنگ بیت لە کاتێکدا فێرکاری درۆ پێویستی بەوە هەیە کە ئیدانەی بکەیت و ڕووبەڕووی ببیتەوە. مەبەست لێی ئەوە نییە کە ڕێگە بدەیت کەسێکی چەوسێنەر سووکایەتی بە کۆمەڵەی باوەڕداران بکات. ڕابەرە باشەکان لەگەڵ حەقیقەتدان و ڕانە مەڕەکەیان دەپارێزن. قەشەیەکی باش قەشەیەکی نەرمونیان و دڵنەرمە، پابەندە بە کڵێسا و هەموو ئەندامێکی کڵێساکەی. ئەو دەیەوێت بزانن کە گرنگیدانەکەی بۆ چاکەی ئەوانە، و ئامادەیە خۆی لە پێناویان بکاتە قوربانی، نەک بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێت.

قەشەیەکی دڵنەرم لاواز نییە. ئەو قەشەیەی کە پێی وایە دەتوانێت لە ڕێگەی تواناکانی خۆیەوە کڵێساکەی گەورە بکات، شکستی هێناوە لە تێگەیشتن لە هێزی ڕاستەقینەی مزگێنی. ئەگەر قەشەیەک پێیوابێ کە دەبێت زیرەکترین یان بەهێزترین بێت، ئەوا ڕاستییەکی سەرەکی لەدەستداوە: خودا زۆر حەزی لە بەکارهێنانی کەسانی بێفیزە چونکە بۆ هەمووان ڕوونە کە چەند پشت بە خودا دەبەستن. دیسانەوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە قەشەیەکی باش بەردەوام گومانی لە خۆی هەبێت. نا بەهیچ شێوەیەک! بەو مانایە دێت کە دەبێت قەشەیەکی دڵنەرم "لە گوێگرتندا خێرا بێت، لە قسەکردندا لەسەرخۆ بێت، لە تووڕەبووندا خاو بێت" (یاقوب ١: ١٩). قەشە هەندێک جار پێویستی بەوەیە بە توندی قسە بکات. بەڵام ئەو لە تووڕەییەوە ئەو کارە ناکات، وەک قەشە جۆن کرۆتس دەڵێت، ئەو بۆ بردنەوەی مشتومڕێک، ڕەخنە لە کەسانی تر ناگرێت تا خۆی باشتر دەربخات، یانیش تۆڵە لەو کەسانە ناسێنێتەوە کە بیروڕای جیاوازی هەیە. پاڵنەری قسەکردنی گەلی خودا بە میهرەبانی خۆشەویستییەوەیە، هەمان ئەو خۆشەویستییەی کە خودا لە ڕێگەی مزگێنی عیساوە نیشانی داوە."[44]

هێشتا وەک پێویست دڵنەرم نیم، بەڵام لە هەموو کاتێک زیاتر ئاگاداری خەیاڵ و تاقیکردنەوەی توند بوونم. دەزانم ئەم هۆشیارییە وا دەکات ببمە هاوسەر و باوک و قەشەیەکی باشتر. تێدەگەم ڕۆژێک زوو دێ کە خزمەتەکەم کۆتایی دێت. خەڵک لە پرسەکەمدا کۆدەبنەوە، هیوادارم زۆر زیاتر باسی عیسا بکەن نەک باسی من. بەڵام لەلایەن ئەوانەوە یاد دەکرێمەوە کە باش منیان ناسیوە، لەو کاتەدا حەزدەکەن وەک نموونەیەکی باڵای دڵنەرمی یادم بکەنەوە. پیاوێک بە ناوی جابێز مارشال لە پرسەی باوکیدا کە قەشەیەکی بەناوبانگ بوو، بە ناوی ئەبراهام مارشال. جابێز دەیزانی کە زۆرێک لە قەشەکان دێن بۆ پرسەکەی. جابێز ڕاستەوخۆ ڕووی قسەکانی ئاڕاستەی ئەوان کرد. هانیدان کە دڵنەرم بن. قسەکانی وەک ئامۆژگارییەکی نایاب بۆ قەشەکانی ئەمڕۆش دەمێننەوە:

> *هیچ مەبە بە بەراورد لەگەڵ خودای هەتاهەتایی. لەبەردەمیدا بچووک ببەوە، لەبەردەمیدا بلەرزە. بە باوەڕەوە بڵێن "کێ تەواوە بۆ ئەمانە؟" بێگومان هیچ کەس، جگە لەوانەی کە بێتاوانکراون و ژیانی نوێیان پێدراوە، نێردراون و پاڵپشتی دەکرێن. بێفیزی لە خودی مەسیحەوە فێربە، کە لەسەر تەختی نیعمەت دانیشتووە. کاتێک هەست بە لاوازی دەکەیت داوای یارمەتی لێبکە، ئەو کەسەی کە بەڕاستی بەهێزە.*[45]

## هەنگاونان بەرەو دڵنەرمی

هیچ کام لە ئێمە وەک پێویست نەرمونیان یان دڵنەرم نین. بەڵام ئەگەر زانیت کە کێشەت هەیە لەگەڵ توندی، پێت وایە پێویستە چی بکەیت؟ ڕەنگە تۆش وەک من لەوە دڵنیا نەبیت، ئایا هەر بەڕاستی نەبوونی دڵنەرمی پرسێکە لە پرسەکانی خزمەتەکەم یان نا. لەوانەیە لە ژیانتدا نموونەی ژن یان پیاوی وا دەبینی کە بە هیچ شێوەیەک دڵنەرم نین، کاتێک خۆت بەراوردی ئەوان دەکەیت، هەستدەکەیت زۆر دڵنەرمیت. بەڵام ئەوەت لە یاد بێت، مەسیح نموونەی تۆیە لێرەدا. تەنها لەبەر ئەوەی تۆ بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر باش دەردەکەویت، مانای ئەوە نییە کە تۆ لە چاوی پەروەردگاردا دڵنەرم بیت. کاتی تاقیکردنەوەی خۆپشکنینە. پێویستە چی بکەیت؟

*کەسێک بدۆزەرەوە کە بە خۆشەویستییەوە ڕاستییەکانت پێ دەڵێت.* ئەم پرسیارەی لێ بکە، "ئایا من دڵنەرمم؟" ئەو پرسیارە سادەیە یارمەتیت دەدا کە بزانیت ئەمە پرسێکە کە پێویستە کاری لەسەر بکەیت. کاتێک داوای ئامۆژگاری دەکەیت، هەوڵبدە لەگەڵ کەسێک قسە بکەیت کە لە ڕاستیدا دەبینێت تۆ چۆن کار دەکەیت وخزمەت دەکەیت لە کڵێساکەتدا. هەرچەندە من بە قووڵی بەهای بەشداریکردنی خوشک و براکانی ترم لە کڵێساکانی تر دەزانم، بەڵام دەمەوێت گوێم لەو کەسانە بگرم کە ئەزموونیان هەیە لەگەڵ کارەکانم وەک قەشەیەک. پێویستە گوێم لەو کەسانە بێت کە لە خراپترین حاڵەتدا دەمبینن.

*بیر لە هەندێک دەقی سەرەکی کتێبی پیرۆز بکەرەوە.* وشەی خودا ڕاوێژکارێکی گەورەیە. سوود لەو ئایەتانە وەربگرەکە باس لە بەهای دڵنەرمی و ئەو شکۆیە دەکەن کە لەگەڵ ژیانێکی بێفیزانە دێتە ئاراوە: پەندەکان ١٥: ٤؛ مەتا ٥: ٥؛ گەلاتیا ٥: ٢٣؛ ئەفەسۆس ٤: ١-٣؛ کۆلۆسی ٣: ١٢؛ یەکەم تیمۆساوس ٦: ١١؛ یاقوب ١: ٢١. ئەگەر دڵنەرمی کێشەیەکی تایبەتە بۆ تۆ، ئەم ئایەتانە بنووسەوە. لەبەریان بکە. کاتێک بە قووڵی بیر لەم ئایەتانە دەکەیتەوە، بە وردی بیر لەوە بکەوە کە مەسیح کێیە و کەسایەتی چۆنە. ئەو خاڵی هەموو بڕگەیەکە. پۆڵس وتی هەموو مەسیحییەک "دەگۆڕێت بۆ هەمان وێنەی" مەسیح، "لە شکۆیەک بۆ شکۆیەک بۆ هەمان وێنە دەگۆڕدرێین" (دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨). ئەمەش واتە ئەگەر ڕۆحی پیرۆز لە تۆدا بێت، خودا ڕابەرایەتیت دەکات بۆ ئەوەی دڵنەرمی ئەو نیشانی دەوروبەرت بدەیت (دووەم کۆرنسۆس ١٠: ١؛ مەتا ١١: ٢٩). ئەگەر لەسەر ئەم ئایەتانە قوڵ ببیتەوە و کاتیان لەگەڵ بەسەر ببەیت، ئەوا خواستێکی زۆرت بۆ درووست دەبێت بۆ دڵنەرم بوون.

*بیر لەوە بکەوە کە ئەوانی تر چۆن دەتبینن.* ئەگەر قسە و تۆنی قسەکردنت و ڕووخسارت توند و بێ هەست دەربکەوێت، ئەوا بەخۆتدا بچۆوە و بزانە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ دەووروبەرت دەکەیت. یەکێک لە نیشانەکانی خۆشویستنی کەسێک ئەوەیە کە هەموو هەوڵێک بدەیت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی کە تۆ گرنگی پێدەدەیت. کاتێک هاتمە شاری ئەتڵەنتا وەک قەشەیەک، درکم بەوە نەدەکرد کە خەڵک چەندە سەیری دەموچاوم دەکەن تا بزانن بەڕاستی گرنگیان پێدەدەم یان نا. بە دڵنیاییەوە وشەکان گرنگن؛

وشەکان جەوهەری و بنەڕەتین. بەڵام هەندێک جار، نەبوونی دڵنەرمی تەنها بەو مانایەیە کە تۆ بە ڕوونی ئەوەت نیشان نەداوە کە هەست بە چی دەکەیت. زەردەخەنەیەکی ڕاستەقینە و گفتوگۆیەکی خەمخۆرانە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ گەیاندنی هەڵوێستێکی گەرم و نەرم بە کەسی بەرامبەر.

<u>*نوێژ بکە خودا دڵنەرمترت بکات*</u>. بە دڵنیاییەوە ئەمە نوێژێکە کە خودا پێی خۆشە وەڵامی بداتەوە. ئەو لە تۆ زیاتر مەڕەکانی خۆشدەوێت. ئەو لە دڵی ئەو قەشانەدا بە نەرمی کاردەکات کە بەڕاستی تامەزرۆی نیشاندانی دڵنەرمی مەسیحن. لەگەڵ پۆڵس ئەمەی کرد. هەمان ئەو نێردراوە سینگفراوانەی کە بە کڵێسای سالۆنیکییەکانی گوتووە کە بەدوای "ڕەزامەندی مرۆڤ"دا نەگەڕێن، خۆی بە "دایکێک کە شیر دەداتە منداڵەکانی" دەچوێنێت (یەکە سالۆنیکی ٢: ٧). پۆڵس تەنها مزگێنی نەدەدا بەو کڵێسایانەی کە خزمەتی تێدا دەکرد، بەڵکو ژیانی خۆیشی پێ دەبەخشین (یەکەم سالۆنیکی ٢: ٨). نوێژ بکە کە تۆش هەمان شت بکەیت.

زۆرێک لە ئێمە لە خزمەتدا لە ئێستاوە سینگفراوانین. ئەمەش کۆمەڵێک مەترسیی تایبەتی خۆی لەگەڵدایە. ڕەنگە ئێمە خاو بین لە قبوڵکردنی ڕەخنەی باش. لەوانەیە ئێمە توند و دابڕاو دەرکەوین، یان وەک کەسێک کە گرنگی بە کاروباری ئەوانی تر نادەین. لەوانەیە پێمان وابێت ئەوانی دیکەش وەک ئێمە سینگفراوانن، بۆیە زۆر بە توندی قسەیان لەگەڵ دەکەین. تەنانەت ڕەنگە ئەوەندە بەهێز یان توند قسە بکەین کە ئازاری ئەو کەسانە بدەین کە خودا بە متمانەوە خستوویەتییە ژێر بەرپرسیارێتیمانەوە. با زۆر کۆشش بکەین بۆ ئەوەی لەم جۆرە تەڵانە دوور بکەوینەوە. ئەندامانی کڵێساکەمان و ئەو کەسانەی لە خزمەتەکەماندان لەلای خوداوە بەنرخن، تەنانەت کاتێک گازیشمان لێدەگرن. ئەگەر زۆر هەستیار ببین و سینگفراوان نەبین، کاتێک خەڵک حەزیان بەوە نییە کە ئێمە دەیکەین، کۆڵدەدەین. بە دڵنیاییەوە ئەمە کێشەیەکی ڕاستەقینەیە و دەبێت لێی دوور بکەویتەوە. ئەگەر زۆر توند بین، ئەوا لەو کەسانە دوور دەکەوینەوە کە خودا دەیەوێت خزمەت و ڕابەراتیان بکەین. بۆیە دڵنەرمی بژاردەیەک نییە. بەڵکو مەرجێکە کە دەبێت لە هەموو خزمەتکارێکی باوەڕداردا هەبێت. ئەمە بەشێکی ئێجگار گرنگە لەوەی کە چۆن خودا دەیەوێت قەشەکان بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز پیشان بدەن.

# ٩

# سروشتی مرۆڤ لاوازە

خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی،
ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی،
دڵنەرمی، **بەسەرخۆدا زاڵبوون**

کاتێک گەورە دەبووم، کۆمپانیای پێڵاوی نایک زۆر بەناوبانگ بوو. یەکەم کڵێسا کە سەردانم کرد، لە تەنیشت لقی سەرەکی کۆمپانیای نایک بوو. لە قۆناغی ئامادەییدا لەگەڵ کوڕی دامەزرێنەری کۆمپانیای نایک وەرزشم دەکرد. بەشەناوخۆیی کۆلێژەکەشم بەرامبەر ئەو یاریگایە بوو کە دامەزرێنەری کۆمپانیای نایک و ڕاهێنەرەکەی یەکەم جووت پێڵاوی ڕاکردنی نایکیان دروستکردبوو. لە ساڵی ١٩٨٨ کاتێک نایک هەڵمەتێکی بە دروشمی "تەنها ئەنجامی بدە" دەستپێکرد، من بە تەواوی پابەند بووم. پێم وابوو ئەگەر بە ڕادەیەکی پێویست و ماوەیەکی زۆر کار بکەیت، دەتوانیت هەموو شتێک بکەیت. بەڵام ئەزموونەکەم زۆری نەخایاند فێری کردم ژیان زیاترە لە تەنها کارکردن. هەموو ئەو ڕاهێنانانەی لە جیهاندا هەن، ناتوانن ئەو توانا وەرزشیانەم پێ ببەخشن کە بە سروشتی نیمە. گرنگ نییە چەندە بە سەختی و ماوەی درێژ دەخوێنم، خودا مێشکی منی وا دیزاین نەکردووە بۆ ئەوەی بە تەواوی لە زانستە پێشکەوتووەکانی

کۆمپیوتەر و بیرکاری تێبگەم. تەنها لە پرۆفیسۆرەکەم بپرسە کە لە یەکەم ئەرکمدا نووسیویەتی، "ئەگەر ئەم کارە بەڵگەی توانای تۆ بێت، گومانێکی زۆرم هەیە کە بتوانیت لەم پۆلەدا دەربچیت." ئەوە بە ئازار بوو. ئێمە وەک باوەڕداران لەگەڵ واقیعێکی هاوشێوەدا لە زۆرنبازی و ململانێداین. لە لایەکەوە کارمان هەیە و *پێویستە* خۆمان کۆنترۆڵ بکەین. لە لایەکی دیکەوە، ئەوە کارێکە کە ئێمە *ناتوانین* ئەنجامی بدەین. گرنگ نییە چەندە بەهێز بین، زیرەک بین، یان بەتوانا بین، هێشتا ناتوانین ئەوەندە بەسەرخۆماندا زاڵبین تاکو بە شێوەیەک بژین کە شایەنی بانگەوازەکەمان بێت (ئەفەسۆس ٤: ١). دروشمی نایک کە "تەنها ئەنجامی بدە" یە، بەس نییە. متمانەم پێ بکە، کە دەزانم.

ئەندامێکی کڵێسا بە ناوی یەحیا ویستی باسی هەندێک کێشەم لەگەڵ بکات کە لە کڵێسادا هەیبوو. لە کاتێکدا گوێم لە قسەکانی دەگرت، هەستم دەکرد پەستانی خوێنم بەرز دەبێتەوە. خەریکبوو دەتەقیم و بە زۆر خۆم گرتبوو. دەمزانی خەریکە بۆ جاری دەیەم هەمان شت بڵێم، بەڵام دەمزانی کە هیچ جیاوازییەک دروست ناکات. ئەم برایە بە سەختی ئامۆژگاری منی وەرگرت. ڕاستگۆیانە بڵێم، ویستم هاوار بکەم. بۆچی خەریک بوو شێت بم؟ پێم وایە هەستم بە بێڕێزی ئەو دەکرد بەرامبەر بە خۆم. من ئامۆژگاری باشی ئەم برایەم کردبوو، زیاتر لە جارێک، بەڵام پێدەچوو هەمیشە ئەو قسانەی من پشتگوێ بخات یان لەبیری بکات. بەڵام ئایا من مافی ئەوەم هەبوو کۆنترۆڵی خۆم لەگەڵیدا لەدەست بدەم، یانیش هاوار بکەم بەسەریدا؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر! پێویستی بە بیستنی ڕاستییەکان بوو بە خۆشەویستییەوە، بەڵام دەبوایە بەسەرخۆشمدا زاڵبم. هەموومان دەزانین بەسەرخۆدا زاڵبوون قورسە و ئاسان نییە.

بیر لە قوتابییەکانی عیسا بکەرەوە. پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای لەگەڵ خۆی هێنا تا شەوارە بگرن لەکاتێکدا عیسا نوێژی دەکرد. خەم بەسەر پەروەردگاردا زاڵ بوو کاتێک بیری لەو ئازارانە دەکردەوە کە بەم نزیکانە ئەزموونی دەکات. لە نوێژدا بارگرانییەکانی بردە لای باوکی. عیسا چاوەڕێی ئەوە بوو هاوڕێکانیشی بەئاگا بمێننەوە و نوێژ بکەن. بەڵام لە جیاتی ئەوە، سەرخەوێکیان شکاند. ئەوان باشترین نیازیان هەبوو بەڵام ڕاستییەکە هەروایە، وەک عیسا دەفەرمووێت: "ڕۆح چالاکە، بەڵام جەستە

لاوازە" (مەتا ٢٦: ٤١). جەستە لاوازە، بۆ ئەوان و بۆ ئێمەش. سوپاس بۆ خوا هیوایەک هەیە. تەنانەت کاتێک جەستەش لاوازە، بەسەرخۆدا زاڵبوون پارچەیەکی بەهێزە لە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز (گەلاتیا ٥: ٢٣).

## بەسەرخۆدا زاڵبوون چییە؟

بەسەرخۆدا زاڵبوون، بە سادەیی واتە توانای سەیرکردنی پارچە کێکێکی شوکولاتە و نەخواردنی؛ یانیش بە هەڵە کلیک لەسەر پرۆگرامێکی خراپ بکەیت و سەیری نەکەیت بەڵکو دایبخەیت. یان، کاتێک گوێت لە قسەوقسەڵۆک دەبێت، کۆتایی بە گفتوگۆکە دێنیت. بەسەرخۆدا زاڵبوون بریتییە لە قسەکردن بە میهرەبانی و خۆشەویستی لەکاتێکدا کە دەتەوێت هاوار بکەیت. کاتێک ژنە هەڵخەڵەتێنەرەکە بە دوای ئەو گەنجەدا دەڕوات کە بەسەرخۆیدازاڵە، وەک یوسف هەڵدێت (پەندەکانی ٧: ١٧؛ پەیدابوون ٣٩: ١٢). بەسەرخۆدا زاڵبوون واتە ڕووبەڕووبوونەوەی تاقیکردنەوە و ئەو گوناهەی کە لە دڵماندایە.

بەرەنگاربوونەوەی تاقیکردنەوەی کەوتنە ناو گوناە سیفەتی هەموو ئەوانەیە کە بەڕاستی باوەڕیان بە مزگێنییەکە هەیە. نابێت بەسەرخۆدا زاڵبوون لەبەرچاو نەگرین. ئەمە هێشتا ڕاستە کاتێک خەڵک دەڵێن مەسیحییەت واتە کردن و نەکردنی شتانێک. بێگومان نیعمەت پێش گوێڕایەڵی دێت چونکە نیعمەت وەها دەکات گوێڕایەڵی هەبێت. دەتوانین بەو ڕاستییە دڵخۆش بین کە مزگێنییەکە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مەسیح کردوویەتی. لە پێناو گوناهی هەموو ئەوانەی ڕووی تێدەکەن و متمانەی پێ دەکەن، مردووە. ستایش بۆ خودا! بەڵام نابێت ئەم ڕاستییە ببێتە هۆی ئەوەی کە بەرەنگاری گوناە نەبیتەوە. بەسەرخۆدا زاڵبوون، هەم دیارییە و هەم فەرمانیشە.

کاتێک پۆڵسی نێردراوی خودا دادگایی کرا، مزگێنی بە فیلیکسی حاکمی ڕۆمانیدا. "پۆڵس لەبارەی ڕاستودروستی و بەسەرخۆدا زاڵبوون و حوکمدانی داهاتوو دەدوا" (کردار ٢٤: ٢٥). دواتر پۆڵس پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە باوەڕداران هەندێک جار واز لەو شتانە دێنن کە ئازادن چێژیان لێ وەربگرن یان نا، بەتایبەت ئەو شتانەی ئەگەر بە مانای

بردنەوەی ئەوانی دیکە بێت بۆ مەسیح. ئەم جۆرە نیانییە پێویستی بە بەسەرخۆدا زاڵبوون هەیە (بڕوانە یەکەم کۆرنسۆس ٩: ٢٥). پەترۆس هاوڕا بوو. باوەڕدارە ڕاستەقینەکان لە زانیاری زیاتریان پێیە. ئەوان بە بەسەرخۆدا زاڵبوون دیاری دەکرێن، کە لە باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت و خودا پێی بەخشیوون (دووەم پەترۆس ١: ٥-٦).بۆیە نابێت جێگەی سەرسوڕمان بێت کە پۆڵس بە بەسەرخۆدا زاڵبوون کۆتایی بە لیستی بەروبوومەکانی ڕۆحی پیرۆز دەهێنێت. دوای خستنەڕووی بەروبوومەکانی خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی و دڵنەرمی، پۆڵس دەیەوێت دەست بە کار بکەین. هەرچی دەبێتە کۆسپ لە خۆشویستنی کەسانی تر یان دڵنەرمی، دەبێت بکوژرێت. بەڵام ئارەزووە جەستەییەکانمان بەبێ شەڕ ملکەچ نابێت. ژیانێکی مەسیحیانە بە خۆشەویستی و خۆشییەوە ئاسان نییە. هەر لەبەرئەوە پێویستمان بە بەسەرخۆدا زاڵبوونە. پۆڵس بەم شێوەیە باسی دەکات: "ئەوانەی هی عیسای مەسیحن سروشتی دنیاییان لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانیان لە خاچ داوە" (گەلاتیا ٥: ٢٤). بوونی بەسەرخۆدا زاڵبوون دەیسەلمێنێت کە هی عیسای مەسیحیت.

## شەڕ بۆ بەسەرخۆدا زاڵبوون

قەشەکان دەرفەتێکی زۆریان هەیە بۆ نیشاندانی بەسەرخۆدا زاڵبوون لە جیهانێکدا کە هانی خۆسەرقاڵکردن دەدات. بەڵام ئەو ڕۆژە لە ئۆفیسەکەمدا، کاتێک لەگەڵ ئەو ئەندامەدا دانیشتم کە بێزاری کردم، وەڵامێکی باشم نەدایەوە. ڕستەکانم کورت و پوخت بوون، تۆنی قسەکردنم توند و بێزارکەر بوو. هەوڵمدا خۆم بگرم و دڵنەرم بم بەڵام بەجۆرێک وەڵامی یەحیام دەدایەوە وەک ئەوەی ئاسوودەیی خۆم گرنگترین شت بێت. ئەم دۆخە بیری هێنامەوە کە بەسەرخۆدا زاڵبوون بەبێ تێکۆشان نایەت. ئەی بارودۆخی تۆ؟ شەڕی بەسەرخۆدا زاڵبوون لە کوێی خزمەتەکەتدا ئەنجام دەدرێت؟ هەموو کەسێک جیاوازە. بەڵام ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەگەڵ ڕابەرایەتیدا دێن زۆرن و باون. قەشە و ڕابەرانی کڵێسا زۆر جێگەی سەرنجن. مەحاڵە وانە بڵێییتەوە بەبێ ئەوەی خەڵک سەرنجت بدەن، هەندێک سەرنجیش بە سروشتی لەگەڵیدا دێت. لەگەڵ ئەو کەسانەدا کارلێک دەکەیت کە بە تامەزرۆییەوە کێشەکانیان باس دەکەن و بەدوای یارمەتیدا دەگەڕێن.

زۆرجار قەشەکان ڕاوێژکارن و ئەم کارە دەبێتە هۆی نزیکبوونەوە لە ئەوانی تر، ئەو نزیکییەش دەتوانرێت بە خراپی بەکاربهێنرێت ئەگەر قەشەکە بەسەرخۆیدا زاڵنەبێت.

بۆ نموونە ئەگەر ژنێکی ئازارچێشتوو هاتە لات و داوای یارمەتی لێت کرد، ئایا تۆ ئاگاداری خزمەتکردنی بە شێوەیەک کە ڕەفتارەکانت بە تەواوی بە دروستی و لە سەرووی هەر گومانێکەوە بمێنێتەوە (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٢)؟ بەسەرخۆدا زاڵبوون باشترین هاوڕێتە لە ساتگەلی وەک ئەمەدا. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە شوێنێکی گشتی یان کراوەدا ڕاوێژکاری بکەیت، یانیش ڕەنگە لەگەڵ ئامادەبوونی ڕاوێژکارێکی تردا. بەسەرخۆدا زاڵبوون ڕێگریت لێدەکات لە پرسیارکردن سەبارەت بەو وردەکاریانەی کە بەڕاستی پێویست ناکات بزانیت. لە کۆتاییدا بەسەرخۆدا زاڵبوون سەرنجت لەسەر کتێبی پیرۆز دەهێڵێتەوە و ئەوەت بیردەخاتەوە کە ئەم ژنە زیاتر لە تۆ و دانایی تۆ پێویستی بە مەسیح و وشەکانی هەیە. ئەمەش بێهیوات دەکات لەوەی خۆت لە چاوی ئەودا گرنگ دەربخەیت. زۆرێک لە پیاوان سەرنجی ژنێکیان بە هۆکاری گوناهەکەیان زانیوە. بێگومان هەموو تاکێک، نێر و مێ، لەبەردەم خودادا دەوەستێت و لێپرسینەوەی لەسەر کارەکانی لێ دەکرێت. بەڵام ئەو قەشەیەی لەم بوارەدا گوناه دەکات، ناتوانێت دۆخی خۆی تاوانبار بکات. ئەمە بۆ ئەو کاتەش ڕاستە ئەگەر ئەو ژنەی کە پەیوەندی بەو بابەتە هەیە هێشتا گەنج بێت یان لە باوەڕەکەیدا ناپێگەیشتوو بێت. قەشەکە دەبێت سەیری دڵی خۆی بکات و لەخۆی بپرسێت، بۆچی *بەسەرخۆمدا* زاڵنەبووم؟

برایان، بیر لەم شتە بکەنەوە: چەند ڕابەری ڕێزدار و تۆکمەی کڵێسا لەم دواییانەدا خزمەتەکەیان لەدەستداوە و زیانیان بە ناوی مەسیح گەیاندووە، لەبەرئەوەی کە بەسەرخۆیاندا زاڵنەبوون لەلایەنی هەوەسبازی؟ بەداخەوە ئەمە لەگەڵ زۆرێک لە ڕابەرەکاندا ڕوویداوە. ڕێگای بێشومار هەیە بۆ چوونە ناو ئابڕووچوونی داوێنپیسی، بەڵام تەنها یەک ئەنجامی هەیە: لەناوچوون. لە ئێستادا چەند قەشە و ڕابەری کڵێسا گیریان خواردووە و خوویان بە سەیرکردنی ڤیدیۆی سێکسی لە کۆمپیوتەر و مۆبایل و تەلەفزیۆنەوە گرتووە؟ دیسانەوە دەیڵێم؛ زۆر زۆرن. بەداخەوە، بە ترسەوە لە خزمەت بەردەوامن، دەترسن کە ئاشکرا بن بزانرێت کە سەیری ئەم شتە

دەکەن. ڕاستگۆیانە، دەزانن بۆچی دڵیان ساردە بەرامبەر بە پەروەردگار. کەسانی داوێنپیس "میراتگری شانشینی خودا نابن" (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ٩). هەر لەبەر ئەمەشە کە بەسەرخۆدا زاڵبوون پارچەیەکە لە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز.

دیارە کە قەشەکان لەگەڵ زۆرشت ململانێ دەکەن نەک تەنها داوێنپاکی. هەروەها بە شێوەیەکی ناوازە لە دژی لووتبەرزیشدا تێکۆشان دەکەین. زۆرجار ئەندامان لە کۆبوونەوەکان بە ڕێزێکی زۆرەوە سەیری قەشە و پیرەکانیان دەکەن. لە زۆر ڕووەوە ئەمە شتێکی نایاب و سەرنجڕاکێشە. ئاخر پیرەکان شایەنی ڕێزلێنانن (یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٧). بەڵام نابێت ئەو جۆرە ڕێزلێگرتنە بکرێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی قەشەیەک خۆی گۆشەگیر بکات. زۆرێک لە پیاوان بەجۆرێک ڕابەرایەتی دەکەن وەک ئەوەی لە دەرەوەی ئەوەبن کە پێویستیان بە ڕاستکردنەوە هەیە. قەشەیەک کە پێیوابێ لە سەرووی ڕاستکردنەوەدایە و پێویستی بە لێپرسینەوە نییە، ئەوا مانای وایە شەڕی بەسەرخۆدا زاڵبوونی خۆی دۆڕاندووە. ئەمە ئەوەش دەگرێتەوە ئەگەر پێیوابێ تەندروستی خزمەتەکەی تەنها بەندە بەوەوە. لەم حاڵەتانەدا بەسەرخۆدا زاڵبوون وەک ئەوە وایە بگەڕێیتەوە بۆ ڕاستییەکە. تەنانەت کەمێک بەسەرخۆدا زاڵبوونیش ئەوە بیری قەشەکان دەخاتەوە کە ئێمە لە کارکەری خزمەتێک زیاتر نین کە تەنها سەر بە مەسیحە (کۆلۆسی ١: ١٨). ئەم بێفیزییە کە بەهۆی بەسەرخۆدا زاڵبوونەوە درووست دەبیت، یارمەتیمان دەدات ملکەچی دانایی ئەوانی تر ببین، وەک ئەوەی لە کۆڵۆسی ٥: ٢١ نووسراوە: "بە ترسی مەسیح ملکەچی یەکتری بن."

لە هەر شوێنێک خەبات بکەیت، بەسەرخۆدا زاڵبوون بەروبوومێکی ڕۆحییە و بە ئاسانی گەشە ناکات. بە دڵنیاییی هۆکارێک هەیە بۆیە عیسا فەرمووی: "ئەگەر کەسێک دەیەوێت ببێتە قوتابی من، با نکۆڵی لە خۆی بکات و ڕۆژانە خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت" (لۆقا ٩: ٢٣). ژیانێکی مەسیحیانە سەختە. ڕێگایەکی ئاسان نییە بۆ گەشتکردن، دەروازەیەکی فراوان نییە بۆ چوونەژوورەوە. ئێمە بەردەوام دەبین لە شەڕکردن لەگەڵ گوناە و ئازار تا شەڕی کۆتایی تەواو دەبێت و خودا هەموو فرمێسکێک دەسڕێتەوە (پەیدابوون ٢١: ٤). کاتێک دروشمی "تەنها ئەنجامی بدە"یان هێنایە ئاراوە، کۆمپانیای نایک بانگەوازی بۆ ڕاستییەکی

باو کرد: هەر شتێک شایەنی ئەوە بێت کە هەتبێت بەبێ قوربانیدان نایەت. ئەمە بۆ وەرزشوانان و نووسەرە بەناوبانگەکان و باوکە چاکەکان و تەنانەت قەشە ئاساییەکانیش ڕاستە. قەشە کێڤن دیۆنگ ئاماژەی بەوەداوە کە چۆن "گەشەکردن لە خوداپەرستیدا پێویستی بە هەوڵێکی زۆری باوەڕداران هەیە."[46] قەشە تۆماس واتسۆن هەمان خاڵی بەشێوەیەکی بەهێزتر بەکارهێنا کاتێک داوای لە باوەڕداران کرد کە "خوێنی هەموو گوناهێک بڕێژن."[47]

قەشەکان مەیلی ئەوەیان هەیە پێش دەستپێکردنی شەڕەکە خۆیان بدەنە دەست تاقیکردنەوەی ئارەزووی. جا بێئارامی بێت، داوێنپیسی بێت، یان لووتبەرزی بێت، زۆرجار ئێمە خۆمان دەخەینە ناو گوناهەوە بەبێ ئەوەی تەنانەت هەوڵی بەرەنگاربوونەوەش بدەین. ئێمە بیانوو بۆ خۆمان دەهێنینەوە و دەڵێین: من *تەنها* سەیر دەکەم. بیانوو دەهێنینەوە: "خۆ من *سەرەتا* دەستم بە گفتوگۆکە نەکرد." ئێمە گریمانە بە نیعمەتی خودا دەکەین: "دەزانم ئەو لێم خۆش دەبێت. ئاخر ئەو *خودایە*." ئێمە بەزەییمان بەخۆماندا دێتەوە و دەڵێین: "هەفتەیەکی سەختم هەبوو بۆیە *شایەنی* سەرنجی ئەوم."

چەند ساڵێک لەمەوبەر گەنجێک شایەتی خۆی لەگەڵ مندا باس کرد. ڕانەهاتبوو باسی باوەڕەکەی بکات. لێکۆڵینەوەم لە ژیان و بیروباوەڕی کردبوو (یەکەم تیمۆساوس ٤: ١٦). من ویستم بزانم نەک هەر باوەڕی بە چی هەیە، بەڵکو ئەم باوەڕانەشی چۆن شێوازی ژیانی لە قاڵب داوە. باسی پەیوەندی خۆشەویستی خۆی کرد و بە خێرایی دانی بەوەدانا کە ئاستێکی نەشیاوی سۆز و خۆشەویستی جەستەیی لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا هەبووە. هیچ پەشیمانییەکی نیشان نەدا. کاتێک لێم پرسی کە چۆن پاساو بۆ کردەوەکانت و فەرمانی کتێبی پیرۆز بۆ داوێنپاکی دەهێنیتەوە، زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: "عیسا تێدەگات، ئەو دەیزانی کە سینگڵ بوون چەند قورسە." بەڵێ، ئەمە ڕاستە. عیسا لە هەموو ڕوویەکەوە وەک ئێمە تاقیکرایەوە (عیبرانییەکان ٤: ١٥). بەڵام بە پێچەوانەی ئێمەوە، عیسا بە تەواوی بەسەرخۆیدا زاڵبوو. ئاسانە بۆ من هەست بە بێزاری بکەم، تەنانەت لەم ساتەش کە ئەم یادەوەرییە دەنووسم. ئەم پیاوە ناپێگەیشتوو بوو، تەنانەت ڕەنگە مەسیحیش نەبووبێت. هەروەها دەزانم هەستێک چۆنە کە نیعمەتی خودا بەبێ سوپاسگوزاری وەردەگرێت. من ڕێگەم داوە چاو و

بیرکردنەوەکانم سەرگەردان بن بە جۆرێک کە ببێتە هۆی پیسکردن و تێکدانی هاوسەرگیری (عیبرانییەکان ١٣: ٤). من بە بێباکی قسەم کردووە، بەبێ ئەوەی بیر لەو زیانانە بکەمەوە کە قسەکانم دەتوانن بیگەیەنن (یاقوب ٣: ٦). من ڕێگەم داوە گوێچکەکانم بە تامەزرۆییەوە قسە و باس وەربگرن، بەبێ ئەوەی هیچ خۆشەویستییەکم هەبێت بۆ ئەو خوشک و برایەی کە بوختانی بۆ بکرێت (پەندەکانی سلێمان ١٦: ٢٨). لە هەریەکێک لەم نموونانەدا، ڕێگای ئاسانم گرتۆتەبەر. لەبری ئەوەی هەوڵی کوشتنی گوناە بدەم، پێشوازیم لێکردووە. بەسەرخۆدا زاڵبوون بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی تاقیکردنەوەی ئارەزوویی و کوشتنی گوناە. نەک تەنها یەک ڕۆژ، بەڵکو هەموو ڕۆژێک. نەک تەنها یەک کاتژمێر، بەڵکو هەموو کاتژمێرێک.

## بەروبوومی بەسەرخۆدا زاڵبوون

زۆر باشە هەمیشە لەبیرم بێت کە دەبێت شەڕ بۆ بەسەرخۆدا زاڵبوون بکەم. بەڵام شەڕەکە هەموو چیرۆکەکە نییە. بەسەرخۆدا زاڵبوون هەم بانگەوازێکە بۆ جێبەجێکردنی و هەمیش دیارییەکە کە دەبێت وەربگیرێت. بەسەرخۆدا زاڵبوون پارچەیەکە لە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز. دەبێت بە قووڵی لەم ڕاستییە تێبگەین، تا بە بەسەرخۆدا زاڵبووانە ڕوو لە خودا بکەین و متمانەمان بەوە هەبێت کە ئەو دەیبەخشێت.

لە ساڵانی ١٥٠٠دا وەرزێکی گۆڕانکاری و چاکسازی ئایینی هەبوو کە بە سەردەمی چاکسازی ناسرا. لەم ماوەیەدا وتاربێژ و چاکسازیخوازێک بە ناوی مارتن لوسەر وتارێکی سەبارەت بە ڕاستودروستی مەسیح پێشکەش کرد. ئەو بە ڕاستودروستییەکی نامۆ ناوی بردووە، چونکە بە سروشتی هی باوەڕدار نییە. بەڵکو ئەوە ڕاستودروستی مەسیحە. هی خۆیەتی. نیعمەت واتە ئەم ڕاستودروستییەی کە دەکرێ هەمانبێت تەنها لە ڕێگەی باوەڕبوون بە مەسیحەوە. لوسەر گوتی: "هەموو ئەوەی مەسیح هەیەتی دەبێت بە هی ئێمە" نەک هەرئەوەش، "ئەو خۆیشی دەبێت بە هی ئێمە."[48] لە ڕێگەی باوەڕەوە، مەسیح خۆی بە ئێمە دەدات. لەگەڵ مەسیحدا، ئێمە هێزی ئەوەمان هەیە کە گوناە لە ژیانماندا شکست پێبهێنین. هەر لە ڕێگەی ئەم تێگەیشتنە لاهووتییەوە بوو کە لوسەر بە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆزی دەزانی. تەنها

لەبەر ئەوەی کە ڕاستودروستی مەسیح پێمان دراوە "دەتوانین ژیانێکی پڕ لە کاری چاک بژین و سرووشتی دونیاییمان بمرێنین و ئارەزووەکانمان لە خاچ بدەین."[49] بە کورتی، ئایا دەتەوێت بەسەرخۆتدا زاڵببیت؟ سەیری مەسیح بکە. متمانە بە مردن و هەستانەوەکەی بکە. ئەو بەسەرخۆدا زاڵبوونەی کە ئێمە پەیڕەوی لێدەکەین لە ڕاستیدا "بەروبووم و دەرئەنجامی"[50] کارەکانی مەسیحە لە پێناوی ئێمەدا. ئەمە تەنانەت ئەو کاتەش ڕاستە کە بەسەرخۆدا زاڵبوونمان بە شێوەیەکی خراپ و بە ئازاریشەوە جێبەجێ بکرێت.

ئەمە هەواڵێکی خۆشە. بەسەرخۆدا زاڵبوون دیاریە و لەهەمان کاتدا بەڵێنێکیشە بۆ هەریەک لە ڕۆڵەکانی خودا. خودا زیاتر لەوە دەکات کە تەنها فەرمانمان پێ بکات گوێڕایەڵی بین؛ ئەو یارمەتیمان دەدات بەقسەی بکەین. زیاتر لەوە دەکات کە ئاماژەمان پێبدات بە کام ئاراستەدا بڕۆین؛ ئەو خۆی دەستمان دەگرێت و هەڵمان دەگرێت. خودا زیاتر لەوە دەکات کە تەنها وشەکانی خۆیمان پێبدات بۆ ڕێنماییکردنمان؛ ئەو پڕمان دەکات لە ڕۆحی خۆی و هەر خۆیشی ڕابەرایەتیمان دەکات. من ڕۆحی خۆم دەناسم و یەکێک لەو هۆکارانەی کە هەندێک جار پێش ئەوەی شەڕەکە بەڕاستی دەست پێ بکات، خۆم دەدەم بە تاقیکردنەوە ئارەزووییەکان، چونکە هێزی ڕۆحی پیرۆزم لە ژیانمدا لە بیر دەچێتەوە. بەسەرخۆدا زاڵبوون وەک شاخێکی زۆر بەرز وایە کە هەرگیز نەتوانم سەری بکەوم، بەڵام دەبێت لەهەمانکاتدا ئەوەش بزانم کە مەسیح پێشتر لە پێناوی من سەریکەوتووە. پیرۆزی وەک ژوورێکی زۆر پاک و خاوێنە، بەڵام دەبێت ئەوەم لە یاد بێت کە مەسیح پێشتر بۆم مردووە، بۆ ئەوەی لە گوناهەکانم پاکم بکاتەوە.

## بەسەرخۆدا زاڵبوون مەحاڵ نییە چونکە ڕۆحی پیرۆز بەهێزە

زۆر لەمەوبەر فێربووم کە "تەنها ئەنجامی بدە" ڕەنگە دروشمێکی زۆر باش بێت بۆ کۆمپانیای نایک، بەڵام قسەیەکی ترسناکە بۆ مەسیحییەک کە پێی بژی. هێشتا ئەوە وانەیەکە، پێویستە ڕۆژانە بیری خۆمی بخەمەوە. من ژیانی مەسیحیانەی خۆم لەسەر هەوڵی خۆم دەستپێنەکردووە، بە دڵنیاییەوە ناتوانم بەهێزی خۆم ژیانێکی پیرۆز بژیم. بەسەرخۆدا زاڵبوون بەروبوومی

هەوڵەکانمان نییە؛ بەڵکو ئەوە پارچەیەکە لە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز. هەروەک چۆن بەبێ یارمەتی ڕۆحی پیرۆز ناتوانم بە تەنیا تۆبە بکەم، بەهەمان شێوە ناتوانم بە تەنیا خۆشم کۆنترۆڵ بکەم. چارلز سپێرجن کە بە "شازادەی وتاربێژان" ناسرابوو، بە جوانی باسی ئەوە دەکات:

*تا ئێستا هەوڵت داوە تۆبە بکەیت؟ ئەگەر هەوڵت دا بە هێزی خۆت تۆبە بکەیت، ئەوا ئەم ڕاستییە باش دەزانیت: ئەگەر هانی پیاوێک بدەیت بەبێ یارمەتی ڕۆحی پیرۆز تۆبە بکات، ئەوا داوای لێدەکەیت شتێکی مەحاڵ بکات. تۆبەکردنی گوناهبارێک بەبێ یارمەتی خودا وەک ئەوەیە چاوەڕێی ئەوە بکەیت بەردێک بگریەت و بیانێکیش ببێت بە گوڵستان. هەرگیز ئەمە ڕوونادات. ئەگەر گەیشتن بە پاشایەتی ئاسمان تەنها پەیوەست بووایە بە هێزی تۆبەکردنمانەوە، ئەوا چوونە نێوی بە کارە باشەکان مەحاڵ دەبێت. مرۆڤەکان ناتوانن بە تەواوی گوێڕایەڵی یاسای خودا بن، ئەوانیش ناتوانن بە تەنیا تۆبە بکەن، چونکە تۆبەی ڕاستەقینە پێویستی بە هەمان ئاستی گوێڕایەڵی تەواو هەیە. پێم وایە، تۆبە هەموو یاساکان بە شێوەیەکی چڕوپڕ لەخۆی دەگرێت. ئەگەر کەسێک بتوانێت بە تەنها تۆبە بکات، ئەوا پێویستی بە ڕزگارکەرێک نەدەبوو.*
*ڕەنگە هەوڵی ئەوە بدات ڕاستەوخۆ بەرەو چیای سینا سەرکەوێت بۆ پاشایەتی ئاسمان.*[51]

ئێستا، جارێکی تر قسەکانی سپێرجن بخوێنەوە بەڵام بڕگەی "تۆبە بکە" بە "بەسەرخۆتدا زاڵبە" بگۆڕە. خاڵەکە هەمان شتە. بەبێ ڕۆحی خودا *ناتوانین* ئەوە بکەین. بەسەرخۆدا زاڵبوون مەرجە، ئەوە شتێکە کە دەبێت بیکەین. بەڵام تەنها ئەوانەی ڕۆحی پیرۆزیان تێدا نیشتەجێیە دەتوانن بەسەرخۆیاندا زاڵبن. ئایا دەتەوێت بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز لە ژیان و خزمەتەکەتدا دەربکەوێت؟ ئایا دەتەوێت لە خۆشەویستی و خۆشی و ئاشتی و ئارامگرتن و نیانی و چاکە و دڵسۆزی و دڵنەرمی گەشە بکەیت؟ بێگومان. بەڵام چۆن بتوانین بەم شێوەیە گەشە بکەین؟ پێویستمان بە بەسەرخۆدا زاڵبوونە. ئەوە ئەو پێکهاتەیە کە هەموو پارچەکانی تری میوەی ڕۆحی پیرۆز شیرینتر

دەکات. ئایا هیچ شتێک هەیە کە بتوانین بیکەین بۆ ئەوەی بەسەرخۆدا زاڵبوون لە دڵماندا گەشە بکات؟

<u>خاچەکە بیری خۆت بهێنەوە</u>. کاتێک ڕق، دڵەڕاوکێ، توند و تیژی، بێ ئارامی، لووتبەرزی، یان گوناهی هەوەسبازی لە دڵماندا سەرهەڵدەداتەوە، دەبێت ئامادەبین بۆ کوشتنیان. بەڵام ئێمە تەنها ئەو کاتە دەتوانین ئەوە بکەین کە ئەوە وەبیرخۆمان بهێنینەوە کە مەسیح بە ئامادەییەوە خوێنی خۆی ڕشت تا بتوانین واز لە ژیانی گوناهکارانە بهێنین و بۆ ڕاستودرووستی بژین. ئەگەر بیر و خەیاڵت لەسەر خاچ نەبێت، بەسەرخۆدا زاڵبوونت تەنها دونیایی دەبێت و هەتا سەر بەردەوام نابێت.

<u>*شەڕەکە لە دژی گوناه*</u> لە ئامێز بگرە. پێت وا نەبێت کە ژیان لەگەڵ بەسەرخۆدا زاڵبوون یان هەر بەروبوومێکی تری ڕۆحی پیرۆز ئاسان دەبێت. ئاسان نابێت. زۆر ئایەت هەن لە کتێبی پیرۆز کە بیرمان دەخەنەوە ژیانێکی مەسیحیانە شەڕێکی پڕ لە ئازارە (بڕوانە ڕۆما ٨: ١٣؛ کۆلۆسی ٣: ٥؛ و یەکەم کۆرنسۆس ٩: ٢٤-٢٥).

<u>*سەختترین ململانێت لەگەڵ گوناهدا بهێنە بەر ڕووناکی*</u>. هەرچەندە ڕاستە کە هەموو تاقیکردنەوەکانمان باون (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٣)، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هەریەکەمان ململانێی تایبەتمان هەیە. هەندێکیان لەگەڵ زیادە ڕەویی لە خواردندا کێشەیان هەیە، هەندێکی تریان لەگەڵ قسەوقسەڵۆک. هەندێکیان لەگەڵ پۆرنۆگرافیدا شەڕیان هەیە، هەندێکی تریان لەگەڵ ترسی زۆر لە ڕاوبۆچوونی خەڵک لەسەریان. لە کوێدا هەست بە گەورەترین پێویستی بەسەرخۆدا زاڵبوون دەکەیت لە ژیانتدا؟ ئەوە هەوڵبدە بە ڕاستگۆیی لەگەڵ هاوڕێیەکی خواپەرست کە متمانەت پێی هەیە باسی بکە. یەکسەر بیهێنە بەر ڕووناکی. خوشک و برایەک لە مەسیحدا بدۆزەرەوە کە لەگەڵ تۆ و لەپێناوی تۆ دەچێتە شەڕ.

<u>*بپاڕێوە لە ڕۆحی پیرۆز*</u>. پێویستت بە یارمەتی خودایە بۆ ئەوەی ڕقت لە گوناهەکەت بێت، هەست بە خەم و پەژارە بکەیت کاتێک لە ژیانتدا دەیبینیت، پێویستت بە خودایە تا تۆبە بکەیت و بەهێزت بکات کە بەبێ گوناه بژیت. ئەمە نوێژێکە بە دڵنیاییەوە خودا وەڵامی دەداتەوە. هەمیشە نوێژ بکە

و وره بەرمەده (لۆقا ١٨: ١-٨). بە متمانەوه نوێژ بکە (ڕۆما ٨: ٣٢). ڕۆژانە نوێژ بکە (لۆقا ٥: ١٦). ئەگەر بەسەرخۆدا زاڵبوون لە ژیانتدا کەم بووه، لەخۆت بپرسە ئایا لەبەر ئەوەیە کە نوێژکردنت کەم بووەتەوە؟ عیسا فەرمووی: "شەواره بگرن و نوێژ بکەن، نەوەک تاقی بکرێنەوە. ڕۆح چالاکە، بەڵام جەستە لاوازه" (مەتا ٢٦: ٤١).

لە نێو هەموو پارچەکانی بەروبوومی ڕۆحی پیرۆزدا، ئەمە ئەو پارچەیە کە من زۆرتر دەمەوێت سەرنجی بخەمە سەر. نەک لەبەر ئەوەی لە هەمووی گرنگترە. نەخێر، هەموو بەروبوومەکانی رۆحی پیرۆز بەهەمان ئەندازە گرنگن. لە ڕاستیدا هەموویان پێکەوە وەک تابلۆیەکی جوان دەردەکەون. بەسەرخۆدا زاڵبوون وەک داوێک وایە کە هەموویان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. قەشەیەکی پڕ لە بەسەرخۆدا زاڵبوونم پیشان بدە، ئەوکات منیش شوانێکت پیشان دەدەم کە پڕە لە خۆشەویستی و خۆشی و ئاشتی و ئارامگرتن و نیانی و چاکە و دڵسۆزی و دڵنەرمی.

## ڕێگای بەرەو پێشەوە

ئەو ڕۆژەی یەحیا هات بۆ سەردانم بۆ ئەوەی نیگەرانییەکانی خۆی سەبارەت بە کڵێساکە باس بکات، دەمتوانی چی بکەم؟ لەو ساتەدا، چۆن دەمتوانی کارم بۆ بەسەرخۆدا زاڵبوون بکردبا، لەبیرم بێت کە لە کۆتاییدا دیاریەکی نیعمەتی خودایە؟

خۆئامادەکردن بۆ کۆبوونەوەکەمان سوودی بۆ من و ئەو دەبوو. یەحیام دەناسی و هەموو هۆکارێکم هەبوو بۆ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بکەم گفتوگۆکە قورس بێت. لەبری ئەوەی تەنها ڕێگە بدەم کۆبوونەوەکە بکرێت و بڕوا، دەبوو خۆم ئامادە بکەم بە وەبیرهێنانەوەی خۆم کە یەحیا لەسەر وێنەی خودا بەدیهێنراوە و بە خوێنی بەرخەکە ڕزگارکراوە. ئەو بەدیهێندراوێکی نوێیە لە مەسیحدا. وەبیرهێنانەوەی خۆشەویستییە قوڵەکەی خودا بۆی، دڵی منی بەرامبەر بەو نەرم دەکرد و یارمەتی دەدام کۆنترۆڵی خۆم بکەم.

دەمتوانی پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە نوێژ بکەم و داوای یارمەتی لە خودا بکەم، نوێژێکی لەم شێوەیە: "ئەی خودایە، تۆ یەحیا دەناسیت و منیش

دەناسیت. دەزانی چۆن خەیاڵی ئەوەم بۆ دروست دەبێت کە بەرگری بکەم و تووڕە بم. یارمەتیم بدە لە جیاتی ئەوە بە خۆشەویستی و میهرەبانییەوە بدوێم. من دەمەوێت بە باشی خزمەت بە براکەم بکەم، ئەگەر تووڕەییم هەبێت، ناتوانم ئەوە بکەم. پڕم بکە لە بەسەرخۆدا زاڵبوون تا بتوانم باشتر قەشایەتی بۆ بکەم. باوکە، دەمەوێت لەگەڵ یەحیا بوێر و ڕاشکاو بم، بەڵام با قسەکانم دڵنەرمانە بن."

بەڵام تەنها ئەوەندە بەس نەبوو، دەمتوانی بەو شێوەیە دەست بە کۆبوونەوەکە بکەم کە بە یەحیا بڵێم، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد قورس بێت و هانی خۆم و ئەویشم دابوایە کە بە خۆشەویستییەوە لەسەر ڕاستییەکان قسە بکەین. دەمتوانی بڵێم: "یەحیا، خەریکە باسی هەندێک شتی سەخت دەکەین، ڕەنگە هەردووکمان تاقیکردنەوەی ئارەزوویمان و خەیاڵی ئەوەمان بۆ دروست بێت کە بە شێوەیەکی هەڵە وەڵام بدەینەوە. دەزانم هەردووکمان دەمانەوێت بەسەرخۆدا زاڵبوون لە بیرکردنەوەکانمان و قسەکانماندا نیشان بدەین. با بە نوێژکردن دەست پێ بکەین کە بڵێین ئەوەی پێویستە بگوترێ بە شێوەیەک کە ڕێز لەو پەروەردگارە بگرین کە ڕزگاری کردین."

لە کوێی ژیانتدا زۆرترین ئەگەری ئەوەت هەیە کۆنترۆڵی خۆت لەدەست بدەیت؟ ئایا لەگەڵ ئەندامە بێزارکەرەکانە؟ لەگەڵ هاوسەرەکەتە؟ لەگەڵ منداڵەکانتە؟ لەگەڵ ڕابەرەکانی ترە؟ ئایا کاتێکە کە بە تەنیایت لە ماڵەوە یان لە ژووری هۆتێلێکدایت تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت بەردەستە و دەتوانی سەیری شتی نەشیاوی پی بکەی؟ تۆ بە ڕێکەوت کار لەسەر بەسەرخۆدا زاڵبوون ناکەیت. دەبێت خۆتی بۆ ئامادە بکەیت. دەبێت بە دڵگەرمییەوە داوا لە خودا بکەیت پێت ببەخشێت. تاکە ڕێگا بۆ بەرەو پێشچوون ئەوەیە کە بزانیت لە کوێ پێویستت بە یارمەتی هەیە، داوا لە ڕۆحی پیرۆز بکە ڕێنماییت بکات، پاشان هەموو هەوڵێک بدە بۆ ئەوەی "بە شێوەیەک بژین شایانی ئەم بانگەوازە بێت کە پێی بانگکراون" (ئەفەسۆس ٤:١).

# ١٠

# کۆکردنەوەی پارچەکان

## خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی، بەسەرخۆدا زاڵبوون

زۆربەی ڕۆژەکان دوای تەواوبوونی کارەکانم لە ئۆفیسەکەدا، پێڵاوی ڕاکردن و جلوبەرگی وەرزشی لەبەر دەکەم و لە شۆستەی ڕێگای سەرەکی ڕادەکەم. ئەو کڵێسایەی کە خزمەتی تێدا دەکەم نزیکە لە گۆڕستانێکی بەناوبانگ. کاتێک بەناو گۆڕستانەکەدا ڕادەکەم بیر لەوە دەکەمەوە کە ڕۆژێک دێت قاچەکانم لە کار دەکەون، سییەکانم چیتر کارناکەن و دڵم لە لێدان دەوەستێت. ڕۆژێک دێت منیش بە خاک دەسپێردرێم. هەر جارێک وەرزش دەکەم، بیر لەوە دەکەمەوە کە دەبێت ژیانم بە چاکی تەواوی بکەم. من لە دڵەوە دەمەوێت بە چاکی تەواوی بکەم. نامەوێت باوەڕەکەم لەناو ببەم. دەزانم تا دەگەمە بەهەشت تەواو و کامڵ نابم، بەڵام دەتوانم هەوڵبدەم زیاتر وەک عیسا بم. دەتوانم گەشە بکەم، ئەگەر بەردەوام بم لە گەشەکردن، ئەوا بە چاکی تەواوی دەکەم.

لە بەشەکانی پێشوودا، بە وردی سەرنجم خستۆتە سەر هەر پارچەیەک لەپارچەکانی بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز. من هەر پارچەیەکم لە نزیکەوە و بە وردییەوە پشکنیوە و بەجێگەیاندووە. بەڵام بۆ ئەوەی بە چاکی تەواوی بکەم، پێویستە لە یەک کاتدا هەموو پارچەکان پێکەوە سەیر بکەم. هەروەها

ئەگەر دەتەوێت بە چاکی تەواوی بکەیت، پێویستە هەموو ئەم پارچانە پێکەوە دابنێیت. با سەیری گەلاتیا ٥: ٢٢-٢٣ بکەین. ئامۆژگارییەکەی پۆڵس بۆ بەروبوومی ڕۆحی بەشێکە لە نامەیەکی قەشەیانە کە بۆ کۆمەڵێک کڵێسا نووسراوە، ئەو کڵێسایانەی کە پێویستیان بە پۆڵس هەبووە بۆ ڕوونکردنەوەی ئینجیل و کاریگەرییە زۆرەکانی. کاتێک ئەم نامە پڕ لە شکۆیە دەخوێنیتەوە، ئارەزووی ئەوە دەکەیت بە قوڵی لە ڕۆحی پیرۆزدا گەشە بکەیت. بە وریاییەوە بڕواننە گەلاتیا ٥: ١٦-٢٦:

*"پێتان دەڵێم: بە ڕۆحی پیرۆز بژین، ئینجا ئارەزووی سروشتی دنیایی تێر ناکەن. چونکە ئارەزووی سروشتی دنیایی لە دژی ڕۆحەکەیە، ڕۆحەکەش لە دژی سروشتی دنیاییە. هەریەکەیان بەربەرەکانێی ئەوی دیکە دەکات، تاکو ئەوە نەکەن کە دەتانەوێت. بەڵام ئەگەر ئێوە بە ڕۆحەکە بەڕێوە بچن، ئەوا لەژێر سایەی شەریعەتدا نین. ئێستا کردەوەکانی سروشتی دنیایی مرۆڤ ڕوونن، ئەوانیش: داوێنپیسی، گڵاوی، بەڕەڵایی، بتپەرستی، جادووگەری، دوژمنایەتی، یاخیبوون، دڵپیسی، تووڕەبوون، خۆپەرستی، دووبەرەکی، ناکۆکی، چاوپیسی، سەرخۆشی، ڕابواردن، شتی دیکەی وەک ئەمانە. ئاگادارتان دەکەمەوە، وەک پێشتر ئاگادارم کردوونەتەوە: ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن نابنە میراتگری شانشینی خودا. بەڵام بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز ئەمەیە: خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون. شەریعەت نییە لە دژی ئەمانە بێت. بەڵام ئەوانەی هی عیسای مەسیحن سروشتی دنیاییان لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانیان لە خاچ داوە. ئەگەر بە ڕۆحی پیرۆز بژین، با هەنگاوەکانی ڕۆحەکەش بپارێزین. با لەخۆبایی نەبین، یەکتری تووڕە نەکەین، ئیرەیی بە یەکتر نەبەین."*

لە کاتێکدا هەموو پارچەکانمان پێکەوە دادەنێین و گەلاتیا بەکاردەهێنین بۆ ڕێنماییکردنمان، چوار وانە دەخەینەڕوو کە هەموومان پێویستمانە بۆ ئەوەی بە چاکی تەواوی بکەین.

## بەروبوومدان کاری مزگێنییەکەیە

لە گەلاتیا ١-٤، پۆڵس پێناسەی مزگێنییەکە دەکات. ئەوە ئامانجی سەرەکی پەیامەکەی پۆڵسە بۆ کڵێساکانی گەلاتیا. ئەو دەیەوێت بە دروستی لە مزگێنی تێبگەن. ڕاستەوخۆ دوای سڵاوکردنەکەی، پۆڵس سەرزەنشتی گەلاتییەکان دەکات کە ڕوویان لە "مزگێنییەکی جیاواز" (مزگێنییەکی ناڕاست) کردووە (گەلاتیا ١: ٦)، پەیامێک کە کرداری مرۆڤی کردە هۆکاری ڕزگاربوون و لەدژی مزگێنی پۆڵس بوو. پۆڵس دەیزانی کە کڵێسا هەمیشە بەوە تووشی تاقیکردنەوە دەبێت کە متمانە بە کارە باشەکانی خۆی بکات لەبری کارەکانی مەسیح. ڕاستکردنەوەکەی ڕوونە: "دەزانین مرۆڤ بە کارکردن بە شەریعەت بێتاوان ناکرێ، بەڵکو بە باوەڕ بە عیسای مەسیح" (گەلاتیا ٢: ١٦).

دەزانی ئەمە کرۆکی ئایینی ڕاستەقینەیە: ئێمە تەنها بە نیعمەتی خودا ڕزگار دەبین، تەنها لە ڕێگەی باوەڕەوە، تەنها بە مەسیح، تەنها بۆ شکۆمەندی خودا. هەروەک چۆن ناتوانیت بە دەستەکانت شەمەندەفەرێک بەرز بکەیتەوە، ئاواش ناتوانیت بە کارە باشەکانت بچیتە ناو ژیانێکی مەسیحیانەوە. باوەڕبوون بە مزگێنی تاکە دەروازەیە بۆ ژیانێکی مەسیحیانە. ئەمە مەبەستی گەلاتیا ١-٤ە. ژیانی باوەڕدا لە کاری مەسیحەوە دەست پێدەکات نەک لە کاری خۆمان. بە واتایەکی تر، ئەگەر تۆ باوەڕدار بیت، ئەوە لە بنەڕەتدا لەبەر ئەوە نییە کە پشتگیری مەسیح دەکەیت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە مەسیح پشتگیریت دەکات. بێگومان ئەمە شتێک نییە کە تەنیا پەیوەست بێت بە ڕابردووەوە. عیسا ئێستاش پشتگیری و داکۆکی لە باوەڕداران دەکات. خۆشەویستی مەسیح بۆ ئێمەیە، بە تەواوی و بۆ هەمیشەیە. گەشتی باوەڕ بە هەمان شێوە دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت: بە باوەڕبوون بە مەسیح. لە ئایەتێکی گەلاتیا، پۆڵس دەڵێت مەسیح ژیانییەتی: :"من لەگەڵ مەسیح لە خاچ درام. ئیتر من نیم ئەوەی دەژیێت، بەڵکو مەسیحە لە مندا دەژیێت. ئێستاش کەوا بە جەستە دەژیم، ئەوا بە باوەڕ بە کوڕی خودا دەژیم، ئەوەی منی خۆشویست و خۆی کردە قوربانی بۆ من" (گەلاتیا ٢: ٢٠). ژیانی باوەڕدارێک بەم شێوەیە دەست پێدەکات. ئێمە سەبارەت بە گوناه مردووین. مەسیح، بە هێزی ڕۆحی خۆی، هاتە ناو دڵمانەوە. ژیانی باوەڕدارێک بەم شێوەیە دەست پێدەکات.

چۆن بەردەوام دەبێت و لە کۆتاییشدا چۆن کۆتایی دێت. تەنانەت لە کاتێکدا کە پۆڵس ئەو قسانەی نووسیوە، بە باوەڕەوە دەژیا. ئەوەی بۆ پۆڵس ڕاستە بۆ هەموو باوەڕدارەکانی تریش ڕاستە. بۆ تۆش ڕاستە.

وتاری هەفتەی رابردووی خۆتت لەبیرە؟ بە باوەڕەوە وتارت دا. یان ئەو دانیشتنە ڕاوێژکارییەی کە ڕابەرایەتیت کردووە؟ بە باوەڕەوە راوێژت داوە. قەت کاتت تەرخان کردووە بۆ مەشقکردن لەسەر بوونە ڕاهێنەرێک لە بواری وەرزشی؟ بە باوەڕەوە کردووتە. ئەی ئەو بەروارەی کە تێیدا هاوسەرەکەتت تێیدا مارە کرد؟ تەنانەت لەو کاتەشدا بە باوەڕبوون بە کوڕی خودا لەگەڵ هاوسەرەکەت ژیاوی، ئەو خودایەی کە تۆی خۆشویستووە و خۆی لە پێناوتدا بەخشیوە. ژیانێکی باوەڕدارانە لەسەر مزگێنی ڕزگارکەرێک بنیات نراوە کە بۆ تۆ کاری کردووە و بۆ تۆ مردووە و بۆ تۆ هەستاوەتەوە. پۆڵس هیچ ئارامییەکی نەبوو سەبارەت بە پەیامە هەڵەکان. دەتوانی هەست بە بێزارییەکەی بکەیت بەرامبەر گەلاتییەکان: "ئایا بەهۆی کارکردن بە شەریعەت ڕۆحی پیرۆزتان وەرگرت، یاخود بەهۆی باوەڕ بەوەی بیستتان؟ ئایا هەتا ئەم ڕادەیە گێلن؟ ئێوە کە بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە دەستتان پێکرد، ئایا ئێستا دەتانەوێت بەهۆی جەستەوە کۆتایی پێ بهێنن؟" (گەلاتیا ٣: ٢-٣) ژیانێکی مەسیحیانە بە "ڕۆح" دەست پێدەکات، بەو مانایەی کە ڕۆح ئەو هێزەیە کە چاوەکانمان بۆ ڕاستی مەسیح دەکاتەوە. ئەو ئارەزووی ئەوە بە باوەڕداران دەبەخشێت کە پێشوازی لە ڕاستی هەموو ئەو شتانە بکەن کە مەسیح هەیەتی و هەموو ئەو کارانەشی کە کردوویەتی. بەو پێیەی ژیانێکی مەسیحیانە بەم شێوەیە دەست پێدەکات، هەر بەم شێوەیەش بەردەوام دەبێت. ئێمە لە پرۆسەی "تەواوبوون-کامڵبوون" یان پیرۆزبوون داین. ئەمەش بە کارەکانمان نییە بەڵکو بە کاری ڕۆحی پیرۆزە لە دڵماندا.

بۆچی تێگەیشتن لە هەموو ئەمانە ئەوەندە گرنگە؟ چونکە کاتێک پۆڵس گەلاتیا ٥ی نووسی، داوای لە باوەڕداران کرد کە "بە ڕۆحی پیرۆز بژین" بۆ ئەوەی "ئارەزووی سرووشتی دنیایی تێر نەکەن" (گەلاتیا ٥: ١٦) پێش ئەوەش بەشی ١تا٤ی نووسیبوو. لە سەرەتای گەلاتیا، پۆڵس ڕوونی کردەوە کە مزگێنی دیارییەکی نیعمەتی سەرسوڕهێنەری خودایە. دوای ئەوە پۆڵس ئامادە بوو ڕوونی بکاتەوە کە ژیانێکی ئینجیلیانە چۆنە:

خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی، بەسەرخۆدا زاڵبوون (گەلاتیا ٥: ٢٢-٢٣). سەرەتا مزگێنییەکە دێت، پاشان بەروبووم دێت نەک بە پێچەوانەوە. پرۆسەی پیرۆزبوون لە مزگێنییەکەوە دێت وەک چۆن میوەش لە ڕەگەوە دێت.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە، ئایا باوەڕت وایە کە مەسیح پشتگیریت دەکات؟ وەک قەشەیەک، هەموو هەفتەیەک خەیاڵی ئەوەم بۆ درووست دەبێت و بیر دەکەمەوە، "ئەگەر وتاری باشتر بدەم، مەسیح زیاتر پشتگیریم دەکات." دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، تەنانەت ڕەنگە خەیاڵ و تاقیکردنەوەی ئەوەت بۆ درووست بێت، *کە ئەگەر بتوانیت کەمێک زیاتر میهرەبانتر بیت، ئەوا مەسیح کەمێک زیاتر خۆشی دەوێیت*. ئەمە بیرکردنەوەی هەڵەیە. ئەگەر تۆ لە مەسیحدا بیت، لەوە زیاترت پێویست نییە. بۆ ئەوەی بە چاکی ژیانمان بەڕێ بکەین، دەبێت لەم شتە تێبگەین کە بەروبوومدان کاری مزگێنییەکەیە.

## بەروبوومدان زۆر پێویستە

هەموو مرۆڤێک لەسەر ئەم هەسارەیە هەوڵدەدات بەروبوومی هەبێت. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم بەروبوومە دەبێتە هۆی ژیان یانیش دەبێتە هۆی مردن. لە گەلاتیا ٥: ١٩-٢١، پۆڵس ئەو شتانە دەخاتە ڕوو کە ناوی دەنێت "کارەکانی جەستە". لیستێکی ناشرینە لە گوناهەکان. ئەو کەسانەی کە ژیانیان بەم ڕەفتارانە دیاری کراوە، باوەڕدار نین. ئایەتی ٢١ ئەمە ڕوون دەکاتەوە: "ئەوانەی ئەم جۆرە کارانە دەکەن، شانشینی خودا بە میرات ناگرن." پۆڵس دەیتوانی بە ئاسانی ئەم کارانە بە "بەربوومی جەستە" ناو ببات. پۆڵس لە ڕۆما ٧: ٥دا باس لەهەمان شت دەکات و دەفەرمووێت: "کاتێک لەژێر کاریگەری سروشتی دنیایی دەژیاین، ئارەزووەکانی گوناه بەهۆی شەریعەتەوە لە ئەندامەکانی لەشماندا کاری دەکرد، بۆیە ئەو کارانەی دەمانکرد دەبوونە هۆی مردن." بەروبووم بۆ مردن. ئەم کتێبە باس لە بەروبوومدان دەکات و هەموو کەسێکیش هەوڵدەدات بەربووم بدات. تەنها پرسیار ئەوەیە کە تۆ چ جۆرە بەربوومێک دەگریت؟ یان بەربووم بۆ ژیان دەگریت (بەربوومی ڕۆحی، بەروبوومی چاک) یان بەروبووم بۆ مردن دەگریت (بەربوومی جەستە، بەروبوومی

خراپ). وەک یەحیای لە ئاو هەڵکێش فەرموویەتی: "هەر دارێک بەرهەمی باش نەدات، دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگرەوە" (مەتا ٣: ١٠). تەنها دوو جۆر بەروبووم هەیە؛ بەروبوومێک کە دەبێتە هۆی ژیان یان بەربوومێک کە دەبێتە هۆی مردن.
جۆری سێیەم بوونی نییە.

لە گەلاتیا ٥، پۆڵس هانمان دەدات کە سەرنج بدەین. باسی ژیانی کەسێک دەکات کە بە مزگێنی نەگۆڕاوە. ئەم کەسە کۆیلەی گوناهەکانی بووە وەک داوێنپیسی و ناکۆکی و ئیرەیی و چەندینی تر. پاشان پۆڵس نموونەیەکی جیاواز باس دەکات، وێنەی جوانی ژیانێک کە ڕۆح بەڕێوەی دەبات. ئەمە ئەو جۆرە ژیانەیە کە ئەم کتێبە باسی دەکات. پۆڵس جیاوازی ئەم دوو ژیانە دەکات بۆ ئەوەی خوێنەرانی تێبگەن کە چی لە مەترسیدایە: ژیانی هەتاهەتایی یان حوکمدانی هەمیشەیی. هیچ شتێک لە نێوانیاندا نییە. بۆیە پێویستە خۆمان بپشکنین بەوەی کە "ئایا من بەربوومی باشم هەیە؟" ژیانی باوەڕدار هەرچەندە ناکامڵ بێت، بەڵام بە بەربوومی چاک و ڕۆحی دیاری دەکرێت.

بێگومان هیچ باوەڕدارێک ئەوەندەی کە پێویستە بەروبوومی چاک نادات. هەمیشە چەندین ڕێگا هەن بۆ گەشەکردن. هەر لەبەر ئەمەشە کە پۆڵس هانی باوەڕداران دەدات کە "بە ڕۆح بژین" (گەلاتیا ٥: ١٦، ٢٥). ئەگەر ئێمە پێشتر بە خێرایی و ئاڕاستەیەکی کامڵدا ڕۆیشتباین، ئەوا پێویستمان بەم فەرمانە نەدەبوو. ژیانێکی مەسیحیانە پڕە لە بەردەوامی خۆپشکنین. بە هەمان شێوە، دوای وەسفکردنی لیستی بەروبوومە ڕۆحییەکان، پەترۆس ئامۆژگاری باوەڕداران دەکات کە "تێبکۆشن بۆ چەسپاندنی هەڵبژاردن و بانگەوازەکەتان، چونکە ئەگەر ئەمانەتان کرد ئەوا هەرگیز ناکەون" (دووەم پەترۆس ١: ١٠). بۆچی؟ بۆ ئەوەی ژیانێکی بەرهەمدارتر بژین: "چونکە ئەگەر ئەوانەتان تێدابێت و زیاد بکات، واتان لێدەکات بۆ ناسینی عیسای مەسیحی پەروەردگارمان تەمبەڵ و بێ بەرهەم نەبن" (دووەم پەترۆس ١: ٨). پەترۆس و پۆڵس هاوڕان: ئەم بەربوومانە ڕزگارمان ناکەن، تەنها ئەوەمان نیشان دەدات کە ئێمە ژیانی ڕۆحیمان هەیە.

بۆچی ئەمە گرنگە؟ چونکە دەکرێ بەهێزترین وتاربێژ بیت لەم جیهانەدا و چارەنووسیشت دۆزەخ بێت. دەتوانیت هەموو یەکشەممەیەک کڵێسایەکی پڕ لە خەڵکت هەبێت و هێشتاش نەبووبیتە ڕۆڵەی خودا. ڕەنگە خزمەتەکەت سەرکەوتوو دەربکەوێت لەژێر ڕابەرایەتیەکەت، بەڵام ئەگەر بەروبوومی ڕۆحیت نەبێت، ئەوا مەسیح ناناسیت و دەبێت دەستبەجێ تۆبە بکەیت. عیسا گوتی بەس نییە تەنها ناوم بە پەروەردگار بهێنیت؛ بەڵکو دەبێت بەروبووم بدەیت. ئەگەر ئێمە لقە مێوێک بین کە لە مەسیحدا بەر بگرێت، ژیانمان بەروبوومە ڕاستەقینەکە نیشان دەدات. ئەگەر وەها نەبێت، ئێمە ون دەبین: "هەر لقێک لە مندا بەر نەگرێت لێی دەکاتەوە. هەر لقێکیش بەر بگرێت پاکی دەکاتەوە تاکو بەرهەمی زیاتر بدات" (یۆحەنا ١٥: ٢). ئەو بەروبوومەی عیسا دەیەوێت کڵێسایەکی گەورە نییە بەڵکو دڵێکی گەورەیە. ئەو زیاتر گرنگی بە دڵنەرمیت دەدات نەک قەبارەی کاریگەرییەکانت. خۆت بپشکنە. بە لەبەرچاوگرتنی مزگێنی و زانینی ئەوەی کە بەروبووم پێویستە، لە نزیکەوە سەیری دڵت بکە. قەشەی سکۆتلەندی چارڵز ڕۆس دەڵێت: "دەبێت بپرسین ئایا بەڕاستی ئێمە لەگەڵ مەسیحدا بە ڕۆح یەکگرتووین یان تەنها بە ڕووکەش وابەستەی ئەوین."[52] بۆ ئەوەی بە چاکی تاکو مردن بژین، دەبێت بزانین کە بەرهەمهێنانی بەربوومی ڕۆحی زۆر گرنگە. هەموو ڕابەرانی کڵێسا، بەر لە هەرشتێک شوێنکەوتووی مەسیحن.

## بەرهەمهێنانی بەروبووم گەرەنتی کراوە

پۆڵس هەوڵی ترساندنی خوێنەرانی نادات. ئەو دەیەوێت بزانین بەروبووم پێویستە، بەڵام ڕایدەگەیەنێت کە گرەنتی بۆ ئەوەش هەیە. ئەمە پارادۆکسێکە، بەڵام پارادۆکسێکی دڵنەواییکەر. هەرکەسێک لە مەسیحدا بێت بەروبوومی دەبێت. ئەوە بەڵێنێکە. گەلاتیا ٥: ١٦ فەرمانمان پێدەکات کە "بە ڕۆح بژین." ئەمە کارە، بەڵام کارێکە کە بە نیعمەتی خودا بەهێز کراوە. ژیان بە ڕۆحی پیرۆز شتێکە خودا هێزی پێ دەبەخشێت. لەبیرت بێت گەلاتیا ٢٠:٢ دەڵێت: "ئیتر من نیم ئەوەی دەژییێت، بەڵکو مەسیحە لە مندا دەژییێت." ئەگەر لە مەسیحدا بیت، بە ڕۆحی پیرۆز دەژیت و "ئارەزووەکانی جەستە تێر ناکەیت." ئەمە تەنیا فەرمان نییە، بەڵکو بەیاننامەیەکیشە. وەک بەڵێنێک بیری لێبکەرەوە کە بە خوێنی مەسیح

کرِدراوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە پۆڵس لە گەلاتیا ٥:١٨ دەڵێت "ئەگەر ئێوە بە ڕۆحەکە بەڕێوە بچن، ئەوا لەژێر سایەی شەریعەتدا نین." ئەگەر ڕۆح کاپتنی کەشتییەکەمان بێت، هەوڵ نادەین بە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا، ڕەزامەندی خودا بەدەست بهێنین. ئێمە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا دەبین چونکە ڕۆح بەرەو پیرۆزییەکی زیاتر دەمانبات. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئایەتی ٢٣ بەم وشانە کۆتایی دێت، "ئەگەر ئێوە بە ڕۆحەکە بەڕێوە بچن، ئەوا لەژێر سایەی شەریعەتدا نین." بەروبوومدان پەیوەندی بە بەدەستهێنانی بەهەشتەوە نییە، پەیوەندی بەو نیعمەتەوە هەیە کە پێشتر وەرمانگرتووە.

پۆڵس ئەوەندە دڵنیایە کە باوەڕداران بەروبووم دەدەن بۆیە لە گەلاتیا ٥:٢٤ دەفەرمووێت: "سروشتی دنیاییان لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانیان لە خاچ داوە." یەکێک لە ڕێگاکانی وەسفکردنی مەسیح ئەوەیە کە دەتوانین بڵێین مەسیح کەسێکە کە گوناهی کوشتووە. پێش باوەڕهێنانمان بە مەسیح، هەریەکەمان بۆ خۆمان دەژیاین. ئامانجمان شکۆمەندی خۆمان بوو نەک شکۆمەندی مەسیح. بەڵام لە مەسیحدا هەموو شتێک گۆڕا. ئێستا شێوازێکی نوێی ژیانمان هەیە بە بەراورد بە شێوازی ژیانی پێشوومان، بەڵام گۆڕانکاریش لە دڵماندا ڕوویداوە سەبارەت بە "ئاوات و ئارەزووەکانمان." ئێمە دەزانین ئەمە کاری خودایە لە ئێمەدا. پۆڵس ئەمەی لە گەلاتیا ٢:٢٠ ڕوون کردۆتەوە کاتێک وتی باوەڕداران "لە خاچ دراون." لەوێدا پۆڵس لە خاچدانمان وەک شتێک وەسف دەکات کە بەهۆی ڕۆحەوە ڕوویداوە. بەڵام کاتێک یەکگرتووین لەگەڵ مەسیح، ئەوا لە خاچدانی "جەستە" شتێکە کە چالاکانە ئەنجامی دەدەین. ئێمە ئێستا خۆمان پابەند دەکەین بەم ئەرکەوە. لەبەر ئەوەی ڕۆح جەستەی ئێمەی لە خاچدا، ئێمەش جەستەمان لە خاچ دەدەین.

مەبەستی ئەم کتێبە زیاترە لە ئاڵنگارییەک. مەبەست لێی ئەوەیە باسی هیوات بۆ بکات. پرۆسەی پیرۆزبوونی ئێمە کاری ڕۆحی پیرۆزە. ئەگەر ڕۆح ڕابەرایەتیت بکات، ئەوا دڵنیابە کە بەرهەمت دەبێت. ئەوە بەڵێنێکە و گەرەنتییەکە. بە دڵنیاییەوە تۆ لە ململانێدایت بۆ ئەوەی بەروبوومی ڕۆحی بدەیت. بۆیە دڵت بپشکنە. وەک پۆڵس دەفەرمووێت: "خۆتان تاقی بکەنەوە ئاخۆ ئێوە باوەڕدارن" (دووەم کۆرنسۆس ١٣: ٥). دڵنیابە کە متمانەت بە

مەسیح هەیە نەک بە بەروبوومەکەت بۆ ڕزگاربوونت. ئەو خوشک و برایانە بدۆزەرەوە کە دەتناسن و لێیان بپرسە چی لە ژیانتدا دەبینن. ئایا کەسێک دەبینن کە دەیەوێت لە خوداپەرستیدا گەشە بکات؟ ئەگەر ئەوان وا بکەن، ئەوە نیشانەیەکی بەهێزە کە ڕۆحی پیرۆز لە تۆدا کاردەکات.

لەکاتێکدا کە ئەم کارە دەکەیت، مەهێڵە لاوازییەکانت بتخەنە ناو نائومێدیەوە. گرنگە ئەوەیە کە تۆ هەوڵبدەیت قەشە و پیر و ڕابەرێکی باشتر بیت. بێ خەمبە، ئەوە بزانە کە کامڵبوون لەم جیهانەدا نادۆزرێتەوە. ورەت بەرز بێت. نووسەر J. C. Ryle دەڵێت:

> *پڕۆسەی پیرۆزبوون کارێکی ناکامڵە. تەنانەت گەورەترین قەشەکانیش بە درێژایی تەمەنیان بە هەوراز و نشێوی زۆردا تێپەڕیون بەر لەوەی بمرن. هەمیشە زێڕ بە دەر نییە لە هەندێک خڵت و پیسی. ڕووناکی هەرگیز بەبێ هەور نادرەوشێتەوە تا ئەو کاتەی دەگەینە بەهەشت. تەنانەت لەسەر ڕووی خۆریش پەڵەی ڕەش هەیە. پیرۆزترین مرۆڤەکان هێشتا کەموکوڕی زۆریان هەیە بە بەراورد بە پیرۆزی خودا. ژیانیان شەڕێکی بەردەوامە لەگەڵ گوناه و جیهان و شەیتان، هەندێک جار دەکەون، هەندێکجاریش زاڵ دەبن.*[53]

ئەمە ڕێک مەبەستی پۆڵسە لە گەلاتیا ٥: ١٧، "ئارەزووەکانی جەستە دژی ڕۆحن." کەواتە با ورە لەدەست نەدەین. هەندێک جار هەست بە شکست دەکەیت. ڕەنگە تۆ ئەم کتێبە بخوێنیتەوە لەبەرئەوەی هەست دەکەیت بەو شێوەیەی کە هیوات بۆ دەخواست بەسەر گوناهدا زاڵ نابیت. ئەوە خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکە کە ڕۆح لە تۆدا کاردەکات. بەربوومدان کارێکی قورسە، بەڵام بانگکردنمان بۆ پیرۆزبوون شایەنی ئەوەیە شەڕی بۆ بکەین. سوپاس بۆ خوا، ئێمە بەو بەڵێنە کاردەکەین کە خودا لە ئێمەدا کار دەکات. بەمشێوەیە خوداپەرستترمان بکات زیاتر لەوەیە کە یەکەمجار دەستمان بە گەشتەکەمان کرد. بۆ ئەوەی بە باشی گەشتەکەمان تەواو بکەین، دەبێت لەم شتە تێبگەین: بەربوومدان گەرەنتیکراوە.

## بەروبوومدان ئەرکێکی کڵێساییە

پۆڵس ئارەزووی ئەوە دەکات کە هەموو کۆمەڵەی باوەڕداران لە لەخواترسیدا گەشە بکەن. ئەو زیاتر گرنگی بە پیرۆزی کەسیی ئێمە دەدات، ئەو گرنگی دەدات کە چۆن پیرۆزیمان هەموو کڵێساکە پێکدەهێنێت. ئەمە لە هەموو نامەکانیدا ڕوون و ئاشکرایە:

- داوای لە کڵێسای ڕۆما کرد کە "بە خۆشەویستی برایانە بە دڵ یەکتریتان خۆشبوێ" (رۆما ١٢: ١٠). کۆمەڵێک کە پڕن لە خۆشەویستی بۆ یەکتری بە باشترین شێوە مزگێنی نیشانی دەوروبەریان دەدەن.
- هەموو یەکەم کۆرنسۆس جەخت لەسەر یەکڕیزی دەکاتەوە: "ئەگەر ئەندامێک ئازاری هەبوو، هەموو ئەندامان لەگەڵیدا ئازار دەچێژن، ئەگەر ئەندامێک ڕێزی لێنرا، هەموو ئەندامان لەگەڵیدا خۆشحاڵ دەبن" (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ٢٦).
- پۆڵس بەبیری ئەفەسۆسییەکانی هێنایەوە: "ئێوەش بە یەکبوون لەگەڵ ئەودا پێکەوە بنیادنراون، تاکو ببنە خانووێک بۆ ڕۆحی خودا" (ئەفەسۆس ٢: ٢٢).
- ئەو کۆلۆسییەکانی فێردەکرد کە لە دەووری وشەی خودا کۆببنەوە بۆ چاکەی هەموو کڵێسا: "با پەیامی مەسیح بە دەوڵەمەندی لە ئێوەدا نیشتەجێ بێت، بەوپەڕی دانایی یەکتری فێر بکەن و ئاگادار بکەنەوە" (کۆلۆسی ٣: ١٦).
- ستایشی خودای کرد بۆ کڵێسای سالۆنیکی چونکە هەموو کۆمەڵەکە ناوبانگێکی باشیان هەبوو:"بوونە نموونە بۆ هەموو باوەڕداران لە مەکدۆنیا و ئەخایا" (یەکەم سالۆنیکی ١: ١٧).

پۆڵس گرنگی بە باوەڕدارە تەندروستەکان دەدات. بەڵام لەوەش زیاتر، ئەو گرنگی بە کڵێسای تەندروست دەدات. نامەکەی بۆ گەلاتییەکان جیاواز نییە. تەنها چەند ئایەتێک پاش باسکردنی بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز، پۆڵس نیشانی دەدات کە کاریگەری لەسەر ئاشتی هەموو کڵێسا هەیە: "با لەخۆبایی

نەبین، یەکتری تووڕە نەکەین، ئیرەیی بە یەکتر نەبەین" ( گەلاتیا ٥: ٢٦). کڵێسایەک بهێنە پێش چاوت کە برایەک تێیدا نیگەران بێت چونکە هەرگیز داوای لێنەکراوە وانەیەک بڵێتەوە، خوشکێکیش بێزار دەبێت چونکە کەس دڵخۆش نییە بە کتێبە دڵخوازەکەی. ئەمە کڵێسایەکە کە خەڵک زیاتر گرنگی بە پلانەکانیان دەدەن نەک پلانی ئەوانی تر و نایانەوێت لە پێناو هەموو باوەڕداراندا واز لە ئارەزووەکانیان بهێنن. ئەمە کڵێسایەکە کە خەڵک تووڕە دەبن ئەگەر سروودە دڵخوازەکانیان نەڵێن. ئەمە کڵێسایەکە کە ئەندامەکان چاوەڕێی بانگهێشت کردنیان دەکەن بۆ ماڵی کەسێک لە جیاتی ئەوەی بانگهێشت بکەن. پۆڵس ئەمەی بۆ کڵێساکانی گەلاتیا ناوێت. پێویستیان بە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆزە تاکو لەخۆبایی بوون و چاوپیسی تێیاندا بمرێت، چونکە ئەم گوناهانە باوەڕداران دابەش دەکەن. ئەوان پێویستیان بە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆزە بۆ ئەوەی کڵێسا بتوانێت یەکگرتوو بمێنێتەوە.

ئێمە دەزانین کڵێسا تەندروستەکان پێویستیان بە فێرکردنی باش هەیە. پیرۆزی بەبێ فێرکردنێکی قووڵ و جێگیر و دڵسۆزانە هیچ مانایەکی نییە. کڵێساکان بەهێز دەبن کاتێک عەقیدەیان ڕاست بێت. لەبەر ئەوە پۆڵس بە تیمۆساوسی گوت کە مامۆستای دڵسۆز ڕابهێنێت (دووەم تیمۆساوس ٢: ٢). لەبەر ئەوە یەهوزا هانی باوەڕدارانی دا "تێبکۆشن بۆ ئەو باوەڕەی کە تەنها جارێک دراوەتە دەست گەلی پیرۆزی خودا" ( یەهوزا ١:٣). بەبێ فێرکردنی دروست، کڵێساکان وەک بەلەمی بێ چارۆکەن. لە کۆتاییدا، ئەوان بەر بەردی بێباوەڕی دەکەون و دەشکێن. فێرکردنی چاک و پێکهاتەی کڵێسای چاک زۆر گرنگن. ئێمە پێویستمان بە هەردووکیان هەیە ئەگەر بمانەوێ کڵێساکانمان تەندروست بن. بەڵام هەرگیز نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە کڵێسا تەندروستەکان پێویستیان بە قەشەیەکی تەندروست هەیە. پێویستیان بە پیاوێک هەیە کە پڕ بێت لە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز. ئەگەر تۆ نموونەی ژیانێکی پڕ لە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆزت نەبێت، ئەی چۆن کۆمەڵەکەت بە نیعمەت و لەخواترسی گەشە بکات؟ هەموو پیرێکی کڵێسا دەبێت لۆقا ٦: ٤٠ی لە یاد بێت: "قوتابی لە مامۆستاکەی زیاتر نییە، بەڵام هەرکەسێک تەواو فێربێت، وەک مامۆستاکەی لێ دێت." لاوازی قەشەیەک کاریگەری لەسەر ئەو کۆمەڵە دەبێت کە ڕابەرایەتی دەکات. پیرۆزی تۆ گرنگە چونکە تەندروستی کڵێساکەت بەندە بەوەوە. مارتن لوسەر دەربارەی بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز ڕاستی دەفەرموو:

هەموو ئەم پارچانە بەیەکەوە "سوود و بەروبوومی زۆر گەورە دەهێنن، چونکە ئەوانەی پڕن بەم میوانە شکۆمەندی بە خودا دەبەخشن و بەم تایبەتمەندییانە کەسانی دیکەش بانگهێشت دەکەن بۆ ئاشنا بوون بە مەسیح و فێرکارییەکانی."[54]

ئایا هەموو کڵێساکەت بانگهێشت دەکەیت بۆ پەیڕەوکردنی فەرمان و فێرکارییەکانی مەسیح؟ ئینجا بە پەرۆشەوە بەدوای بەروبوومی ڕۆحی پیرۆزدا بگەڕێن لە خزمەتی ڕۆژانەدا. بۆ ئەوەی بە چاکی ئەم ژیانە بەجێبهێڵین، دەبێت لەوە تێبگەین کە بەروبوومدان پرۆژەیەکی کۆمەڵگەی باوەڕدارانە.

## هەموومان پێویستە گەشە بکەین

هەر ئەو ڕۆژەی کە پلانم دانا ئەم دەستنووسە پێشکەش بکەم، پیاوێک بەناوی دکتۆر فیشەر هات بۆ بینینم. ئەو لەساڵی ١٩٦٩ەوە ئەندامی کڵێسا بووە و تەمەنی ٩٣ ساڵ بوو. ئەو بە شەلی دەڕۆیشت و گۆچانەکەی بەکاردەهێنا چونکە ئەژنۆی ڕاستی لاواز ببوو.  هەفتەیەک لەمەوبەر پەیوەندی بە ئۆفیسەکەوە کردبوو بۆ پلاندانانی کۆبوونەوەکەمان. من زیاتر لە دە ساڵ بوو لە کڵێسا بووم بەڵام تەنها یەک جار چەند ساڵێک لەمەوبەر چاوم پێی کەوتبوو. لەو چاوپێکەوتنەدا کە نانی بەیانیشمان بەیەکەوە دەخوارد، پرسیارم لە چیرۆکەکەی کرد. من ئەو کۆبوونەوە تایبەتەم ڕێکخستبوو، لەبیرمە بەڕێزەوە وەڵامی پرسیارەکانی منی دەدایەوە، بەڵام کەمێک بە خێرایی. هەستم دەکرد شتێک هەڵەیە، بەڵام هەرگیز بەدواداچوونم بۆی نەکرد و نەمپرسی. لەو کاتەوە قسەمان نەکردووەتەوە. من سەرسام بووم کە بۆچی دەیەوێت لەو کاتەدا و لە ئێستادا یەکتر ببینین.

دوای سڵاوکردنمان، گەیشتە ئەو خاڵە و گوتی: "پێم سەیرە بۆچی ڕێگەت پێ نەدام پەستانی خوێنی خەڵک وەربگرم پێش نانخواردنی ئێوارەی شەوی چوارشەممە. ئایا شتێک هەیە لە کتێبی پیرۆزدا کە دژی ئەوە بێت؟" ئەو تووڕە نەبوو، ئەمە تەنها ئازاری دابوو. ئەو پێی وابوو من ڕێگەم دا خزمەتەکەی بمرێت، و دوای دە ساڵ ویستی بزانێت بۆچی.

زۆر پێش گەیشتنم، دکتۆر فیشەر و چەند پەرستارێک کلینیکێکی بچووکیان لە کتێبخانەکە بەڕێوە دەبرد بۆ دابینکردنی پشکنینی تەندروستی سەرەتایی. لەڕاستیدا، من زۆر بیرم لەوە نەکردبووەوە. جارێک لە لای کلینیکەکە وەستابووم و لەبەر ئەوەی پێشتر شتێکی لەو جۆرەم نەبینیبوو، سەرسامی کردم. بەڵام بە بە تەنیا جێمهێشت و بەردەوام سەرنجم لەسەر کاری خزمەت بوو. دوای ماوەیەک، چیتر دکتۆر فیشەرم لە کتێبخانەکەدا نەبینیەوە. وازی لەو کارە خۆبەخشییە هێنا کە بەرزی فشاری خوێنی خەڵکەکە بگرێت. من نەمدەزانی بۆچی. من پرسیارم نەکرد. من بە سادەیی سەرقاڵی خزمەتەکەم بووم. بەڵام ئەو ڕۆژە لە ئۆفیسەکەمدا، هەمان ڕۆژ کە پلانم دانا دەستنووسێک لەسەر شوانایەتی لە بەروبوومی ڕۆحیدا بنێرم، لەگەڵ برایەکی بەساڵاچوو دانیشتم کە ساڵانێک بوو پرسیاری ئەوەی دەکرد بۆچی قەشەکەی نایەوێت خزمەت بە کڵێسا بکات. ساڵانێک بوو لەم بابەتەدا سەری سوڕمابوو و دواجار بوێری ئەوەی دۆزیەوە کە لێم بپرسێت. هەندێک دەرئەنجامی هەڵەی دەرهێنابوو، بەڵام من باش شوانایەتیم نەکردبوو لەگەڵی.

من ئەم چیرۆکە بڵاو دەکەمەوە بەڵام نەک لەبەر ئەوەی شتێکی ترسناکم کردووە. دەمەوێ بڵێم کە قەشەکان عیسا نین. ئێمە ناتوانین بزانین خەڵک بیر لە چی دەکەنەوە، هەندێکجاریش بە پێچەوانەی نیازی ئەوان بیر دەکەینەوە. بەڕاستی ئێمە شکست دەهێنین لە گرنگیدان بە مەڕەکانی خودا. من ئەم چیرۆکە باس دەکەم لەبەرئەوە نا کە پێموایە قەشەکان دەبێ تەواو و کامڵ بن، نەخێر، بەڵکو لەبەر ئەوەمە کە باوەڕم وایە قەشەکان دەبێ گەشە بکەن. بە نیعمەتی خودا، من گەشە دەکەم. سوپاس بۆ خوا، خودا هێواش هێواش بەڵام بە دڵنیاییەوە وام لێدەکات کە ئەو خەڵکەی خزمەتیان دەکەم بە گرنگتر ببینم لە خودی خزمەتەکە. ئەمڕۆ زیاتر گرنگی بە خزمەتکردنی ئەندامان دەدەم نەک ئەوەی ئەوان چۆن بە سەرسامییەوە لێم دەڕوانن. بە نیعمەتی خودا، توانیم سەیری چاوی ئەو پیاوە بکەم کە ماوەیەک بوو ئازاری دەکێشا و بە سادەیی بڵێم: "داوای لێبووردن دەکەم. دەبوایە تێبینی ئەوەم بکردایە کە خزمەتەکەت کۆتایی هاتووە، و دەبوایە زۆر لەمەوبەر قسەم لەگەڵت بکردبایە."

تۆ چیرۆکی خۆتت هەیە. بە دڵنیاییەوە شتانێک هەیە لە خزمەتەکەت کە لێی پەشیمانیت. لەوانەیە سەردانێکی نەخۆشخانە هەبووبێت، کە خۆزگەت دەخوازی کە چووبایت. ئێستا زۆر درەنگ بووە. ئەگەر سەیری ساڵەکانی سەرەتای خۆت بکەیت، لەوانەیە بیر لەوە بکەیتەوە کە دەبوایە کاتی زیاترت تەرخان بکردبایە بۆ ناسینی کڵێساکەت پێش ئەوەی بیگۆڕیت. دەتوانی ئەو زیانانە ببینیت کە بەخێراییەوە ڕوویاندا. لەوانەیە تۆ ئێستا لە ناوەڕاستی ئەوەدابیت و لە خۆت بپرسی چۆن ببیتە شوانێکی نایاب و قوڵ و لەخواترس بیت. لە هەمان کاتیشدا دەتەوێت وتاری باش ئامادە بکەیت و هاوسەرە دڵسۆزەکەت خۆشبووێت و باوکایەتییەکی باش بکەیت. لەوانەیە تەواوکردنی گەشتی چاکی ژیانت هێشتا لەپێشینە نەبێت.

ئەوە بزانە: هەموومان پێویستمان بە گەشەکردنە. کاتێک دەگەیتە کۆتایی کتێبێک کە بۆ هاندانی خوداپەرستی نووسراوە، پرسیارەکە ئەوەیە، "ئایا تۆ لەسەر ئەو ڕێگایەی کە بەباشی کۆتایی بە ڕێگاکەت بهێنیت؟" هێشتا تەواوم نەکردووە، بەڵام نزیکتر دەبمەوە. هەر جارێک بە تەنیشت ئەو گۆڕستانەدا لەکاتی وەرزشکردن ڕا دەکەم، ئەوەم بیر دێتەوە کە ڕۆژەکانم لەلایەن خودایەکی پیرۆز و دڵسۆزەوە پێ بەخشراون. من بە دڵەوە دەمەوێت خزمەتی چاکی مەسیح بکەم. پەشیمانم، بەڵام دەزانم کە خودا لێم خۆشبووە. من لاوازیم هەیە، بەڵام سوپاسگوزارم کە ئەو هێزی منە. من پابەندم بە بنیاتنانی کڵێسا، بەڵام دەزانم لە کۆتاییدا ئەوەی دێتە ئاراوە کاری خودایە (زەبورەکان ١٢٧: ١؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥٨). ئەم ڕاستییە ئارامییەکی گەورەم پێدەبەخشێت. ئەم کتێبەم نووسیوە چونکە دەمەوێت ئێوەش بە چاکی گەشتەکەتان تەواو بکەن.

ئێستا چۆنی؟ هیوادارم ئەم کتێبە کەمێک نائارامتان بکات بە نیشاندانی ئەوەی کە پێویستە زیاتر گەشە بکەیت لە پیرۆزبوونی کەسیدا. ئەم کتێبە هەمووی دەربارەی پرۆسەی پیرۆزبوونی ئێوە و هەموو باوەڕدارێکی ترە بە ڕابەرەکانیشەوە. هەموومان هەندێک بوار هەیە لە ژیانماندا کە پێویستە تێیدا گەشە بکەین، سوپاس بۆ خودا، ڕۆحێک هەیە کە یارمەتیمان دەدات گەشە بکەین.

# کۆتایی

ڕابەرانی باوەڕدار پێویستە کتێبی پیرۆز بەتەواوی بزانن و تەنها ئەوەش نا، بەڵکو دەبێت بە دڵسۆزیشەوە جێبەجێی بکەن. پێئەچێت ئەوە تێگەشتبیت پێش هەڵبژاردنی ئەم کتێبە بۆ خوێندنەوە. ئەو کێشانەی کە باسم کردووە لەم کتێبەدا لەسەر تێگەیشتن نین ئەوندەی لەسەر ئەنجامدانن. عەقیدەی ڕاست زۆر گرنگە. ئێمە بەرەکەتداربووین بەو کتێبانەی کە یارمەتیمان دەدات بەڕاستی بیربکەینەوە دەربارەی خودا، لەسەر بەروبووم و ئیشی ئەو. ئەم کتێبە دەربارەی ئەوەیە کە چۆن بەڕاستی لە ژێر ڕووناکی ئەوە بژین کە خودا کێیە و چی کردووە. هەوڵێکی بێفیزانەیە بۆ هاندانی قەشەکان و ڕابەرەکانی کڵێسا بۆ ئەوەی خۆشەویستتر و ڕاستودروستتر بن. ئەگەر تۆ قەشەیەکیت هەموو هەفتەیەک وتار دەدەیت، پیرێک یان خزمەتکارێکی دڵسۆزیت لە کڵێسا خۆجێییەکەت، یان مژدەدەرێکیت کە لە دەرەوەی وڵات خزمەت دەکات، ئەوە بزانە کە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز گرنگە. ئەگەر تۆ لە زانکۆ خزمەت بکەیت یان مامۆستای لاهووتیت، یان هەر خزمەتێک کە خودا بانگی کردوویت بۆی، ئەوە بزانە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز گرنگە. ئەم کتێبەم نەنووسیوە لەبەرئەوەی بێزاربووم لە شکست و لاوازی قەشەکانی دەورووبەرم. بەڵکو نووسیومە لەبەر شکست و لاوازییەکانی خۆم. ڕاستگۆبم، من ئەو قەشەیە نیم کە دەمەوێت ببم و تەنانەت نزیکیش نیم لەوە. چەند هەفتەیەک لەمەوبەر، داوام لە کڵێساکەم کرد نوێژم بۆ بکەن لەبەر کۆمەڵێک حاڵەتی ڕاوێژکاری کە هەمبوو هەستم بە هەستەکانم نەدەکرد دەربارەی گوناه و ئازارەکانی خوشک و براکانم لە مەسیح. دەستی بە پیشاندان کرد. دەستم کرد بە بیرکردنەوە لە خۆم زیاتر وەک ژەنەراڵێک کە ڕاستەڕێی سەربازە سەرپێچیکارەکان دەکات نەک پزیشکێک کە

برینەکانی گوناهبارانی کەوتوو ببەستێت. بۆ قەشایەتی کردنێکی چاک، پێویستە هەموو ڕۆژێک لە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز گەشە بکەم. قەشەکان چاودێرن، بەڵام دەبێت دڵنەرمانە مامەڵە لەگەڵ گیانی ئەندامەکانم بکەم وەک پزیشک. بەکورتی، ئەم کتێبە بۆ خۆمە.

بەدڵنیاییەوە باوەڕداران دەتوانن بەخۆیاندا بچنەوە. قەشەی ئەمریکی جۆناسان ئێدواردز بە گرنگی زانی کە بیرەوەرینامەی مژدەبەر داود براینەر چاپ بکات. قسەکانی براینەر پڕن لە خۆشەویستی بۆ ئەوانەی مەسیح ناناسن، هەروەها پەرستنی شکۆمەندانە بۆ خودایەکی پیرۆز. بەڵام ئێدواردز خوێنەرانی کتێبەکەی ئاگادار کردەوە کە دڵ تاقیکردنەوەی براینەر دەکرێت ببێتە شتێکی نەرێنی، ببیاتە ناو خۆڕق لێبوونەوەیەکەوە کە بۆ پیاوێک ناگونجێت کە بە خوێنی مەسیح ڕزگاری بووە.[55] ئەگەر تۆش بەو شێوەیەیت لەگەڵ خۆت، تکایە ئیشی تەواوی مەسیحت لەسەر خاچ لەبیر بێت. لەبیرت بێت کە کڵێسا لە کۆتاییدا پشت بە پیرۆزی مەسیح دەبەستێت نەک پیرۆزی تۆ.

هەروەها دەبێت باسی ئەو ڕاستییەش بکەم کە گوناە دەتوانێت لە خزمەتکردن بێبەشمان بکات. مرۆڤ دەتوانێت دڵخۆش بێت بە نیعمەت و بەزەیی و لێخۆشبوونی خودا و لەگەڵ ئەوەشدا نەخشەی گوناە لە ژیانیدا بناسێت کەوا دەکات بەردەوامبوونی لە خزمەتکردن، نادانایانە و ڕەنگە تەنانەت نائینجیلیش بێت. ڕەنگە، دوای ڕوونکردنەوەی ئەم نۆ بەروبوومەی ڕۆحی پیرۆز، تۆ بەو ئەنجامە گەیشتبیت کە "لە سەرووی سەرزەنشتەوە" نیت (یەکەم تیمۆساوس ٣:٢). دەکرێت لە هەڵسەنگاندنەکەتدا ڕاست بیت. نازانم. پرسیارێکە کە دەبێت لەگەڵ ڕاوێژکارە خوداپەرستەکاندا بەدوایدا بگەڕێیت. لەوە دڵنیابە: ڕەنگە کۆتاییەکەت ڕاست بێت، یان هەڵە بێت. ڕەنگە هەستکردنت بە بێبەشبوون تەنها هەستێک بێت. هەر لەبەر ئەمەشە پێویستت بە ڕابەرەکانی تری کڵێسا هەیە کە زۆرباش دەتناسن و ئامادەن باشتر بتناسن. ئەوان ئەو دیاریانەن کە خودا پێی بەخشیویت بۆ ئەوەی بزانیت چی ڕاستە. پێویستە یارمەتیت بدەن بۆ ئەوەی بزانیت کە ئایا کاتی ئەوە هاتووە دەست لە خزمەتکردنی قەشایەتی بکێشیتەوە یان نا.

زۆر ڕێگە هەیە بۆ ساتمەکردن و کەوتن کاتێک زۆر لەبەرچاویت لە کڵێسایەک یان خزمەتێکدا. بیربکەرەوە دەربارەی ئەو ڕابەرانەی کە لەسەریانت خوێندۆتەوە و چیتر ڕابەری ناکەن. هەندێکیان کەوتنە ناو داوێنپیسی. هەندێکی تریش بە قسە سووکایەتییان بە دەستەکەیان کردووە. زۆربەیان دڵیان نەکردۆتەوە. هەموویان ڕاستی مزگێنییەکەیان دەزانی بەڵام کەوتن لە پاراستنی هەنگاونان لەگەڵ ڕۆحی پیرۆزدا (گەلاتیا ٥:٢٥). جێگەی پرسیارە بۆم: چەند قەشەی تر بە هەمان شێوە بەربەرەکانێ دەکەن؟ تەنها بیرکردنەوە لە بەروبوومی ڕۆحی بەس نابێت بۆ پاراستنی تۆ لە کەوتن، بەڵام هێشتا ئامرازێکی نیعمەتە کە خودا دابینی دەکات بۆ ئەوەی سەرنجمان لەسەر مەسیح بێت.

بۆ دواجار بانگتان دەکەم بۆئەوەی کە گرنگی بە دڵتان بدەن. دڵت بپارێزە (پەندەکانی سلێمان ٤:٢٣). ئاگاداری تاقیکردنەوەی ئارەزوویی خزمەت بە تاکو نەبێتە شوێنێک کە سەنجی خەڵکی لێ ڕابکێشێت بە دیارییە ڕۆحییەکانت. بەڵکو دەبێت شوێنێک بێت کە مرۆڤەکان سەرسام بن بە خودا کە هەموو دیارییەکی چاک و تەواو لێیەوە سەرچاوە دەگرێت (یاقوب ١:١٧). نووسەری فەرەنسی جەزائیری سەدەی بیستەم، ئەلبێرت کامۆ، هیچ دۆستایەتییەکی لەگەڵ باوەڕی مەسیحی نەبوو. تێڕوانینێکی نزمی بۆ مەسیح هەبوو وە تێڕوانینێکی بەرزی بۆ خۆی هەبوو. سەرەڕای ئەوەش، ئەو چاودێرێکی وردی کڵێسا بوو، وە بینی کە هەندێک لە باوەڕداران مەیلی بەرزکردنەوەی ناوبانگی خۆیان هەبوو لەسەر حیسابی مەسیح. لەکاتێکدا، یەحیای لەئاو هەڵکێش خۆی پابەند کرد بەوەی کە ئەو کەم بکات و مەسیح زیاد بکات (یۆحەنا ٣:٣٠)، هەندێک لە ڕابەرانی کڵێسا ڕێک پێچەوانەکەی دەکەن. زۆرن لەو جۆرەی کە کامۆ تێبینی کرد، "تەنها بۆ ئەوەی لە دووری زیاترەوە ببینرێن، سەردەکەونە سەر خاچ."[56] (واتە ئەوان باوەڕی مەسیحی بەکاردەهێنن بۆ ڕاکێشانی سەرنج بۆ خۆیان نەک ئاماژە بە مەسیح بکەن).

مەسیح دەیەوێت ئێمە خاچەکەمان هەڵبگرین لەشوێنی ئەوەی سەرکەوین بەسەر خاچەکەیدا. قەشەکان پێویستە ڕابەرایەتی بکەن و شوێنی ڕزگارکەرەکەیان عیسای مەسیح بکەون، لەکاتێکدا کە دڵیان پڕکراوە لە

بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز: خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون. بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز گرنگە، نەک بۆ ئەوەی ئێمە باش دەربکەوین، بەڵکو بۆ ئەوەی مەسیح ستایش بکرێت و کڵێساکەی جوان بکرێت.

# سەرچاوەکان

[1] Martin Luther, *Martin Luther's Basic Theological Writings*, eds. Timothy E. Lull and William R. Russell, 3rd ed. (Minneapolis, MN: Fortress Press, 2012), 294.

[2] For that, I encourage you to study David Powlison, *How Does Sanctification Work?* (Wheaton, Ill.: Crossway, 2017) and Sinclair B. Ferguson, *Devoted to God: Blueprints for Sanctification* (Edinburgh, UK: Banner of Truth, 2016).

[3] John Bunyan, *The Heavenly Footman: How to Get to Heaven* (Ross-Shire, UK: Chris- tian Focus, 2002), 51.

[4] Timothy Keller, *The Freedom of Self-Forgetfulness* (Leyland, England: 10 Publishing, 2012), 32.

[5] F. F. Bruce described this fruit as "the lifestyle of those who are indwelt and energized by the Spirit." *The Epistle to the Galatians: A Commentary on the Greek Text*, The New International Greek Testament Commentary (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 1982), 251. Timothy George likewise argues these individual graces cannot be separated from one another since "they flow into one another, mutually encouraging and reinforcing the process of sanctification in the life of the believer." George argues Paul intended the singular nature of the fruit in Galatians 5:22 to contrast the plural works of the flesh in 5:19. See *Galatians*, The New American Commentary 30 (Nashville, Tenn.: Broadman & Holman, 1994), 399, 400.

[6] Lemuel Heynes, "The Character and Work of a Spiritual Watchman" (1792), found in *May We Meet In the Heavenly World: The Piety of Lemuel Heynes*, ed. Thabiti M. Anyabwile (Grand Rapids, Mich.: Reformation Heritage Books, 2009), 44–45.

[7] J. I. Packer, *Knowing God* (Downers Grove, Ill.: Inter-Varsity Press, 1973), 11–12.

[8] Jonathan Edwards, *Charity and Its Fruits* (Carlisle, Penn.: Banner of Truth, 1969), 179.

[9] The Westminster Shorter Catechism (1647), http://www.westminsterconfession.org/confessional-standards/the-westminster-shorter-catechism.php.

[10] David Hochman, "Amy Cuddy Takes a Stand," (19 September 2014). Found at https://www.nytimes.com/2014/09/21/fashion/amy-cuddy-takes-a-stand-TED- talk.html.

[11] Cited by Zack Eskwine, *Spurgeon's Sorrows: Realistic Hope for Those who Suffer from Depression* (Scotland: Christian Focus, 2014), 20.

[12] This definition is more than a little indebted to John Murray for his classic and useful work, *Redemption, Accomplished and Applied* (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 1955).

[13] Randy Alcorn, *Happiness* (Carol Stream, IL: Tyndale House, 2015), viii.

[14] Henry David Thoreau, *Walden and Other Writings,* ed. Joseph Wood Krutch (New York: Bantam, 1962), 156, 157. First published 1854.

[15] Krutch, "Introduction," in *Walden*, 19.

[16] See Jonathan Leeman, "The Corporate Component of Conversion," *9 Marks.org*, February 29, 2012, https://www.9marks.org/article/journalcorporate-compo-nent-conversion/.

[17] For practical ways to pursue peace with those around you, see Edward T. Welch, *Caring for One Another: 8 Ways to Cultivate Meaningful Relationships* (Wheaton, Ill.: Crossway, 2018); Ken

Sande, *The Peacemaker: A Biblical Guide to Resolving Personal Conflict,* 3rd ed. (Grand Rapids, Mich.: Baker Books, 2004); Paul David Tripp, *Instruments In the Redeemer's Hands: People In Need of Change Helping People In Need of Change* (Philipsburg, NJ: P&R Press, 2002).

[18] Jonathan Leeman and Mark Dever, "A Conversation about Church Revitalization with Mark Dever and Jonathan Leeman," 9Marks.org, July 23, 2015, https://www.9marks.org/article/a-conversation-about-church-revitalization-with-mark-dever-and-jonathan-leeman/.

[19] After watching a TED Talk in which the speaker said you cannot microwave experience, I riffed off the phrase to develop "You cannot microwave wisdom." Others have used the same "microwave" terminology to speak of other concepts. Donna Mitchell, "You Can't Microwave Wisdom," *The Life*, October 24, 2015, https://thelife.com/ devotionals/you-cant-microwave-wisdom, uses similar terminology that I use.

[20] Portions of this section were originally published as Aaron Menikoff, "5 Reasons Pastors Ought to Pray for Slow Growth," *9Marks*, May 6, 2019, https://www.9marks. org/article/5-reasons-pastors-ought-to-pray-for-slow-growth/.

[21] C. H. Spurgeon, "Holy Violence," in *The New Park Street Pulpit.* Sermon 252. Delivered May 15, 1859. The Spurgeon Archive. Found at https://www.spurgeon.org/ resource-library/sermons/holy-violence#flipbook/.

[22] For good words on this topic see *Faithful Endurance: The Joy of Shepherding People for a Lifetime,* eds. Collin Hansen & Jeff Robinson Sr. (Wheaton, Ill.: Crossway, 2019).

[23] *The Martyrdom of Polycarp*, in *Early Christian Writings*, trans. Maxwell Staniforth (Middlesex, England: Penguin Books, 1968), 158–159.

[24] Ibid., 159.

[25] Ibid., 157.

[26] Ibid.

[27] Mary Beeke, *The Law of Kindness: Serving with Hands and Hearts* (Grand Rapids, Mich.: Reformation Heritage, 2007), 192.

[28] Charles Bridges, *The Christian Ministry* (Edinburgh, UK: Banner of Truth, 1959), 65.

[29] Ibid., 66.

[30] Andrew Fuller, "On the Perfections of God," in *The Works of Andrew Fuller*, ed. Andrew Gunton Fuller (Edinburgh, UK: Banner of Truth, 2007), 749. First published 1841.

[31] Chapter 16, "Of Good Works," in *The Second London Confession*. Found at http://www.1689.com/confession.html.

[32] Ibid.

[33] David Murray, "Foreword," in Brian Croft and Jim Savastio, *The Pastor's Soul: The Call and Care of an Undershepherd* (Welwyn Garden City, UK: EP Books, 2018), 13.

[34] "David Foster Wallace Interview on Charlie Rose" (1997), https://www.youtube.com/watch?v=GopJ1x7vK2Q.

[35] Martin Luther, "Sermons at Leipzig and Erfurt, 1519; 1521," in *Luther's Works*, Ser- mons 1, vol. 51, edited and translated by John W. Doberstein (Fortress Press, 1959), 65.

[36] Dave Harvey, *Rescuing Ambition* (Wheaton, Ill.: Crossway, 2010), 212.

[37] *Rescuing Ambition*, 212.

[38] Saint Augustine, *Confessions*, trans. Henry Chadwick (Oxford: Oxford University Press, 1992), 155.

[39] David Foster Wallace Interview on Charlie Rose” (1997), https://www.youtube.com/watch?v=GopJ1x7vK2Q

[40] Archibald Alexander, *Practical Truths* (Harrisonburg, VA: Sprinkle, 1998), 59.

[41] David Powlison, *How Does Sanctification Work?* (Wheaton, Ill.: Crossway, 2017), 112.

[42] Portions of this section were originally published as Aaron Menikoff, “Be Tender Hearted and Thick-Skinned: How Humility Protects Pastors from Pastoral Burn- out,” July 7, 2018), https://www.9marks.org/article/be-tender-hearted-and-thick-skinned-how-humility-protects-pastors-from-pastoral-burnout/.

[43] Dave Harvey, *When Sinners Say, “I Do”* (Wapwallopwen, Penn.: Shepherd Press, 2007), 130.

[44] John Crotts, *Graciousness: Tempering Truth with Love* (Grand Rapids, MI: Reforma- tion Heritage Books, 2018), 24–25.

[45] Jabez Marshall, “The Undertaker’s Address,” in *Daniel and Abraham Marshall: Pioneer Baptist Evangelists to the South*, ed. Thomas Ray (Springfield, MO: Particular Baptist Press, 2006), 224. First published 1824.

[46] See Kevin DeYoung, *The Hole In Our Holiness: Filling the Gap Between Gospel Passion and the Pursuit of Godliness* (Wheaton, Ill.: Crossway, 2012), 88, and Drew Dyck, *Your Future Self Will Thank You: Secrets to Self-Control from the Bible and Brain Science* (Chicago: Moody Press, 2019).

[47] Thomas Watson, *The Godly Man’s Picture* (Carlisle, Penn.: Banner of Truth, 1992), 153.

[48] *Martin Luther: Selections from His Writings*, ed. John Dillenberger (New York: Anchor Books, 1962), 87. From a sermon preached c. 1519.

[49] Ibid., 88.

[50] Ibid., 89.

[51] C. H. Spurgeon, “The Necessity of the Spirit’s Work” in *The New Park Street Pulpit*, vol. V (London: Passmore & Alabaster, 1859), 215.

[52] Charles Ross, *The Inner Sanctuary: An Exposition of John Chapters 13–17* (Edinburgh: Banner of Truth, 1967), 127. First published 1888.

[53] J. C. Ryle, *Holiness: Its Nature, Hindrances, Difficulties, and Roots*, Abridged (Chicago: Moody Press, 2010), 87–88.

[54] Martin Luther, *Lectures on Galatians* in *Luther’s Works*, vol. 27, ed. Jaroslav Pelikan, trans. Richard Jungkhuntz (St. Louis, MO: Concordia Publishing, 1964), 93.

[55] Jonathan Edwards, “The Life and Diary of the Rev. David Brainerd: Preface,” in *The Works of Jonathan Edwards*, vol. 2 (Edinburgh, UK: Banner of Truth, 1974), 314. First published 1834.

[56] Albert Camus, *The Fall,* trans. Justin O’Brien (New York: Vintage Books, 1956), 114.



## خودا بەڵێن دەدات بەروبوومی ڕۆحی لە هەموو شوێنکەوتوانی مەسیحدا بەرهەم بهێنێت



لە هەر خزمەتێکدا کە خزمەت دەکەیت، سەرکەوتوو نابیت ئەگەر بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز لە تۆدا کار نەکات. دەمەوێت هانتان بدەم کە بیر لە بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز بکەنەوە کە لە گەلاتیا ٥ : ٢٢-٢٣دا هاتووە. هیوادارم قەشەیەک بیت کە لە پەروەردگار بترسیت وە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە گەشە بکەیت.



ئارۆن مەنیکۆف قەشەیەکی کڵێسای باپتیستی ماونت ڤێرنۆنە لە شاری ئەتلەنتا لە ویلایەتی جۆرجیای ئەمریکا. بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە فێرگەی لاهووتی باشوور بەدەستهێناوە لە بواری دووەم بە ئاگاهاتنەوە گەورەکە لە ئەمریکا کە تێیدا خەڵکێکی زۆر باوەڕیان هێناوە لەو سەردەمەدا. ئارۆن پێش دەستکردن بە خزمەت لە بواری سیاسەتیشدا بۆ سیناتۆری کۆچکردووی ئەمریکی مارک هاتفیلد کاری کردووە. هاوسەرگیری لەگەڵ دیانا کردووە و خاوەنی چوار منداڵن بە ناوەکانی ڕەیچڵ و جۆنا و ناتالی و تۆری.

DiLSOZI
Equipping for Faithfulness